# سەرجەمی پەیامەکانی نوور

## سکەی تەسدیقی غەیبی

بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی

# بِسْمِ اللّٰهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيم

## بِاسْمِهِ سُبْحَانَه

وا بڕیار بوو  كه ئەم (سككەی غەیبی)یە بە نهێنی بمێنێتەوە و تەنها تایبەت بێت بە برا تایبەتییەكانمەوە. وتبووم كە دوای وەفاتم بڵاوبكرێتەوە. بەڵام سەربازەكان هاتن و بە ناوی دادگاوە ئەو پەیامەی كە شاردبوومانەوە دەریانكرد (دەستیان بەسەرداگرت). دوو ساڵ لە دەستیاندا مایەوە، لە دوای لێكۆڵینەوەی سێ دادگا گێڕدرایەوە بۆمان. لە ئەنجامدا ئەوانەی كە دژمانن و نامەحرەمن پێمان خوێندییانەوە، هەروەها بوو بە هۆی ئەوەش كە خەڵكانێكی زۆر ئێمەیان ناسی.

مادەم لە دەرەوەی ویستی خۆماندا ئەم كتێبە پیشانی ڕای گشتی درا، وە مادەم گرنگی (پەیامەكانی نوور) دەسەلمێنێت و، شەوق و شادمانی بە قوتابیانی دەبەخشێت و، هێزی مەعنەوییان زیاتر دەكات. ئەوا منیش هاوڕام لەگەڵ ئەركانی (قوتابخانەی زەهرا) بۆ بڵاوكردنەوەی.

**سەعید**

❋ ❋ ❋

# لە پەیامەکانی نوورەوە

## (بڕگەی درەوشاوەکان و چەند نامەیەکی جوان)

بِاسْمِهِ سُبْحَانَهُ    وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ

السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَ رَحْمَةُ اللهِ وَ بَرَكَاتُهُ أَبَدًا دَائِمًا

## ئاگادارکردنەوەیەك لە بابەتێکی گرنگ – کە لە شەوی قەدردا خرایە دڵیەوە

**یەکەم:**

لە شەوی قەدردا ڕاستییەکی زۆر قوڵ و فراوان بە دڵدا هات (هاتە دڵمەوە)، لێرەدا ئاماژەیەکی زۆر کورتی پێ دەدەین بەم شێوەیە کە:

سەرجەمی مرۆڤایەتی: لەم جەنگە جیهانییەی کۆتاییدا، لەگەڵ زوڵمێکی توندوتیژ و ئیستیبداد و کاولکارییەکی بێبەزەییانە و، پەرێشانکردنی سەدان بێتاوان لەبەر یەك دوژمن و، ترس و دڵەڕاوکێی زۆری دۆڕاوەکان و ئەو ئازاری ویژدانەی کە لە ئەنجامی ترس و دڵەڕاوکێی براوەکانی جەنگ لە نەپاراستنی ئەو دەستەڵاتەی کە بە دەستیان هێناوە و، نەتوانینی بنیاتنانەوەی ئەو کاولکارییانەی بەرپاییان کردووە..

لەگەڵ ئەوەشدا کە ژیانی دنیا سەراپا کاتی و فانییە و، دەرکەوتنی ڕووی ڕاستی شارستانییەتی بە ڕووکەش ڕازاوەی خەڵەتێنەری خەولێخەر لەبەرچاوی خەڵکی دا و، بریندارکردنی ماهییەت و سروشتی بەرز و بە توانای مرۆڤایەتیی. وە هەستان لە خەوی بێئاگایی مرۆڤ کە بۆ هەمیشەیی و نەمری هەیەتی، وە پارچەپارچەکردنی بەهێزترین و کەڕترین ئامرازی غەفڵەت و گومڕایی کە سروشتە (سروشتی ڕەق و بێ هێز و کەڕ )، لە ژێر سایەی شمشێری ئەڵماسی قورئاندا.

وە دەرکەوتنی ڕووی ڕاستی سیاسەت کە خنکێنەرترین و خەڵەتێنەرترین و فراوانترین پەردەی غەفڵەت و گومڕاییە. بە دڵنیاییەوە هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە لە (باکوور و، خۆرئاوا و، ئەمەریکا) دا،

لەسەر بناغەی دەرکەوتنی ئەو ئاماژە ناهەموارانەی ئەو عیشقی مەجازییەی کە بۆ ئەم دنیا ناشیرین و کاتییە هەبووە لەلایەن سەرجەمی مرۆڤایەتییەوە، بۆیە سروشتی مرۆڤ بە هەموو هێزێکییەوە بە شوێن ژیانێکی هەمیشەیی و بەختەوەردا عەودالە و لە دوی دەگەڕێت.

وە هیچ گومانێکی تێدانیە کە: ئەوە هەزار و سێ سەدو و شەست ساڵە ئەم قورئانە پیرۆزە لە هەموو سەدەیەکدا سێسەد ملیۆن قوتابی هەیە و، لە هەر حوکم و دەعوایەکدا بە ملیۆنەها لە ئەهلی حەقیقەت بە ئیمزاکانیانەوە تەصدیقی دەکەن و لە هەر خولەکێکیشدا بە ملیۆنان (حافظ) لە دڵەکانیاندا دەیپارێزن و، بە زمانیان دەرسی مرۆڤایەتی دەدەن..

بە شێوەیەك کە لە هیچ کتێبێکدا نموونەی نەبینرابێت، مژدەی ژیانێکی هەمیشەیی و بەختەوەرییەکی هەتاهەتایی بە هەموو گرۆی مرۆڤایەتی دەدات.

بەم شێوەیە ئەو قورئانە خاوەن موعجیزاتە بە هەزاران ئایەتی دووبارە و (بەهێز و توند)ەوە سەرجەم برینەکانی مرۆڤایەتی تیمار دەکات، بەڵکو بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە و بە ئاماژەکردن و بە چەندین بەڵگەی چەسپاو کە گومان هەڵناگرن و، بە بەڵگەی لە ژمارە نەهاتوو دەیان هەزار جار داوا دەکات و هەواڵ دەدات بە هاتنی ژیانێکی هەمیشەیی و بەختەوەری هەتاهەتایی. بە دڵنیاییەوە ئەگەر ڕەگەزی مرۆڤ، بە تەواوی مێشکی لە دەس نەدابێت، لە کۆتایی هاتنی ئەم جیهانە ماددی و مەعنەوییەدا.

گوتاربێژە بەناوبانگەکانی سوید و نەرویج و فینلەندا و بەریتانیا، کە هەوڵی قبوڵکردن و بڵاوکردنەوەی  قورئانی پیرۆز دەدەن، وەك ئەو ڕێکخراوە زۆر گرنگەی کە لە (ئەمەریکا)دا بە دوای ئاینی ڕاستیدا دەگەڕێت، وە هەروەها هەموو کیشوەرەکان و حکومەتەکانی ڕووی زەوی، کە بە شوێن قورئانی خاوەن موعجیزاتدا دەگەڕێن و دوای تێگەیشتن لە حەقیقەتەکان، بە هەموو ڕۆح و گیانیانەوە باوەشی پێدا دەکەن. چونکە لەم خاڵی حەقیقەتەدا بە ڕەهایی هاووێنەی (قورئانی پیرۆز) نییە و نایشبێت، وە هیچ شتێك جێگەی ئەم موعجیزە گەورەیە ناگرێتەوە.

**دووهەم:**

**مادەم (پەیامەکانی نوور) ئەو موعجیزە گەورەیەیە کە لە حوکمی شمشێرێکی ئەڵماسدایە و بە دەستییەوە گرتووە و، خزمەتەکانی بەجێ دەگەیەنێت و سەرسەخترین دوژمنەکانی ناچاری خۆبەدەستەوەدان دەکات، ئەوا ئەو (پەیامانەی کە دەلالێتی گەنجینەکانی قورئان دەکەن) و جگە لەو هیچ کانیاو و سەرچاوە و چاوگ و رابەرێکیان نییە و، (موعجیزەیەکی مەعنەوی قورئانی پیرۆزن) ئەو ئەرکە ئەنجام دەدەن کە بە جۆرێك (دڵ و ڕۆح) و، تەنانەت هەموو هەستەکان بە تەواوی ڕووناك دەکاتەوە و دەرمانەکانی پێدەدات. هەروەها زەنگی سەرکەوتنی بەسەر ئەو پڕوپاگەندە مەترسیدارە و، زەندیقە سەرسەختەکاندا لێدا.**

**هەروەها - بەهێزترین و پتەوترین قەڵای گومڕای - کە سروشتە بە "پەیامی سروشت"، واتە بریسکەی بیست و سێهەم پارچە پارچە کرد، وە قایمترین و خنکێنەرترین و فراوانترین بازنەی بەلای بێئاگایی و فراوانترین پەردەی هونەری (الفن) بە بەری مەسەلەی شەشەمی "عصا موسی" و، وە بە بەڵگەکانی "هێرشەکان" یەکەم و دووهەم و سێهەم و هەشتەم بەشێوەیەکی ڕووناك ئەم بێئاگاییەی پەرتەوازە کرد و "نووری تەوحید"ی نیشاندا.**

**بە دڵنیاییەوە ئەوەی پێویستمانە و بۆ "نەتەوە"ش گرنگە، ئەوەیە کە: لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئێستا بە فەرمی "مۆڵەتی وانەی ئاینی و کردنەوەی مەدرەسەی تایبەت" دراوە، پێویستە قوتابیانی نوور هەتا دەتوانن لە هەموو شوێنێکدا (مەدرەسەی نووری) بکەنەوە.**

**هەرچەندە هەموو کەسێك بۆ خۆی بە پلەیەك سوود لە پەیامەکان وەردەگرێت. بەڵام هەموو کەسێك - ناتوانێت لە هەر بابەتێك - بە تەواوی تێبگات، لەبەر ئەوەی ئەم**

حەقیقەتانە ڕاستییەکانی ئیمان ڕوون دەکەنەوە، بۆیە بە خوێندنەوەیان هەم زانست[١] و مەعریفەت و، هەمیش پەرستش دەستی خوێنەرەکەیان دەخەن.

ئەو هەوڵ و دەرئەنجامانەی کە لە ڕابردوودا لە مەدرەسەکاندا بە (پێنج بۆ دە ساڵ) بە دەست دەهات – بە پشتیوانی خوای گەورە – لە مەدرەسەکانی نووردا بە (پێنج بۆ دە هەفتە) هەمان ئەنجام دەست دەخات (ئەوە بۆ ماوەی بیست ساڵە دەستی دەخات).

وە ئەم بریسکانەوە قورئانییانە و دەلالەکەی کە (پەیامەکانی نوور)ە، سوودی زۆری هەیە هەم بۆ حوکومەت و نەتەوە و نیشتیمان، هەم بۆ ژیانی دنیایی و سیاسی و قیامەت، نەك دەست بۆ بردن(بە نیەتی خراپ)، بەڵکو بە تەواوی کارکردن بۆ ڕەواج پێدان و بڵاوکردنەوەیان پێویستە، کە بڵاوکردنەوەی (پەیامەکانی نوور) ببێت بە کەفارەتی گوناهە قورسەکانی ڕابردوو و، بەربەستێك لەبەردەم ئاژاوە و بەرەڵایی ئەم سەردەمەدا.

**سێ‌هەم:**

لەم ڕەمەزانە پیرۆزەدا زۆر پێویستم بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز هەبوو بە شەوق و زەوقێکی زۆرەوە، بەڵام بەهۆی کاریگەری نەخۆشییە سەخت و ناڕەحەتییە ماددی و مەعنەوییەکان و ماندوویی و سەرقاڵییەوە، نیگەران بووم.

لەناکاو "جوزئە موعجیزە ئاساکانی نوسراوە موعجیزاویەکان" کە بە قەڵەمە شیرینەکەی (خەسرەو) نوسرابوون و وە (حزب الأكبرِ قرآنيه)ی ڕووناکی کەرامەتدار کە پاداشتی زۆری دەستی (حافظ عەلی و تاهیری) دەخات، کاتێك یەك لەدوای یەك دەستم کرد بە خوێندنەوەیان شەوق و زەوقێکی وایان پێ‌بەخشیم کە هەموو ماندووبوونەکانم لەسەر هەڵگیران و، هەموو ئەو ماندوویەتیانەی دابەزاندنە پلەی هیچ و نەیهێشت هیچ وەسوەسەیەك بمێنێت.

---

[١] لەوانەیە کەسێك بزانێت و ناچاری وەرگرتن و بە دەستهێنانی زانست نەبێت، بەڵام پێویستی بە عیبادەتە یان موشتاقی مەعریفەتە وە یان ئامادەیی (حزوور)ی دەوێت، لەبەر ئەوە هەموو کەسێك دەرسی پێویستە.

بە شێوەیەکی درەوشاوە کاتێك لەوانەوە گوێم لە دەرسە قورئانییەکان دەگرت، بە هەموو ڕۆح و گیانمەوە ئارەزووم کرد و، مەبەستم بوو کە ئەوەندەی بتوانرێت – بە پشتیوانی خوای گەورە – وەك هەمان (حـزب الأكـبرِ قرآنيـه)، قورئانە خاوەن موعجیزەکەمان چاپ بکەین.

الباقي هو الباقي

براتان

سەعیدی نوورسی

* * *

بِاسْمِهِ سُبْحَانَهُ وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ

السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَ رَحْمَةُ اللهِ وَ بَرَكَاتُهُ أَبدًا دَائِمًا

برایانی ڕاستگۆ و ئازیزم

یەکەم:

قوتابییە بێوێنەکانی نوور نموونەیەك لە (سکەی غەیبی)دا تۆمار دەکەن، وەك ئەو وەلییەی کە ناوی (عوسمان خالید)ە و لە چل ڕۆژدا جارێك نان دەخوات بە هەواڵە ڕاشکاوەکانی و لەگەڵ وەسیەتی نەوەکانیدا، هەواڵێکی بەناوبانگی ئەهلی دڵ کە ناوی (تۆپاڵ شوکرو)ە، بە هەواڵدانێکی ئاشکرا بانگەوازی بۆ ڕاستییەکی زۆر بە بایەخ کردووە، ئەم برا بەڕێزە گومانێکی باشی لە سنووربەدەری بەرامبەر ئەم برا – سەعیدە هەژارە – هەیە کە هەزار پلە زیاتر لە سەرووی توانای خۆیەتی. وا ماوەی

ده ساڵە لەگەڵ ئەوەشدا کە لە هەوڵی چاکسازیدام، بەڵام ئەو برا نەبەرد و قارەمانە لە بیر و بۆ چوونیاندا زۆر پێشتر ڕۆشتوون.

بەڵێ، ئەوان وەك ئەو ڕووداوە ئاساییەی کە بەسەر (دوو شوان)ی ئەهلی دڵدا هات کە لە (مەکتووبی هەژدەهەمدا) باسکراوە، ڕاستی و حەقیقەتەکەیان بینیووە، بەڵام پێویستیان بە لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە هەیە. ئەو ڕاستییەش بریتییە لە: ئەو زاتەی کە ئوممەت لە ئاخیر زەماندا چاوەڕێیەتی بێت، گرنگترین و گەورەترین و بایەخدارترین ئەرکێك لەو سێ ئەرکەی ئەنجامی دەدات بریتییە لە:

بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکانی ئیمانی تەحقیقی لە ڕوانگەی ڕزگارکردنی ئەهلی ئیمان لە دەستی گومڕایی، کە ئەمەشیان بە تەواوی لە (پەیامەکانی نوور)دا بینیوە.

(ئیمامی عەلی و غەوسی ئەعزەم) و کە سانێکی وەك (عوسمان خالید) لەم خاڵەدا وەك ئەوەی کە بە ئاشکرا مەقامی ئەو زاتەی کە لە داهاتوودا دێت، بە مەقامی کەسێتی مەعنەویی (پەیامەکانی نوور) بینیویانە و ئاماژەیان بۆکردووە.

هەندێ جار ئەو کەسێتییە مەعنەوییەیان داوەتە پاڵ خزمەتکارێك و بەشێوەیەکی ئیجابی و دۆستانە سەیری ئەم خزمەتکارەیان کردووە.

ئەمە لە ڕاستیدا ئەوە دەگەیەنێت کە: دواتر ئەو زاتە پیرۆزەی کە لە داهاتوودا دێت (پەیامەکانی نوور) بە شێوەی بەرنامەیەك بڵاودەکاتەوە و پەیڕەوییان دەکات.

دووهەم ئەرکی ئەو زاتە بریتیە:

لە بە جێگەیاندن و پەیڕەوکردنی شەریعەت. لەکاتێکدا کە ئەرکی یەکەم بە هێزی ماددی نا، بەڵکو بە ئیمانێکی دامەزراو، بەردەوامی پیدان و ئیخلاص لەگەڵ ڕاسگۆییدا دێتەدی. بەڵام دووهەم پێویستی بە هێزێکی ماددی گەورە، دەسەتەڵاتدارێك هەیە بۆ بە جێگەیاندنی.

سێهەم ئەرکی ئەم زاتە:

لەسەر بناغەی یەکێتی ئیسلامی و خەلافەتێکی ئیسلامی یەکگرتوو و، وە یەکگرتن لەگەڵ نەصرانییەکاندا بە مەبەستی خزمەتکردن بە ئاینی ئیسلام دێتە دی. ئەم ئەرکە

به توانا و هێزێكی گەورە و ملیۆنەها فیداكار دەتوانرێت بە جێبگەیەنرێت. یەكەم ئەرك لە دوو ئەركەكەی تر بەسێ چوار پلە گرنگترە، بەڵام دووهەم و سێهەم ئەرك لەبەرئەوەی لە بازنەیەكی ڕووناك و بە شێوەیەكی درەوشاوەیە، بۆیە لەبەر چاوی زۆرینەی خەڵكی عەوام و جەماوەر گرنگتر دەردەكەوێت.

لەبەرئەوە ئەو (قوتابییە تایبەتانەی نوور) و هەندێ لەو وەلییانەی كە برای بەڕێزی ئێمەن، ئەو بیرۆكانەیان كە پێویستیان بە لێكدانەوە (تەئویل) و ڕاڤەكردن هەیە ئاشكرایان دەكەن و دەریان دەخەن، بەمەش پەژارە و شپرزەیی دەخەنە ناو ئەهلی دنیا و ئەهلی سیاسەت و شپرزەیان دەكەن و كردوویانن، دەبنە هۆكاری هێرش هێنانیان، چونكە ئەو هێرشكارانە حەقیقەت و نرخی –یەكەم ئەرك – نابینن، بە ئاڕاستەیەكی تردا بیر و بابەتەكان دەگۆڕن.

## گومانی دووهەمی براكانم:

ئەم شەخسە فانی و لەناوچووە لەبەر ئەوەی لە ئەركی یەكەمدا لە هەندێ ڕووەوە بووە بە پێشەوا، بۆیە ئەو كەسێتییە مەعنەوییەی كە گوزارشت لە قوتابیانی نوور دەكات دەیبەخشن بەو برا كۆڵەوار و بێ دەستەڵاتەیان،

لە كاتێكدا ئەم دوو گومانەش نابن بە ئامراز بۆ بەدەستهێنانی هیچ شتێك، تەنانەت پلەوپایە مەعنەویی و قیامەتییەكان و وەك ئەوەی لەلایەكەوە زیانیان بە ئیخلاسی ڕاستەقینەی پەیامەكانی نوور گەیاندووە، لە لایەكی تریشەوە ئەهلی سیاسەت دەخاتە گومان و وەهمەوە و، زیان بە بڵاوبوونەوەی پەیامەكانی نوور دەگەیەنێت. لەبەر ئەوەی ئەم سەردەمە، سەردەمی "كەسێتی مەعنەوی"یە، بۆیە ڕاستییەكی بەمشێوە گەورە و هەمیشەییە لەسەر كەسێكی فانی و لاواز و لەناوچوو، بونیاد نانرێت..

## بەكورتی:

هەڵەیە ئەگەر وا بیربكرێتەوە ئەو زاتەی كە لە داهاتوودا دێت هەر سێ ئەرك و فەرمانبەریەكەی لە هەمان كاتدا لە ئەستۆدا بێت.

هەروەها ئەو ئیخلاسەش کەلە نووردا هەیە، لەکاتێکدا کە پەیامەکانی نوور نابن بە ئامراز بۆ هیچ شتێك زیانی تێدابێت و، لەبەرچاوی ئیمانداراندا ڕاستییەکان بە پلەیەکی بەهێز کەم وکورت دەبن. ئیلحاد و بێبڕواکان و زەندیقەکان، زاڵ دەبن بەسەر بەڵگە بێگومان و دوور لەهەموو گومان و شوبهەکان، بۆیە ڕاستییەکان لەبەر چاوی ئەهلی ئیماندا نابینرێن و دەشاردرێنەوە و، ئەهلی سیاسەتیش تووشی وەهم دەبن و بەشێك لە ماموٚستا ئاینییەکان دەست دەکەن بە ڕەخنەگرتن. لەبەر ئەوەیە بەگونجاو نازانرێت ئەم ناوە بە (قوتابیانی نوور) بدرێت. بەڵکو دەتوانرێت بوترێت ئەم زاتە موجەدید(نوێکار)ە و، وە پێشەنگی ئەم سێ ئەرکە گرنگ و بەنرخانە دەکات.

هەزاران سەلام لە هەموو برایان.

الباقي هو الباقي

براتان

سەعیدی نوورسی

❋ ❋ ❋

بِاسْمِهِ سُبْحَانَهُ   وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ

السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَ رَحْمَةُ اللهِ وَ بَرَكَاتُهُ أبَدًا دَائِمًا

ئەی برایانی ئازیز و بەوەفا و ڕاستگۆ و خۆڕاگر و فیداکار!

دەزانن کە خەبیرەکانی ئەنقەرە نەیانتوانی ئینکاری ئەو کەرامات و ئاماژە غەیبییانەی کە تایبەتن بە پەیامەکانی نوورەوە بکەن. تەنها بەهەڵە بە دەم ڕەخنەگرتنەوە وا گومانیان بردبوو کە گوایا من بەشم لەو کەراماتانەدا ببێت و، وتبوویان: پێویست بوو ئەم جۆرە شتانە لە کتێبدا بلاونەکرێتەوە، چونکە کەرامات ئاشکرا ناکرێت. منیش لە بەرگرییەکانمدا و لە بەرامبەر ئەم ڕەخنە سەرپێییەوە،

وەڵامم دانەوە و، وتم: ئەو کەراماتانە تایبەت نین بە منەوە و، من مافی ئەوەم نیە کە خۆم بەخاوەنیان دابنێم. بەڵکو تیشکدانەوە (تەڕەشوحات)ی موعجیزەی مەعنەویی قورئانن کە تەفسیرە ڕاستەقینەکەی (پەیامەکانی نوور)ە شێوەی کەراماتیان گرتووە و لە شێوەی ڕێزلێنانی خواییدایە بۆ بەهێزکردن و بەرزکردنەوەی هێزی مەعنەویی قوتابیانی پێیان بەخشراوە، دەرخستنی ئیکرام (ڕێزلێنان)یش شوکرێکە ڕێگەی پێ‌دراوە قبوڵکراوە.

وا ئێستا لەسەر بنەمای هۆکارێکی گرنگ، وەڵامەکە تاڕادەیەك ڕوون دەکەمەوە، لەبەر ئەوە ئەم پرسیارەی خوارەوە سەری هەڵدا: بۆچی لەسەر ئەم بابەتە تا ئەم ڕادەیە دەوەستم و ئەم هەموو قسە و گوفتارەیان لە بارەوە دەکەم، وە بۆچی چەند مانگێکە لەم بابەتەدا زۆر دەچمە پێشەوە، تەنانەت زۆربەی نامەکانیش بۆ ئەو "کەرامەت"ە دەڕوانن؟

**وەڵام:**

لە کاتێکدا خزمەتی ئیمانی پەیامەکانی نوور لەم سەردەمەدا لەبەرامبەر هەزاران کاولکارییەوە پێویستی بە سەدان هەزار ئاوەدانکەرەوە و خزمەتکار هەیە، هەم لە کاتێکیشدا پێویستە بەلای کەمەوە سەدان کەسی نوسەرەوە و یارمەتیدەر لەلای من بن و، لەنەتەوە و کاربەدەستانیش داخوازی ئەوەیە کە بە ڕێزلێنانەوە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەن و، بۆ خزمەتی ئیمان هانمان بدەن و، گرنگی پێ بدەن و، پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ ئەم خزمەتەدا دابمەزرێنن، نەك دوورەپەرێزبن و لە مەیدان دوور بکەونەوە. بەڵکو دەبێت ئیمانداران ئەم پەیامانەیان لەسەرقاڵی و سوودەکانی ژیانی دنیا گەڵ پێ باشتربێت، چونکە خزمەتگوزاری ئیمان ڕاستەوخۆ ڕووی لە ژیانی دواڕۆژە. وا لەم ڕووە وە خۆم بەنموونە دەهێنمەوە و دەڵێم: لەگەڵ قەدەغەکردنم لە هەموو شتێك و، نەهێشتنی پەیوەندی لەگەڵمدا و بڕینی ڕێگەی هەموو یارمەتییەك لێم، سەرباری ڕووخاندن و شکاندنی ورەی مەعنەویی هاوڕێیانم بە هەموو هێزێکیانەوە و ساردکردنەوەیان لە من و لە پەیامەکانی نوور، وە دانانی ئەرکێك لەسەر شانی منێکی

پیری نەخۆشی لاوازی غەریبی بێکەسی بێچارە کە ئەرکی سەر شانی هەزاران کەسە. وە لەم تەنیایی و تەنگ پێهەڵچنینەدا وەك ئەوەی نەخۆشییەکی مادیم هەبێ و ناچاربن بە کشاندنەوەم لە پەیوەندی و تێکەڵاویم لەگەڵ خەڵکیدا. هەم بەو ڕادەیە و بەجۆرێك لەگەڵ ترساندنی خەڵکیدا و بەهۆی شکاندنی هێزی مەعنەوی لە دەرەوەی ویستی خۆمەوە، لەبەرامبەر هەموو ئەو ڕێگرییانەوە بە دەم باسکردنی ئیکرامات (ڕێزلێنان)ی خواییەوە هێزی مەعنەویی قوتابیانی پەیامەکانی نوور تازە بکرێتەوە، کۆکردنەوەی چەندین هێزی مەعنەویی لە دەوری پەیامەکانی نوور، وە حیکمەتی نیشاندانی هێزی پەیامەکانی نوور کە بە تەنها خۆی و بەبێ پێویست بوونی بەوانی تر هێندەی سوپایەك بەهێزبوونی، ئەم جۆرە کەراماتانە بە من نوسران.

ئەگەر نا حاشا، مەبەستمان مەدح و سەناو پیاهەڵدانی خۆمان بێت و خۆمان بەگەورە بزانین و چاوەڕوانی ڕێزلێنانی خەڵکی بین، ئەوا وێرانکردن و لەناوبردنی پایەیەکی گرنگی (پەیامەکانی نوور)ە کە – ئیخلاس – ە، پشت بە خوای گەورە پەیامەکانی نوور هەروەك بەرگری لە خۆی کردووە و، هەمیشە بایەخی خۆی نیشان داوە. بەشێوەیەکی مەعنەویی بەرگری لە ئێمەش دەکات و دەبێت بە مایەی لێخۆشبوونی کەموکوڕییەکانمان.

هەزاران سڵاو لە هەموو برایان و خوشکانم، بە تایبەت – بێگوناهەکان – کە دوعاکانیان قبوڵکراون و، لە بەساڵاچووە بەڕێزەکان و هەزاران سڵاو لە هەریەکەیان، بە دەم دوعاکردنەوە پیرۆزبایی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزیشتان لێدەکەم، تکای دوعاتان لێدەکەین.

برای نەخۆشتان

سەعیدی نوورسی

* * *

## یەکەم پارچەیە لەو هەشت پارچە نوسینەی کە ئیمزای دەکەن بۆ قبوڵکردنی پەیامەکانی نوور و ئەو ئاماژە غەیبییانەی کە هەواڵی پەیامەکان دەدەن

لەم پەیامەی یەکەمدا بیست و نۆ ئاماژە، لەگەڵ پارچە نوسینەکانی تردا بەیەکەوە نزیکی هەزار دانە ئاماژە و هێما و ڕوانینیان، بە یەکگرتوویی بۆ هەمان بابەت هەیە. لەهەمان دەعوادا لە پلەی ڕاشکاویدایە. لە ڕوانگەی – یەکگرتنی بابەتیشەوە – هەریەکە لەم ئاماژانە هێز دەدەن بەیەکتری و یەکدی پشت ڕاست دەکەنەوە.

لەو هەشتەش سێ دانەیان لەڕێگەی سێ کەراماتی حەزرەتی عەلییەوە – رضی الله عنه – هەواڵی پەیامەکانی نووری داوە.

خەبیرەکانی ئەنقەرە لێکۆڵینەوەیان لەم هەشت پارچەیە کردووە، ڕەخنەیان لێنەگرتوون، تەنیا وتبوویان: پێویستی نەدەکرد ئەمانە بنوسرانایە، خاوەن کەرامەت، ناتوانێت کەرامەتەکەی بنوسێت!

منیش وەڵامی ئەوانم وادایەوە: کە ئەمانە کەرامەتی من نین، کەرامەتی پەیامەکانی نوورن – پەیامەکانی نوور – یش موڵکی قورئانن و تەفسیری ئەون.

ئەوان بێدەنگ بوون، ئەمەش مانای ئەوەیە کە قبوڵیان کردووە، لە ڕاستیدا ئەگەر ئەم جۆرە (ئیکرام)ە، نەنوسرانایە گونجاوتر دەبوو، بەڵام لە بەرامبەر ئەم دوژمنە بەهێز و لەژمارە بەدەرانەوە و کەمی و لاوازی ئێمە، دەرخستن و ئاشکراکردنی، بوو بە کارێکی پێویست بۆ پتەوکردنی هێزی مەعنەویمان و بەهاناهاتنێکی غەیبی و هاندان و ڕەگداکوتان و پاڵپشتی یەکتری، لەبەرئەوە منیش نوسیمن. ئەگەر مەدح و ستایشێك بۆ منێتی(ئەنانییەتی) من بشبێت بە هۆکاری بێدەنگی من، بایەخێکی نیە لەم خزمەتەدا، واتە بۆ ڕزگارکردنی ئەهلی ئیمان لە گومڕایی ڕەها، ئەگەر پێویست بکات

خۆم بە بەختەوەر دەزانم ژیانی (ئاخیرەت)یش فیدابکەم، وەك چۆن ژیانی دونیام فیداکرد. بۆئەوەی هەزاران دۆست و برام بچنە بەهەشتەوە، جەهەننەم قبوڵ دەکەم.

سەعیدی نوورسی

* * *

## ئاگاداركردنەوەیەك دەربارەی ئامارژە قورئانیەکان و سێکەرامەتی عەلەوی لە (حەزرەتی عەلی) و، کەرامەتی غەوسی

هەرچۆنێك بووبێت ئەم پەیامە نهێنانە گەشتبوونە دەستی بێ بڕوایەکی عیناد، بەهۆی ڕواڵەت بینی و عینادییەوە و، بەناحەق ڕەخنەگرتنی لە یەك دوو شوێنی ئەم پەیامە بووبە هۆکاری ڕووداوێکی گەورە و گرنگ، لە کاتێکدا وا پێویست بوو ئەم پەیامە لە دوای وەفاتم بگاتە دەستی قوتابییە (دڵسۆزەکانی نوور).

بەڵام ئێستا لەبەر ئەو ڕووداوەی کە باسکرا واپێویست دەکات کە نەدرێت بە هەموو کەسێك، بەڵکو بدرێت بە - ئەهلی ویژدان و ئەوانەی کە پەیوەندییان بە پەیامەکانی نوورەوە هەیە - وە لەبەرئەوەی ئەم پەیامە لە ماوەی دوو ساڵدا و لە دوو دادگادا وردبینی بۆ کراوە و دواتر گەڕێنراوەتەوە دەستمان، ئێمەش ناچاری بڵاوکردنەوەی بووین.

### خاڵی دووهەم:

ئەم پەیامە لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی بۆ یەك ئەنجام دەڕوانێت. نزیکەی هەزار ئامارژە ئیمزای قبووڵبوونی پەیامەکانی نوور دەکات و دەیچەسپێنێت کە پەیامەکان وەرگیراون، بەتەنها دەعوایەکی لەم شێوەیە و بەم پلە زۆرە و لە چەند گۆشەیەکی

جیاجیاوه هەزاران ئاماژه و هێما ئەوه نیشاندەدەن، نەك بە (علم الیقین) بەڵکو بە، (عین الیقین)، هەتا لە پلەی (حق الیقین)، ئەم دەعوایە دەچەسپێنن.

### خاڵی سێهەم:

ئەو کەسانەی ئەم پەیامە دەخوێننەوه، پێویست ناکات بە هەژمارکردنەوه خەریکبن، بە تایبەت لە (حساباتی جفر)دا، وە ئەگەریش لە بەشێکی تێنەگەیشتن زیانی نابێت..

هەروەها خوێندنەوەی ئەو بابەتەی کە (حافظ تۆفیق شاملی) لەکۆتایی (کەرامەتی غەوسی)یەوه، نوسیویەتی هەتا کۆتایی و دوای خوێندنەوەی ئەو پێشەکیەی کە لە سەرەتاوەیە، هەر پارچەیەکی پێویست بێت بیخوێنێتەوه.

سەعیدی نوورسی

* * *

## وتاری حافظ تۆفیق شاملی

## بِاسْمِهِ سُبْحَانَهُ وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ

بابزانرێت کە:

پێش سیازده ساڵ کتێبێك بە ناوی "زبدة الرسائل عمدة الوسائل" کە لە مەکتووباتی قطب العارفین ضیاء الدین مولانا شیخ خالد – قُدس سرّهُ – و پەیامێك کە لە (رسائل شریف) دا وەك وەرگێڕدراوی ئامۆژگارییەکی قودسی لە (بورصا) لای مامۆستا (حەسەن ئەفەندی) وەرمگرت، هەرچۆنێك بێت نەمتوانی بیخوێنمەوه، هەتا لەم ڕۆژانەدا لەناو کتێبەکاندا، بە دوای شتێکدا دەگەڕام هات بەدەستمەوه.

وتم: ئەم (حەزرەتی مەولانا خالید)ە لەگەڵ مامۆستادا خەڵکی هەمان شوێنن. هەروەها گرنگترین قارەمانی (تەریقەتی نەقشبەندی)یە لە دوای ئیمامی ڕەببانی و

لەگەڵ ئەوەشدا پێشەنگ و گەورەی (تەریقەتی نەقشبەندی)یە. لەکاتی خوێندنەوەی پەیامەکەدا ئەم پەرەگرافەم بینی کە گوزارشت لە ژیانی مەولانا خالید دەکات کە بریتییەلە: لە خاوەنانی شەش کتێبەکە، وە ئیمام حاکم لە "موستدرك " دا، ئەبوداود لە "كتاب السنن" دا و، بەیهەقی لە "شعب ایمان" دا، فەرموودەیەکی پێغەمبەریان صلى الله عليه وسلم هێناوە:

إن الله يبعث لهذه الأمة على رأس كل مائة سنة من يجدد لها دينها

واتە: هەموو سەد ساڵ جارێك خوای گەورە موجەددیدێکی ئایین دەنێرێت.

(مولانا الشّهير قطب العارفين، غوث الواصلين، وارثِ محمدى، كامل الطريقة العلية و المجدّدية خالد ذو الجناحيْن –قُدِّسَ سِرُّهُ –).. هتد، شەرەفمەندی (تەصدیق)کردنی ئەم فەرموودە پیرۆزە بوون و، تێیدا درەوشاوەتەوە.

لە مێژووی ژیانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی دا بینیم کە ساڵی (١١٩٣ کۆچی) دا لە دایکبووە و لە ساڵی (١٢٢٤ کۆچی) دا ڕۆشتووەتە (جیهان ئاباد)، کە پایتەختی دەستەڵاتی (هیند) بووە، دواتر ڕۆیشتووەتە ناو زنجیرە ڕابەرەکانی (تەریقەتی نەقشبەندی) یەوە و دەستی کردووە بە نوێکاری و بووە بە موجەدید (نوێکار) و پاشان لە ساڵی(١٢٣٨ کۆچی) دا، – ئەهلی سیاسەت – چاودێریان خستووەتە سەری و حەزرەتی مەولانایش نیشتیمانەکەی جێهێشتووە و، کۆچی کردووە بۆ شام. هەروەها لە ناویدا بینیم کە: ڕەچەڵەکی حەزرەتی مەولانا – قُدس سرّهُ – دەگەڕێتەوە سەر حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەففان – رضي الله عنه –.

دواتر: کاتێك لە ژیانەکەی ورد بوومەوە زانیم بەهۆی بەهرەمەندی و لێهاتووییەکەی پێش تەمەنی بیست ساڵی بووە بە کەسێکی عالم و زانا، لە شاری (سلێمانی) دەستی کردووە بە خوێندن.

پاشان بیرم لە مێژووی ژیانی (مامۆستا) کردەوە، سەیرم کرد لە چوار خاڵدا تەوافوق (یەکبوون) هەیە لە نێوان حەزرەتی مەولانا و، مامۆستادا:

**یەکەم:**

**(حەزرەتی مەولانا) لە ساڵی (١١٩٣ کۆچی) دا هاتووەتە دنیاوە، (مامۆستا)شم لە ساڵی (١٢٩٣ کۆچی) و، بەتەواوی دوای – سەد ساڵ – لە هاتنی حەزرەتی مەولانا هاتووەتە دنیا.**

**دووهەم:**

**سەرەتای نوێکاری ئایین لەلایەن حەزرەتی مەولاناوە – قُدس سرّهُ – لە ساڵی (١٢٢٤ کۆچی) دا بووە، کە ڕۆشتووەتە پایتەختی هیندستانەوە. مامۆستاش بەهەمان شێوە دوای سەد ساڵ کە دەکاتە ساڵی (١٣٢٤ کۆچی)، تەشریفی بردووە بۆ پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی و ئامادەکراوە بۆ جیهادی مەعنەوی.**

**سێهەم:**

**کاتێك ئەهلی سیاسەت لە ناوبانگ و توانای لەڕادەبەدەری حەزرەتی مەولانا – قُدس سرّهُ – ترسان و کەوتنە وەهمەوە، ئەوا لە ساڵی (١٢٣٨ کۆچی) دا گواستیانەوە بۆ شام. مامۆستاش بەتەواوی دوای (سەد) ساڵ کە دەکاتە ساڵی (١٣٣٨ کۆچی) ڕۆیشت بۆ ئەنقەرە و، لەگەڵیاندا ڕێك نەکەوت و بەرپەرچی دانەوە و بەدڵشکاوی دووبارە گەڕایەوە بۆ (وان) و، کاتێك لەسەر چیایەك گۆشەگیر بوو، لە ساڵی (١٣٣٨ کۆچی) بەهۆی ڕووداوەکەی "شێخ سەعیدی پیران"ەوە ئەهلی سیاسەت کەوتنە وەهم و گومانەوە لە مامۆستا و، لە ترساندا دووریان خستەوە بۆ (بوردور و ئیسپارتە و قەستەمۆنی و ئافیۆن). لە هەریەکە لە ویلایەتەکانی (ئافیۆن)دا هەشت ساڵ مایەوە، بەمەش بیست و پێنج ساڵ نیشتەجێکرا.**

**چوارەم:**

**پێش ئەوەی (حەزرەتی مەولانا) تەمەنی بگاتە بیست ساڵی، بووە بە زانایەکی ناوداری سەردەمی خۆی و دەستی بە دەرس وتنەوە کردووە و بووە بە پێشڕەوی هەموو زاناکانی سەردەمی خۆی و، وێنە و هاوشێوەی حەزرەتی مەولانا نەبووە لە**

كات و سەردەمی خۆیدا. ئەوانەی ژیانی (مامۆستا)یان بینوە و ژیانی مامۆستایان خوێندووەتەوە دەزانن کە: لەتەمەنی چواردە ساڵیدا (مۆڵەت)ی وەرگرتووە و بووە بە(زانا) ی سەردەمی خۆی و هەر لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بە مەبەستی (مۆڵەت) وەرگرتن دەرسی بە قوتابییە نزیکەکانی خۆی وتووەتەوە و لەگەڵ زاناکانی سەردەمی خۆیدا ڕۆیشتووەتە مەیدانی بەرگری کردن لە ئیسلام. هەروەها حەزرەتی مەولانا بەڕەچەڵەك ڕۆیشتووەتەوە سەر حەزرەتی عوسمان – رضـي الله عنـه – بە هەموو هێزێکییەوە کاری کردووە بۆ پارێزگاریکردن لە سوننەتی سەروەرمان صلى الله عليه وسلم (مامۆستا)ش لەو خاڵەدا کە خزمەتی بە قورئانی پیرۆز کردووە لەسەر هەمان مەشرەبی حەزرەتی عوسمان – ذوالنورین –ە و بە هەمان ڕێگای ئەو ڕۆیشتووە، بە دەرمانەکانی (پەیامەکانی نوور)یش وەك حەزرەتی مەولانا – قُدس سرّهُ – بە هەموو هێزێکییەوە کاری بۆ ژیاندنەوەی سوننەتە بەرز و پیرۆزەکانی سەروەرمان صلى الله عليه وسلم کردووە.

ئێستا لەبەر ئەو چوار (تەوافوق و هاوبەشی) یە، کە بە تەواوی دوای سەد ساڵ ڕوویانداوە، پەیامەکانی نووریش لەلایەنی هێزی ئاینییەوە وەك تەریقەتی نەقشبەندی حەزرەتی مەولانا – قُدس سرّهُ – کاریگەرییەکی بەهێزیان هەیە.[٢]

مامۆستام، هیچ مەدح و ستایشێك قبوڵ ناکات کە ڕووی لە خۆی بێت، بەڵکو دەفەرمووێت هەرچی مەدح و ستایشە تایبەتە بە (پەیامەکانی نوور) کە ئەوانیش موڵکی – قورئانی پیرۆزن – و خاوەنی ڕاستەقینەیان قورئانە.

---

٢ حەزرەتی مەولانا – قُدس سرّهُ – بەهۆی یەککەوتنی ملیۆنان تابیعینەوە نوێگەری ئایین بووە و تەصدیقی فەرموودەکەی سەرەتای کردووە. وە مادەم دوای سەد ساڵ لە چوار لایەنەوە تەوافوق و هاوشێوە لەنێوان (حەزرەتی مەولانا) و "مامۆستا)دا هەیە، ئەوا (پەیامەکانی نوور) هەمان ئەرك جێبەجێ دەکەن، کەواتە بە دەقی (حدیث)، (پەیامەکانی نوور) ئەرکی تازەکردنەوە و بەهێزکردنی ئایین دەبینن.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، مامۆسـتام لـە چـەند خاڵێکـدا جیـاوازی لەگـەڵ حـەزرەتی مـەولانا – قُدس سرّهُ – هەیە کە بریتین لە:

**یەکەم:**

حـەزرەتی مـەولانا دوو تـەریقەتـە، (تـەریقـەتی قـادریی) و (تـەریقـەتی نەقشبـەندی)یـە ئـەم تەریقەتـەیان زیـاتر لـەودا ڕەنگـی داوەتـەوە، بـەڵام (مامۆسـتا)م لەسـەر (مەشـرەبی قادری و مەسلەکی شازەلی) یە کە لەم خاڵەدا جیاوازە لەگەڵ مەولانا.

مـن لـە مامۆسـتام بیسـت کـە، کاتێـك حـەزرەتی مـەولانا – قُـدس سـرّهُ – لـە (هیندستان)ەوە تەریقەتی نەقشبەندی هێنـاوە، شـێخی گـەیلانیش – قُدس سرّهُ – لـە بەغـداد لـە دوای مردنیشـی وەك ئـەوەی لـە ژیانـدا بووبێـت، ڕەفتارەکـانی کاریگـەری هەبووە. حەزرەتی مەولانا – قُدس سرّهُ – مەعنەوییەن هەڵسوکەوتی ڕزگارکردنی ڕۆح (جایی)ی قبووڵ نەکردووە.

ڕۆحیانـەتی ئیمـامی ڕەببـانی – قُـدس سـرّهُ – هاتووەتـە بەغـداد و لەگـەڵ شـاهی نەقشـبەندی – قُـدس سـرّهُ – سـەردانی (شـێخی گـەیلانی)یـان کـردووە و تکایـان لێکـردووە کـە مـەولانا خالیـد – قُـدس سـرّهُ – نـەوەی تۆیـە، قبـوڵی بکـە. (شـێخی گەیلانی)یش داواکەی ئەوانی قبوڵ کرد.. لە دوای ئەوان خێرا مەولانا خالید – قُدس سـرّهُ – درەوشـایەوە. ئـەو ڕووداوەش لەلایـەن – ئـەهلی کەشـف – ەوە بینـراوە، بەشێکیش لە – ئەهلی ویلایەت – لـەو سـەردەمەدا ئـەم ڕووداوە (ڕۆحی)ەیـان بینیـوە، هەندێکیشیان لە (خەویاندا) بینیویانە. (وتەکەی مامۆستام لێرەدا تەواو بوو).

**جیاوازی دووهەم ئەوەیەکە:**

مامۆسـتام هـەموو سـوپاس و ستایشـێك لـە کەسـێتی خـۆی دوور دەخاتـەوە و دەیانبەخشێت بە (پەیامەکانی نوور)، بەڵام کەسێتی حەزرەتی مەولانا – قُدس سرّهُ – بووە بە (قطب) ئیرشاد و مەرجەعی (تایبەت و گشتی).

## سێهەم جیاوازی:

حەزرەتی مەولانا – ذو الأجنحين – لەبەر پێویستی سەردەمەکەی لەگەڵ هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی سوننەتە بەرز و پیرۆزەکانی سەروەرمان صلى الله عليه وسلم تەریقەتیشی بە بنەما گرتووە و، لەم خاڵەدا هیممەتی خستووەتە گەڕ، بەڵام مامۆستا لەبەر پێویستی ئەم کات و سەردەمە ترسناکە، زۆر گرنگی بە (ڕاستییەکانی ئیمان) داوە و پەیوەست بووە پێیەوە و تەریقەتی لەپلەی سێهەمدا داناوە.

## پوختەی قسە:

لەسەر بناغەی ئەو فەرموودە پیرۆزەی لە سەرەتاوە هاتبوو کەدەفەرموێت: هەر سەد ساڵ جارێك بۆ تازەکردنەوەی ئایین موجەدید (نوێکار)ێك دەنێردرێت. بە شاهیدی زۆربەی ئەهلی حەقیقەت (مەولانا خالید) نوێکار بووە لە ساڵەکانی – هەزار و دوو سەد– دا، واتە لە سەدەی دوازدەهەمدا، مادەم ڕێك دوای سەد ساڵ چوار "تەوافوق" و لەیەکچوون هەبوو، بۆیە دەرمانەکانی پەیامەکانی نووریش هەمان ئەرك بەجێدەگەیەنن، ئەوا قەناعەتی تەواو دەبەخشن. بە (دەقی فەرموودە) پەیامەکان لە حوکمی نوێکەرەوەی ئاییندان.

مامۆستاکەم هەمیشە دەفەرموێت: من یەك کەسم بەڵام ئەو خزمەتانە بەجێدەگەیەنم کە موشیرێك دەیکات. واتە – گەورەیی پەیامەکان – دەگەڕێتەوە بۆ (قورئانی حەکیم)، نەك بۆ کەسی لاوازی من، دەرمانەکانی پەیامەکانی نوور وەك (موشیرێکی مەعنەویی) خزمەتەکەی خۆیان پێشکەش دەکەن. بۆئەوەی مامۆستام ئازار نەدەم و دڵی نەڕەنجێ وەسف و سەنای کەسایەتی خۆی ناکەم.

حافظ تۆفیق شامی

* * *

## تەوافوقێکی ناسك کە ئاماژە بۆ بەرەکەتی پەیامەکانی نوور دەکات لەلایەن (کاك ڕەئفەت، خەسرەو، ڕوشدی) کە قوتابی پەیامەکانی نوورن

تەوافوقێکی سەرسوڕهێنەرە کە نیشانەی ئەوەیە (پەیامەکانی نوور) تاچ ڕادەیەك بوون بە ڕەحمەت بۆ (ئیسپارتە)، کە ئەمەش یەکێکە لەو لوتفە گرنگە گشتییەی پەیامەکانی نوور، ئەویش:

بەهۆی بوون بە شوێنی درەوشانەوەی پەیامەکانەوە، بایەخێکی تایبەتی ئەوەیە کە: شاری (ئیسپارتە)، هەشت ساڵە دانەری پەیامەکانی نووری لەسینەیدا شاردووەتەوە لە شارۆچکەیەکی شیرینی وەك (بارلا)دا بە لوتف و کەرەمی جەنابی حەق پاراستوویەتی. لەم ماوەیەدا هێواش هێواش بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەیامەکانی نوورەوە هەزاران کەس لە (ئیسپارتە) دا ئیمانەکەیان بەهێزکردووە، بەتایبەتی گەنجەکان سوودی زۆریان لە پەیامەکان بینیوە و، لایەنی مەعنەوییان بەهۆی پەیامەکانەوە دەوڵەمەند کردووە، لەکاتێکدا مامۆستامان لە شارۆچکەیەکی شیرینی وەك (بارلا)دا لە دۆخێکی دژوار و ناڕەحەتدا بوو، بەجۆرێك کە دڵە ڕەقەکانی دەهێنایە گریان، دۆخی (بەندی) پڕ لە ئەشکەنجەی تەواو بوو و، مامۆستامان وەك دانەری پەیامەکان بە – چاودێری جەنابی حەق – نێردرا بۆ (ئیسپارتە).

هەندێك لە چەوسێنەرەکانی ئەهلی دنیا کە کەوتبوونە وەهمەوە، بە هۆی چەند جووڵەیەکی زۆر سادە و ڕووکەشی مامۆستامانەوە هێنرا بۆ (ئیسپارتە). بەڵام کاتێك مامۆستامان هات، گەرمترین کاتی وەرزی هاوین بوو باران نەدەباری، باران بڕان بوو(وشەکە ساڵی بوو)، ئاوی کانییەکانی (ئیسپارتە)ش کەم بووبوونەوە و سەرچاوەی بەشێکیشیان وشك بووبوو، درەختەکان زەرد بووبوون، گژوگیا وشك بوو بوون، گوڵەکانیش کز و لاواز دەبوون، لەبەرئەوەی زۆرترین بڵاوبوونەوەی پەیامەکان لەشاری (ئیسپارتە)دا بوو، بۆیە ئێمەی قوتابیانی پەیامەکانی نوور جارێکیتر بووین

به شاهیدی بینینی زیاتر له ڕووداوێك و – لوتفێكی تری خوای گەورە – بەسەر ئەم شارەدا.

ئەم ڕووداوەش هاوكات بوو لەگەڵ (تەشریف هێنانی دانەری پەیامەكان)دا، كە لە ماوەی سەدەیەكدا جارێك یان دووجار لە وەرزی هاویندا باران بارینی بەلێزمە و بە خوڕ ڕوویداوە، بارینی ئەم بارانە بەم شێوە سەرسوڕهێنەرانەیە هەموو (ئیسپارتە)ی تێر ئاو كرد و، جارێكی تر ژیان بە بەری ڕووەكەكاندا كرایەوە و، باخەكان لوتفێكی تریان پێ‌بەخشرایەوە، ئەمەش زەردەخەنە و خۆشی خستە سەر ڕوخساری خەڵكی شارەكە كە زۆربەیان بە كشتوكاڵەوە خەریك بوون. ڕۆحیان شاد دەبوو بەو بارانەی كە بە هۆی – بەرەكەت و لوتفی پەیامەكانەوە – خوای گەورە باراندبووی بۆیان، جەنابی حەق بەهۆی كەماڵی ڕەحمەتی خۆی، ئەم وەرزی هاوینە زۆر گەرم و وشكەی گۆڕی بە بەهارێكی شیرین و خۆش.

وەك بڵێی (پەیامەكانی نوور) بە سەد و نۆزدە پەیامەوە لەلایەكەوە بۆ بەخێرهاتنی مامۆستامان و دڵدانەوەی دڵە خەمبارەكەیی و خۆشحاڵكردنی ڕۆحە خەمناكەكەی، لەلایەكی ترەوە بۆ لە بیربردنەوەی (بارلا) كە هەشت ساڵ لەمەوپێش تیایدا ژیاوە و، بۆئەوەی ئەو دڵتەنگییەی كە لە ئەنجامی لێكدابڕانی لەگەڵ (دار چنارە مەزنەكە) و دۆستانی و ئەو شتانەی پەیوەست بوو پێیانەوە نەیەنەوە بیری، بەدەستی سەدونۆزدە پەیام و بەزمانی سەد و نۆزدە هەزار وشە پاڕایەوە و داوای بارانی لە خوای حەق كرد.

خوای گەورەش بارانێكی ئەوەندە بەبەرەكەتی پێ‌بەخشین كە وەك لە پیرەكانمانەوە بیستومانە لە نەوەدوسێدا[٣] باریوە كە ئەم بەروارەش هاودەمە لەگەڵ – ساڵی لەدایك بوونی مامۆستاماندا – بەڵگەیەك دەربارەی ئەوەی كە ئەم بارانە بەخوڕەمەی كە وەك

---

٣ مەبەست ساڵی (١٢٩٣ كۆچی)یە، كە لەم ساڵەدا بارانێكی بەخوڕ (ئیسپارتە)ی گرتووە و، ئەم ساڵەش هەمان ساڵی لە دایك بوونی مامۆستامان بووە، دووبارە لە شاری ئیسپارتە بارانێكی بەو جۆرە بە خوڕ بارییەوە بە تەشریف بردنی مامۆستا بۆ ئەو شارە.

وەرگێڕ

ڕەحمەتێك خوای گەورە باراندی بە شێوەیەكی تایبەتی ڕووی لە پەیامەكانی نوورە بریتییە لەوەی كە:

مامۆستامان كە هۆكاری بڵاوبوونەوەی (پەیامەكانی نوور)ە لەو ڕۆژەوەی كە هاتبووە شاری (ئیسپارتە)، بینی (ئیسپارتە) لە ئەنجامی بێ بارانی و گەرماوە لە ناو تۆز و خۆڵدا دەسوتا، مامۆستاش بەهۆی ئەوەی لە هاوینەهەوارێكی وەك (بارلا)وە هاتبوو، لە شوێنێكی لەمشێوەیەدا بەرگەی نەدەگرت و شپرزە دەبوو. كاتێك لە ڕۆژی سێهەم و چوارەمیدا گەڕانی بە ناو بەشێك لە باخچەكاندا دەكرد، بە دەم بینینی گژوگیا و درەختەكانەوە كە لە ئەنجامی بێئاوییەوە وشك بوو بوون، زۆر پێیان كاریگەر بوو كە ئاویان دەوێت و داوای بارانیان دەكرد. بە دەم پیشاندانی ئەو دەستاڕەی كە ئاوەكەی دەسووڕاندەوە لە(كاك بەكر)ی پرسیبوو: ئاوی (ئیسپارتە) ئەوەندەیە؟ كاك بەكریش وەڵامی دایەوە: ئاوی دەرچە بچووكەكە وشك بووە و ئاو نایەت، جگە لەم ئاوەی كە یەك لەسەر چواری (ئیسپارتە) ئاو دەدات ئاوی دیكە نییە.

لەبەرئەوەی مامۆستامان لە (ئیسپارتە) قوتابی زۆری هەبووە، بۆیە بە ڕۆح و گیان لە خوای گەورە داواكار بووە كە باران ببارێت. لە هەمان ڕۆژدا بەشێوەیەك باران باریوە كە "پەنجا ساڵ" بووە شاری (ئیسپارتە) بارانی لەم جۆرەی بەخۆیەوە نەبینیوە. ئەم باران بارینەش سوودێكی لە سەدا نەوەدونۆی بەخشیە شاری (ئیسپارتە).

لەمەوە تێدەگەین كە: ئەو تەوافوقە، ڕێككەوت نیە، ئەمە كە ڕەحمەتێكە بۆ (ئیسپارتە) ڕووی لە (پەیامەكانی نوور)ە. شوكر بۆ خودا كە لە ئەنجامی ئەو ڕێزلێنانەی خوداوە مامۆستامان دەڵێت: ئەوا ئەم ڕەحمەتە (بارلا)ی لە بیربردمەوە، ئەگەر شتێك هەبێت كە هەرگیز لەبیرم نەچێت، ئەویش وەك ئەوەی لە هەر شوێنێك هەبووبێت، ئەو قوتابییە لێبڕاو و جددی و دۆست و دڵسۆزانەمن كە لە (بارلا) هەمبوون.

مصطفى، لطفى، رشدى، خسرەو، كاك بكر، ڕەئفەت

(رحمة الله عليهم أجمعين)

## بیرۆكەی مهاجر حافظ أحمد، سلیمان، مصطفی چاوش، كاك بكر و، شەمعی – ڕەحمەتی خوایان لێبێت – كە پەسەندی ڕووداوی باران بارینەكە دەكات كە تایبەتە بە بەرەكەتی پەیامەكانی نوورەوە

### دوو بەڵگەی بەهێز نیشان دەدات، كە بیرۆكەی برایانی ئیسپارتە دەسەلمێنێت

برایـانی بـەڕێزمان وەك (ڕەئفـەت و خەسـرەو)، لـەكاتی ئـەو بـاران بارینـە بـەخوڕ و سەرنجڕاكێشـەدا ئامادەییـان هـەبووە و، بڕوایـان وایـە كـە ئـەم ڕەحمەتـە لـە بەرەكـەتی (پەیامـەكانی نـوور) بـووە و بەتایبـەتی بـۆ بەرەكـەتی (پەیامـەكانی نـوور) دەڕوانێـت، چونكە بە دوو شێوە بە چاوی خۆیان بینیبوویان كە بەهۆی خزمەتكردنی قورئان و (پەیامەكانی نوور)ە وە بووە ئەو بارانە بارییووە:

### شێوەی یەكەم:

كاتێك مامۆستامان كە هۆكاری بڵاوبوونـەوەی پەیامەكانـە مزگـەوتی لێ قەدەغـەكرا، ڕێگە بە هیچ قوتابییەكی تر نەدرا سەردانی مامۆستا بكات، جگە لـەو قوتابییانـەی كە پەیامەكانیان دەنوسییەوە، لەوكاتەدا وشكەساڵی دەستی پێكرد و پێویستییەكی زۆر بۆ باران بارین هاتە كایەوە، پاش ماوەیەك لە هەموو لایەكدا باران باری، بەڵام لە (قـەرە ئەحمـەد سـوڵتان)ەوە كەناوچـەیەكی دیـاریكراوە لـە ڕووی (بـارلا)وە بـارانی تێـدا نەدەباری. ئـەم ڕووداوە كاری كردە سـەر مامۆسـتامان و، دەسـتی كـرد بـە دوعـاكردن، مامۆسـتامان بەشـێوەیەكی زۆر كاریگەرانـە دەپاڕایـەوە، **دواتـر فـەرمووی:** گیروگرفـت هێنراوەتە بـەردەم خزمـەتكردنی قورئـان، مزگەوتەكـەی گونـدی (ئەحمـەد سـوڵتان)یش داخرا، ئەمـەش سەرزەنشـت و سـزایەكە كـە بـاران نـەباری، مـادەم قورئـان سـزای خـۆی هەیە، بۆیە – سورەتی یاسین – دەكەین بە شەفاعەتكار و، بە بەرەكەتی قورئان داوا لە خوای گەورە دەكەین.

ماموستامان به (موهاجیر حافظ ئەحمەد ئەفەندی) فەرموو: تۆ (چل و یەك یاسینی پیرۆز) بخوێنە. موهاجیر حافظ ئەحمەد ئەفەندیش – رحِمهُ الله – بەسەر (قامیش)ێكدا خوێندی، دواتر (قامیش)ەكەیان خستەناو ئاوەوە، لە كاتێكدا هیچ نیشانەیەكی باران بارین دەرنەكەوتبوو و، كاتی نوێژی عەسر بوو.

ماموستامان – وەك هەموو كاتێك – بە پشت بەستنی بە ئاگاداركردنەوەیەك فەرمووی: یاسینەكان مەتەڵ (طلسم) ەكەی كردەوە و باران دەبارێت. لە هەمان شەودا لەو بارلا)یەی كە یەكەمجار بارانی لێنەباریبوو، بەجۆرێك باری كە دیواری باخچەكەی (ئەحمەد شوان) كە لە قاتی خوارەوەی ئەو خانووەدا بوو كە ماموستا لەقاتی سەرەوەیدا نیشتەجێ بوو بوو ڕووخا، لەپشتەوەی گوندی (ئەحمەد سوڵتان)ەوە (شەمعی و هاوڕێكانی) كە سەرقاڵی ماسی گرتن بوون یەك دڵۆپە ئاویان نەبینیبوو.

كەواتە ئەم ڕووداوە ئاماژەیەكی بێگومان بۆ ئەوە دەكات كە، لەو ڕەحمەتە گشتییەدا تایبەتكارییەك هەیە كە بەهۆی – خزمەتكردنی قورئانی پیرۆز – ەوە باریووە، سورەتی یاسین بوو بە كلیلێك و تكاكارێك و باران بە ڕادەی پێویستیەكان باری.

## شێوەی دووهەم:

لە كاتی وشكە ساڵییەكەدا بیست بۆ سی ڕۆژ باران لە (بارلا) نەباریبوو، لەم كاتەدا لە نزیك سەرچاوەی كانیەكەی (یۆكشباشی)یەوە كە لە سەردەمێكدا دروستكرابوو، ماموستا لەگەڵ ئێمەدا واتە (سولەیمان، مصطفی چاوش، ئەحمەد چاوش، عباس محمد و، فلان).. بەكۆمەڵ نوێژی جەماعەتمان كرد. لە دوای تەسبیحاتی نوێژەكەوە دەستمان بەرز كردەوە بۆ دوعاكردن، ماموستامان قورئانی پیرۆزی كرد بە تكاكار ودوعای باران بارینی كرد، لە كاتێكدا كە هەور نەبوو و، ئاسمان ساف وساماڵ بوو حەوت تا هەشت دڵۆپە ئاوی باران بارییە دەستمان، كە دەستمان دانا بارانەكەش وەستایەوە، هەمووومان سەرمان لەم دۆخە سوڕما. هەتا ئەوكاتە بیست سی ڕۆژ بوو باران نەباریبوو، بارینی حەوت تا هەشت دڵۆپ باران بۆ ناو ئەو دەستانەی كە لەكاتی نزای بارانەكەدا بەرزكرابوونەوە، نیشانی دەدات كە نهێنییەك لەمەدا هەیە، ماموستا

فەرمووی: ئەمە ئاماژەییەکی خوداییە، جەنابی حەق دەفەرمویێت من دوعاکە قبوڵ دەکەم، بەڵام ئێستا باران نابارێنم. واتە دوای ئەوەی سورەتی یاسین دەبێت بەتکاکار و، باران دەبارێت، وەهەر بە هەمان شێوەش بوو.

### پوختەی قسە:

بەم دوو بەڵگەیە تەصدیقی ئەوە دەکەن کە هۆی ئەم ڕەحمەتە گشتییە دەگەڕێتەوە بۆ بەرەکەتی پەیامەکانی نوور، کە برایانی (ئیسپارتە)مان بە چاوی خۆیان بینیان و بەر ئەو ڕەحمەتەش کەوتن.

شەمعی، مصطفی چاوش، کاك بکر، مهاجر حافظ احمد، سلیمان
(رحِمَهُم اللّه)

* * *

## سولەیمان، ئەو ڕاستگۆ بە ناوبانگەی کە لە بارلادا لە بەجێنانی وەزیفەکەیدا ڕاستگۆیە
## فیکرەیەکی سولەیمان ڕوشدی لە ئیسپارتە

مامۆستای ئازیزم:

بڕگەکانی برایانم کە ڕۆشتوونەتە (مەکتووبی بیست و حەوتەم)ەوە، ئەوبڕگانەی کە بیر و هەستەکانی خۆمم تێدا دەدۆزینەوە، لەو ڕوانگەیەی کە ئەو بڕگانە بە بیرۆکەی خۆم دەزانی هیچ پێویستییەك بۆ نوسینی بڕگەی تر لەلای منەوە نابینم. بەڵام لەم کۆتاییانەدا هەندێ لەو ڕووداوانەی کە ڕووبەڕووم بوونەتەوە و پەیوەندییان بە کەرامەت (ڕێزلێنان)و بەرەکەتی پەیامەکانی نوورەوە هەیە، ئەوەش لە حوکمی

ئاگاداردنەوەیەکدابوو لەوەوە کە: بۆ ئەوەی بڕگەیەکی تایبەتی منیش بڕواتە ناو بڕگەی برایانمەوە، وا هەندێ تەوافوقی ناسك و، خەونی ڕاست (ڕوئیاصادقە) و چەند ڕووداوێکی تر دەنوسم، لەو ڕوانگەیەشەوە کە ئەم خەونانە لەیەکەوە نزیکن و لە چەند ڕۆژێکدا بینراون و، پێغەمبەر ﷺ لەخەونەکاندا بوونی هەبووە، بۆیە بە خەونی ڕاست (ڕوئیاصادقە) دادەنرێن. چونکە لەفەرموودەی سەروەرماندا ﷺ چەسپاوە کە: لە هەر خەونێکدا پێغەمبەر ﷺ ببینرێت، شەیتان ناتوانێت لەو خەوەدا بێت.

هەریەکە لەم خەونە ڕاستییانە، هەرچەندە (خەون)یشبن بەڵگە و حوججەتی ناوێت، بەڵکو یەکگرتنی هەریەکەیان لە مانا و مەبەستدا موژدەیەك دەدات و قەناعەتی قبووڵبوونی (پەیامەکانی نوور) لە بازنەی ڕەزامەندی پێغەمبەردا ﷺ پێ‌دەچەسپێنێت.

## بەپوختی:

### یەکەم:

(رضا) کەیەکێکە لە قوتابیانی نوور لە خەوندا دەبینێت کە: لەخەویدا پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوتدا بە حەزرەتی ئەبوبەکر – رضی الله عنه – دەفەرموێت:
بڕۆ وتار بخوێنە حەزرەتی ئەبوبەکریش بەڕاکردن تەشریفی دەڕواتە سەر بەرزترین شوێنی مینبەرەکە و وتار دەدات، لەوتارەکەدا بەخەڵکەکە دەفەرموێت: ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستیانەی باسم کرد لە "وتەی بیست و نۆهەم"دا هەیە.

### دووهەم:

(عوسمان نووری) کەیەکێکە لە قوتابیانی نوور دەفەرموێت: لەخەوندا پێغەمبەرم ﷺ بینی، ڕوخسارێکی زۆر نوورانی هەبوو. کە یەکێکە لەسیفاتە بەرزەکانی سەروەرمان ﷺ لەشوێنێکدا دانیشتبوو و پاڵی دابووەوە. لەم کاتەدا دەنگێك هات، کە یاوەرێکی پێغەمبەرمان ﷺ دێت، لەناکاودا دەرگاکان خۆیان کرانەوە – زاتی کەسێتی دانەری پەیامەکانی نوور مامۆستا – هاتە ژوورەوە.

**پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم بەشەفەقەتەوە و بەدەم نیشانەی لوتفێکەوە لەو شوێنەی کە پاڵی لێدابووەوە ڕاست بوویەوە، منیش بە گریانەوە خەبەرم بوویەوە.**

**سێهەم:**

**ئەو (شوکرو ئەفەندی)یەی کە کۆشکێکی تایبەتی دانابوو بۆ قوتابیانی پەیامەکانی نوور، لەخەویدا پێی دەڵێن کە: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هاتووە بۆ کۆشکەکەت. ئەویش بەڕاکردن دەڕوات بۆ کۆشکەکە بۆ زیارەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەشێوەیەکی زۆر نوورانی و ڕووخۆش دەبینێت.**

**چوارەم:**

**یەکێکی تر لە قوتابیانی پەیامەکانی نوور کە ناوی (نظمی)یە بۆمان دەگێڕێتەوە کە لە خەویدا پێی دەڵێن: (قوتابییانی پەیامەکانی نوور) بە بێئیمانی نامرن، بە ئیمانەوە دەڕۆنە ناو قەبرەکانیان.**

**لە کاتی بینینی ئەم خەونانەدا بە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم، یەك دوو تەوافوقی ناسك یاد دەکەینەوە کە سەبارەت بە "موعجیزاتی ئەحمەدی"یەوەیە بەمشێوەیە: لەکاتی پێداچوونەوەی موعجیزاتی ئەحمەدی (مەکتوبی نۆزدەهەم)، کە لە چەند لایەکەوە کەرامەتی پەیامەکانی نووری بەرکەوتووە، کاتێك باس هاتە سەر باسی حەوت منداڵەکە حەوت پەیامی موعجیزاتی ئەحمەدییان صلى الله عليه وسلم نوسیووەتەوە، کچە حەوت ساڵەکەم (مەلیحە) لەکاتێکدا کە ئێمە چاوەڕێی هاتنی نەبووین لەماڵەوە دەرچووبوو و هات بۆ ماڵەکەی مامۆستامان، بە منداڵێتییە پاك و بێگەردەکەی خۆی گوێی گرتبوو بۆ باسی حەوت منداڵەکە. لەگەڵ ئەوەی زۆر حەزی لە چا خواردنەوە بوو، بەڵام چونکە بەدیقەتەوە گوێی گرتبوو بۆیە ئاگای لە خۆی نەمابوو و، تا کۆتایی باسی منداڵەکان نەیخواردەوە.**

**دە خولەك پێش ئەو کاتەی کە باسمان کرد، پێداچوونەوە بۆ "مەکتوبی نۆزدەهەم و پەیامی میعراج" بە جیاجیا دەکرا لە مەکتوبی نۆزدەهەمدا لە سەد و پەنجا لاپەڕەدا**

یەك لاپەڕەی باس لە گریانی بنەدارە وشكەكە دەكات، لە پەیامی میعراجیشدا لە شەش ڕستەدا یەك ڕستەی باسی ئەو بنەدارەی كردووە. بە شێوازی جیاواز و لەكاتی جیاوازدا و لەكەسی جیاوازەوە و لەكتێبی جیاوازەوە، لە هەمان كاتدا گوێم لە وتنی یەك وشە دەبوو پێكەوە، ئەویش گریانی بنەدارە وشكەكە بوو. ئەو كەسانەی پێداچوونەوەیان دەكرد دوو گروپی دووكەسی بوون، لەسەر هەمان وشە دەوەستانەوە. دواتر ڕوانیان لە پێداچوونەوەی پەیامی میعراجدا لەسەر هەمان ئەو وشەیە بوون كە لە مەكتوبی نۆزدەهەمدا پێداچوونەوەی بۆ دەكرا.

ئەو كەسانەی كە لەوێدا ئامادەبووین گومانمان نەبووكە تەوافوقی – باسی حەوت منداڵەكە و هاتنی مەلیحەی حەوت ساڵ – وە "تەوافوق و یەكگرتن"ی ئەم دوو گروپەی كە پێداچوونەوەیان بۆ پەیامەكان دەكرد لەسەر هەمان وشە لەیەك كاتدا، تیشكێكە لە كەرامەتەكانی ئەو (موعجیزاتی ئەحمەدی)یە.

## تەوافوقی سێهەم:

**كە پەیوەندی بە پێغەمبەرەوە ﷺ هەیە:**

ئەو لیستە ناوەی كتێبەكان كە لە (میلاس)ەوە هاتبوو، بەهۆی هۆكارێكەوە دەنێردرانەوە و پێویست بوو بشاردرێتەوە. ڕۆژێكیان مامۆستا بیری لەوەكردەوە كە پێویستی بە لیستەكە هەیە و لەمنی وەردەگرتەوە، بەڵام داوای لیستەكەی لێنەكردم.

شەوەكەی هەڵدەستێ لەخەو و، ئەو لیستە لەسەر بەرماڵەكەی دەبینێت، سەری سوڕدەمێنێت و، دەفەرموێت: چۆن ئەم لیستە لە شوێنە شاردراوەكەیدا دەردێت و دێتە ئێرە! بەیانییەكەی پرسیاری لێكردم سەبارەت بە لیستەكە. منیش پێم وت: من نەمهێناوەتەوە ئاگادارنیم، لە ڕاستیدا ئەو شەوە من نەهاتم بۆ لاتان. لەم ڕووداوەدا دانایی و مەبەستێك هەیە، ئێمە بیرمان لێكردەوە لە هەمان ڕۆژدا بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستییەك بەپێی لیستی ناوی كتێبەكان بۆ داواكردنی كتێب، نامەیەكی پێغەمبەر ﷺ كە بۆ (مەقەوقیصی عەزیزی میصر) نوسیبووی لەناو ئەو كتێبانەی تایبەتە بە (میصرییە كۆنەكان) دۆزیبوویانەوە و ناردبوویان بۆ

(ئیستەمبوڵ). لە بەیانی ئەو شەوەی کە مامۆستا لیستەکەی لەسەر بەرماڵەکەی بینیبوو ڕەسمی ئەم نامەیەی پێغەمبەر ﷺ گەشتە دەستمان و بوو بە تەوافوقێك لە نێوان نامەکە و لیستەکەدا. ئێمەش هیچ گومانێکمان نەما کە بوونی ئەو لیستە شاراوەیە لەسەر بەرماڵەکەی مامۆستا لە شەودا، بێ ئەوەی کەس هێنابێتی، ئاماژە و هێمایەك بوو، بۆ هاتنی ئەو نامە نەبەوییە ﷺ.

بەڵێ لەو ڕۆژانەدا ئەو خەونانەی کەبە پێغەمبەرەوە ﷺ بینراوە و پەیوەندیان بە (پەیامەکانی نوور)ەوە هەبووە، وە هاتنی ئەو نامەیەی سەروەرمان ﷺ لەم ڕۆژانەدا کە خەریکی دانانی (بریسکەی بیست و پێنجەم) بووین، کە تیایدا باس لە دەرمانی نەخۆشییەکان دەکات و پەیامی دەست پێوەگرتن "الاقتصاد" کە (بریسکەی نوزدەهەم)ە، بریسکەی بیست و شەشەم کە دەربارەی "بیست و شەش ئومێدە بۆ بیماران و بە ساڵاچووان"، ئەم تەوافوقە هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە کە پێغەمبەرمان ﷺ ئەم سێ پەیامەی قبووڵ کردووە.

یەکێکی تر لەو ڕووداوانەی کە سەنگینبوونی (پەیامەکانی نوور) دەچەسپێنێنن ئەوەیەکە، چەندین هێما و ئاماژەمان بینی و دەبینین کە دەیچەسپێنن (پەیامەکانی نوور) بوون، بە هۆی بەرەکەت بۆ (ئیسپارتە).

## بە پوختی:

کاتێك (شوکرو ئەفەندی) هەم کۆشکەکەی خۆی و هەم کۆشکەکەی برای خوالێخۆشبووی (نووری ئەفەندی) خستبووە خزمەتی نوسیینەوە و دەرسی (پەیامەکانی نوور)ەوە، لە شارەکەیاندا و لە تەنیشتی خانووەکەیانەوە بینایەکی گەورە کە پەیوەست بوو بە خانووەکەی ئەوانەوە لەکەنار دەریادا سووتا. لەکاتێکدا تەواوی ئەو بینایە سووتا، بەڵام ئاگرەکە نەگەیشتە خانووەکەی (شوکرو ئەفەندی)، تەنانەت دارو تەختەی تەنیشت خانووەکەی (شوکرو ئەفەندی) نەسووتا. هەر کەسێك ئەم بارودۆخەی دەبینی سەری سووڕ دەما، بەڵام ئەوکەسانەی پەیوەندییان بە (پەیامەکانی نوور)ە وە هەبوو، گومانیان نەبوو کە لەبەر ئەوەی (شوکرو ئەفەندی) ئەو

دوو کۆشکەی بۆ خزمەتی پەیامەکانی نوور دانابوو، بە بەرەکەتی ئەوە و بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش (خانووەکەی خۆی و برای خوالێخۆشبووی) لەو ئاگرە مەترسیدارە ڕزگاریان بوو.

هەروەك بە بەڵگەوە خرایە ڕوو کە پەیامەکانی نوور لە هاویندا بوون بە هۆکاری بارانێکی بەڕەحمەت.

وە لە چوارچێوەی کەرامەتەکانی شێخی گەیلانی دا – قُدس سرّهُ – نوسینی ئەو ڕووداوە لە پەیامەکاندا کە بەهۆی پەیامەکانی نوورەوە بووە، لەمساڵیشدا لە وەرزی زستاندا (پەیامەکانی نوور) لە ناوەندی چالاکییەکانیەوە لە (بارلا) گواسترایەوە بۆ باخەکانی (ئیسپارتە). سەرما و گەردەلوولی ناوباخەکان لە هی شار گەلێ توند و بەهێزتر بوو. لەم زستانە سەختەدا بۆ ئەوەی ڕێگری نەیەتە بەردەم دانانی پەیامەکان و، دانەرەکەی توانای خۆراگرتنی هەبێت، ئەوا وەك میهر و سۆزێك هەوای زستانی ئەمساڵ زۆر مامناوەند تێپەڕی.

بەڵێ، هەموو کەسێك دەزانێت کە لەماوەی ساڵانی پێشوودا تا ئێستا زستانێکی هەوا مامناوەند و تەنانەت هەندێ ڕۆژی لەهاوین بچێت نەبینراوە.

ئەمڕۆش کە – دوانزەی مارتی نوێ و بیست و حەوتی شوباتی کۆنە – لە کاتێکدا لە سێهەم ڕۆژی (سیتەی سەڤیرداین)[٤] کە شەش ڕۆژی گەردەلولاوی سەختە، کەچی وەك ڕۆژی نەورۆز هەوایەکی سامالی هەیە، هەروەك بە چەندین ئاماژە دیاربوو کە، بەهۆی بەرەکەتی (پەیامەکانی نوور)ە وە لە ناوەڕاستی هاویندا میهرەبانی خوایی وەرزی بەهاری هێنابوو بۆمان، بەهەمان جۆر قەناعەتمان کرد کە ئەم وەرزی زستانە بەهۆی (بەرەکەتی پەیامەکانی نوور)ە وە بووە بە بەپایزێکی خۆش و ئارام.

ماوەیەك پێش دانانی یەکێك لە دەرمانەکانی پەیامەکانی نوور کە پەیامی دەست پێوەرگرتن ، دەستپێوەگرتنی مامۆستامان لە خواردندا زیاد لە سنوور بوو.

---

٤ شەش ڕۆژی سەختی گەردەلولاوییە و، دەکەوێتە مانگی نیسانەوە، بە جۆرێکە پێشینان گوتویانە (سیتەی سەڤیر هەر سەعاتێکی سەدەیەکە).

(مـن و خەسـرەو) و چـەند هاوڕێیـەکی تـر هـەمووومان دەزانـین کـە: لەکاتێکـدا کـە ماموٚسـتامان نـەخۆش نـەبوو لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە هـەموو مـانگی "ڕەمـەزان" دا ئـەو خواردنـەمان پـێ دا کـە خواردبـووی ئـەویش یـەك فرنجـەڵ نـان و نیـو هۆقـە ماسـت، نرخەکەی سەد و پەنجا درهەم برنج بوو. ئێمـە وامـان پێشبینی کـرد لـە مـاوەی بیست وچوار سەعاتدا بەسێ خورما ژیاوە و بەرگەی گرتووە، لەبەرئەوەی ئیشتیهای زیـاتری نەبوو نەیدەخوارد.

ئەم بارودۆخە ئاماژەیەکی پێشوەختە بوو بۆ پیرۆزیی و کەرامەت و بەرەکەتی پەیامی "دەست پێوەرگرتن ".

ڕووداوێکـی تـر کـە ئامـاژە دەکـات بـۆ ڕاسـتی ئـەم خزمەتـە و، زیـاتر بـەهێزکردنی (پەیامەکانی نوور) ئەویش بریتیە لە:

زانایـەکی گـەورەی شـاری (ئیسـپارتە)، نزیکـەی سـی تـا چـل سـاڵ پـێش ئێسـتا کۆمەڵێ بڕگە و شیعری نوسیبوو، کە دەبنە تەوافوق لەگەڵ پەیامەکانـدا و پەیامـەکانی نوور نیشان دەدات.

بەمشێوەیە: خوای گەورە ڕەحم بە (تۆپاڵ شوکرو ئەفەندی) بکات و گۆڕەکەی پڕ نوور بێت کە کەسێکی ئەهلی دڵ و جێی شانازی شاری (ئیسپارتە )بوو،بە شێوەیەکی ڕێزلێنان (کەرامەت) شیعرەکەیم لێرەدا بینـی هێنـام و پیشانی هاوڕێکانمدا وتم: وەك چۆن ئەم زاتە باس لەم سەردەمی گومڕایی دەکات، بەشێکی تریشـی وادیـارە بـاس لـە جەنگی جیهانی بکات.

چونکە لەم شیعرەیدا دەڵێت:

"Âferin çarha ki, çattırdı kuduzu kuduza.

"آفرین چرخه کە، چاتدیردی قودوزی قودوزە."

واتە: کافرەکان یەکتریان خستە ناڕەحەتی و سەختییەوە بەهۆی دنیاوە.

**وە دوو ڕستەی دواتر دەڵێت:**

"Sûk-i asr içre bütün dad ü sited, küfr ü dalal
Müşteri kalmadı, din indi ucuzdan ucuza."

"سُوقِ عصر ایچره بتون داد سِتَدْ، کفر ضلال
مشتری قالمادی، دین ایندی اوجوزدن اوجوزه."

**واتە:**

**لە بازاڕی ئەو سەردەمەدا کڕین و فرۆشتن بەدەستی بێدینەکان دەبێت و ئەوان فەرمانڕەوایی دەکەن، ئایین زۆر هەرزان و سوك دەبێت و، شەعائیرەکانی ئیسلام دەشاردرێنەوە.**

"Şükriyâ bilmezem esrar-ı gaybdan amma
Ya ileri, ya geri, takrib ederim üç otuza."

"شکریا بیلمزم أسرارِ غیبدن امّا
یا ایلری، یا گری، تقریب ایدرم اوچ اوتوزه."

**خۆی تەفسیری کردووە واتە: سی و سێ لەبەر قافییەی شیعرەکە لە بری سی و سێ وتوویەتی سێ سی (** üç otuza **). هەروەها لەو بڕگەیەدا لەگەڵ ئاماژەدانی بە جەنگی جیهانی، کە دە ستوور و یاساکانی بێدینی لەو سەردەمەدا فەرمانڕەوا دەبن.**

**له ناوەڕاستی شیعرەکەشدا بەم شێوەیە دەڵێت:**

"Eriş ey avn-i şeriat  eriş ey muhyiddin!

Elem-i rîş-i  cefa sîneden erişti öze."

"ایریش أی عونِ شریعت ایریش أی محیی الدین!

ألمِ ریشِ جفا سینەدن ایریشدی ئوزه."[5]

**ئێستا بڕوام وایە ئەم زاتە (تۆپاڵ شوکرو ئەفەندی) لەدوای سی و سێ ساڵ (پەیامەکانی نوور) بۆ بەدەمەوە هاتنی (ئیسپارتە) بانگ دەکات.**

**کاتێك دەڵێت: ئەی (ئەونی شەریعەت ئەی موحیێددین) فریاکەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دوای نزیکەی سی و سێ ساڵ لە وەفاتی (تۆپاڵ شوکرو) بانگ لە نوورێك دەکات بۆ ڕزگارکردنی (ئیسپارتە) و بڵاوکردنەوەی شەعاعیرەکانی ئەم ئایینە پیرۆزە. خوای گەورەش دوعاکەی قبوڵ کرد و دوای سی تا چل ساڵ لە وەفاتی (پەیامەکانی نوور)ی نارد بۆ بەجێگەیاندنی ئەم فەرمانبەرییە.**

**قوتابی و خزمەتکارتان**

**سولەیمان ڕوشدی**

---

**٥ وشەی "شەریعەت" لە – زانستی جفر – دا بەرامبەر بە ژمارە (٩٨٠)یە، لە (پەیامەکانی نوور)یش وشەی (النور) ئەگەر پیتی(ل) لامی سەرەکی بێت، ئەوا ژمارەکەی لە – زانستی جفر – دا بەرامبەر ژمارە (٩٧٨)ە، وبە جیاوازی – دوو ژمارە –  تەوافوقیان هەیە پێکەوە.**

Rîş **ریشِ: بە مانای هێز دێت.**

## پاشكۆی برگەیەكی سولەیمان ڕوشدی لە ئیسپارتە دەربارەی ڕووداوی قەدەغەكردنی پەیامەكانی نوور

كەسێكی تەمەن هەشتا ساڵ بە ناوی (ئەلیل عوسمان) دراوسێی كۆشكەكەی (شوكرو ئەفەندی)یە، كە وەك ناوەندێكە بۆ (قوتابیانی پەیامەكانی نوور)، ڕۆژێك دوای هێرشی بۆ سەر دانەری پەیامەكانی نوور لە خەوندا دەبینێت: خۆر و مانگ پێكەوە دەڕۆنە ناو كۆشكەكەوە و دەدرەوشێنەوە.

لەخەوێكی تردا (بەكری مصطفی ئەفەندی كەچەجی) یەك دوو ڕۆژ دوای ڕووداوە خەمناكەكە لەخەوندا دەبینێت: خۆر لای قیبلەوە هەڵدێت، لەسەر ڕووی خۆر و لەتیشكەكانیدا شێوەی (دانەری پەیامەكانی نوور) دەردەكەوێت كە هەر لە شێوە بازنەییەكەی خۆر خۆیدایە.

وە ئافرەتێكی دیندار و ڕوو لە خوا، لە دوای ڕووداوەكەوە خەونێك دەبینێت كە لەخەویدا: لە ئاسمانەوە "كاغەزی پیرۆز" دەبارێت، پرسیار دەكەن ئەمە چیە؟ لەخەوەكەیدا وتیان ئەمە (لاپەڕەكانی پەیامەكانی نوورە). واتە بە دەربڕینێك لەو ڕوانگەیەوە كە (پەیامەكان تەفسیری قورئانی پیرۆزن)، ئەو قورئانەی كە وەحی ئاسمانییە، پەیامەكانیش تەفسیرێكی ئاسمانی و ئیلهامكراوی قورئانە، وەكو باران ڕەحمەتێكی فراوانە بۆ مرۆڤەكان.

هەریەكە لە قوتابیانی (پەیامەكانی نوور) وەك ئەندامەكانی یەك جەستە وان، كە ئازاری یەك ئەندام، هەموو جەستە بە ئازارەوە دەتلێنێتەوە. چوار قوتابی پەیامەكانی نوور یەك دوو ڕۆژ پێش ڕوودانی قەدەغەكردنی بڵاوكردنەوەی پەیامەكانی نوور بەم شێوەیە بینییان، كە سیانیان واتە (محمد زوهدی، خەلیل ڕوحی و محمد نیازی) وەفاتی دانەری پەیامەكانی نووریان لەخەویاندا دەبینن، واتای ئەم مردنەش بریتییە لە هەواڵدانی قەدەغەكردنی پەیامەكانی نوور.

## چوارەم:

کاك (فاضل) لە خەودا دەبینێت کە ڕۆژێك پێش ڕوودانی ڕووداوەکە کتێبەکان لەسەر ڕەفەکە تێکەڵ دەکرێن، هەندێك لە کتێبەکان دەخرێنە خوارەوە، مامۆستا لە من تووڕە دەبێت، منیش دەڵێم (ڕەئفەت) دەیخاتە خوارەوە. لەناکاودا ماڵەکە پڕ دەبێت لە پۆلیس و، هەموو شتێك دەبەن.

حەوت مانگ و نیو لەمەوپێش ئەو ئازارانەی کە ڕووبەڕووی بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی نوور دەبێتەوە لە مەسەلەی بانگکردنیاندا بۆ بەندینخانە، چوار دانە لە قوتابیانی نوور کە دوانیان واتە (ڕوشدی ولوتفی) هەمان ڕووداو بەهەمان جۆر دەبینن، بەڵام دوانەکەی تریان بە تەعبیرێکی کەمتر بەرچاویان دەکەوێت. بینینی هەمان ڕووداو لەلایەن چوار قوتابییەوە دەریدەخات کە، (قوتابیانی پەیامەکانی نوور) وەك ئەندامانی یەك جەستە وان کە ئەو ڕووداوانەی بەسەر پەیامەکانی نووردا دێن وەك ئەندامەکانی یەك جەستە هەستی پێدەکەن.

هەروەها یەکێك بەڕۆژێك پێش ڕوودانی ئەو کارەساتە بە (بەکر)ی وتبوو کە یەکێکە لە قوتابیانی نوور مامۆستا تۆ بانگ دەکات، بەهۆی هەستی پێش ڕوودانەوە بۆ ئەو کارەساتە مەترسیدارەی کە لەڕۆژی دووهەمدا بەسەر مامۆستادا هات و، بەهۆی ڕەحمەتی خوداوە بە سوکی بەسەریدا تێپەڕی، کاك (بەکر)یش بەهۆی ئەوەی هەستی بەگەورەیی و قورسی پلانی دوژمنان کردبوو، بۆیە بەدەم گریان و ترسێکی زۆر و خەمناکەوە ڕایکرد و هات. لەکاتێکدا کە هیچ هۆکارێکی ڕووکەش و بە چاو بۆ ئەو گریان و خەمناکییەی نەبوو، هێشتا نەیدەتوانی خەمناکی و گریانەکەی ڕابگرێت. مانای وایە ئەو کارەساتەی بەسەر (پەیامەکانی نوور)دا دێت، بە کەرامەتەوە قوتابیانی لێ ئاگادار دەکردەوە (بەئاگا دەهێنایەوە).

لەهەمان ڕۆژی کارەساتەکەدا، کاتێك مامۆستامان لە گەڕان دەگەڕایەوە بە هەواڵدانی (خسرەو و محمد) بێهیچ هۆکارێك لە ئەهلی دنیا زۆر تووڕەبوو، بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر لە دیوانی (عورفی سەربازی) چاوەڕوانی کاتی بڕیاری لە سێدارەدانی خۆی

دەكرد، بێهیچ هۆكارێك دوو پیاوی پلەداری بەرز و بێبەزەیی هاتن بۆی، بۆ ئەوەی سەرزەنشتی بكەن و بیبەن بۆ بەندیخانە، وەكاتێك ئەوان هاتن سێجار وتەیەكی سەرسوڕهێنەر و بە ناوبانگی پێوتن دژی ستەمكاریی ئەهلی دنیا كە بەرامبەری بەرپایانكرد. وتی "چیتان لەمن دەوێت؟" دەنگ بەرز دەكاتەوە و دوبارەی دەكاتەوە، پاشان بێدەنگ دەبێت، لەهەمان كاتدا پۆلیس ڕاپۆرت دەدات و، حەوت یان هەشت پۆلیس چواردەوری ژوورەكەی دەدەن بۆ ئەوەی دەستگیری بكەن.

## ڕووداوێكی پەند ئامێز:

ڕووداوێك لە نێوان سەدان ڕووداودا كە بەسەر ئەوكەسانەدا هاتووە كە بۆ ئەوەی ڕوویان بێت لای گەورەكانیاندا بوەستن، هێرش دەكەنە سەر بلاوكردنەوەی پەیامەكانی نوور و تەنگیان پێهەڵدەچنن و دەستیان بۆ درێژ دەكەن، بەلام بە پێچەوانەی مەبەستیانەوە زللەی تەمێكردن دەخۆن ڕووداوەكەش ئەوەیەكە: كەسێك بەبێ هۆكار و تەنها لەبەر ئارەزووی خۆی، لە شێوەی دۆستدا خۆی پیشاندەدا، بەلام ناپاكانە و بەشێوەیەكی ڕیاكارانە، بۆ دۆزینەوەی بەهانەیەك و بەردەوامیدان بە دادگایی( دانەری پەیامەكان) و بەڵكو بۆ لەناوبردنیان هێنایانە بازنەكەمان و بە كۆمەڵێك درۆ و بوختان گەورەكانی خۆی هەڵخەڵەتاند و، بوو بە هۆكاری بەلاو كارەساتێك بەسەر (دانەری پەیامەكانی نوور)ەوە، بەلام نەك خۆشەویستی و ڕووتێكردنی خەڵكی بە دەست نەهێنا، بەڵكو زللەیەكی وەهای خوارد كە سزای ویژدانی بەهەركەسێك دەچەشت ئەگەر كەمێك ویژدانی تیا مابێت هەم لە كارە ئاسانەكەیەوە بۆ كارێكی قورس گواستیانەوە و, وەك كەسێكی درۆزن تەماشایان دەكرد، هەمیش نەفرینی خەڵكیشی بەدەست هێنا. هەم دوو ڕۆژ دوای كارەكەی كاتێك پیاوێكی پیری لە ماڵەكەیدا دەرهێنا و لەڕێگادا ئەوپیاوە بەتەمەنە لەناكاودا وەفاتی كرد و، بەرپرسیارێتی ماددی و مەعنەوی ئەویشی كەوتەسەر.

بەڵێ، ئەوانەی هێرش دەکەنە سەر پەیامەکانی نوور، پێویستە "کفن" بکەنە ملی خۆیان و بکەونە (ڕەزاڵەت و سوکی)یەوە، ئەوەشیان لەبەر چاوبێت کە هەر لەدنیادا دەچنە ناو دۆزەخێکی مەعنەوییەوە.

دوو ڕۆژ پێش ڕوودانی کارەساتەکە، کەسێك کە قوتابی پەیامەکانی نوور نەبووە و هیچ کاتێك هاوبیر و فیکرمان نەبووە لەخەودا دەبینێت کە: ژمارەیەکی زۆر دارستان لە دەشتەکەی خوارەوەی (ئیسپارتە)دان، لەناکاو لافاوێك دێت، ژمارەیەکی زۆری درەختەکانی ئەو دارستانە دەخات و، بوومەلەرزەیەك ڕوودەدات، زەوی قاش دەبێت و (دانەری پەیامەکانی نوور) بەجلەکانییەوە و بە ویقارەوە دێتە دەرەوە[٦] ئەویش لە ترساندا خەبەری دەبێتەوە. دوو ڕۆژ دواتر بەمەبەستی لەناوبردنی پەیامەکان و بەیەکجاری خستنە چاڵی بە فێڵ و تەڵەکەیەك کە گوێ زەوی دەلەرزێنێتەوە وەك ئەوەی بەشەکانی پەیامەکانی نوور کۆمەڵێك کاغەزی زیان بەخشبن بەدوایاندا دەگەڕێت، کۆیان دەکاتەوە دەیاننێرێت بۆ ناوەندی حکومەت، تەنانەت دەشیاننێرێت بۆ وەکیلی ناوخۆش، بەهۆی ئەوەی هیچ فەرمانگەیەك شتێکیان لە پەیامەکاندا نەدۆزیبووەوە کە بەپێی یاسا مایەی ڕەخنە لێگرتن و بەرپرسیاری بێت، ئەو کابرایەی کەوای گومان کردبوو لەو بومەلەرزە مەعنەوییەدا ئێمەی کوشتووە و بە خاکی سپاردووین، پەیامەکانی نوور زیاتر گەشانەوە و هێزیان بەبەردا هاتەوە و، زەویان قاش کرد و کەوتنە مەیدانەوە، جارێکیتر ئەو خەوە ئاماژە بەوەدەکات کە لە بومەلەرزەیەکی مەزن و لافاوێکدا (پەیامەکانی نوور) بۆ ئەم نەتەوە و نیشتیمانە وەك فریادڕەس و ڕزگارکەرێك بەهانای زیان لێکەوتووانەوە دەڕوات.

لە قوتابیانی پەیامەکانی نوور (یڵدرم، سولەیمان ڕوشدی)

---

٦ مانای وایە بوومەلەرزەکەی ساڵی ڕابردوو، واتە ئەوەی لە (ئیزمیر)دا ڕوویدا، هێمایەکە بۆ هێز بەبەرداهاتنەوەی پەیامەکان و هاتنەوە مەیدان. بەڵێ پێش ئەو بوومەلەرزەیە پەیامەکان بەنهێنی و لە پشتی پەردەوە بڵاودەکرایەوە، لە دوای بوومەلەرزەکەوە بە بەشانازییەوە کەوتە مەیدانەوە.

# بەشە گرنگەکان

## لە پاشکۆی مەکتووبی بیست و حەوتەمەوە وەرگیراون

### مەسەلەی یەکەم:

چەند ئاماژەیەکی بەرز و بەهێز لە(تیشکی یەکەمدا) هەیە لەبارەی ئەوەی کە قوتابییە ڕاستە بەوەفاکانی نوور، بە عاقیبەت خێری دەڕۆنە ناو گۆڕەکانیان و لە ئەهلی بەهەشت دەبن.

ماوەیەك بوو چاوەڕوانی بەڵگەیەکی بەهێزی وابووم کە پشتی ئەم بابەتە یەکجار گەورە و مژدە هەرەمەزنە بگرێت. وا سوپاس بۆ خوا دوو نیشانە پێکەوە بۆ ئەمە هاتنە دڵمەوە:

### نیشانەی یەکەم:

لێکۆڵەران و ئەهلی کەشف دەڵێن: هەتا ئیمانی تەحقیقی لە (علم اليقين)ە وە بۆ (حق اليقين) سەربکەوێت، دووچاری نەرێنی (سەلب) بوون نابێت. هەروەها وتوویانە: لەدەمی سەرەمەرگی مرۆڤدا – شەیتان – هەر هێندەی پێدەکرێت کە تەنها گومان و وەسوەسەکانی خۆی بهاوێتە ناو ژیری مرۆڤەوە. بەڵام خۆ ئەم جۆرە ئیمانە تەحقیقییە تەنها بە سنووری (ژیری)یەوە ڕاناوەستێت و، دەڕوات بۆ (دڵ و ڕۆح و پەنهان) و لەتائیفەکانی تر، بە ڕادەیەکی هێندە بەهێز لەو لایەنە ناسکانەدا جێگیر دەبێت کە هەرگیز دەستی شەیتانی پێ‌نەگات. کەواتە ئیمانی ئەو جۆرە کەسانە پشت بە خوا لە تیاچوون و فەوتان پارێزراوە.

یەکێك لە ڕێگاکانی گەیشتن بەم ئیمانە تەحقیقییە بریتییە لەوەی:

کە مرۆڤ بە ویلایەتی تەواوەتی و، کەشف و شهوود بگات بە (حەقیقەت)، کە ئەمەش ڕێگای ئیمانی شهوودییە و، تایبەتە بە کەسانی تایبەتمەند"خواص"ەوە.

ڕێگای دووهەم بریتییە: لەوەی مرۆڤ بە (علم الیقین)ێکی ئەو تۆ کە گەیشتبێتە پلەی (بەڵگە نەویستی) و، هێزی پلەی (حق الیقین) تەصدیقی ڕاستییەکانی ئیمان بکات. ئەمەش بەهۆی ڕێژنەی بەرەکەتی یەکێك لە نهێنیەکانی سروشی خوای گەورە لە ڕووی (ئیمان بە غەیب)ەوە و، بە بەڵگە هێنانەوەی شێوازی قورئان کە (دڵ و ژیری) پێکەوە تێدا تێکەڵ دەبن.

قوتابییە تایبەتییەکانی پەیامەکان بینیویانە کە ئەم ڕێگای دووهەمە هەوێن و بناغە و حەقیقەتی پەیامەکانی نوورە. هەر کەسێکی تر ئەگەر بە ویژدانەوە سەیریان بکەن ئەوا ئەوە دەبینن کە جگە لە ڕاستییە ئیمانییەکانی پەیامەکانی نوور گەیشتن بە ئیمانی تەحقیقی مەحاڵە.

## نیشانەی دووهەم:

ئەو پاڕانەوە زۆر و قبوڵکراوانەی کە لە ناخی دڵەوە دەکرێن بۆ (قوتابییە ڕاستگۆکانی پەیامەکان) بۆ ئەوەی عاقیبەتیان خێربێت و، ئیمانێکی کامڵ و تەواو بەدەست بهێنن، عەقڵ ئەوەقبوڵ ناکات کە هیچ کام لەم پاڕانەوە زۆرانە گیرانەکرێن و بەرپەچ بدرێنەوە.

بەکورتی، یەکێك لە خزمەتگوزاران و قوتابیانی نوور لەماوەی بیست وچوار سەعاتدا – سەد جار دوعای عاقیبەت خێری بۆ قوتابیانی نوور و بەدەستهێنانی بەختەوەری هەمیشەییان بۆ دەکات – و، لەنێوان ئەو دوعایانەشیدا هەرچی ڕۆژە بەلای کەمەوە سی جار دوعایان بۆ دەکات کەئیمانیان سەلامەت بێت و، ژیانیان بە چاکە کۆتایی پێبێت و، بە ئیمانەوە بڕۆنە ناو گۆڕەکانیان.ئەم دوعایانەشی لە ناوەندی زۆربەی هەل و مەرجەکانی قبووڵ و گیرابوونی دوعادایە.پاشان کۆی ئەو دوعایانەی کە لەلایەن خودی ئەوقوتابییانەوە بەرز دەکرێتەوە کە لەم سەردەمەدا و لە هەموو لایەکەوە لەسەر ئیمانەکەیان هێرشی زۆرریان دەکرێتە سەر، کە هەریەکەیان بەزمانە بێگەرد و خاوێنەکانیان بۆ سەلامەتی ئیمانی خۆیان و برایانیان دەیکەن، هێندە بەهێزن کە میهرەبانی فراوانی خواوەندی میهرەبان و دانستە ڕەهاکەی دەست بە ڕوویانەوە نانێن و نایانگێڕنە دواوە، تەنانەت گەر واگریمان بکرێت کە هەموو ئەو

دوعایانە دەستیان بەڕووەوە بنرێت و تەنها یەك دانەیان قبولّ ببێت، ئەوا سەروزیادی ئەوەیە کە هەموو یەکێك لە قوتابیانی نوور، بە ئیمانی سەلامەتەوە بڕواتە ناو گۆڕەوە، چونکە هەر دوعایەك کە لەلایەن ئەوانەوە دەکرێت ڕووی لە هەموویانە.

سەعیدی نوورسی

* * *

## باسکردنی چەند ڕووداوێك لەوانەی کە بیستراون و کەرامەتی پەیامەکانی نوور لەم ناوچەیەدا دەردەخەن

**یەکەم:**

قوتابییەکی بەساڵاچووی چالاك بە ناوی (خطیب محمد) پەیامی پیرانی دەنووسییەوە، تا گەیشتە "کۆتایی ئومێدی یازدەهەم" ڕێك وەك مردنی (عەبدوڕڕەحمان)ی خوالێخۆشبوو قەڵەمەکەی (لاَ الهَ اِلاَّ هُوَ) نوسی و، زمانیشی بەدەم وتنی (لاَ اِلهَ اِلاَّ اللّٰه) لاپەڕەی ژیانی بە - حسن خاتمە - کۆتایی پێهێنا و، بە وەفاتکردنی ئیمزای لەسەر ئەو ئاماژە و موژدەیە کرد کە (قوتابیانی پەیامەکانی نوور) بە ئیمانەوە دەچنە گۆڕەکانیان - ڕەحمەتی فراوانی خوای لەسەربێت -.

**دووهەم:**

(تەحسین) کە یەکێکە لە نوسەرەوەی پەیامەکان، کاتێك خەریکی پێداچوونەوەی ئەو پێڕستە بووە کە ئێوە داتان نابوو و، بە ناتەواوی وازی لە لاپەڕەیەکی هێنابوو پێم وت: بنووسە، ئەویش دەستی کرد بە نوسین وەك بەڵگەی قبولّ بوونی بەرگری دووەمی پێڕستەکە، کە بە مورەکەبێکی ڕەش و قەڵەمێکی خاوێن نوسیبووتان، ئەو مورەکەبە ڕەشە، ڕەنگێکی سووری جوانی وەرگرت. کاتێك ئێمە تا نیوەی لاپەڕەکە بە

سەرسوڕمانەوە سەیری ئەم ڕووداوەمان دەکرد، ئەو مەرەکەبە بوویەوە بە ڕەشی تەواو ڕەش، نیوەکەی تری لاپەڕەکە بەهەمان قەڵەم و هەمان هۆقە تەواو ڕەش نوسرابوو.

کاتێك لە (بارلا)ش دا لە کۆشکی باخەکەدا بەبینینی (شاملی حافظ و مسعود و سلیمان) هەمان ڕووداومان بەشێوەیەکی تر بینی بەو جۆرە: من بە بەهۆی ئەوەی حەزم لە ڕەنگی ڕەش نەبوو بەشێکی مورەکەبە ڕەشەکەم ڕژاند، لەناکاو ئەوەی کە مابووەوە لەقوتووەکەدا گۆڕا بۆ ڕەنگێکی سووری جوان کە زۆر حەزم لێی بوو، ئەمەش شەوقی دا بە نووسەرەوەی پەیامەکانی نوور، سەرەداوێکی لە زنجیرەی کەرامەتەکانی پەیامەکانی نووری نیشاندا.

سەعیدی نوورسی

* * *

**لەم ڕۆژانەدا و لە نێوان گفتوگۆیەکی مەعنەویدا، گوێم لە پرسیارێك و وەڵامێك ڕاگرت وا پوختەکەیتان بۆ باس دەکەم:**

یەکێك وتی:

پڕ چەك بوون و هێز جەمکردنی چڕ و پڕی پەیامەکانی نوور و، خەباتی لە پێناوی ئیمان و تەوحیددا، هەمیشە و بەردەوام لە زیادبووندایە. خۆ هەرچەندەش هێزێکی کەمی ئەو پەیامانە سەروزیادی بۆڕدان و بێدەنگ کردنی سەرسەختترین کەسی سەرپێچی کار و لاسارە. کەچی نازانم بۆچی تا ئەم ڕادەیە و بەم گەرموگوڕی و کاراییە پەیتا پەیتا هێزی زیاتر لەم پێناوەدا جەم دەکات.

لە وەڵامدا پێیان وت:

پەیامەکانی نوور سەرگەرمی تەعمیری ڕووخانکارییە هەندەکییەکان نین و، خانوویەکی بچووکی ڕووخاو ئاوەدان ناکەنەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کاولکاریی گشتی و هەمەکی بنیات دەنێنەوە و، قەڵایەکی مەزنی ئەوتۆش تەعمیر

دەکەن کە ئەوەندە مەزنە هەر تەنها بەردەکانی بە قەبارەی چیاکانن و، قەلایەکە لە هەموو لایەکەوە دەوراندەوری ئیسلامی داوە و لە ئامێزی گرتووە. ئەم پەیامانە تەنها بۆ چاکسازی دڵ و دەروونێکی تایبەت تێناکۆشن، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا ئیعجازی قورئانیان بە دەستەوە گرتووە و (دڵ و دەروونی گشتی) و(بیری گشتی) تیمار و سارێژ دەکەن، کە بەو هۆکارە تێکدەرانە زامدارکراون ماوەی هەزار ساڵە کەڵەکە و ئامادە دەکرێن.. هەروەها ئەم پەیامانە بۆ چارەسەری (ویژدان و هەناوی گشتی) لێ دەبڕێن کە لەئەنجامی تێکشکانی بناغە و ڕێڕەو و دروشمەکانی ئیسلامەوە – کە پاڵپشتێکی مەزنی هەمووانن بە تایبەت هی عەوامی ئیمانداران – ڕووی لە خراپکاری کردووە..

بەڵێ ئەم پەیامانە بۆ ئەوە تێدەکۆشن کە ئەو زامە قوڵ و فراوانانە، بە دەرمانەکانی ئیعجازی قورئان و ئیمان تیمار دەکەن.

جا لەبەردەم ئەم هەموو کاولکارییە گشتی و سامناك و، درز و کەلێنە فراوان و، زامە بەسۆ و قوڵانەدا، پێویستە چەندین بەڵگەی بەهێزی گومانبڕ و، گوللەی ئامادەکراوی بە توانا تا پلەی: "حق اليقين" و بەهێز بە ئەندازەی هێز و دامەزراویی چیاکان بن و، چەندین دەرمانی تاقیکراوەی ئەوتۆش ئامادە کرابن کە لە هەزار و یەك دەرمانی دژە ژەهرەکان پتر تایبەتکارییان ببێت و وەك چەندین چارەسەری لە ژمارە نەهاتوو وابن.

ئەمەیە ئەرکی سەرشانی پەیامەکانی نوور.. ئەو پەیامانەی کە لە ئیعجازی مەعنەویی قورئانی پیرۆزەوە هەڵقوڵاون .جا لەو کاتەدا کە (پەیامەکانی نوور) ئەم ئەرکەی سەرشانیان بە تەواوی جێبەجێ دەکەن، لە هەمان کاتدا بەهرەمەندی ئەوەیشن کە چەندین پلەی لە سنوور بەدەری ئیمان ئاشکرا دەکەن و، سەرچاوەی بەرزبوونەوە و سەرکەوتنن بەپلە بڵند و بەرزە بێ کۆتاییەکانی ئیماندا).

بەم جۆرە، گفتوگۆیەکی دوور و درێژم لەسەر ئەم شێوەیە بە تەواوی بیست کە بۆم کورت کردنەوە و، بۆ ئەمەش گەلێ شوکرانە و سوپاسم پێشکەشی خوای گەورە و میهرەبان کرد.

## بەبۆنەی ئەم ڕووداوەوە، بەسەرهاتێکتان بۆ دەگێڕمەوە کەجارێکی تر لەم ڕۆژانەدا بە بیرمدا هات

کاتێك لە کۆتایی زیکرەکانی نوێژدا، سی و سێ جار وشەی تەوحیدم دووپات دەکردەوە، ئەم خاتیرەیەم بە دڵدا هات کە:

لە فەرموودەی پیرۆزدا هاتووە کە دەفەرموێت: هەندێجار یەك سەعات بیرکردنەوە و تێڕامان پاداشتی یەك ساڵ پەرستشی دەبێت. بە بیرم هێنرایەوە کە ئەم سەعاتە لە پەیامەکاندا هەیە و، هەوڵبدە ئەو سەعاتە بدۆزیتەوە و دەستی خۆتی بخەیت.

بێئەوەی ئاگام لێبێت بۆ ماوەی یەك کاتژمێر لە بیرکردنەوە و تێڕاماندا بووم لە کورتەی دوو تەفسیرەکەی "الایة الکبری"ی قورئانی پیرۆز کە بریتییە لە دوو "الایة الکبری"ی پەیامەکان.

کاتێك کورتەی مەقامی یەکەمی پەیامی"الایة الکبری"م نارد بۆ ئێوە، بینیم نهێنییەکی جوان لەمەدا هەیە ئەویش ئەوەیەکە ئەم کورتەیەی مەقامی یەکەمی "الایة الکبری" دەبێتە تەواوکەری (بریسکەی بیست و نۆهەم)ی عەرەبییەکە منیش بە لەززەت و چێژ وەرگرتنێکی بە تامەوە دەستم بە خوێندنەوی پەیامەکان کرد لەگەڵ بیرکردنەوە و تێڕاماندا.

دوای چەند ڕۆژێك خاتیرەیەك هات بە دڵمدا کە:

مادەم پەیامەکانی نوور مورشیدی ئەم سەردەمەن لەبەرئەوەی دەکرێت ببنە زیکر و ویردێکی گەورە بۆ قوتابییەکانی، بۆیە دەستم دایە قەڵەمەکەم و سەرەتا لە قورئانەکەی خۆمدا ئەو ئایەتە قورئانیانەی کە زیاتر لە هەزار ئایەتن (حزبُ أعظم قرآني)م هێنا، ئێستاش ئەم (حزبُ أعظم) و(ویرد الأکبر) بۆ ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان بە پەیامەکانەوە هەیە، بۆ ئەوەی لە هەندێ لە ڕۆژە پیرۆزەکاندا بخوێنرێن، مافی خۆتانە بۆ ئێوەشی بنێرم - بە پشتیوانی خوای گەورە - پاش

ماوەیەك بۆتان دەنێردرێت، ئەگەر كاتم هەبێت هەوڵدەدەم وەرگێڕانی هەندێ وشەكانی بكەم و باسی بەشێك لە بابەتەكانی لەپەراوێزدا بكەم.
هەزاران سڵاو لە هەموو براكانم و ئەو برایانەشم بكە بە گەرمووگوڕی و شەوقەوە خزمەتی قورئان دەكەن

سەعیدی نوورسی

* * *

## بڕگەیەكی ئەمین و تەحسین وحیلمی كە بە گونجاو زانرا ببێت بە بەشێك لە بڕگەكانی مەكتووبی بیست وحەوتەم

كاتێك لەم ڕۆژانەدا بە هەستیارییەكی زۆرەوە سەیری پەیامەكان كرا، ئیكرام (ڕێزلێنان)ێك پیشاندرا كە لە یارمەتیدان و پارێزگاریكردندا دەردەكەوت.
نموونەیەكی هەندەكی ئەم جارەش ئەوەیەكە: ئیكرام (ڕێزلێنان)ێكی خودایی دەردەكەوێت لە ڕووی ژیاندن و مەعیشەتی قوتابیانی پەیامەكانی نوورەوە، كە هەرچەندە بچووكە بەڵام شایانی سەرسوڕمانییەكی زۆر و تەوافوقێكی ناسكە. بەدڵنیایشەوە هەموو ئەم ڕێزلێنانە بەهۆی خزمەتكردنی پەیامەكانی نوورەوەیە. بەڵێ، تەوافوق وەك بنەمایەكی (كەرامەت)ی یەك لەدوای یەكی (پەیامەكانی نوور)، لەم ڕووەشەوە و بەیەككگرتنی شەش تەوافوقی لەو جۆرە، لەبەر ئەوە بڕیارماندا (بڕوامان وایە) كە ئەگەری ڕێكەوت لە ڕەگەوە دەردەهێنرێن، بەم شێوەیە:
چەند ڕۆژێك بوو سەردانی مامۆستامان نەكردبوو، بۆیە لەگەڵ برای بەڕێزم (ئەمین) بەیەكەوە ڕۆیشتین بۆ سەردانی مامۆستا. دوای بەجێگەیاندنی – نوێژی عەسر بەكۆمەڵ – پێی وتین كە: خواردنەكەتان لەسەر منە و دەبنە میوانی من، چونكە لێرە

کار (وەزیفە)ی خۆتان هەیە، دووبارە فەرمووی: ئەگەر لێرە نان نەخۆن، نۆ زیانم پێ دەگات، چونکە لە بەرامبەر ئەوەی کە دەیخۆن خوای گەورە ڕۆزی دەنێرێت. لەبەرئەوەی لە خواردنەکەیمان خوارد داوامان لێکرد گەردنمان ئازاد بکات. مامۆستاش فەرمانی کرد و وتی: ڕۆزی خۆتان بخۆن، بۆ من دێت. بۆ نەشکاندنی فەرمانەکەی، ئەو (کەرە و شیرینی) و کولەکە (کۆرگێت)ەی، کە داینا بۆمان بە نانەوە دەستمان بە خورادنی کرد.

هێشتا لەسەر سفرەکە بووین، بێئەوەی ئومێدمان هەبێت کەسێ شتێ بهێنێت و خواردمان بۆ بهێنێت، پیاوێك هات و لە دەستێکیدا سەمونی تازە و کەرە، لە دەستەکەی تردا شیرینی کولەکە (کۆرگێت)ی پێ بوو، بە هەمان جۆر و بڕی ئەو خواردنەی کە مامۆستا لەسەر سفرە بۆی دانابووین. ئێمەش زۆر سەرمان سوڕما و ئەوەشمان بۆ دەرکەوت کە ئەم تەوافوقە جوانە ڕێگە بۆ ڕێککەوت ناهێڵێتەوە و، ئەو بەرەکەتەشمان لە (ڕۆزی قوتابیانی نوور)دا بە چاوی خۆمان بینی.

مامۆستامان فەرمووی: پاداشتی چاکە – دە هێندەی خۆی دەبێت – لەکاتێکدا ئەم پاداشتە هێندەی خۆیەتی ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (فەرمانی دامەزراندن)ەکەتان دواخراوە. ئەگەر دابمەزرێن و (کار)تان پێ بدرێت، بە بێگومانی دەبێت پاداشتەکەشی بە هاوسەنگی بێت.

دواتر لە هەمان ئێوارەدا زیاتر ڕووی خێری نیشاندا، بە چاوی خۆمان بینیمان کە پاداشتی چاکە کردنەکەی بە (دە هێندە) درایەوە. چونکە "دە هێندە"ی ئەو "نان" و "شیرینی و کەرە"یە و، لەبەرئەوەی –مامۆستا حەزی لە شیرینی کولەکە نەبوو – لە بری ئەوە دە هێندە ترشیاتی باینجانمان (لەشێوەی یاپراخی باینجان یان کوبەی باینجان) بۆ هات بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، لەبەرامبەر ئەو هەفتەیەی کە خەریکی خوێندنەوەی تیشکی دووهەمی پەیامەکان بووین پاداشتێکی مەعنەویی هات. واتە تامی شیرینی "کولەکە و کەرە"کە ڕۆیشتە ناو حەڵوای ئاردەوە و خۆیشی ترشیاتەکەی بۆ مایەوە.

وەك چۆن قوتابیانی پەیامەکانی نوور "پاداشت"ی خێرایان بەرامبەر بە خزمەتکردنەکەیان بۆ پەیامەکان دراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی کەمتەرخەمیان لە خزمەتکردندا کردبێت "زللە"یان لێدراوە، وەك ئەو ز"للە میهرەبان"یانەی لە قوتابیانی (ئیسپارتە) درا، لێرە بەچاوی خۆمان ئەوانەمان بینی کەبە هۆی کەمتەرخەمی لەخزمەتکردندا ڕووبەڕووی قوتابیانی پەیامەکان بوونەوە. لە چەند بەسەرهاتێکی زۆردا باسی "پێنج، شەش" بەسەرهات دەکەین:

**یەکەم:** من واتە (تەحسین)، ڕۆژێکیان لەبەرئەوەی دوکانێکی تازەمان کردبووەوە و زۆر سەرقاڵی دوکانەکەبووم، بۆیە لەو فەرمانانەی کە پێم درابوون لە بەجێگەیاندنی "خزمەتگوزاری نوور"دا تەمبەڵیم کرد و نەمتوانی بیانکەم، لە هەمان کاتدا زللەیەکی میهرەبانیم خوارد. کاتێك لە دووکانەکەمدا دانیشتبووم، کەسێك هات و سەد لیرەی بە ئەمانەت دایە دەستم بۆ ئەوەی بۆی بگۆڕمەوە، منیش لەبەر خوا بۆئەوەی لیرەکان بگۆڕمەوە ڕۆیشتم بۆ فەرمانگەی دارایی، لەکاتی ژماردنی پارەکاندا لیرەیەکی ساختەیان تێدا دۆزییەوە، بەهۆیەوە درام بە "دادگا" و، ڕووبەڕوی پرسیار و وەڵام و لێکۆڵینەوە بوومەوە، لەهەمان کاتدا بڕیاردرا بەپشکنینی ماڵەکەشم، بەڵام لەبەرئەوەی زللەی میهرەبانی و پەروەردەکردن بوو، پەیامەکانی نوور "کەرامەت"ی نیشاندا و بەبێ زیان ڕزگارم بوو.

**دووهەم:** کەسێك کە چوار بۆ پێنج ساڵ خزمەتی پەیامەکانی دەکرد و بە خەڵکی دەخوێندەوە و بە گەرموگوڕی پەیوەندی بە پەیامەکانەوە کرد، ڕۆژێك ڕۆژنامەیەك کە تایبەت بوو بە "ئاین"ەوە بۆمان هات، کاتێك ڕەفتارێکی نواند کە لایەنگیری گروپ و تەوژمێکی پێچەوانەی ڕێبازی پەیامەکانی دەکرد، مامۆستام زۆر بێزار بوو، یەك دوو ڕۆژ دواتر زللەیەکی توند، بەڵام میهرەبانانەی خوارد، دکتۆرێك پێی وتبوو: ئەگەر نەشتەرگەریت بۆ نەکرێت لەسەدا سەد دەمریت. ئەویش بە ناچاری نەشتەرگەری ئەنجامدا، بەڵام میهرەبانی خودا زوو بەهانایەوە ڕۆشت و، ڕزگاری بوو.

**سێهەم:** سەربازێك زۆر بەشەوقەوە پەیامەکانی نووری دەخوێندەوە و، هەوڵیدەدا سەردانی مامۆستا بکات و سوود لە دەرسەکانی وەربگرێت. لە ناکاودا لە لایەن سەرکردەکەیەوە توشی وەهم و گومان کرا، ئەویش وازی لە خوێندنەوە و دەرسەکانی پەیامەکان هێنا، کاتێك دەڕۆیشت بۆ شارێکی تر لەناکاودا بە بێهیچ هۆکارێك قاچێکی شکا، بۆ ماوەی مانگێك بە ئازارەوە تلایەوە، دووبارە شەفەقەت بوو بەهۆی ڕزگاربوونی و، ئێستا بە شەوقەوە دەستی بە خوێندنەوەی پەیامەکان کردووەتەوە.

**چوارەم:** زاتێکی بەڕێز، بەشەوق و تاسەوە پەیامەکانی دەخوێندەوە و دەینوسینەوە، لە ناکاودا بێوەفایی نیشاندا، لەبەرئەوە زللەیەکی زۆر توندی ئاڕاستەکرا کە ئەویش مردنی هاوسەرەکەی و، ڕۆشتنی دوو کوڕەکەی بوو بۆ شوێنێکی تر.

**پێنجەم:** ماوەی چوار ساڵە زاتێك چاودێری کاری بازاڕی مامۆستای دەکرد، بەڵام لە ناکاودا وازی لەم خزمەتە هێناو دەستی کرد بە کارێکی تر بەڵام لەناکاودا زللەیەکی سەختی لێدرا و ماوەی ساڵێکە هێشتا بە ئازارەوە دەتلێتەوە.

**شەشەم:** بەسەرهاتی مامۆستایەکە، لەوانەیە گەردنمان ئازاد نەکات، بۆیە ئێمەش باسی ناکەین.

ئەم جۆرە بەسەرهاتانە زۆر ڕوو دەدەن، وە بێگومانین کە لێدانی ئەم زللە میهرەبانیانە بە هۆی کەمتەرخەمییەوە بووە، لە بەرامبەر خزمەتکردنی پەیامەکانی نوور.

**قوتابیانی پەیامەکانی نوور**

**ئەمین، تەحسین، حیلمی**

**بەڵێ تەصدیقی دەکەم**

**سەعیدی نوورسی**

**هەروەها كەرامەتێكی دیكەی ئاسانی بڵاوبوونەوەی پەیامەكان بە چاوی خۆمان بینی لە كاتی نوسینی ئەم نامەیەدا و، لەكاتی ئەو كەرامەتەی كە لە خواردنەكەدا ڕوویدا بەم شێوەیە:**

حەوت بۆ هەشت پەیامی گرنگ و "تیشكی ئاماژە قورئانییەكان" لەگەڵ نامەیەكی گرنگدا پێكەوە لە ناو پاكەتێكدا ناردبوومان بۆ برایەكی بەڕێزمان، شۆفێرەكە پاكەتەكەی لێ كەوتبوو، لە كاتێكی ئاوادا پێش ئەوەی (جاسوس و مونافیقەكان) پێی بزانن، لەڕێگەی دەستێكی پاك (ئەمین) دوای پێنج ڕۆژ گەشتەوە دەستمان، ئێمەش بڕوامان بەوە هێنا كە هێزێكی بە دەسەڵات ئێمە دەپارێزێت.

وە پارێزگارییەكی دیكەی خوای گەورە بۆمان ئەوەیە كە: لەكاتێكی تاریك و پڕ لە مەترسیدا و كاتی بڵاوبوونەوەی (جاسوس و پشكنەرەكان)، لەماڵەكەی مامۆستادا "مشك"ێك تاكێك گۆرەوی مامۆستای برد، چەندێك گەڕاین لە هیچ شوێنێكدا نەماندۆزییەوە. كونی مشكەكەمان بینی بەڵام ناتوانرێت گۆرەوی ببرێتە كونی ئەو مشكەوە. دوای دوو ڕۆژ بینیمان كە ئەو ئاژەڵە گۆرەوییەكەی هێناوەتەوە، لە شوێنێكی وەهادا شاردرابووەوە كە تەواو لەگەڵ ئەو نامە و كاغەزانەی كە نهێنی بوون و بابەتی نهێنییان تێدا بوو دانرابوو. هەڵبەتە دووجار سەیری ئەو شوێنەمان كرد بوو، نەمانتوانیبوو بیبینین. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی ئەم گۆرەوییە بباتە ئەو شوێنە پێویست بوو لە سەرەوەی بۆری سۆباكەوە بیبات، ئەمەش بە كەسێكی زیرەك و فێڵباز دەكرێت، لە بەرئەوەی لە هیچ لایەكەوە ئەگەری "ڕێككەوت" بۆ ئەم كارە نەمابووەوە، مامۆستامان وتی: ئەم نامانە لەوێدا لادەبەین. ئێمە سەیری ئەو نامانەمان كرد، هەرچەندە پەیوەندییان بە سیاسەتەوە نەبوو، بەڵام دەبوون بەهۆكارێكی گرنگ بەدەست (جاسوسە وەهماوییەكان)ەوە كە دەنكە نۆكێك بە قەد گومەزێك گەورە دەكەن، ئێمەش هەم ئەم نامانە و ئەو شتانەی كە دەبن بە جێگەی بیانوی ئەوان هەڵمانگرتن، لەبەر ئەو جۆش و خرۆشەی كە هەمانبوو هەواڵدەرە جاسوسەكان هەستیان كرد كە ئێمە خۆمان ئامادە كردووە كە ئەوان بێن بمانپشكنن،

پێش ئەوەی دەستگیرمان بکەن دووهەم ڕۆژ (ئەمین) بە پاکەتێکەوە کە پەیامەکانی تیابوو هات بۆ لای مامۆستا، سەرکردەی پۆلیسەکانیش بە دوایەوە بوون و بە نهێنییەوە بێئەوەی ئێمە هەست بکەین هاتە ژوورەوە سەرکردەکەش لە بری کتێبی پەیامەکان (ماست)ی بە دەست ئەمینەوە بینی، لەبەرئەوە ڕەفتاری گۆڕی.

## پوختەی قسە:

لە بەرامبەر ئەو دوژمن و جاسوسانەی کە ڕێگری لەبڵاوبوونەوەی پەیامەکانی نوور دەکەن، مشکێك دەرچوو و، پلانەکانیانی پوچەڵکردەوە.

تۆفیق، ئەحمەد، تەحسین

حیلمی، فەیزی، سەعیدی نوورسی

* * *

## برا ئازیزەکانم!

برایانم، زۆر موشتاقی بینینتانم و، خەم بۆ ژیانتان دەخۆم، کە لەم زستانە ساردەدا خەریکی خزمەتکردنن، کاتێك بە خەیاڵ لەگەڵتاندا بووم "یەك بۆ دوو" خاڵم بیرکەوتەوە وابۆتانی باس دەکەم:

### یەکەمیان:

لە کۆتایی "وتەی نۆزدەهەم"دا زۆربەی حیکمەتەکانی دووبارە بوونەوەکانی قورئانی پیرۆز باسکراوە، بە تایبەتی دووهەم حیکمەتی بە تەواوی باسکراوە ئەو حیکمەتەش ئەوەیە کە: هەموو کەس پێویستی بە قورئانە، بەڵام هەموو کەسێك ناتوانێت لە هەموو کاتێکدا هەموو قورئان بخوێنێتەوە، بەڵام دەتوانێت سورەتێك بخوێنێتەوە. لەبەرئەوە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم قورئانە پیرۆزە لە زۆربەی سورەتە

درێژەکاندا کۆکراوەتەوە. هەر سورەتێکی قورئان لە حوکمی قورئانێکدایە، کەواتە بۆ ئەوەی هیچ کەسێك لەم ڕاستییە بە دوور نەبێت، هەندێ لە بابەتەکانی وەك: حەشر و تەوحید و چیرۆکی حەزرەتی موسی – علیهِ السلام – زۆر دووبارە کراونەتەوە.

بەهەمان شێوە، لەبەر ئەم حیکمەتە گرنگەیە، کە هەندێ جار بێ ئەوەی ئاگام لێ بێت و خۆم هەڵمبژاردبێت و ڕازی ببم پێی، حەقیقەتە ئیمانییە وردەکان و بەڵگە بەهێزەکان زۆر جار و لەزۆر پەیامدا دووبارەکراونەتەوە. زۆر سەرم لەم کارە سوڕدەما بۆچی ئەم حەقیقەتانە لەبیرم براونەتەوە و دووبارە پێم نوسراونەتەوە؟ دواتر بە بێگومانی بۆم دەرکەوت کە لەم سەردەمەدا هەموو کەسێك پێویستی بە پەیامەکانی نوورە، بەڵام هەموو کەسێك ناتوانێت هەموو پەیامەکانی دەست بکەوێت. ئەگەریش دەستی بکەون ناتوانێت هەموویان بخوێنێتەوە، بەڵام دەتوانێت پەیامێکی بچووکی دەست بکەوێت کە کورتکراوەی هەموو پەیامەکان بێت و، لە زۆربەی کاتەکاندا ئەو بابەتانەی کە پێویستیەتی لەو پەیامە بچووکەوە دەستی بکەوێت، وەکو – خواردن کە لەبەر پێویستی دووبارە دەکرێتەوە – ئەویش بە (موتالاکردن) و زۆر خوێندنەوە پێویستییە ڕۆحی و مەعنەوییەکانی دەست دەکەوێت.

## خاڵی دووهەم:

ئەو "ویرد الأکبر"ەی کە لە کۆتایی پەیامی "الایة الکبری" عەرەبییە بچووکەکەدا هاتووە، لەبەرئەوەی تەفسیری ئایەتی سەرەتای "پەیامی موناجات"ە، ئەگەر بەشە عەرەبییەکەشی بۆ زیاد بکرێت و بەیەکەوە بخوێندرێنەوە باشترە، ئێمە لە نوسخەکەماندا نوسیمان.

## سێهەم:

برا ئازیزەکانم! زۆربەی کات بە دڵمدا دەهات، بۆچی ئیمامی عەلی – رضي الله عنه – زۆر گرنگی داوە بە پەیامەکانی نوور بەتایبەتی پەیامی "الایة الکبری" چاوەڕێی زانینی نهێنییەکی بووم، – لله الحمد –، ئەو نهێنییەم بۆ دەرکەوت، بەڵام ئێستا زۆر بەکورتی ئاماژە بۆ ئەو نهێنییە دەکەم، بەم شێوەیە:

یەکێك لەکاریگەرییە ناوازەکانی (پەیامەکانی نوور)، لەبەرئەوی بەشێوەیەکی بەهێز و ڕەها دواترین و بەهێزترین پاڵپشتەکانی ئیمانی نیشانداوە، ئەم کاریگەرییە لە پەیامی "الایة الکبری"دا بەڕوونی دەبینرێت. لەم سەردەمە ترسناك و سەیرەدا لە ململانێی نێوان (ئیمان و کوفر) پەنا بۆ دواهەمین قەڵای خۆیان دەبەن و پشتی پێ دەبەستن! (پەیامەکانی نوور)یش، دواهەمین پاڵپشت و بناغەی ئیمانە.

با ئەمە بە نموونەیەك ڕوون بکەینەوە:

لە مەیدانی جەنگێکی گەلێ مەزن و کاتی کۆبوونەوەی سوپای زۆری هەردوو لادا، دوژمن پەیتا پەیتا چەك و پێداویستیی جەنگ بۆ تیپەکەی خۆی دەنێرێت، تاکو پشتی ورە و هێزی مەعنەوییان پتر بگرێت و، لەم پێناوەدا چیی لە توانادا بێت درێغی ناکات. یەکێك لەوانە: بە کەم پیشاندانی هێزی مەعنەوی و ورەی ئیماندارانە و، پەك خستن و تەفروتوونا کردنی یەکێتی و پەیوەندیی نێوانیانە. واتە هەر هۆکارێکی بێتە دەست بۆ نەهێشتنی ورەی مەعنەویی ئیمانداران — کە هێزێکی یەدەك و پشتگیری ئیماندارانە — لە کیس خۆی نادات و کەڵکی لێ وەردەگرێت. بە ڕادەیەك کە ئەو دوژمنانە کۆمەڵێکی یەکگرتووی پەیوەندیدار و خاوەن گیانی کاری بە کۆمەڵ و ڕێکخراوی تایبەتی بۆ سەر تیپەکان و یەك بە یەکی سوپای موسڵمانان لەو جەنگەی نێوانیاندا ڕەوانە دەکەن...

جا لەم کاتەدا کە دوژمن خەریکە ورە و هێزی مەعنەویی تیپی موسڵمانان لەناو ببات، یەکێکی وەك حەزرەتی خضریان — دروودی لەسەر بێت — لێ پەیدا دەبێت و دەڵێت:

(کاکی موسڵمان! نائومێد مەبە! ئەوەندە داڵدە و پاڵپشتی توندوتۆڵت هەیە کە هەرگیز جێیان پێ لێژ نابێت و، چەندین سوپای هێندە زۆر و هێزی یەدەکی ئەوتۆشت لە پشتە کە تەواو نابن و لەبن نایەن و هیچ هێزێك ناتوانێت بەسەریاندا زاڵ ببێت، بە ڕادەیەك کە ئەگەر هەموو دنیا بە گشتی لە دژیان کۆببنەوە، ئنجا ناتوانن

لەگەڵیاندا بکەونە زۆرانەوە، بەڵکو هەر ناشوێرن بێنە مەیدانیانەوە. مەگەر یەکێك بتوانێت هەموو گەردوون بڕوخێنێت، دەنا کەس ناتوانێت تێکیان بشکێنێت..
هۆی تێکشکانی ئێستاشت ئەوەیە تەنها یەك سەربازت ناردووەتە مەیدان کە بەرامبەر کۆمەڵێکی ڕێکخراوی خاوەن کەسێتیی مەعنەوی و گیانی بە کۆمەڵ بجەنگێت..
کاکی موسڵمان! هەوڵ بدە "یەك بە یەکی" سەربازەکانت لە حوکمی "کۆمەڵ" و "کەسێتی مەعنەوی"ی ئەوتۆدا بن کە ورە و هێزی مەعنەویی خۆی لە بازنەکانی دەوروبەریەوە وەربگرێت).

بەم جۆرە دڵی ئەو موسڵمانە بەم وتەیەی حەزرەتی خضر – درودی لەسەر بێت – لە قەناعەت و دڵنیایی و ئاسوودەیی پڕ دەبێت.
هەروەك ئەمە وایە، پەیامی "الایة الکبری"ش بە هەمان بە هەمان جۆرە! چونکە ئەو گومڕایانەی کە پەلامار و هێرشی کتوپڕی بۆ سەر ئیمانداران دەبەن، وەك گیانێکی چەپەڵیان لێ هاتووە لەناو نەتەوەدا و، کەسێتییەکی مەعنەوین، دارای گیانی بە کۆمەڵ وڕێکخراوی تایبەتین و، ئەو پەردە ئیسلامییە بەرزە دەدڕێنن کە بیروباوەڕی تەقلیدیی موسڵمانی عەوام دەپارێزێت و، ئەوهەست و شعوورانەشیان دەسووتێنن کە لە باوك و باپیرانیانەوە بۆیان ماونەتەوە، ئەو هەست و نەستانەی کە ئەگەر بمێنێن ژیانی ئیمانیی ئەوان بە بەردەوامی دەهێڵنەوە.

جا لە کاتێکدا کە هەموو موسڵمانێك هەوڵی نائومێدانە دەدات تاکو خۆی لەم ئاگرە سامناکە بپارێزێت کە هەموو جیهانی گرتووەتەوە، ئا لەم کاتەدا، (پەیامەکانی نوور) وەك حەزرەتی خضر – درودی لەسەر بێت – دێن و دەستی یارمەتیی بۆ درێژ دەکەن و، پەیامی: "الایة الکبری"ش بە چەشنی سەربازێکی گوێڕایەڵ و خاوەن هێزی لە عادەت بەدەر، دەردەپەڕێتە مەیدان و، ئەو کۆمەك و یاریدە ماددی و مەعنەوییە کە هەرگیز بەرەنگاری ناکرێت، لە یەك بە یەکی سوپاکانی خۆی وەردەگرێت کە هەموو گەردوونیان گرتووەتەوە.

بۆ خۆتان خاڵەكانی تری نموونەكە لەگەڵ ئەمەدا بەراورد بكەن، تاكو پوختەی ئەو نهێنییەتان بۆ ڕوون ببێتەوە.

سەعیدی نوورسی

* * *

## بڕگەیەكی ئەمین و فەیزی
## باس لە چوار بۆ پێنج كەرامەتی پەیامەكانی نوور دەكات

ژمارەیەكی زۆر بڕگە نوسرابوون سەبارەت بەو كەرەم و ڕێزلێنانە خواییانەی كە ئاماژەن بۆ قبوڵبوونی خزمەت و ئەركەكانی هەردوو برای ڕاستگۆ و پاك و بەهێز و وەفادارمان (خەسرەو و ڕوشدی)كە لە خزمەتكردنی قورئاندا پێشی ئێمەیان دایەوە. ئێمەش وەك بڕگەی ئەم دوو برایەمان هەندێك لەو ڕووداوانەی كە لەم نزیكانەدا ڕوویان داوە و بینیومانە باس دەكەین.

بۆ نموونە تەنها چەند بەشێكی باس دەكەین:

یەكەم:

لەم نزیكانەدا لەگەڵ مامۆستا ڕۆیشتبووینە دەرەوە، مامۆستا فەرمانی پێكردین كە چا لێبنێین و، هەریەكەمان – دوو پیاڵە چا لەگەڵ سێ كلۆ شەكر– دا بخۆینەوە. هەریەكەمان دوو پیاڵە چامان بە سێ كلۆ شەكرەوە خواردەوە. جگە لە برامان (ئەمین)، كە یەك كلۆ شەكری كەمتر لەگەڵ چاكەیدا خواردبووەوە.

نزیكی ئێوارە هاتینەوە بۆ ئەو ژوورەی مامۆستامان كە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی پەیامەكان بوو، (ئەمین) ویستی ئەو شەكرانەی كە بەكارمان نەهێنابوون بكاتەوە ناو

شـــەکردانەکە، بـــەڵام شـــەکردانەکە لـــە هەشـــت دانـــە کڵـــۆ شـــەکر زیـــاتری نـــەگرت، (ئەمین)یش وتی – سبحان الله – ئەم شەکردانە بە حەڤدە کڵۆ شەکر پڕدەبێت! بەڵام ئێستا بە هەشت دانە پڕ بوو! ئێمەش زۆر لەم کارە سەرمان سوڕما. ئەم ڕووداوە بە ئەندازەیەك دڵنیای (قەناعەت)ی پێکردین کە گەشتە – پلەی شهود – تگەیشتین لەوەی کە نهێنی ئەم بەرەکەتە بۆ (قوتابیانی نوور) پارێزگاریی و لوتفێکی خواییە.

دووهەم:

من واتە (محمد فەیزی)، "پەیامی شەش هێرشەکان"م دەنووسی دابوومەوە بە مامۆستا، هەمان ئەو ڕۆژەی کە بەرەکەتی کڵۆ شەکرەکانمان بینی مامۆستا ویستی ئەم پەیامەم پێ بداتەوە، بەڵام کە بۆی گەڕا نەیدۆزییەوە. لەناکاودا و بەپێچەوانەی – عـــادەتی ڕۆژانـــەی خۆییـــەوە – وەك بڵێـــی بـــەهۆی ســـەرهەڵدانی ڕووداوێکـــەوە چاویلکەکەی لە چاویدا لابرد و ڕوویکردە قادرمەکان. لە هەمان کاتدا (جاسوس) ێك بەمەبەستی زیان گەیاندن بە خزمەتکردن و بڵاوکردنەوەی پەیامەکان هات بۆ سەردانی مامۆستا بەڵام خۆی بە شێوەیەك دەردەخست کە هاتبێت بۆ زیارەتی مامۆستا ئەم جاسوسە هەست بە شڵەژاوی مامۆستا دەکات. مامۆستا ڕووی ئەو کەسە بەلای خۆیدا دەگێڕێت و پێی دەڵێت: ئێستا کاتم نیە، سەردانییەکەت بخە کاتێکی تر!

ئەویش دەگەڕێتەوە و دەڕوات، بەم شێوەیە پەیامی "شەش هێرشەکان" و، (محمد فەیزی) و، کارەکانی ترمان، لەم جاسوسە ڕزگاریان بوو.

بەڵێ، ونبوونی پەیامی"شەش هێرشەکان" لەکاتی گەڕاندا بۆی لەو شوێنەی کە تێیدا شاردرابوویەوە، ڕێگەی لەڕووداوێکی قورس گرت کە بەسەرماندابێت. گۆڕین و پێچەوانەبوونەوەی عادەتی مامۆستا و نەدۆزینەوەی پەیامەکە لەشوێنی خۆیدا، بەبێ گومان و بەدڵنیاییەوە کاری ڕێککەوت و بێبەرنامە نیە.

دوای هەفتەیەك ئەو پەیامەمان لە شوێنێکی چاوەڕواننەکراودا دۆزییەوە، بە فەرمانی مامۆستا پەیامەکەم خوێندەوە بۆ (ئەمین) و، مامۆستاش ڕوونی دەکردەوە هەتا ئەوکاتە دەرسێکی بەو ئەندازە گرنگ و کاریگەرمان نەخوێندبوو. کەواتە لەسەر

بنـــەمای ئـــەم دوو نهێنییـــە کـــە – پەیامـــەکان خۆیـــان دەرناخـــەن – ئـــەم ڕووداوانـــە، هـیچ گومانێـك ناهێڵنـەوە کـە "قوتابییـە دڵسـۆز و ڕاسـتگۆکانی پەیامـەکان" هەمیشـە لەژێر چاودێریی و پارێزگاری خودا دەبن.

سێ هەم:

ڕووداوێکە باس لە بەرەکەت دەکات: مامۆستامان یەك ئۆقیە "کیلۆ" پـەنیری هـەبوو، لەبەرئەوەی حەزی لەم پەنیرە بوو زۆربەی ڕۆژەکان یەك دوو جار لەو پەنیرەی دەخوارد و بە ئێمەیشـی دەدا. هـەروەها ئـەو کاتـەش خـواردنی نەمایـە لـەو پـەنیرەی دەخـوارد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هـەتا شـەش مـانگ ئـەم پـەنیرە مابوو و، ئێمـەش تەسـدیقی ئەمـە دەکەین و ئێستاش هێشتا بە قەد سەد درهەم پەنیرماوە. بەڵام دوای دەرکـەوتنی ئـەم ڕووداوی بەرەکەتـــە وردە وردە بنـــی قاپەکـــە دەرکـــەوت و کەمبوونـــەوەی پەنیرەکـــەی نیشـاندا. بـەڵێ، ئەمـە ڕووداوێکـە بـۆ بەرەکـەت شـایانی سەرسـوڕمانە، هـەروەها لەگـەڵ ئەوەی نیوکیلۆ کەرە، کە بـۆ مـاوەی پـەنجا ڕۆژ بەشـی کـردین و لـە زۆربـەی ڕۆژەکانـدا لێمان دەخوارد تێگەیشتین کە بێگومان بەرەکەتێکی مەزنی بەسەردا باریوە.

هـەروەها لـە جـەژنی ڕەمـەزانی هـەمان ساڵدا، بـەبێ ڕەزامەنـدی مامۆسـتا ئێمـە واتـە (ئەمین و تەحسین)، یەك کیلۆ شەکری وردمان هێنابوو بۆ مامۆستا، لەگـەڵ ئـەوەدا کـە بە نرخی بیست بۆ سی درهەم، لەو وردە شەکرەیە کرایە نـاو شیر و ماسـت و شـیرینی کابـاك، بـەڵام بەشـی پێـنج مـانگی کـرد و هێشـتا بـە ئەنـدازەی سـەد درهـەم لـەو وردە شەکرە مایەوە، بە دڵنیاییەوە بەهۆی بەرەکەتەوە بووە.

قوتابیـانی ئـەم ناوچـەیە و هـەموو کەسـێك، بـە شـێوەیەکی "جـوزئی یـان کـوللی" هەستیان پێ کردووە و دەڵێن کـە: هـەرکاتێك کارمـان بـۆ (پەیامـەکانی نـوور) کردبێـت، بەرەکەت و ئاسانکاریی کەوتۆتە ڕۆژیمانەوە و، شادمانی بۆ دڵەکانمان هـاتووە، وە بـە ئاشکرا هەستمان بەمە کردووە.

## پوختەی قسە:

من واتە (ئەمین)، دان بەوەدا دەنێم کە پێش ئەوەی بێمە ناو بازنەی پەیامەکان هەموو ساڵەکە کارم دەکرد، بەڵام کاتێك ڕۆشتمە ناو بازنەی پەیامەکان و دەستم بە خزمەتکردن کرد، تەنها سێ بۆ چوار مانگ لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو کارم دەکرد بۆ بژێوی ژیانم، لەگەڵ ئەوەشدا ژیانم خۆشتر و ئاسوودەتر بوو لە ژیانی پێشترم، کە هەموو ساڵەکە کارم دەکرد. بۆیە هیچ گومانێکم لەوەدا نەما کە ئەم بەرەکەتە بەهۆی "خزمەتکردنی پەیامەکانی نوور"ەوە بووە.[٨]

هەروەها مامۆستا بە کورتی دەفەرموێت کە:

لە زۆر تاقیکردنەوەدا بینیومە و قەناعەتی تەواوم هەیە کە کاتێك خەریکی خزمەتکردن و پێداچوونەوە بە پەیامەکانی نوور دەبم، زۆر بە ئاشکرا بەرەکەت کەوتووەتە ڕۆزیمەوە و هەمیشە ئاسانکاری لە کارەکەمدا دەبینی. کاتێکیش کارم بۆ پەیامەکان نەکردبێت نەمتوانیوە ئەم بەرەکەتە ببینم.

هەروەها مامۆستامان دەفەرموێت و ئێمەش تەصدیقی دەکەین کە:

لەم کۆتاییانەدا تێگەیشتم کە هەتا ئێستا من و دۆستەکانم ڕاستیەکمان بە شێوەیەکی تر دەبینی بەم شێوەیە کە: وەك چۆن لە بەندینخانەدا نانێك بەشی هەشت یان هەندێ جار بەشی دە ڕۆژی دەکردم، لێرەشدا بە هەمان شێوە دەژیام. خۆم و براکانم، هۆکاری ئەم کەم خواردنەییمان بە کەم ئیشتیهایی و کەم خواردنمان دەزانی. بەڵام بەهۆی چەندین ئاماژەوە و بەبێ گومانی لەوە تێگەیشتین کە هۆکاری ئەم باردودۆخە سەیر و نامۆیە ئەنجامی بەرەکەت بووە.

---

[٨] بەڵێ، بەهەموو توانایەکمەوە دان بەوەدا دەنێم کە: برامان (ئەمین) کاتێك هات بۆ شارەکەمان هەموو مانگەکان ئیشی دەکرد. بەڵام ئێستا دوای ئەوەی هاتە ناو بازنەی پەیامەکانەوە، تەنیا سێ بۆ چوار مانگ زیاتر نەمانبینیوە ئیش بکات.

(فەیزی)

هەندێ جار نانێك بەشی هەشت ڕۆژی دەکردم، بەڵام کاتێك بەهەمان شەوقەوە کارم بۆ خزمەتکردنی پەیامەکان نەکردایە، ئەم بەرەکەتە دەشاردرایەوە و نەمدەبینی، لە ماوەی دوو ڕۆژدا هەندێ جار لەیەك ڕۆژ و نیودا نانێکم تەواو دەکرد. واتە لەماوەی ئەم شازدە بۆ حەڤدە ساڵەدا، ئەم خۆراکە ناوازانەم بەهۆی بەرەکەتی خزمەتکردنی پەیامەکانی نوورەوە بووە. بەڵێ، ئێمەش بە(عین الیقین) قەناعەتمان بەوە کردووە کە ڕوودانی هەموو ئەم بەسەرهاتە بەبەرەکەتانە بەهۆی تیشکی ئیعجازی مەعنەویی قورئانی پیرۆزەوە بووە.

وەك ئەوەی لە ناوەڕۆکدا بڵێت: ئەی قوتابیانی قورئان زۆربەتان بەهۆی دابینکردنی بژێوی ژیانتانەوە واز لە خزمەتکردنی قورئانی پیرۆز دەهێنن، تکایە واز لەم خزمەتە پیرۆزە مەهێنن، چونکە ڕۆزییەکانتان بەشێوەی بەرەکەت پێشکەش دەکرێت، ئاگاتان لە ئەرکەکەتان بێت.

اَللّهُمَّ بِحَقِّ اِسْمِكَ اْلاَعْظَمِ وَ بِحُرْمَةِ رَسُولِكَ اْلاَكْرَمِ يَسِّرْلَنَا خِدْمَةَ الْقُرْاٰنِ بِنَشْرِ رِسَالَةِ النُّورِ بِالدَّوَامِ بَيْنَ اْلاَنَامِ فِى عَالَمِ اْلاِسْلاَمِ اٰمِينَ، اٰمِينَ، اٰمِينَ

هەروەها لە هەمان کاتی ڕوودانی بەسەرهاتە بەرەکەتدارەکەدا، خانووی یەکێك لە قوتابیانی پەیامەکانی نوور کە نرخەکەی هەزاران لیرە بوو بە ئاگرێکی زۆر ترسناك گڕ دەگرێت و بەهۆی کەرامەتی پەیامەکانی نوورەوە ڕزگاری دەبێت و، بەهۆی دانەری پەیامەکانی نوورەوە، ئەوخانەمەی کە لە کۆتاییدا دەبێتەوە بە هاودەمی کاتێك قوتابییەکە ڕادەکات بۆ نهۆمی سێهەم بۆ ڕزگارکردنی سامانەکەی کە پێکهاتبوو لە ئاڵتوون و موجەوهەرات و ئەڵماس ئاگر هەموو لایەکی خانووەکەی گرتبوویەوە. هەروەك نەیتوانی سامانەکەی ڕزگار بکات، خودی خۆیشی لە مەترسییەکی هەمیشەیدا بینییەوە، لەم کاتەدا کە دانەری پەیامەکانی نوور دوعای بەکوڵی بۆ ڕزگارکردنی ماڵ و موڵکی قوتابییەکەی دەکرد، قوتابییەکەشی ئەوەی بیرکەوتەوە کە هاودەمی قیامەتی لەناو ئاگرەکەدایە، بۆیە (پەیامەکانی نوور)ی کرد بە تکاکار و لە خوای بەدەستەڵات پاڕایەوە و وتی: یاڕەبی، ڕەحمی پێبکە! لە هەمان کاتدا

خانمەکەی لە قاتی دووهەمی خانووەکەوە خۆی فڕێدایە خوارەوە بۆ ناو باخچەکە، لەگەڵ ئەوەشدا بچوکترین ئازاری پێنەگەیشت.

هەروەها ئەو ئاگرەی کە فافۆن و ئاسنیشی دەتواندەوە و هەموو خانوەکەی بە تەواوی سوتاندبوو، بەڵام جوانکاریی و ئاڵتون و ئەڵماسەکانی هیچیان خراپ نەبوون و لە ناو "ئارد"دا پارێزرابوون، ئەوانیشی دۆزییەوە و هێنایەوە. بەرەکەتی پەیامەکانی نوور گیان و سامانەکەشی ڕزگارکرد.

لە هەمان کاتی ڕوودانی ئەم ڕێزلێنان و کەرامەتانەدا، دووکەس کە زللەی پەیامەکانی نووریان خوارد، ئەو دووکەسە لەکاتی کاردا کە لە سنووری خۆیان لایان دابوو و هێرشیان کردبووە سەر پەیامەکان – زللەی توندی لە سەری یەکێکیان و لە جگەری ئەوی تریشیان – وەشاند[٩]، ئێمەش هیچ گومانێکمان نەما کە ئەوەش یەکێکە لە زنجیرەی کەرامەتەکانی خزمەتی قورئان.

لە ناوەڕۆکدا دەڵێت: ئیتر بوەستن، بەسە! شایستەی زللە لێدان بوون!

لە قوتابیانی پەیامەکانی نوور
ئەمین و فەیزی

* * *

---

[٩] بەڵێ، یەکێك لە هێرشکارەکان پاڕایەوە و داوای یارمەتی کرد، لەمردن ڕزگاری بوو، ئەویتریشیان یەك ساڵ بە ئازارەوە تلایەوە.

## ئەو زللە میهرەبانییەی کە لە محمد فەیزی درا

بەڵێ، مامۆستام دەیوت: "موعجیزاتی ئەحمەدی" بنوسمەوە وەك ئەو نوسخەیەی کە برامان (خەسرەو) نوسیبوویەوە، منیش واتە (فەیزی) کەمێك لە نوسینەوەیەدا کەمتەرخەمیم کرد. لەم کاتەدا ساڵی (١٩٢٨ زاینی) ناوم بۆ سەربازی هاتەوە دووبارە مامۆستا پێی وتمەوە: (بڕۆ موعجیزاتی ئەحمەدی بنووسەرەوە، ئێستا تۆیان نادەمێ) دوای دەستم پێکرد. بۆ ماوەی هەفتەیەك فەرمانی دەرچوونم بۆ سەربازی دواخرا، ئەم جارەش هەندێ کەم و کوڕی لە نوسینەوەی "موعجیزاتی ئەحمەدی"یەکەدا هەبوو. دووبارە بانگکرامەوە بۆ سەربازی، مامۆستا پێی وتم: بڕۆ بنووسە، منیش ڕۆشتم بە جددی و ڕاستگۆیی دەستم بە نوسینەوەی "موعجیزاتی ئەحمەدی"کرد لەم کاتەشدا بۆ دووەم جار فەرمانی ڕۆشتن بۆ سەربازییەکەم دواخرایەوە.

دووبارە لەبەر هۆکارێك نەمتوانی "موعجیزاتی ئەحمەدی"یەکە بنوسم، مامۆستاش وتی: مادەم لە نوسینەوەی "موعجیزاتی ئەحمەدی"دا کەمتەرخەمیت نواند، ئێستا فەرمانبەری تۆ سەربازی کردنە بە ناوی (پەیامەکانی نوور)ەوە.

خێرا فەرمانی ڕۆیشتنم بۆ سەربازی هاتەوە و، بەمەش (زللەیەکی میهرەبانی)م لێدرا و نێردرام بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەم.

زۆر سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، کە ئەوەندەی پێم کرا بێت هەوڵم داوە بۆ خزمەتکردن بە پەیامەکانی نوور. هەواڵیشیان پێداوم وەك ئەوەی مامۆستام پێی وتبووم دوای شەش بۆ حەوت مانگ لە سەربازی گەڕامەوە و گەیشتمەوە بە دیداری مامۆستای خۆشەویستم وخزمەتکردنی پەیامەکانی نوور- پشتیوان بە خوای گەورە- لەم کەمتەرخەمیەم خۆش بووە.

هەروەك قوتابییە دڵسۆزەکانی قورئان و برا بەڕێزەکانی وەك (خەسرەو، ڕوشدی، حافظ علی، خلوصی، صەبری) کە لە خزمەتکردنی پەیامەکانی نوور و، لە خزمەتکردنی قورئاندا لە پێشی ئێمەوەن، دەکەم بە تکاکار و بە هەموو گیانمەوە تکای

لێخۆشبوونم لەو ناتەواوییەم لە قورئان و مامۆستاکەم دەکەم. من دانی پێدا دەنێم کە وەك سزای کەمتەرخەمییەکەم زللەیەکی میهرەبانیم خوارد.

قوتابییەکی کەمتەرخەمی پەیامەکانی نوور
بەڵام شانازی بە قەڵەمە ئەڵماسیەکەی
براکانی و کارکردن و غیرەتیانەوە دەکات
محمد فەیزی

* * *

## ڕاستییەك کە ئاڕاستەی محمد فەیزی و کەسانی وەك ئەو لە قوتابیانی پەیامەکانی نوور کراوە

برام فەیزی:

ئەگەر دەتەوێت لە پاڵەوانەکانی پارێزگای (ئیسپارتە) بچیت، ئەوا دەبێت لە هەموو شتێکدا وەك ئەوان وابیت..

لە بەندینخانەدا شێخێکی مەزن و ڕابەرێکی گەورە و کەسێتییەکی خاوەن جازیبیەتیمان لە ئەولیایانی تەریقەتی نەقشبەندی – خوا لێی خۆشبێت – لە گەڵدا بوو. ئەم شێخە بۆ ماوەی چوار مانگ لەگەڵ نزیکەی شەست قوتابیی نووردا دانیشت و تێکەڵیان بوو، هەروەك گەلێ قسە و وتووێژی لێزانانەی بۆ کردن تاکو هانیان بدات بڕۆنە ناو تەریقەتەوە. بەڵام تەنها یەکێکیان نەبێت ئەویش بە شێوەیەکی کاتی نەیتوانی کەسیان ڕابکێشێتە لای خۆی!

ئەوان هەرچەند دەیانزانی ئەو کەسە وەلی و پیاوچاکە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ پێویستییەکیان پێی نەبوو، چونکە ئەو خزمەتگوزارییە ئیمانییەی کە پەیامەکانی

نوور پێشکەشی کردبوون و ئاسوودەییان تێدا بە دەست هێنابوو، سەروزیادیان بوو. ئەو پاڵەوانانە بە دڵی بێدار و بەسیرەتی بینەری خۆیان لەم ڕاستییەی خوارەوە تێگەیشتبوون:

خزمەتگوزاریی پەیامەکانی نوور بریتییە لە: "ڕزگارکردنی ئیمان". بەڵام تەریقەت و مەشیەخەت "پلەکانی ویلایەت" دەستی مرۆڤ دەخەن..

ئاشکرایە کە ڕزگار کردنی ئیمانی کەسێك گەلێ گرنگتر و پاداشتەکەشی یەکجار زۆرترە لە بەرزکردنەوەی (دە ئیماندار) بۆ پلەی "ویلایەت". چونکە ئیمان بەختەوەریی هەمیشەیی دەستی مرۆڤ دەخات و موڵکێکی لە زەوی فراوانتری بۆ بەدەست دەهێنێت، بەڵام ویلایەت بەهەشتی ئیماندار فراوانتر و گەشاوەتر دەکات. جا هەروەك بەخشینی پلەی "پادشایی" بە مرۆڤێکی ئاسایی گەورەترە لە بەرزکردنەوەی (دە سەرباز) بۆ پلەی "فەرماندە"، پاداشتی ڕزگار کردنی ئیمانی مرۆڤێکیش بە هەمان جۆرە، گەلێ مەزنترە لەوەی (دە کەس) بگەیەنرێتە پلەی ئەولیا و پیاوچاکان.

دڵی برایانی (ئیسپارتە)ت بە گشتی ئەم نهێنییەیان بینیبوو، هەرچەندەش عەقڵی هەندێکیان نەیدیبوو..

لەبەرئەوە، هاوڕێیەتی کەسێکی لاوازی گوناهباری وەك منیان گەلێ پێ باشتر بوو لە هاوڕێیەتی چەندەها ئەولیای گەورە گەورە، تەنانەت لە هاوڕێیەتیی موجتەهیدانیش، گەر لەم سەردەمەدا بن.

جا لەم ڕوانگەیەوە و لەسەر بناغەی ئەم ڕاستییە:

ئەگەر قوتبێك لە ئەولیاکان، یان شێخێکی گەورەی وەکو "گەیلانی" بێت بۆ ئەو شارە و پێت بڵێ: "لە ماوەی دە ڕۆژدا دەتگەیەنمە پلەی ویلایەت".. تۆیش شوێنی بکەویت و واز لە (پەیامەکانی نوور) بهێنیت، ئەوا ناتوانی ببیت بە هاوەڵی پاڵەوانەکانی (ئیسپارتە)!

سوپاس بۆ خوا، لەم ڕۆژگارەدا ئەو قوتابیانەی نوور کە لە ناوەندی سوننەتی خاوێنی پێغەمبەردا ﷺ ئیمانی کامڵیان بە دەست هێناوە، ڕێبازێکی ئەوتۆیان

گرتووەتـە بـەر کـە سـەرنجی ئـەولیا و مورشـیدەکان ڕادەکێشـێت. بۆیـە ئـەو ڕابـەر و مورشیدە ڕاستەقینانەی کە لە هەموو سەردەمێکدا پەیدا دەبن، بێ‌هیچ گومانێك، هەوڵ دەدەن قوتابیـانی نـوور ڕابکێشـنە نـاو ڕیزەکـانی خۆیانـەوە، چـونکە گـەر مورشـیدێك بتوانێـت یـەك قوتـابیی نـوور دەسـتی خـۆی بخـات، ئـەوا لـە جێـی بیسـت موریـددا دایدەنێت!

ئـەو ڕاسـتییەی کـە لـە بـارەی گیروگرفتـەکانی خزمـەتی پەیامـەکانی نـوور و، ئـەو موجاهـەدە و خۆبەخشـینەیە کـە لـەم ڕێگایـەدا هەیـە لەبەرامبـەر چـێژ و کێشـەکانی ویلایەتەوە، بۆ (فەیزی)م ڕوون کردووەتەوە.

سەعیدی نوورسی

* * *

## بڕگەیەکی خەسرەو

مامۆستای ئازیزم!

هـەنگاونانی ئـەو قوتابییانـەت کـە گـەورەترین ئامـانج و مەبەسـتەکان دەزانـن لەگـەڵ ئیرشـادە جـددی و مەزنەکانتـدا، لـەم کۆتاییانـەدا کەوتنـە بارودۆخێکـەوە کـە شـایانی شوکر لەسەر کردنە. (خلوصـی دووهەم) لەگـەڵ پێنج بۆ دە هاوڕێیـدا و، (حـافظ علـی) لەگەڵ بیست بۆ بیست و پێنج هاوڕێیدا، هەروەها منداڵە بێ‌گوناهەکانیش لەگـەڵ سـی بۆ سی و پێنج لە هاوڕێکانی، وە بە تایبەتی لـە گوندەکـەی (حـاجی حـافظ) ئەحمـەد و محمـدەکان بـە "ئیخلاس"ێکـی زۆرەوە، بـێ‌هیچ زیادەڕۆییـەك بـە هـەزار قەڵەمـەوە "لەوانەشــە زیاتربێــت" بــە نوســینەوەی پەیامەکانــەوە ســەرقاڵن، لــە کۆتایــدا لــە (ئیسپارتە)شدا بەهۆی هیممەت و چالاکییەکانی قارەمان (ڕوشدی و محمد زوهدی) کە هەمووپەیامەکانی نووسیوەتەوە و (عەلی بچکۆل و عوسمان نووری)یـەوە سـی بـۆ چـل کەس خەریکی خوێندنەوە و نوسینەوەی پەیامەکانی نوورن، تەنانەت لەلایەکی تـرەوە

**(محمد زوهدی) کە پلەی زۆرباشەی بەدەستهێناوە وەك (حافظ علی بچکۆل) خۆی خەریکی نووسینەوەی پەیامەکانە و لەماڵەکەی خۆیدا نزیکەی سەد و پەنجا منداڵ بە شێوەیەکی سەربەست پەیامەکانیان پێ دەخوێنێتەوە. لە هەریەکە لە گوندەکانی تریشدا قوتابییەکانت هەریەکەیان نزیکەی پازدە بۆ بیست قوتابییان هەیە کە بە شەوق و غیرەتێکی زۆرەوە لەم خزمەتە قورئانییەدا کار دەکەن، وەك ئەوەی بە پیرۆزەکان – منداڵە بێ گوناهەکان – نوسراوە، لە چوار گونددا بۆ ماوەی چوار مانگ، چل بۆ پەنجا کەس کە ئەلف و بێیان نەخوێندووە، سەرکەوتنیان لە نوسینەوەی پەیامەکانی نووردا قەناعەتی پێکردین کە کەرامەتێکی پەیامەکانی نوورە.**

**قوتابی پەیامەکانی نوور**
**خەسرەو**

* * *

## برگەیەکی کاك خلوصی

**ماموستای ئازیزم!**

**شەوێکی جومعە بوو، بە مەبەستی خوێندنەوەی "مەکتوبی نۆزدەهەم" چاکەتێکم لەبەر کرد، شەوێك بوو باران بە خوڕ دەباری لەو دانیشتنەدا بەمەبەستی خوێندنەوەی دەستم برد بۆ گیرفانم، بەڵام زۆر بە سەرسوڕماوییەوە زانیم کە ئەم کتێبە پیرۆزە لە گیرفانمدا نەماوە. ئەو گیرفانەم کە کتێبەکەم تیَدا دانابوو نەدڕابوو، لە هیچ شوێنێکیش نەوەستابووم، ئایا ئەم حاڵەم شایانی سەر سوڕمان نیە؟ ئەو شەوەم بێ خەو لێگوزەرا و ئەم حاڵە زۆر کاری تێکردم، بۆیە داوای ئەم کتێبەم لە (حەزرەتی غەوس) کرد – لله الحمد – بۆ ڕۆژی دواتر، لەلایەن ماموستایەکەوە دۆزرایەوە کە بە گوێگرتن لە کتێبەکە دەستی بە نوێژ کرد بوو. بەڵام ئەگەر ئەم کتێبە**

له ژێر ئەم بارانە بە خوڕ و لەناو ئەم قوڕ و لیتاوەدا بدۆزرێتەوە، پێتان وا دەبێت کە ئیتر ئەم کتێبە بە سوودی خوێندنەوە نایەت وا نیە؟

جێگەی سەرسوڕمان و شایەنی سەرنجدان و مایەی وانە لێوەرگرتنە کە تەنانەت یەك پەڵەش بە کتێبەکەوە نەبووە. "پارێزەری حەقیقی" بە شێوەیەکی مەعنەویی و جددی ئەم کتێبە پیرۆزەی پاراستووە و، دەریشی خستووە کە خاوەن و پارێزەری ڕاستەقینەی ئەم پەیامە بە نرخانە تەنها خۆیەتی.

ئەو خوایەی کە خاوەنی ناوە پیرۆزەکانە بە شێوەیەکی ڕوون درەوشانەوەی ناوە پیرۆزەکانی وەك (حافظ، علیم، حاکم) لێرە دا بەئاشکرا دەرخستووە.

خلوصی

* * *

لە نهێنی "سرِّ اِنَّا اَعْطَيْنَا" دا، وەك لە پەیامی (مونازەرات)یشدا هاتووە کە لە داهاتوودا نوورێك دەردەکەوێت. مژدەیەکی "غەیب"ی دەردەخات. بەڵام هەروەك کەشفی ئەولیاکان پێویستیان بە تەئویلە و خەونە ڕاستەکانیش پێویستیان بە واتا ئەو حەقیقەتەش کە (سەعیدی کۆن) لەڕێی هەستی پێش ڕوودانەوە هەستی پێکرد، ئەویش بە هەمان جۆر – پێویستی بە لێکدانەوە و واتایە – بەڵام واتایەکی ورد. کەچی لەبەرئەوەی بەبێ هیچ لێکدانەوە و واتایەك هەواڵی ئەو ڕووداوەی ڕاگەیاند، ئەوا هەندێ ناتەواوی و سستی، پێچەوانەی واقیع لە هەواڵەکەیدا دەرکەوت.

ماموستا دەفەرموێت: ئەم هەڵە ڕوونکردنەوەیە منی خستە بیرکردنەوە و خەیاڵەوە. ئەو موژدە خۆشەی کە ئەو کاتە دەیدا بە ئیمانداران سەبارەت بە سەرهەڵدانی نوورێك لە ئایندەدا، بریتییە لە پێویست بوون ودەرکەوتنی (پەیامەکانی نوور) وەك لە "پەیامی مونازەرات و سنوحات" دا باسکراوە. وەك چۆن (بازنەی بەرزی نووری لە جێگەی بازنەی سیاسەت)دا پێبەخشین و بوو بەهۆی لابردنی ئەم هەڵەیەم لە نهێنی "سرِّ اِنَّا اَعْطَيْنَا" دا لە دوای دوازدە بۆ سیازدە ساڵ، ئەوانەی کە ڕێگر بوون لەبەردەم

بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا و دەیانویست بە تەواوی کپ بکرێتەوە، ئەوا تەقینەوەیەکی وا ترسناك بە سەریاندا دەتەقێتەوە کە هەتا ڕۆژی قیامەت لەبیریان نەچێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە بناغەی دەرهێنانی جفری — أسرار الجفر — بازنەیەکی فراوانە، بەڵام بە پێچەوانەی نهێنی نوور ئەم بازنەیە تەسك و بچووك دەردەکەوێت و لەبەرئەوەش کە بیر و هۆشم ڕۆشتبووە ناو دەستەڵاتێکی تایبەتییەوە بۆیە شێوەی حەقیقەتەکە گۆڕرابوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەرهێنانەی کە لە هەمان بەرواردا پیشاندرا، ئەو ڕژێمە ڕوخا و سەرۆکی ڕژێمەکەش لەم دنیادا کۆچی کرد و، سزای ڕەفتارەکانیشی وەرگرت. هەروەها لە هەمان ئەو ساڵەدا زۆربەی گۆی زەوی و نەوەی مرۆڤ خرابوونە ژێر ئیستیبدادێکی لە پشت پەردە شاراوەوە. هەموو دار و دەستەکانی کە ئەم ڕژێمەیان بەڕێوە دەبرد، لە هەمان ساڵدا سەرۆکەکەیان لەم دنیایە، زللەیەکی توندیان لێدرا — هێشتا ساڵێکی بە سەردا تێ نەپەڕیبوو — هەمووسەرۆکەکانی ئەو ڕژێمە زللە و موصیبەت و گەردەلوولی ترسناکی وا باری بەسەریاندا کە تا ڕۆژی قیامەت سزا دەدرێن، لەبەر هەموو ئەو کردەوە نالەبارانەی کە بەرامبەر ئەم ئایینە ئاسمانییە و ڕاستییەکانی ئیسلامدا نواندیان، سزاکەی لەبازنەیەکی زۆر فراوانتردا لێدەدرێت. لەبەرئەوەی مەدەنییەتی دەنی — بێ میم — بەم ئیستیبداد و ڕەنگدانەوەیەی دنیایان پیس کرد، بۆیە لە هەمان کاتی دەرکەوتنی ئەو ئیستیبدادەدا زللەیەکی ئاسمانی بە ئەندازەیەك فراوان باری بەسەریاندا کە دایبەزاندنە تاریکترین تەنیایی و زیاتریش.

## پوختەی قسە:

لە(سرِّ اِنَّا اَعْطَيْنَا) دا، ئەو بازنەیەی کە ئێمە بە فراوانمان دەزانی، بۆی دەرخستین کە زۆر تەسکە و مژدەی نوورەکەش وێنەی بازنەیەکی فراوان و بەرزی بۆ کردین.

سەد هەزار شوکر و ستایش بۆ خوای گەورە کە بەهۆی ئەم دوو هەڵەیەمەوە نهێنی ئەم ئایەتە پیرۆزەم (يُبَدِّلُ اللّٰهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ) بۆ دەرکەوت.

سەعیدی نوورسی

# بڕگەیەکی خەسرەو

ماموٚستای زوٚر بە نرخ و خوٚشەویستم، بەڕێزم!

(صەبری) برام بڕگەکانی (محمد فەیزی و ئەمین)ی برامانی بوٚ ناردبووم کە دەربارەی فەرموودەیەکی موتەشابیهە دەربارەی (حەزرەتی عیسا و دەجال)ە، کە لە سێ لایەنەوە تەئویلی ڕاستی فەرموودەکەی کردووە، ئەمڕوٚ وەرمگرت و خوێندمەوە بە ئەندازەیەك پێویستم بە تەئویلی ئەم فەرموودە پیروٚزە بوو کە وەك پێدانی ئاو بە کەسێك کە چەند ساڵێك بێ ئاو لە بیاباندا بێت و بە خواردنەوەی ئاوەکە ژیانێکی تازەی بە بەردا بکرێتەوە ڕوٚح و دڵیشم بەم بڕگانە ژیانێکی تازەیان بە بەردا کراو، زوٚر بە قوڵی هەناسەم هەڵکێشاو هەموو – لەتائیفەکانم – دەگەشانەوە و، بە جەستە مادییەکەم و دڵە مەعنەوییەکەم دا بڵاودەبوونەوە.

ماموٚستای خوٚشەویستم، بەهوٚی لوتفی قوتابییەکانت و برایانی (قەستەموٚنی) ئەم بڕگانەمان بە دەست گەیشت، بوٚیە زیاد لەسنوور سوپاسی خوا دەکەم.

سەرەتا ماموٚستای خوٚشەویستم ڕووبەڕووی سێ ئیکرام (ڕێزلێنان)ی کەرامەتەکانی پەیامەکانی نوور لەم بڕگە بەنرخانەدا بووینەوە:

یەکەم: کاتێك نامەکەم پێشکەش بە برامان (صەبری) کرد، لە هەمانکاتدا کە ئەم بڕگانە بە دەستی گەیەنرابوون، کاك (صەبری)ش ئەو بابەتانەی بوٚ براکەی باس دەکرد کە لە نامەکاندا هاتبوو..

دووهەم: ئەم قوتابییە بێ نرخەشتان (خەسرەو)، ڕوٚژێك پێش گەیشتنی نامەکە بە دەستمان لەگەڵ کاك (ڕەئفەت)دا قسەم دەکرد و دەموت: ئەزیز (ڕەئفەت) ئێمە چاوەڕوانی هاتنە خوارەوەی حەزرەتی عیسا – علیه السلام – دەکەین. ئەم پێغەمبەرە ﷺ گەورە و بەڕێزە، ئەگەر دابەزێتەوە، دەبێتە سەرکردەی هەموو ئەو گروپانەی کە بوٚ بەرژەوەندی ئایین کاردەکەن ، وە ئەو میللەتەش موسوڵمان دەبوو، بەم شێوەیە لە کوٚتا نامەی ماموٚستا تێگەیشتم، لەم ڕووەشەوە ئومێدێکی بەهێزم هەیە. بە – پشتیوانی خوای گەورە –ش بەم شێوەیە دەبێت.

**سێهەم: ئەو نامەیەی برایانی خەڵکی (ئەتابە)ی نووسیبوویان بۆ مامۆستای خۆشەویستمان، ئەم ئێوارە نامەکەم بەدەست گەشت و، خوێندمەوە زۆر سەرسام بووم. ئەم برایانەشمان لە نامەکەیاندا ئەو باسەی (عوسمان خالید)یان نوسیبوو کە باس لە نوێکار (مجدد)ی ئایین دەکات و ئەو زاتەش کە نوێکاری ئایینە لەم سەدەیەدا و خوای گەورە نازڵی کردووە مامۆستای خۆشەویستمان و پەیامەکانی نوورە. ئەو نامەیەشم بەیەکەوە پێشکەش کرد.**

**بەڵێ، مامۆستای بەڕێزم، لەم ڕۆژانەدا بووین بە شاهیدی کەرامەتە زۆرەکانی نوور. ئەوشەرەفەش کە خوای گەورە پێشکەشی مامۆستامانی کردووە (پەیامەکانی نوور)ن. ئەو نامەیەشم پێکەوە پێشکەشی مامۆستا کرد.**

**(محمد ئەفەندی میلاسی) خەڵکی میلاس وتی: برایانم کاتێك بیستوویانە لە گوندێکدا بە هەزار قەڵەمەوە خەریکی نوسینەوەی پەیامەکانن کەمێك بە زیادەڕۆییان زانیوە، من بۆ حەقیقەت – ڕاستی و دروستی – ئەوە هاتووم، کەرامەتێکی پەیامەکانی نوور بوو، کە قوتابییەکی چالاك و بەڕێزی ئەم گوندەم لەگەڵدا بوو کە (ئەحمەد مارانگۆز) بوو وتم:**

**لە ڕاستیدا من نەڕۆیشتم بۆ ئەم گوندە، لەبرایانم پرسیوە ئەوانیش دەیانوت ئەوانەی پەیامەکانی نوور دەنووسنەوە لە ژن و پیاو، منداڵ و خێزان هەزار قەڵەم بەدەست هەیە. دواتر (ئەحمەد مارانگۆز) وتی: گوندەکەی ئێمە سێ سەد و پەنجا ماڵە، جگە لە دوو مامۆستا و حاجیەك و سێ پیاو، پەیامەکانی نوور ڕۆشتبووە هەموو ماڵەکانەوە، هەر لە ژنانەوە تا منداڵە کچە بچووکەکان دەنوسنەوە. تەنانەت لە نەخوێندەوارەکانیش ئەوانەی تەمەنیان لەسەرووی چل ساڵییەوەیە لەوانەی کە دەنوسن دە برامان هەیە. (محمد ئەفەندی میلاسی) سەری لەم چالاکی و گەرم و گوڕییە سوڕما.**

**قوتابیتان**

**خەسرەو**

## بڕگەیەکی پێنج قوتابی پەیامەکانی نوور

زاتێکی خەڵکی (ئیسپارتە) کە خاوەنی زانستێکی زۆر بووە و، یەکێکیش بووە لە ڕێبەرانی – تەریقەتی نەقشبەندی – و لە ساڵەکانی (١٢٩٢ — ١٢٩٣ کۆچی) وەفاتی کردووە، بەناوی حەزرەتی (عوسمان خالیدی بێشکازلیزادە) بووە بەهۆی بەخشینی دڵنیایی بەخەڵکی ئەو گوندانەی کە بەرێزیانی تیادا ژیاوە.

بۆ نەوەکانی باسکردووە، کە بریتییە لە هەواڵدانی موژدەیەك بەهۆی ئەو زانستەی کە خوا پێی بەخشیبوو و لەڕێگەی کەشفەکانییەوە. ئەو موژدەیەش ئەوەیە کە دەفەرموێت: بۆ ڕزگارکردنی ئیمانی موسڵمانان نوێکارێك دەردەکەوێت کە ئەویش لەم ساڵانەدا لە دایك بووە.

ئەم موژدەیەش = لە هەمان ساڵی لە دایك بوونی مامۆستا — دا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لە – چوار منداڵەکانی ئەم زاتە – بە خزمەت مامۆستای بەڕێزمان گەیشتووە.

ئەم هەواڵە ڕاستییەش بەم شێوەیە باسککراوە:

لەساڵی (١٣٢٧ کۆچی) لە (ئەتابە)یدا لە یەکێك لە دەرسەکانی قورئان و سوننەت لەلایەن یەکێك لە قوتابیەکانەوە ئیشارەت بۆ جەنابی (ئەحمەد ئەفەندی) کە کۆتا کوڕی حەزرەتی (عوسمان خالید) بووە دەکات و دەپرسێت هەر دەڵێت:

نوێکار، نوێکار، کێیە و لەکوێیە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵێ ئێستا بوونی هەیە و تەمەنیشی سی و پێنج ساڵە.

دووهەم:

لە گەڕەکی پێنجە لە (ئیسپارتە)دا و لەلایەن برایەکمانەوە بە ناوی (نوری) پرسیار لە خوالێخۆشبوو (ئەحمەد ئەفەندی) کراوە و پێی وت: باپیرەتان وتوویەتی، یەکێك لە نەوەکانی من دەگاتە خزمەتی ئەو نوێکار (مجدد) و تەوقە وقسەی لەگەڵدا دەکات، ئەمە چۆنە؟

لەوەلامدا (ئەحمەد ئەفەندی) خوالێخۆشبووش دەڵێت: بەڵێ ئەوە ڕاستە و منیش بە دیداری گەیشتم. کە ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ دەرخستنی.

حەزرەتی (عوسمان خالید) کە پێشتر باسمان کرد لەیەکێك لە تەسبیحات و تەحمیداتە بێوێنەکانیدا ئایەتی پیرۆزی (وَ اَنْ لَيْسَ لِلاِنْسَانِ الاَّ مَا سَعى) ی نوسیووە و لەگەڵ ئەم ئایەتە پیرۆزەدا هانای یارمەتیدان و پشت بەستنی بۆ یاریدەدەر و سەرخەری ڕاستەقینە برد.

لەم چل ڕۆژە پیرۆزەدا لە باکوری (ئیسپارتە) لەسەر شاخێك بە ناوی (سیدرە)وە بە مەبەستی ڕۆیشتنە ناو "خەڵوەت"وە بۆ پەروەردەکرن و گەشەپێدانی ڕۆحی بە ئەندازەی پەنجا درهەم، چل دانە صەمونی کۆنی کڕی کە هەریەك دانە بۆ یەك ڕۆژ. بەڵام لەیەك ڕۆژدا هەموو صەموونەکانی تەواو کرد و، ڕۆژەکانی تری بەبێ هیچ خواردنێك و، کاتەکانی لەگەڵ یادی خوا و تەسبیحاتەکەیدا دەباتە سەر. لەدوای تەواوبوونی ئەو چل ڕۆژە کە حەزرەتی (عوسمان) دەگەڕێتەوە، لێوە پیرۆزەکانی لکاون بەیەکەوە "بە چەقۆ لەیەکیان جیا کردەوە". سەرەڕای ئەو خراپەکارییەی ئەم سەدەیەی چەشتووە و، کە ماوەیەکی تر دێت. لەگەڵ ئەوەشدا نەشتەرگەری فەرامۆش کردووە، دواتر ئەم حەزرەتی (عوسمان)ە بەوەی – کە هەمیشە لەگەڵ بەدیهێنەرەکەیدا بووە – پلەی شەهیدی دەست دەکەوێت و لاپەڕەی ژیانی لە ساڵی (١٢٩٢ کۆچی)دا کۆتایی دێت.

دواخستنی ئیشکردن لە "مەدرەسەی زەهرا"دا بەمانای (دکتۆر بۆ نەخۆش پێویستە) دێت. دابینکردنی نۆزدە هەزار ئاڵتون و، جگە لەوەش (سوڵتان ڕەشاد) لەپێشتردا لە دوو سەد "نوێنەری پەرلەمان" لەسەر ڕەزامەندی سەد وشەست و سێ پەرلەمانتار، سەد و پەنجا هەزار بانکنۆتی بۆ تەرخان کردووە، بەڵام لە واقیعدا ئەوەشی جێبەجێ نەکرابوو.

بە هەرحاڵ "حاکمی ڕەها قادیری ڕەها" بەشێوەیەکی باشتر ویستی کە بە لوتفی سوڵتانی ئەزەلی و بێ ئەوەی منەتی ماددیمان بێتەسەر – هـذَا مِنْ فَضْلِ رَبِّى، الحمدللّه– بەدەم نیاز و دوعاوە لە خوا کە بوونی (ئیسپارتە) بە سەرچاوەی دانانی

**(پەیامەکانی نوور) و لە حوکمی "مەدرەسەی زەهرا"ی مەعنەویدا – بە پشتیوانی خوای گەورە– ببێتە مایەی داپۆشینی کەم و کوڕییەکانمان لەلای خوای بەخشندە. ئیدی جێگیربوونی ئەم دامەزراوە مەعنەوییە ڕۆژ بەڕۆژ خەونە ڕاست و بەناوبانگ و مانادارەکەی (عوسمان خالید)ی دەرخست.**

**هەزار شوکر و سوپاسی خودا دەکەین کە لەناو ئەم موسیبەتە یەك لە دوای یەکانەدا ئێمەی خستۆتە کار، یەك بە یەکمان بە – بوونی مەعنەویمانەوە – لە خزمەتی مامۆستا داین و دەستە پیرۆزەکانی ماچ دەکەین.**

**لە قوتابیانی پەیامەکانی نوور**

**فەیزی، نەزیف، ئەمین، تەحسین، تۆفیق، حیلمی**

**حەسەن، عوسمان، تاهیر، عبداللە، خلوصی دووهەم، صەبری**

* * *

## برا ئازیزەکانم!

**لەم ڕۆژانەدا سەیری تەفسیر و تەوافوقەکانی وتەی دەهەمم کرد.بە خۆمم وت کە: ئەم ڕوونکردنەوەیە زیادەیە (ئیسراف)ە، بابەتی زۆر گرنگتر هەیە، هەتا کات بە فیڕۆ نەچێت. لەناکاودا ئاگادارکرامەوە کە: لە ژێر ئەو تەوافوقانەدا بابەتی زۆر گرنگ هەیە. هەروەها مادەم لە تەوافوقەکاندا پارێزگارییەکی تایبەتی و، لوتفێکی ڕەحمانی بە (پەیامەکانی نوور)ەوە دەرکەوتووە، لەبەرامبەر ئەو لوتفەی خودای میهرەبانەوە – دەربڕینی شوکرانە و خۆشحاڵی و چەندە زیادەڕۆیی بکرێت لە باس و شوکردا نابێت بە ئیسراف – کۆی ئەم ئاگادارکردنەوەیە لە دوو لاوە ڕوونیدەکەمەوە:**

### یەکەمیان:

**لە هەر شتێکدا با "جوزئی" بێت لە پێناو ئامانجێك و جیلوەی ئیرادەیەکدا هەیە. لە ڕوانگەی حەقیقەتەوە "ڕێککەوت" لە هیچ شتێکدا بوونی نیە. بە تایبەتی مادەم هیچ**

هەڵبژاردەیەك و پەیوەندیەکی مرۆڤ لە نوسینێکدا نەبێت و، لەهەمان کاتدا ڕیزبەندی وشەکانیش بەیەکەوە بگونجێن و بەهۆی یاسایەکەوە ڕێکخرابن. بێگومان ئیرادەیەکی پەنهان (غەیب)ی چاودێری ئەم نوسینانە دەکات و یاسای بۆ دادەنێت. وەك چۆن هیچ شتێك لە دەرەوەی بازنەی زانست و دەسەڵاتیدا نیە، بە هەمان شێوە هیچ شتێکیش لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی خۆیدا نیە کە لە شتێکی بەم شێوەیە "جوزئی" و پەرش و بڵاوەدا گونجاندنێك ببینرێن و نوسینێکی ڕێکوپێك بێت، ئەوا ئەم ڕێکخستنە ئاماژە بۆ چاودێری و لوتفی خوایی دەکات کە هەموو شتێك لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدایە، ئەو "ئیرادە گشتی"یەش لەناو ئەم ڕێکخستنانەدا کە درەوشانەوەی "ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە"یە لە شێوەی پارێزەرێکی تایبەتیدا بۆ پەیامەکان وای کردووە کە (پەیامەکانی نوور) جیا بکرێتەوە و ڕووگەیەکی تایبەتی دەربخەن. منیش بۆ ئەوەی ئەم بابەتە قوڵە ببینم سەیری تەوافوقەکانی "إشارات الإعجاز"م بە وریاییەوە کرد و بەقەناعەتێکی بێگومانەوە هەستم بەو نهێنییە کرد.

### دووهەمیان:

وەك چۆن ئەگەر زاتێکی گەورەی زۆر پیرۆز، بەجۆرێك کە هیچ ئومێدێکی بەکەسێکی هەژار و داماو نەبێت، بە لوتفەوە دیارییەك لە کاغەزێکدا پێشکەشی کابرای هەژاری بکات، بەبێ گومانی ئەم پیاوە بێ چارەیە، دەیەوێت هەزار ئەوەندەی دیاریەکە سوپاس و پێزانینی خۆی بەرامبەر ئەم زاتە دەرببڕێت. چەندێك لە سوپاسکردن و شوکرانەی لوتفی ئەم زاتە زیادەڕەوی بکات ئەوا هەر قبووڵە. وە ئەگەر ئەم پیاوە هەژارە ئەو کاغەزانەی کە ئەو زاتە پیرۆزە دیاریەکەی پێ پێچابووەوە وەك "نوقڵ" بیخوات بڵێ ئەمە تەبەروکە و، تەنانەت ئەگەر تویکڵی "گویز"یش لە ناو کاغەزەکەدا هەبێت و وەك نان بیخوات و بیخاتە سەر سەری، ئەوە نابێت بە زیادەڕۆیی.

**بۆ پەیامەکانی نووریش:**

**بە "ئیرادەیەکی گشتیی" و "چاودێرییەکی تایبەتی" ڕووی لە پەیامەکان کردووە. بەدڵنیاییەوە لەچوارچێوەی ئەو تەوافوقاتانەدا باسکردن و ڕوونکردنەوەی جۆرێکی سوپاسگوزارییە بەکردار. وە تیشکدانەوە (تەڕەشوحات)ی خۆشحاڵی و منەتباربوونە.**

**بەڵێ لەبەرامبەر لوتف و کەرەمی زاتێکی لەم جۆرە کە بەرامبەر چاکەیەکی بە ئەندازەی چل لیرە، ئەو لوتفەی کە چل هەزار لیرە دەهێنێت چەندێك سوپاس بکرێت، زیادەڕۆیی نیە.**

**سەعیدی نوورسی**

* * *

## برایانی ئازیز و ڕاستگۆم!

**بە مەبەستی تەواوکردنی ئەو وەڵامەی کە پێشتر بۆم نووسین سەبارەت بە گوومان باشی ئێوە، کە هەڵقولاوی وەفای خاوێن و بێگەردتانە بەرامبەر بە من و، زۆر لە سەرووی سنووری خۆمەوە دەرتان بڕیبوو، دوو ڕۆژ لەمەوبەر ئەو بڕگەیەی خوارەوەم نووسی..**

**وەڵامەکەی هەفتەی پێشوو، کە تاڕادەیەك ئەو گومان باشییەی ئێوەی زامدار کرد کە لە نامەکەتاندا دەبینرا و ئەنجامی وەفای بێگەرد و هیممەتی بەرزتان بوو، حیکمەتەکەی ئەمەی خوارەوەیە:**

**لەم چەرخەدا چەند تەوژمێکی هێندە بەهێز هەن کە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵن و، هەر شتێك بێت بەردەستیان لە پێناوی خۆیاندا بەکاری دەهێنن، وەك ئەوەی موڵکی خۆیان بێت.. جا ئەگەر بەڕاستی ئەو کەسە چاوەڕوانکراوە لەم چەرخەدا بێت، ئەوا من پێم وایە ئامانجەکەی دەگۆڕێت و، خۆی لەو کەش و بارودۆخانەی جیهانی سیاسەت دادەماڵێت، تاکو هەوڵ و کۆششەکانی بپارێزێت و نەهێڵێت ئەو تەوژمانە بۆ خۆیان زەوتی بکەن!**

پاشان سێ مەسەلە لە گۆڕێدا هەیە:

ژیان.. شەریعەت.. ئیمان.

"مەسەلەی ئیمان" لە ڕوانگەی حەقیقەتەوە گرنگترین و گەورەترینی ئەم سێ مەسەلەیە. کەچی لە بەرچاوی خەڵکیدا بە گشتی و لە ناوەندی داخوازییەکانی بارودۆخی جیهاندا: "ژیان" و "شەریعەت" گرنگترینی ئەو مەسەلانەن!

جا لەبەر ئەوەی گۆڕینی بارودۆخەکانی هەر سێ مەسەلەکە پێکەوە و بە یەك جار لە سەرانسەری زەویدا، هەرگیز لەگەڵ ئەو یاسا و سوننەتەی خوای گەورەدا ناگونجێت کە لە ڕەوتی ژیانی گرۆی مرۆڤدا دەست بەکارە، ئەوا گەر ئەو کەسە چاوەڕوانکراوە لە کاتی ئێستادا هەبێت، گرنگترین و گەورەترینی ئەو مەسەلانە دەکات بە بناغەی کارەکانی، نەك مەسەلەکانی تر، تاکو لە پێش چاوی زۆرینەی خەڵکیدا خاوێنی و بێگەردیی خزمەتی "ئیمان" لە دەست نەچێت و لە ژێریی عەوامەکاندا — کە لەوانەیە بە ئاسانی لە خشتە ببرێن — ئەو ڕاستییە جێگیر بکرێت کە: ئەم خزمەتە هەرگیز ئامراز و هۆکارێك نییە بۆ هیچ ئامانجێکی تر.

* * *

## بڕگەیەکە لە نامەیەکی خەسرەو

بەڵێ مامۆستاکەم، بەچاوی خۆمان دەبینین کە: ئەهلی تەریقەت بەرگەی بیدعەتەکانیان نەگرتووە، هەم کە کەوتوونەتە ناو بیدعەتەکانەوە ناتوانن بێنە دەرەوە لێی، هەم سەیر و سلوکیان لە دەوە دابەزیوە بۆ یەك و دووان، هەم لە ناو ئەو تەریقەتانەوە دان بەوەدا دەنێن کە: ئەو شتانەی کەمایەی زەوق و جەزبە و چێژ وەرگرتنیانە زۆربەیان لە دەست داوە. وەك چاکە و میهرێکی خوای گەورە لەڕووی درەوشاوە و نوورانی پەیامەکانی نووردا دەبینین کە ئەو بریسکانەی کە ڕەنگ دەدەنەوە، بەشی پڕکردنەوەی هەموو خواست و پێداویستییەکانمان دەکات و،

هەمووکەسێکی خستۆتە سەرسوڕمانەوە. هەم ئەهلی بیدعەتی سەر پێ دانەواندووە. لەزمانی ئەو جۆرە کەسانەوە بە دەم ئاخ و ئەسەف هەڵکێشانەوە دەڵێن: نەماندەزانی بەم پەیامانە.

لەناوچەکەماندا، ئەهلی بیدعەت لە بەرامبەر ئەو هێزی ڕاکێشانە و ڕاستیە بەرزانەی کە تەنها لە (پەیامەکانی نوور)دا هەیە بێدەنگ بوون. وەك بڵێیت لەبەرئەوەی خراونەتە درز و قڵیشێکی ترسناکی تاریکەوە بۆیە ئەگەریش بکەونە گۆ ئەوا وتەکانیان کاریگەری نەماوە. تەنها زمانی پەیامەکانە کە دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر و موعجیزانە قسەبکەن و تەنها قوتابییەکانیەتی – بە هێزیی ئیمان – دەتوانن وەك قەڵایەکی پۆڵاین لەبەردەم ئەم بیدعەت و خراپکارییە زۆرەی بێ باوەڕاندا خۆیان بگرن و نەکەون. هەروەها بە ئەندازەیەکی وا فتوحات دەکەن و بە شێوەیەك دەستیان بە نەهی و ئەمرەکانی قورئانەوە گرتووە لە ناو زۆرێك لەو ڕووداوانەی کە بووین بە شاهیدیان تەنها یەکێکیان لە هەزاران قەڵەمی برایانمان دەڵێن کە بێدەنگی (سکوت).

خەسرەو

* * *

## بڕگەیەك دەربارەی خەوێکی عوسمانی نووسەر

لە ڕۆژی شەشەمی شەوی بەراتدا، کە پازدەهەم ڕۆژی مانگی پیرۆزی شەعبانە، خەوێکم بینی کە لە خەومدا:

لە کەنار دەریاچەیەکی گەورەی ڕوونی وەك دەریایەکی بچووکدا جەنگێك لە نێوان ئێمە واتە "حکومەتی تورکی و ئینگلیز یان ئەڵمانەکان"دا هەڵگیرسا. لەکاتی جەنگەکەدا شتێك لە شێوەی تارمایدا لە ئاسمانەوە دەرکەوت. سەرنجی هەموومان کەوتە سەر ئەو شتە، وتمان: ئایا ئەم شتە چیە کە لە ئاسمانەوە دابەزی؟ کە نزیك بووینەوە لە شێوەی مرۆڤێك بوو، دواتر کەسێکی یەکپارچە ڕوو ئەسمەر کە

ئیحرامێکی پێوە بوو، سەری سپی و بە چەفتەیەکی گەورە سەری خۆی داپۆشیبوو شێوەی ئافرەتێکی وەرگرت. یەکسەر لە ناوەڕاستی دەریا بچووکەکەدا مینبەرێکی مەڕمەڕی بۆ دروستکراو ئەم کەسەش ڕۆشتە سەر مینبەرەکە

دواتر دەستیکرد بە خوێندنەوەی ئەو نامانەی کە لەلایەن جەنابتانەوە هاتبوون(نێردرابوون). بێدەنگیش باڵی بەسەر هەردوو لادا کێشابوو. هەموویان بە گیان و دڵ گوێیان لەو نامانە گرتبوو کە خوێندنیەوە. لە کۆتایدا فەرمووی: بەڵێ، ئەگەر کردارەکانتان بەپێی بڕیار و دەستوورەکانی شەریعەت و ئەم قورئانە پیرۆزە بێت ئەوا ڕزگارتان دەبێت. بەڵام ئەگەر بەپێی شەریعەت و شەعائیر و دەستوورەکانی قورئانی پیرۆز نەبێت ئەوا هەمووتان پەرێشان و بەدبەخت دەبن.

دواتر هاتمەوە بۆماڵەوە، کاك (ڕەئفەت و ڕوشدی) هاتن بۆ ماڵمان، وتیان تۆ ئەم نهێنییەت دەرخستووە؟ ئەم نامانە لەسەر مینبەرەکە خوێندرانەوە؟ منیش لە وەڵامدا وتم: "نەخێر براکانم، ئێوە لەم نهێنییە تێنەگەیشن؟ ئەو زاتە لە ئاسمانەوە هاتووە، نامەکانیشی لەوێوە هێناوە. من کێم هەتا بڕۆم ئەو بابەتە تازانە بڵاوبکەمەوە؟

دواتر لە ماڵەکەدا گەڕام بۆئەوەی میوە یان چاییەك یان شتێکی لەو جۆرانە کە بۆ میوانداری دادەنرێت پێشکەش بکەم، لە ماڵەکەمدا چوار قوتوو حەڵوام بینی. دوو دانەمدا بەوان و، خۆیشم دوانم خوارد. کە لە خەو هەستام دەمم شیرین بوو.

–پشتیوان بە خوا– لەبەر خاتری ئەم شەوی بەراتە و بەهۆی بەرەکەتی دوعاکانی ئێوەوە ئەم خەوە سەبارەت بە ئێمەوە پیرۆز دەبێت، تکایە چاوەڕوانی ڕوونکردنەوەکانتانین.

قوتابیتان

عوسمانی نووسەر

* * *

# بەرێکی قەرەداغ

برا ئازیزەکانم!

ئەم جارەیان لەبری نامە ئەم بەری درەختە دەنێرین.

لەمانا ئاماژەییە "کوللی"ەکانی ئایەتێکی قورئانیدا، ئاماژە بۆ یەك دانەیان دەکەین، لەسەردەمی ئازادییەوە هەتا ئێستا.

لە ڕۆژی سێیەمی تشرینی دووەمی ساڵی (١٣٥٨ کۆچی)دا بەسەر شاخی قەرەداغدا سەردەکەوتم. لەوکاتەدا بە بیرمدا هات کە ئەم زنجیرە ڕووداوە خەماوی و بە حەسرەتانە کە بەسەر مرۆڤەکاندا بە تایبەت ئەو ڕووداوانەی بەسەر موسوڵماناندا هاتووە، لە کەیەوە دەستیان پێکردووە و هەتاکەیش بەردەوام دەبن؟ یەکسەر قورئانی موعجیزەی بەیان کە هەموو کاتێك بەهانامەوە هاتووە و کێشەکانمی بۆ چارەسەر کردووم، سورەتی (العصر)ی هێنایە بەرچاوم فەرمووی: سەیرکە، منیش سەیرم کرد، بینیم ئایەتی پیرۆزی (وَ الْعَصْرِ اِنَّ الْاِنْسَانَ لَفِى خُسْرٍ ) وەك ئەوەی کە بووە بە وتاربێژ "خیطاب"ی هەموو سەردەمەکان، بە هەمان شێوە و تەنانەت زیاتریش بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە دەڕوانێت، کە مەقامی جفری (اِنَّ الْاِنْسَانَ لَفِى خُسْرٍ ) ساڵی (١٣٢٤کۆچی) و ئاماژە بۆ ڕووداوەکانی هەڵگەڕانەوە (ئینقلابی) ئازادی و گۆڕانی دەستەڵات و جەنگەکانی (باڵکان و ئیتاڵیا و شکستەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و ڕێککەوتنەکانی) و لەرزین و جێ لەقبوونی شەعایرە ئیسلامیەکان و ئەو ئاگر و بەڵایانەی ڕوویان لەم مەملەکەتە کرد و گەردەلولی (جەنگی جیهانی دووهەم) و موسیبەت و لە دەستچوونەکانی مرۆڤایەتی دەکات، ئایەتی (اِنَّ الْاِنْسَانَ لَفِى خُسْرٍ) حەقیقەتێکی بەشێوەیەکی بەرجەستە و ماددی هەمان کات و سەردەم نیشان دەدات و بەوەش بریسکانەوەیەکی ئیعجازی خۆی دەردەخات.

مەقامی جفری ئایەتی (اِلاَّ الَّذِينَ امَنُوا وَ عَمِلُوا الصَّالِحَاتِ)ش دەکاتە ساڵی (١٣٥٨کۆچی) بەهەژمارکردنی دوو پیتی کۆتاییەکەی (هـ، ت) کە بە (پێنج و

شەددەدار) دادەنرێن و ئاماژە بۆ ساڵی (١٣٥٨ كۆچی)و ساڵی داهاتووش دەكات، كە تیایدا چەند ڕووداوێكی دڵتەزێن و تیاچوونی ماددی و بەتایبەتی تیاچوونی مەعنەویی ڕویدا. وەك چۆن تاكە ڕێگا چارە بۆ ڕزگاربوون لەو ڕووداوانە بە تایبەت بەڵا مەعنەوییەكان (ئیمان و كردەوەی چاكە)، وە بە پێچەوانەشەوە تاكە هۆكاری ئەو بەڵانە كوفر و ناشوكریكردنە، واتە بێئیمانی و فیسق و سەفاهەتە.

زۆر شوكرانەی خوای گەورەمان كرد كە بەهۆی سورەتی (والعصر)ەوە كە هەرچەندە خۆی سورەتێكی كورتە بەڵام ڕاستییەكی خەزێنەكراویی درێژ و فراوانی بۆ دەرخستین و عەزەمەت و قودسییەتی ئەم سورەتەشمان بۆ دەركەوت.

بەڵێ، ئەو تیاچوونانەی كە لەم سەردەمەدا بەهۆی "جەنگی دووەمی جیهانیی"ەوە ڕوویاندا، وەك چۆن ئەو ئیمانەی كە لە "قورئان"دایە و "كردەوەی چاك" بوو بەهۆی ڕزگاربوون لەم جەنگە، بەهەمان جۆر ئەو برسێتی و قات و قڕیەی كە توشی هەژارەكان بوو هۆكارەكەی فەرامۆشكردنی – برسێتییەكی شیرین و بەتام و چێژی ڕۆژو – بوو. وە ئەو لە دەستدان و زیانانەش كە توشی "دەوڵەمەندەكان" بوو هۆكارەكەی بەجێنەگەیاندنی "فەرزی زەكات" بوو و لە بریدا قۆرغكاری پەیدابوو. وەهۆكاری ئەوەی كە "ئەنادۆڵ" نەبوو بە مەیدانی ئەم جەنگە جیهانییە ئەوەیكە بەهۆی دەستەواژەی پیرۆزی (اِلاَّ الَّذِینَ امَنُوا )وە وە (پەیامەكانی نوور) بەشێوەیەكی حەقیقی دەرسی بە سەدان هەزار خەڵكی "ئەنادۆڵ" دەوتەوە. ئەمەشمان بەهۆی پیشاندانی زۆرێك لە ئاماژە و شایەتیدانی چەندەها قوتابی پەیامەكان و قەناعەتكردنی هەزاران كەس لە ئەهلی حەقیقەت بۆ دەركەوت.

## پوختەی قسە:

یەكێك لەو ئاماژانە بریتییە لەوەی كە وەك چۆن هەركاتێك تەنگانە بهێنرایەتە ڕێی (پەیامەكانی نوور) یان ئەو كەسانەی كە دووركەوتونەتەوە لە خزمەتەكانیان ئەوا زللەیان خواردووە. بەهەمان جۆر ئەو ڕێگرانەی كە لەم ساڵەدا و لە دەوروبەری دەهێنرانە ڕێی (پەیامەكانی نوور) بەشێوەیەكی گشتی ئاستەنگ و تەگەرەیان

لەبەردەم بڵاوکردنەوەیاندا دادەنا و، لە ئێستا دۆخێکی وەستاویان بۆ پەیامەکان هێناوەتە ئاراوە بۆیە ئەو ڕێگر و ئاستەنگانە بوون بەهۆی ئەم ئازار و ئەشکەنجانەی کە لە ئێستادا ڕوویانداوە.

* * *

## پەراوێزێکی سورەتی (وَالْعَصْر)ە
## بەناوی بابەتی بەری شاخەوە

پیتە تاکانی (ت) کۆتایی وشەی (اَلصَّالِحَاتِ)، کە لە کاتی – تیلاوە – کردندا لەسەری دەوەستێنرێت لە جفردا (هـ) دایبنێین. لەم خاڵەدا لەگەڵ (اِلاَّ) دایە، کە ساڵی (١٣٥٨ کۆچی)مان پیشان دەدات، بەڵام کاتێك دەردەبڕێت و دەخوێندرێتەوە (هـ) ناخوێندرێتەوە تەنیا(ت) دەمێنێتەوە. لێرەدا ئەگەر "شەددەکان" نەژمێردرێت و لەگەڵ (اِلاَّ) دا نەبێت، ئەوا ئاماژە بۆ ماوەی ئەو دوو سەد ساڵە دەکات کە (گروپێکی ئازا و مەزن)، بە ئیمان و کردەوەی چاك درێژە و بەردەوامی بە ململانێ و موجاهەدە لە بەرامبەر ئەو تیاچوونە مەزنەوە دەدەن کە سەریهەڵداوە. ئەو گروپەی لە کۆتایی سورەتی (فاتیحە)دایە (صِرَاطَ الَّذِينَ اَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ) نیشان دەدات.
هەروەها (لاَ تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ اُمَّتِي ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ حَتَّى يَاْتِىَ اللّهُ بِاَمْرِهِ)

### ڕستەی یەکەم:

لەگەڵ مەقامی جفری ئاماژە بۆ ساڵی (١٥٠٠ کۆچی) دەکات کە لە ئاخر زەماندا گروپێك موجاهەدە دەکەن.

### ڕستەی دووهەم:

لەگەڵ مەقامی جفری ئاماژە بۆ ساڵی (١٥٠٦ کۆچی) دەکات کە بەرواری سەرکەوتن دەکات.

ڕستەی سێهەم:

کە مەقامی جفرییەکەی دەکاتە ساڵی (١٥٤٥کۆچی)و بە جیاوازییەکی کەمەوە تەوافوقی هەیە لەگەڵ ئەو ئامارژە غەیبییانەی سورەتی (فاتیحە) و ڕستەی دووەمی سورەتی (والعصر).

کەواتە ئەم فەرموودە پیرۆزە لە هەر سێ ڕستەکەیدا ئامارژەکانی بۆ ساڵی (١٥٠٠کۆچی) و ماوەی بەردەوامی موجاهەدە و هەوڵدانە، بەهەمان شێوە ئایەتی (اَلَّذِينَ امَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ) بە مەقامی جفری دەکاتە ساڵی (١٥٦١ کۆچی)، هەروەها ئایەتی (وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ) بە مەقامی جفری دەکاتە ساڵی (١٥٦٠ کۆچی)، ئامارژە بە کار و موجاهەدەی ئەو گروپە مەزنە و هەتا کەی بەردەوام دەبێت دەکات، وە سورەتی (فاتیحە) و ئەو ساڵانەی کە فەرموودەکە دەریخستوون، بە مەقامی ئەبجەدی لێی نزیك دەبێتەوە و تەنها بە یەك جیاوازییەوە "تەوافوق" دەکەن وە بە واتاکانیشیان بە تەواوی هاوتای یەك دەبن و بریسکەیەکی ڕووناکی ئیعجازی غەیبی نیشان دەدات.

* * *

## خاڵێکی ئیعجاز کە لە ناکاو هاتە دڵەوە

لەبەرئەوەی هەرشتێك پەیوەندی بە قورئانی پیرۆزەوە هەبێت با جوزئی و بچووکیش بێت نرخەکەی گەورەیە، تیشکێکی بچووکی ئیشاراتی قورئانی کە بۆ ئەم سەردەمەمان دەڕوانێت و تەوافوقی لەگەڵدا دەکات، ئەمڕۆ بە بۆنەی باسکردنی بابەتی ئیعجازی سورەتی (والعصر) و، بە پشتبەستن بە واتای ئامارژەیی پلەکانی دەستووری تەوافوق لە سورەتی (فیل) دا ئاگادارکرامەوە کەخاڵێکی باس بکەم، بەم شێوەیە:

سورەتی (اَلَمْ تَرَ كَيْفَ) كە دەربارەی ڕووداوێكی مێژوویی بەناوبانگ و جوزئیەوە هاتووە بە پێی هەر چین وتوێژێك، لە هەموو سەردەمێكیشدا هاوشێوەی ئەو ڕووداوە مێژووییە دووبارە دەبەێتەوە و كەسانی لەو جۆرە هەن بۆیە واتا ئاماژەییەكانی ئەم سورەتە پیرۆزە ڕووی لەهەموو سەدەكانە، كە بەپێی هەر چین و توێژێك لە هەر سەردەمێكدا یەكێك لە چینەكان، ئەم سوورەتە پیرۆزە ئاماژەی بۆ دەكات و واتایەكی دەردەكەوێت.

وە ئەو قورئانەی كە بۆ هەموو سەدەكان هاتووە و ڕێنماییكەری هەموو مرۆڤایەتییە و خاوەنی "ڕەوانبێژی"یەكە كە دەتوانێت لەگەڵ هەموو سەدەكاندا قسە بكات و بەگوێرەی ئەو شوێن و كاتە ڕێنماییمان بكات، بۆیە ئەم سورەتە پیرۆزە دەڕوانێتە ئەم سەدەیەی ئێمە و وانە (دەرس)مان دەدات و زللەش لە خراپەكاران دەدات، لە واتا ئاماژەییەكانی ئەم ئایەتە، هەواڵدانی لە گەورەترین ڕووی ئەم سەدەیە (مەبەست لە سەدەی بیستەمە) بەسێ ڕستە و، لە ڕێگەی جفر و ژماردنی ئەبجەدییەوە هەواڵی هەڵبژاردن لە هەر بوار و ئاڕاستەیەكدا و، فەزڵی دنیا بەسەر قیامەت دا دەدەن و سزای گومڕاییەكەیان باس دەكات.

## ڕستەیەی یەكەم:

دەستەواژەی (تَـرْمِيهِمْ بِحِجَـارَةٍ) وەك چۆن باس لە بەردبارانكردنی سوپاكەی (ئەبرەهە) دەكات كاتێك هێرشیان كردبووە سەر (كەعبە)، بەهەمان جۆر ئاماژە بۆ ساڵی (١٣٥٩ كۆچی) دەكات كە "تەوافوق"ی ئیشاری تێدایە، چونكە لەو ساڵەدا لە ئاسمانەوە بەردباران و بۆمبارانی ئەو مەدەنیانەكرا كە دونیایان لەبری قیامەت هەڵبژارد و مرۆڤایەتیان لە ڕێگەی ڕاست لادا.

## ڕستەی دووهەم:

لە ڕستەی (اَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِى تَضْلِيلٍ) وەك چۆن لە سەردەمی كۆندا بە مەبەستی كوژاندنەوەی نوری (كەعبە) ئەوانەی بە فڕوفێڵ هێرشیان كردە سەری، بەڵام ڕووداوەكە پێچەوانە بوویەوە وخۆیان بەرەو نەمان و گومڕایی تیاچوون بوونەوە، بە

هـەمان شـێوە لـەم سـەردەمەدا و لـە ڕێگـەی فڕوفێڵەکانیانـەوە ئەوانـەی هـەوڵی وێرانکردنـی (قیبلـە و کەعبـە)ی ئاینـە ئاسمانییـەکان دەدەن لـە ئـەهلی گـومڕایی و خراپەکار لە ڕێگەی بۆمبا ئاسمانیەکانەوە سزادران و زللـەیان دەرخوارد درا ، وشـەی (فِي تَضْلِيلٍ) ی پیرۆز ئاماژە بۆ هـەمان کات دەکات کە ساڵی (١٣٦٠ کۆچی)یە و بە "تەوافوق" ئاماژەی پێدەکات.

## ڕستەی سێهەم:

کە بریتییە لە (اَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِاَصْحَابِ الْفِيلِ) وەك چۆن لـەمانای ڕوون (صەریح)ی ئایەتەکەدا خوای مەزن ڕوو لە پێغەمبەر ﷺ دەکات و دەفەرموێت: ئایا نابینیت چۆن نیشتیمانەکەت و قیبلەکەت کە (مەککەی پیرۆز) و (کەعبەی پیرۆز)ە تۆڵەیان لێسەندرایەوە و چ زللەیەکیان لێدرا؟

وەك چۆن ئەم ئایەتە پیرۆزە بە شێوەیەکی ئاشکرا ئاماژەی بۆ ئەو سزایانە کردووە کە لەو سەردەمەدا بەسەر دوژمنەکانی پێغەمبەر ﷺ و ئیسلامدا هاتووە، بە هەمان شێوە لەم سەردەمەشدا و لەیەکێك لە ئاماژەکانیدا دەفەرموێت کە: سەیربکە و ببینە چۆن دوژمنە سەرسەختەکانی (ئاینەکەت و ئیسلام و قورئان) زللـەیان لـێدەدرێت و سزای بە ئازار دەچێژن؟ ئەو دوژمنانەی کە لەبەر بەرژەوەندی دنیاکەیان موقەدەساتی دینییان پێشێل دەکەن.

بەهـەمان شـێوە بـە مـەقامی جفـری ئایەتـە پیرۆزەکـەش بـە تـەواوی لەگـەڵ سـاڵی (١٣٥٩کۆچی) ئاماژە بۆ هەمان بەڵا و زللـەی ئاسمانی دەکات، کە دەبارێت بەسـەر ئەوانـەی کـە سـوکایەتییان بـە ئـایینی (ئیسـلام) کـردووە و بـەم شـێوەیە سـزاکەی وەردەگرن.

ئەوە نەبێت کە تەنیا لەبری وشەی فیل وشەی دنیا دەنوسرێت، واتە (أصحاب الفيل) دەبێت بە (أصحاب الدنيا).[11]

---

[11] نهێنی لابردنی ئەم وشەی (فیل)ە ئەوەیە کە لە سەدەکانی پێشوودا پشتیان بە (فیل) بەستووە کە بـە (فیلـی محمـود)ی بـەناوبانگ بـووە و بـەکاریان هێنـاوە بـۆ هێـرش کـردن. بـەڵام لـە ئێسـتادا

## شیكردنەوە:

پیتەكانی ئەم ئایەتە پیرۆزەی (تَرْمِيهِمْ بِحِجَارَةٍ) كە: دوو (ت) هەشت سەد، دوو (ر) چوار سەد، دوو(م)، یەك (ب)، یەك (ح)، یەك (ی) بە هەموویان سەد دەكات، لەبەرئەوەی (تەنوین)ەكە لەسەری ناوستێنرێت و دەبێت بە (نون) پەنجا، یەك(هـ)، یەك(ج)، یەك(أ)، نۆ، كۆی هەمووی دەكاتە ساڵی(١٣٥٩ كۆچی).

پیتەكانی(فِي تَضْلِيلٍ) (چ) هەشت سەد، (ت) چوارسەد،(ف) هەشتا، دوو(ی) بیست، دوو(ل) شەست، تەنوینەكە ناژمێردرێت، چونكە ڕاستەوخۆ لەسەری دەوەستێت، كۆی هەمووی (١٣٦٠ كۆچی) دەكات.

پیتەكانی (أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ) دوو (ر)، یەك (ت)، هەشت سەد، دوو (ف)، دوو (ك) دوو سەد، دوو(ل)، یەك (هـ) سەد، یەك (ع)، یەك (ص) سەد و شەست، چوار (ب)، سێ (أ)، یەك (ی)، یەك (ح) بیست ونۆ.

پیتەكانی وشەی (الدُّنْيَا)، كە لە بری (الْفِيلِ) هاتبێت .دوو (د)، یەك (أ) نۆ، یەك (ن) پەنجا، یەك (ی)، یەك (أ)، سەرجەم دەكاتە ( ١٣٥٨ كۆچی)، بە ساڵی (عەرەبی و

---

(سەروەت و سامان و موڵكی دنیا) بووە بە خاڵی پشت پێبەستن و، بەهۆی ئەو سامانەوە چەندەها ئامێری ئاسمانی و دەریاییان دروست كردووە، كە وەك ئەو(فیل)ە نەوەی مرۆڤایەتیان كردووە بە كۆیلەی خۆیان و – مەدەنیەتچیەكانی ئەوروپاش – بەهۆی لایەنە خراپەكان و سەفاهەتە بێدینییەكەیەوە نەك بەهۆی لایەنە باش و بەسوودەكەی مەدەنیەتەوە، دەستەڵاتی ئیسلامیان بەسەر سێ سەد و پەنجا ملیۆن موسوڵمان لە هەموو لایەكەوە شكاندووە و، سەریشیان بۆ ئیستیبدادەكەیان پێ نەواندوون و، بوون بە هۆكاری داباریێنی ئەم بەڵا ئاسمانییە. بڕیاری خودا بەو جۆرەبوو كە لێدانی زللە لە زاڵمان و بێدینەكان لەسزای زوڵم و دونیا پەرستیەكەیاندا، گۆڕینی (ماڵ و سامانی فانی دنیای هەژار و داماو و مەزڵومەكان) ڕووە و قیامەت و كردەوە باشەكانیان كرا بە كەفارەتی گوناهەكانیان لەو دونیادا، ئێستاش وا حەوت ساڵە دۆخی دنیا پەرستەكان لە موسیبەت و سەفاهەتدایە و، هەرچەندە هیچ هەواڵێك دەربارەی جەنگی جیهانی نازانم، بەڵام دۆخی دوو ساڵی سەرەتای ئەو جەنگە بە تەواوی تەفسیری ئەم ئایەتە دەكات و هێما و ئاماژەی تێدایە بۆ دابەزینی زللە و سزا بەسەر ئەو زاڵمانەدا.

زاینی) ئاماژە بۆ ئەو سەردەمانە ڕادەکێشێت کە بە شێوەیەکی "تەوافوق" زللە ئاسمانییەکان لەو سالأنەدا وەشێندراوە.[١٢]

* * *

## دەرهێنان (ئیستیخراج)ێکی خەسرەوی بچووك کە فەیزییە!

**پاشکۆیەکی ئەو دەرهێنانەی حافظ علی کە لە ئایەتی سی وسێهەمدا هێناوییەتی**

## بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

لە ئایەتی مەزنی (اَفَمَنْ شَرَحَ اللّهُ صَدْرَهُ لِلاِسْلاَمِ فَهُوَ عَلى نُورٍ مِنْ رَبِّه) لە سورەتی (الزُمَر) دا جگە لە مانا ڕاشکاوەکەی لە هێما و ئاماژەکانیدا مانایەکم دۆزیوەتەوە کە ئاماژە بۆ (پەیامەکانی نوور) و بوون بە تەفسیری قورئان دەکات. بەپێی (حسابی جفری و ئەبجەدی) بیرکاری، مەقامی جفری ئەم ئایەتە پیرۆزە(اَفَمَنْ شَرَحَ اللّهُ صَدْرَهُ لِلاِسْلاَمِ فَهُوَ) دەکاتە (١٣٢٩) یان (١٣٢٨) کۆچی، واتە لەگەڵ کوللیاتی (مَنْ) و ئاماژەکانی (فَهُوَ)دا، ئاماژەی بۆ کەسێك کردووە کە بەنووری (إنشراحِ صدر) گۆڕاو ڕۆشتە حاڵەتێکی نوورانی و ڕزگاری بوو لە ناڕەحەتیەکانی پێشووی و، ئاماژە بۆ ئامادەکارییەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووهەم دەکات کە مێژوویەکی زۆر ترسناك و خەمناوی بوو.

---

[١٢] ئەم سورەتە بەهێمایەکی ئاماژەیی هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکات. ئەگەر مرۆڤایەتی لە "شیرك" نەگەڕێتەوە و، سوپاسگوزاریی دەرنەبڕێت. ئەوا بە دەستی مەلائیکەتەکان بە بەردە ئاسمانییەکان بەرد باران دەکرێن.

براتان

سەعیدی نوورسی

هەروەها وەك چۆن وشەی (نُورٍ مِنْ رَبِّهِ) لەئایەتی پیروزی (فَهُوَ عَلى نُورٍ مِنْ رَبِّهِ) بە مەقامە جفرییەکەی و واتاکەی و شێوەکەی "تەوافوق"ی هەیە لەگەڵ ناوی پەیامەکانی نووردا بە هەمان جۆر مەقامی جفری ئایەتی پیرۆزی (اَفَمَنْ شَرَحَ اللّهُ صَدْرَهُ لِلاِسْلاَمِ فَهُوَ)ش بەپێی لێکۆڵینەوەکانم "تەوافوق"ی هەیە لەگەڵ دۆخی دانەری[١٣] پەیامەکانی نوور، چونکە لەوکاتەدا لە دەستپێکی جەنگی جیهانیدا مامۆستا عادەتەکانی جارانی کە زانستی فەلسەفە و زانستی (ئالییە) و وە (عالیە) بووە واز لێ دەهێنێت و دەست دەکات بە نوسینەوەی پەیامەکانی نوور و یەکەم پەیامی تەفسیری (إشارات الإعجاز) دەنوسێت. کاتێك کە هەموو هیممەت و توانا و فیکری لە خزمەتی قورئاندا خستەکار، ئاماژە بەوە دەکات کە (دانەری) پەیامەکانی نوور لەم سەردەمەدا نوێنەری کەسێتی مەعنەویی قوتابیانییەتی.

بەڵێ، مادەم قورئانی موعجیز و بەیان لە هەر سەردەمێکدا گوفتاری ڕوو لە هەموو کەسێکە، وە بە زانستێکی فراوان و ئیرادەیەکی گشتییەوە بۆ هەموو شتێك دەڕوانێت. وە مادەم بە یەکگرتن و ڕێککەوتنی زانایانی ئیسلام جگە لە مانا ڕاشکاوانەکانی ئایەتەکانی قورئان، مانای دیکە و، هێما و، ئاماژەی بۆ چەندین چینی کۆمەڵگە هەیە.

مادەم ئایەتی پیرۆزی (يَا اَيُّهَا الَّذِينَ امَنُوا) مەبەستی هەموو ئیماندارانی هەموو سەدەکانە، ئەم ئایەتە ئیماندارانی ئەم سەدەیەش دەگرێتەوە، وەك ئیماندارەکانی سەدەی زێڕین (عصر السعادة).

مادەم لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئەم سەدەیە، ئێجگار گرنگ و ترسناکە. بۆیە قورئان و فەرموودە پیرۆزەکان بە هەواڵدانە غەیبییەکانیان ئەهلی ئیمان وریا دەکەنەوە کە خۆیان بە دوور بگرن لەو فیتنە و ئاشوبانەی ئاخر زەمان کە دێنە ڕێگەیان.

---

[١٣] ئەمە "تەوافوق"ێکە دەربارەی (شرحی صدر)ەوە، لە مامۆستاکەمەوە تێگەیشتم، کە بۆ ماوەی (٢٥ ساڵ) بە بەردەوامی و گرنگترین دوعای: (اَللّهُمَّ اشْرَحْ صَدْرِى لِلاِيمَانِ وَ الْاِسْلاَمِ) بووە لە موناجاتەکەیدا.

مادەم هەر لە سەردەمانی پێشووەوە، (حساباتی جفری و ئەبجەدی و بیرکاری) دەستورێکی دامەزراوە و، بە ئاماژەیەکی بە هێزیش دادەنرێت.

مادەم پەیامەکانی نوور و دانەرەکەی و قوتابیانی، لە خزمەتکردنی قورئان و ئیماندا ئەرکێکی گەشاوە و کاریگەر و گرنگیەکی زۆری بەدەست هێناوە.

مادەم ئەم ئایەتە مەزنە دەڕوانێتە ئەم سەردەمە و، بۆ هەردوو جەنگی جیهانی دەڕوانێت، لەگەڵ تەقینەوەی [١٤] جەنگی کۆن و، دەرکەوتنی پەیامەکانی نوور، تەوافوقی هەیە.

کەواتە بەدڵنیاییەوە بەپێی ئەو حەقیقەتانەی کە خرانە ڕوو و، لەسەر بناغەی ئاماژە بەهێزەکانیش، بەبێ گومانی بڕیار دەدەین دەتوانێت بوترێت کە:

کەسی مەعنەویی پەیامەکانی نوور و دانەرەکەی کەسێك دەبێت کە لە چوارچێوەی تێڕوانینی ئەم ئایەتەدایە و لەناو چینەکانی هێما ئاماژەییەکانی کۆی گشتی ئایەتەکەدایە و، بە هێما هەواڵی هاتنی ئەو کەسە دەدات و لە شێوەی هەواڵێکی غەیبیدا بریسکەیەکی ئیعجاز نیشان دەدات.

## شیکردنەوە:

یەك (ش)، دوو (ر) حەوت سەد، (ل، ن، م، ف) دوو سەد، (أ، هـ، د، ص) سەد، (س، م) سەد ناوی جەلالی (الله) شەست و حەوت، دوو (ل) شەست، (فَهُوَ) نەوەد و یەك، پیتەکانی وشەی (لِلاِسْلاَمِ) دوو یان سێ (أ)، دوو یان سێ (ح) هەشت.

(نُورٍ مِنْ رَبِّهِ)، (رسالهِ نور) کە لە هەردووکیاندا وشەی (نور) هەیە. (ر) ی (رسالە) بەرامبەرە بە (ر) ی (رَبِّه).

ئەگەر تەنوینەکەی (نُورٍ) هەژمار بکرێت، ئەوا (ن)ەکەی (النُّورْ)یش بە نونی شەددەدار دەژمێردرێت، دووبارە یەکدەگرنەوە، بێجگە لە وشەی (نُورٍ) هەردوو وشەی

---

[١٤] دەکرێت مەبەستی جەنگی یەکەمی جیهانی بێت، یان جەنگی دەوڵەتی عوسمانی و ڕوسیا (١٨٧١) بێت.

(مِنْ بە) دەكاتە نەوەد و حەوت و، بە تەواوی "تەوافوق"ی دەبێت لەگەڵ ئەو پیتانەی لە (رسالەِ نور) دا ماونەتەوە (س، ل، هـ) دوو (أ) کە نەوەد و حەوت دەکات.

لە دەربڕینی تورکیدا خوێندنەوەی (رسالەِ النور) لەگەڵ هەمزەکەیدا) زیانی نابێت.

ئاماژیەیەکی بەهێزم دەربارەی (پەیامەکانی نوور) دۆزییەوە لەناو هەردوو ئایەتی پازدەهەمی سورەتی (مائدە)دا

قَدْ جَاءَكُمْ مِنَ اللّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُبِينٌ يَهْدِي بِهِ اللّهُ

وە لە کۆتایی سورەتی(نِساء) ئایەتی

يَا اَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمْ بُرْهَانٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَاَنْزَلْنَا اِلَيْكُمْ نُورًا مُبِينًا

کە بەپێی جفر و مانا، واتای ئەم دوو ئایەتە پیرۆزە لە ناو واتا ئاماژەییەکاندا، ئاماژە بۆ پەیامەکانی نوور کراوە.

مامۆستام لە تیشکی یەکەمدا لە (ئاماژە قورئانیەکاندا) ئامارژەی ئایەتی دووهەم لە سورەتی (نِساء) باسکردووە و ڕوونی کردووەتەوە.

ئایەتی یەکەمیش لێرەدا، کە ئایەتی پازدەهەمی سورەتی (المائدە) یە و، ئەو ئاماژەیەی مامۆستام دڵنیا دەکاتەوە و دەیچەسپێنێت، هەروەها ئامارژەی ئایەتی (اَفَمَنْ شَرَحَ اللّهُ) تەصدیق دەکات.

بەڵێ، لەم سەردەمەدا هەرکەسێك بە ویژدانەوە تەماشای ئەو ئایەتە بکات تەصدیقی ئەوە دەکات کە یەکێك لەمانا و هێما و ئاماژەکانی ئەو ئایەتە بۆ پەیامەکانی نوورە.

پەیامەکانی نوور پەیوەندییەکی ڕۆحی لەگەڵ هەموو کەسێکدا هەیە.

مادەم مەقامی جفری ئەم ئایەتە دەکاتە (١٣٦٦ کۆچی)، ئەگەر مەددەکان و هەمزەکان نەخوێندرێنەوە ئەوا (١٣٦٢ کۆچی) دەکات.

مادەم پەیامەکانی نوور، نوورەکان و هیدایەتەکانی قورئانی موبین بڵاودەکاتەوە، ئەوا کتێبێکی موبینە.

مادەم بێجگە لە پەیامەکان – بە ئاشکرا – هیچ شتێکی تر نابینین کە لەپێشییەوە بێت و، هیچ کەسێکی تریش نابینین کە ئەم وەزیفە گەورەیە لەگەڵ هەبوونی چەندەها هەل و مەرجی قورسدا بەجێبگەیەنێت.

مادەم ئایەتە پیرۆزەکان وەك وتە و کتێبەکانی تر لە چوارچێوەی واتایەکی دیاریکراودا نابەسترێنەوە.

مادەم پەیامەکان ڕۆشتوونەتە ناو ئامازە شارراوەکان و ئامازەکانی تێگەیشتنی کەلامی خوایی.

مادەم زۆرێك لە ئەهلی ویلایەت وەك (نەجمەددین کوبرا و محیّدینی عەرەبی)، جگە لەواتا ئاشکراکانیان، زۆر واتای ناوەڕۆك و نهێنیان لە ئایەتەکانەوە دەرهێناوە و تەفسیریان کردوون. تەنانەت لە تەفسیرەکانیاندا لە باسی حەزرەتی موسا(علیەالسلام) و فیرعەوندا، بە دۆخی ململانێی (موراد و دڵ و نەفس)دا بە یەکەوە بەراورد کردووە (وەك یەك تەماشایان کردووە) کەوایان فەرمووە ئوممەت (خەڵك) دەستیان بۆ ئەوانە نەبردووە(واتە هیچ ڕەخنەیەکیان لێنەگرتوون)، زۆربەی زانایان تەصدیقی ئەوانەیان کردووە.

وە ئایەتە پیرۆزەکە بە نیشانە شاراوەکانی ئامازەیەکی بەهێز بۆ (پەیامەکانی نوور) دەکات و ئەمەش ئامازەیەکی بەڵگە نەویستە و پێویست بە هیچ گومان و دوودڵییەك ناکات.

## شیکردنەوە:

(قَدْ جَاءَكُمْ) ١٦٩ (مِنَ اللّٰهِ) ١٥٧ (نُورٌ) بە تەنوینەکەیەوە ٣٠٦ (وَ كِتَابٌ مُبِينٌ) ٦٣١ (يَهْدِي بِهِ اللّٰهُ) ١٠٣، کۆی گشتی (١٣٦٦ کۆچی) دەکات.

ئەگەر مەددەکان و ئەو هەمزانەش کە ناخوێنرێنەوە نەژمێردرێن، ئەوا دەبێتە "تەوافوق"ی ئەم ساڵی موحەڕەمە کە ساڵی (١٣٦٢ کۆچی)ە.

ئەگەر لەسەر تەنوینی (مُبِينٌ) بوەستیت، ئەوا ساڵی (١٣١٦ کۆچی) دەکات کە دەبێتە "تەوافوق" هەم بۆ سەرەتای پەیامەکانی نوور و تەواوکردنی. وەك لە تیشکی یەکەمدا باسکراوە زۆرێك لە ئایەتەکان بە گرنگییەوە هەمان بەرواریان نیشانداوە.

* * *

## بِاسْمِهِ سُبْحَانَهُ

من سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە دەڵێن لە (ئیجتیهاد)ەکەتدا هەڵە هەیە و دەیسەلمێنن، سوپاسیان دەکەم و بە ڕۆح وگیانم منەتباریانم. بەڵام هەتا ئێستا، ئەوانەی بە تەواوی بڕوایانەوە تەصدیقی ئەو ئیجتیهادەمیان کردووە، هەزاران کەس لە ئەهلی ئیمان وە لەناو ئەوانەشدا زۆرێك لە ئەهلی زانست تەصدیقیان کردووە، وە منیش لەم سەردەمە ترسناکەدا پێویستم بە دڵدانەوەیەکی (قودسی پیرۆز) هەبوو، لە کاتێکدا بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە ئیمانی ئیمانداران، لە ڕێگەی پەیامەکانی نوورەوە، هەروەها وەك (نەجمەدین کوبرا و محیّدینی عەرەبی) و هەزاران کەس لە ئەهلی ئیشارات (ئیرشاد) لە ڕێگەی زانستی جفر و بیرکارییەوە بە بڕوایەکی تەواوی خۆتەوە باس و بەیانی موژدەیەکی ئیشاری(ئاماژەیی) قورئانی پیرۆز بکەیت، بەو مەرجەی بە نهێنی بهێڵرێتەوە ڕوونم کردووەتەوە،

لە کاتێکدا وتوومە ئامادەم ئەو (ئیجتیهاد)ەم بۆ سەرسەخترینی بێدینەکان بسەلمێنم. لە دنیادا بەکام مەزهەب دەتوانرێت فەتوای غەیبەتکردنی من بدرێت، کام فەتوایە دەدۆزنەوە؟

من دەستبەرداری هەموو شتێك دەبم، بەڵام لە حوزووری عەدالەتی خوایی لە بەرامبەر ئەم غەیبەتە مەترسیدارە(ترسناکە) لە مافی خۆم خۆشنابم! با بلەرزن!.

**شكاتی مەزڵومێك كە تەواوی ژیان و هەرشتێكی لە پێناوی پارێزگاریكردنی سوننەتی فەخری عالەم ﷺ سەرفكردووە، بێگومان بێوەلام نامێنێتەوە!**

**تەنیا بەیەك مەرج دەتوانم گەردنتان ئازادبكەم:**

**ئەو نیگەرانی و ئازارانەی كە لەم مانگی ڕەمەزانە پیرۆزەدا گەیاندوویانە بە من و برا پاكەكانم، ئەگەر بە دەمارێكی حەق ویستانە واز لە ئەنانییەت و دوژمنایەتیی خۆیان بهێنن و لە پێناو حەق و ویژداندا فیدای بكەن، ئنجا هەوڵی بنیاتنان بدەن.**

**ئەگەر هەر هەڵەیەك و كەم وكورتییەكمان هەبوو ئەوا بەڕەفتارێكی بە ویژدانانە و بەزەییانەوە وەك مامۆستایەك لوتف بنوێنن و بیرمان بهێننەوە و ئامۆژگاریمان بكەن و ئاگادارمان بكەنەوە. خوای گەورە (ستّار العیوب)ە. ئەگەر چاكەكان بەرامبەر خراپەكان بووەوە، ئەوا لە گوناهەكان خۆش دەبێت، لە بەرامبەر چاكەی خزمەتكردنی ئیمان كە ئیمانی سەدان هەزار مرۆڤی پێ جێگیر بكرێت، بێچارەیەكی وەك من بەنییەتێكی پاكەوە و لە هێماگەلێكی بەهێز لە چاودێری خواوە موژدەیەكی قورئانی بەدەست هێنابێت و پێشبینی بۆ كردبێت، ئەگەر لەو موژدە و تێگەیشتنەدا هەڵەیەك بگرە سەد هەڵەیش هەبێت، ئەوا ناتوانێت دژایەتی ئەو چاكەیە بكات و، پەردەی داپۆشینی كەم و كورتیەكان (ستار العیوب) نادڕێنێت! بەهەرحاڵ هەرچۆنێك بێت.**

**بڕوای تەواومان هەیە بەوەی كە كارەكەمان لەم سەردەمەدا خزمەتكردنی حەقە، ئەگەر ئەم بابەتە تەنیا پەیوەندی بە كەسێتی خۆمەوە هەبوایە، ئەوا بۆ ئەوەی (نەفسی ئەممارە)م بشكێنم منەتباری ئەو دەبووم. بە تەواوی لەگەڵ وازهێنان لە خۆپەسەندی (ئەنانیەت)ماندا، بیست ساڵە (نەفسی ئەممار)ەم ناچاربووە گوێڕایەڵی ئەو كار و فەرمانە بووە. پەیامەكانی نوور پێشەكییەكانی بەڵگەیەكی بڕاوە و یەكلاكەرەوەی ئەمەن.**

**بەڵام لە بەرامبەر ئەو هەستی عینادیی و دەمارگیرییەی هەیانە و، ئەو ڕەخنانەی لەسەری بڵاوبوونەوەی (نهێنییەكی داپۆشراوی قورئان)، بەرامبەر كەم وكورتییەكان بە زمانی سەعیدی كۆن – رضی الله عنه – دەڵێم: ئێستا لە مەیداندام، لە دەمارگیرترینی**

زانایــان و، گــەورەترین وەلییــەوە بگــرە تــا دەگاتــە بێــدینترینی فەیلەســوفەکان و لێکۆڵەرترینی زانایان و، فەرمانڕەوایان، ئامادەم بۆ سەلماندنی دەعوا و بابەتەکانی (پەیامەکانی نوور) و سەلماندوشمە کە ئەو مولحید و فەیلەسوفە زەندیقانەی کە بە بەردەوامی هەوڵیانداوە بۆ لە ناوبردن و لە سێدارەدانی من، ناتوانن تانە لەو داوایەی من بدەن و نەیشیانتوانیوە.

هەروەها هاوڕێیانی کۆنی وەك ئێوە و، هاوڕێ تازەکانیشم دەزانن کە لە هەموو ژیانمدا باسی دەعوایەکی بێبەڵگەم نەکردووە. ئەم هێزەم لە (قورئانی موعجیز و خاوەن بەیان)ەوە وەرگرتووە و، پەیامەکانی نوور تەحەددای فەیلەسوفەکانی ئەوروپا دەکات.

لەم سەردەمەدا پەیامەکانی نوور جێگای تێڕوانینی قورئانن و لەوەوە هەڵگۆزراون، بۆ ئەمەش تەنها یەك دوو ئامـاژە نییـە، بـەڵکو لەگـەڵ منـدا لـە لایـەنی قوتابیـانی پەیامەکانەوە لە چوارچێوەی پێنج پەیامدا ئەو هێما و ئیشارەتانە نزیك دەبێتەوە لە هەزار دانە – وەك چۆن ئەگەر هەزار دانە قژی باریك کۆببنەوە ئەوا پەتێك دروست دەکەن و بەڵگە و ئامـاژەیەکی نزیك لە ڕاشکاوی و ڕوونی دروست دەکەن – بەهەمان جـۆر کاتێـك ئـەم ئامـاژانـەش کۆدەبنـەوە هێـز دەدەن بەیـەك و یـەکتری پشـت ڕاسـت دەکەنەوە. ئینکاریکردنی ئەو ئامـاژانە بە هۆی بینینی هەندێك ئامـاژە بە لاوازی، لەگەڵ ویــژدان و حــەق ویســتییدا یەکناگرێتــەوە. ئەوانــەی ئینکــاری دەکــەن شایســتەی لــێ‌خۆشبوون نین، بـە تایبـەتی ئەگـەر غەیبـەتێکی زیـاد لـە پێویسـت و زیانبـەخش و بێ‌جێبێـت لـە ناوەنـدی ئـەهلی زانسـتدا، ئـەوا ڕووداوێکـی سـامناك و مەترسـیدارە و ئەهلی حەقیقەت دەخاتە گریان لەم سەردەمەدا.

* * *

## بِاسْمِهِ سُبْحَانَهُ

برايانم!

له وەبیرهێنانەوەیەکی مەعنەویدا کە "تەوافوق"ێکە لە جۆری هەواڵدانێکی غەیبی، بریسکانەوەکی ئیعجاز و ئاماژەیەکی ئایەتێکی قورئانیم پیشان درا. مەقامی جفری ئەم ئایەتە پیرۆزە (اَيُحِبُّ اَحَدُكُمْ اَنْ يَاْكُلَ لَحْمَ اَخِيهِ مَيْتًا) ئەگەر شەددە و تەنوینی نەژمێردرێت ئەوا ساڵی (١٣٥١ کۆچی) دەکات، ئەسڵی (مَيْتًا کە مَيِّتًا)ساڵی (١٣٦١ کۆچی) دەکات، ئاماژە بۆ "غەیبەت"ێکی مەزن لە کاروبارە مەزنەکاندا دەکات، کە دەچێتەوە ناو واتا گشتییەکانی ئایەتە مەزنەکەوە. "غەیبەت"ێکی لەم جۆرە لە کاروبارە مەزنەکاندا لەهەمان کات و ساڵدا ڕوویداوە بەم جۆرەی خوارەوە:

پیاوێك لە بەرئەوەی بۆماوەی هەژدە ساڵ (وا ئێستا لە بیست ساڵ تێپەڕیوە) بۆ پارێزگاری لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ شەپقەی نەکردووەتە سەری و، پیاوێك بۆ ماوەی هەژدە ساڵ ناچارکراوە ژیانی لە زیندانی تاکە کەسیدا بەسەربەرێت. لەشوێنی عیبادەتی تایبەتی خۆیدا بانگی محمدی ﷺ داوە و (اَللّٰهُ اَكْبَر) گووتووە و لەبەرئەوەی ڕاستی (لاَ اِلٰهَ اِلاَّ اللّٰه) ی ڕوون کردووەتەوە و، وەك خۆر نیشانی داوە، لەگەڵ سەد هاوڕێیدا دەستبەسەر کراوە، وە لەبەرئەوەی تەنها هێمایەکی دڵدانەوەی بۆ خۆی و هاوڕێکانی باسکردووە و ڕوونکردووەتەوە کە پاڵی بە هەزاران نیشانە و بەڵگەوە داوە کە بە بڕوایەکی تەواوەوە ئەو نیشانانە لەلای خوداوە هاتوون. لەڕێگەی غەیبەت و شتی بێمانا و باسکردن و گومان خستنە دڵی ئەو قوتابییە پاك و دڵسۆزانەی کە لە ڕێگەی دەرسەکانی ئەوەوە هەوڵی ڕزگارکردنی ئیمانی خۆیان دەدەن و، بە شێوەیەکیان لێبکەن کە نەفرەت لە مامۆستاکەیان بکەن، وەك ئەوەی کەهیچ گوناه و کوفر و تاوانکارییەك لە مەیداندا نەبێت و، تەنها لەبەر هەڵەیەکی وەهمییانەی ئەو کەسە بێچارەیەوە و زەمکردنی بەهۆی -گومانی- هەڵەکردنییەوە لە "ئیجتیهاد"ێکیدا. ئەمەش لە ڕوانینێکی ڕواڵەتی ماددییانەی عینادکارانەدا کە هەشتا لێکۆڵەر بۆ ماوەی هەشت ساڵ کە لە ناخی خۆیاندا شاردبوویانەوە. هەڵبەتە لەم

سەردەمەدا ڕووداوێکی لەو جۆرە شایانی تێڕوانین و ئاماژەپێکردنە لە لایەن ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزەوە. بە ڕای من هەروەك چۆن سورەتێکی قورئان یان ئایەتێك یان تەنها وشەیەکی موعجیزەیەکە، بە هەمان جۆر تەنها ئاماژەیەکی ئەم ئایەتە، لە شێوەی هەواڵدانێکی غەیبیدا بریسکانەوەیەکی ئیعجاز بەخشە.

لەم ئایەتەدا سێ ئاماژە هەیە، کە لەم سەردەمەدا بە چاوی "غەیبەت"کردنەوە سەیری (قوتابییانی پەیامەکانی نوور) دەکرێت:

**یەکەم:**

ئایەتی پێنجەم لە تیشکی یەکەمدا پەیامی ئاماژە قورئانییەکان کە ئاماژە بە پەیامەکانی نوور و دانەرەکەی دەکات : (اَوَمَنْ كَانَ مَيْتًا فَاَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِى بِهِ فِى النَّاسِ) بە نزیکییەکی زۆر بەهێز وشەی (مَيْتًا) بە حسابات جفری و ئەبجەدی، وە لە سێ لاوە ئاماژە بۆ (سەعیدی نورسی) دەکات و "تەوافوق"ی هەیە لەگەڵیدا.

**ئاماژەی دووهەم:**

مەقامی جفری و بیرکاری (اَيُحِبُّ اَحَدُكُمْ) تا کۆتایی ئایەتەکە (١٣٦١ کۆچی) دەکات، لە هەمانکاتدا ئەو ڕووداوە مەزنە ڕوویداوە.

**ئاماژەی سێهەم:**

لە هەنگاوێکمدا لەبەر ڕێزی ئەو برایەتییەی لە نێوانماندا هەیە و لەبەر لە بیربردنەوەی ئەم زاتە بەساڵاچووە. بڕیارماندا گەردنیان ئازاد بکەم و، حەواڵەی ئەو قورئانە پیرۆزە یان بکەم کە ئێمە خزمەتکارییی ئەوین، لە ناکاودا و لەدەرەوەی بیرکردنەوەکانمدا بە پێنج شێوە ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز خۆی پیشاندام کە غەیبەت دەکات (اَيُحِبُّ اَحَدُكُمْ اَنْ يَاْكُلَ لَحْمَ اَخِيهِ مَيْتًا) لە مەعنادا پێم وترا سەیربکە: منیش سەیرم کرد، لە ناکاودا و لەناو "تەسبیحات"ەکەمدا لە ساڵی (١٣٥١ تا ١٣٦١ کۆچی) پیشاندرا و سەیری حاڵی خۆمانم کرد و بینیم. لە کاتێکدا پەیامەکانی نوور چاوەڕێی یارمەتیدەرێك و بەدەم هاتنەوە بوون لە دەوروبەری شاری (ئەستەمبوڵ)دا،

بەڵام بەداخەوە لە ژێر پەردەوە لە (پەنجاو یەکەوە تا شەست و یەك) لە دەورووبەری (ئەستەمبوڵ)دا جۆرێك لە دوژمنایەتیی و ڕێگریکردن هەبوو و، لە ناکاودا لە شەست و یەکدا تەقییەوە.

## شیکردنەوە:

(ت) چوار سەد، (خ) شەش سەد = هەزار. (ی، ی، م، م) سەد، (ك، ك، ل، ل) سەد. (سێ هەم م، ن، ی) سەد. (د، ب، ح، ح، ح) سی. (چوارەم ی) دە. (پێنج أ) لەگەڵ (یەك هـ) بەیەکەوە دەکاتە دە. لەبەرئەوەی لەسەر تەنوینەکەی کۆتایی دەوەستێت بۆیە بە (ئەلیف) دادەنرێت کۆی گشتی (١٣٥١ کۆچی) [١٥] دەکات، لەبەرئەوەش (ی)(مَیْتًا) ئەسڵەکەی شەددەدارە، بۆیە (١٣٦١ کۆچی) دەکات.

سەعیدی نوورسی

* * *

## بِاسْمِهِ * وَاِنْ مِنْ شَيْءٍ اِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ

ئەم برا هەژارەتان، بەو برا دۆستەی کە ڕەخنەی لێگرتبووین و، هەم بە ئەهلی وردبین و، هەم بە ئێوەش ڕادەگەیەنم کە:

سەعیدی نوێ – رضی الله عنه – بەفەزڵی قورئانی خاوەن موعجیزەی بەیانەوە هێندە بەڵگە و بورهانی حەقیقی و واقیعی لە چوارچێوەی ڕاستییەکانی ئیماندا باس دەکات، کە نەك تەنها زانایانی ئیسلامی، بەڵکو عینادترینی فەیلەسوفەکانی ئەورووپا ناچار بەتەسلیم بوون دەکات.

---

[١٥] لەبەرئەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە واز لە غەیبەتکردن بهێنین، بۆیە پێویستە ئەم ڕووداوە لە بیری خۆمان بەرینەوە.ئێمەش غەیبەت نەکەین. بە پشتیوانی خوای گەورە دووبارە نابێتەوە.

ئەو هەوڵدانانەی کە لەلایەن حەزرەتی عەلی – رضی الله عنه – و غەوسی ئەعزەم – رضی الله عنه – وە دراون بریتیبوون لە کۆمەڵێك ئاماژە دەربارەی گرنگی و بەنرخ بوونی پەیامەکانی نوور.

هەروەها قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بۆ (پەیامەکانی نوور) کردووە کە موعجیزەیەکی مەعنەویی قورئانی پیرۆزە و ئەمەش لە جۆری ڕووداوە پڕ لە ئیعجازەکانە، کە ئەم ڕەوانبێژییە پڕ لە موعجیزەیە پێویستی بوونی ئەو زمانە پەنهانەیە.

بەڵێ، کاتێك لە بەندینخانەی (ئەسکی شەهر) بووین و لە دۆخێکی زۆر ناخۆشدا پێویستی دڵدانەوەیەك بووین، لە ئاگادارکردنەوەیەکی مەعنەویدا پێم وترا کە:

بۆ قبووڵبوونی پەیامەکانی نوور لە ئەولیا کۆنەکانەوە شاهید دەهێنیت، بەڵام لەم بابەتەدا ئەوەی کە زۆر خاوەن قسەیە قورئانە لە نهێنی ئایەتی:

وَلاَ رَطْبٍ وَلاَ يَابِسٍ اِلاَّ فِى كِتَابٍ مُبِينٍ

ئایا قورئان، پەیامەکانی نوور قبووڵ دەکات؟ قورئان چۆن لە پەیامەکانی نوور دەڕوانێت؟ لە بەرامبەر ئەم پرسیارە سەیرەوە خۆمم بینییەوە، منیش داوای یارمەتیم لە قورئان کرد. لەماوەی کاتژمێرێکدا هەستم بەوەکرد کە پەیامەکانی نوور، وەك مانایەکی جوزئی و لقێك لەواتا گشتییەکانی سی و سێ ئایەتی قورئانی پیرۆز دەردەکەوێت، وە هێما و ئاماژەیەکم لێ‌دەرکەوت بۆ ئەوەی کە پەیامەکانی نووریش دەڕۆنە چوارچێوەی ماناکانی ئەو سی و سێ ئایەتەی قورئانی پیرۆزەوە. بەشێکی ئەمانەشم بە ڕوونی و بەشێکی تریشی وەك پوختە (کۆ)یەك بینیم هیچ گومان و دوودڵی و وەسوەسە و وەهیچ شتێك لە دڵ و بیروڕامدا نەما.

وە منیش بۆ بەهێزکردنی ئیمانی ئیمانداران ئەو بیروڕا توندەم، بە ڕەها و ڕاشکاوی نووسی، بە مەرجی هێشتنەوەی بە نهێنی لەلای برا تایبەتەکانم پێمدان.

وە ئێمە لەو پەیامەدا ناڵێین: مانای ڕوون (صريح)ی ئایەتەکە تەنها ئەوەیە. تاوەکو مامۆستایان بڵێن: (فِيهِ نَظَرٌ) بۆچوونێکە. هەم نەشمان وتووە: کۆی گشتی هێما و

واتـا ئاماژەییـەکانی ئەمەیـە، بـەڵکو دەڵـێین: لـە (ناوەنـدی مانـای ڕاشـکاوانەدا) لـە ژمارەبـەدەر "پلـە" هەیـە، پلەیەکیشـی مانـای هێمـا و ئاماژەییـە، ئـەو مانـا ئاماژەییـە گشـتی (کوللی)یـە لـە هـەر سـەدەیەکدا جوزئیـاتی هەیـە، (پەیامـەکانی نـوور)یـش لـەم سەردەمەدا پلەیەکە یان تاکێکە لـە نـاو ئـەو پلـە و هێمـا و ئاماژانـە. وە لەکاتێکدا هـەر لەکۆنەوە لە نێوان زانایاندا لەڕێگەی دەستورێکی جفری و بیرکارییانەوە نزیکایـەتی و بەڵگـەی گومـانبڕ نیشـاندراوە کـە ئـەو پلەیـە ناوەنـدی تێڕوانینـە و ئـەرکێکی گـەورە بـەجێدەهێنێت، ئەمـەش مانـای ڕاشـکاوی قورئـان و ئایەتـەکانی نـەك لەکـەدار ناکـات، بەڵکو خزمەت بە ڕاشـکاوی قورئـان و ئایەتـەکانی دەکـات، بـەڵکو خزمـەت بـە ئیعجـازی ڕەوانبێژییەکەی دەکات. ڕەخنە لەم جۆرە هێمـا و ئامـاژە غەیبییانـە ناگیرێـت. کەسێك کە نکۆڵی لەو هـەموو دەرهێنـان (ئیسـتیخراج) و هەڵگۆزینـە لـە ژمـارە بـەدەرەی ئـەهلی حەقیقەت نـەکات کـە لـە ئامـاژە بێکۆتاییـە قورئانییەکانـەوە دەریـان هێنـاوە، پێویسـتە نکوڵی ئەم هێما و ئاماژانەیەش نەکات. وە ناشتوانێت نکوڵییان لـێبکات.

دەرکەوتنی کاریگەرییـەکی بـەم شـێوەیە گـرنگ لەسـەر دەسـتی کەسـێکی کـەم بایـەخ نابێت بـە دوور بزانرێـت، چـونکە وەك چـۆن تـۆوێکی بچـووکی درەختـی سـنەوبەر کـە هێنـدەی دەنکـە گەنمێکـە و دەبێـت بـە درەختێکـی هێنـدەی شـاخەکان، ئەگـەر وا بیربکرێتـەوە کـە ئەمـە بەڵگـەی قـودرەت و دەسـتەڵاتی خواییـە، ئـەوا ئـەم کـارە کارێکـی بەڵگە نەویستە، بەهەمان جۆر دەرکەوتنی کاریگەرییـەکی بـەم شـێوەیە گـرنگ و گـەورە لـە کـاتێکی زۆر ترسـناك و قورسـدا و لەسـەر دەسـتی کەسـێکی وەك ئێمـەی خـاوەن کۆڵەواری و هەژارییەکی تەواو، بەڵگەی ڕەحمەت و لوتفی فراوانی خواییە.

ئێـوە و ڕەخنـەگرەکان دڵنیاتـان دەکەمـەوە سـەبارەت بـە گرنگـی و بـە نـرخ بـوونی پەیامەکانی نوور،کە ئەم ئاماژە و هێمایانەی ئەولیاکان هەمیشە منیـان بـەرەو شـوکر و ستایشکردن و داوای لێخۆشبوون داوەتەبەر و، لە هیچ کات و خولەکێکدا

نەفسی ئەممارەم توشی لە خۆبایبوون و خۆپەرستی نـەکردووە، بەڵگەشـم ئـەم بیسـت ساڵەی ژیانمە کە لە پێش چاوتاندایە.

بەڵێ، لەگەڵ ئەم ڕاستیەشدا مرۆڤ بێ کەم وکوڕی نییە، هەڵەی زۆرم هەیە کە پێیان نازانم. لەوانەیە بیرکردنەوەکانم تێکەڵی یەکتر بووبن و بەم هۆیەشەوە هەندێ هەڵە لە پەیامەکاندا هەبن. بەڵام وەك چۆن وەرگێڕانی قورئان و دانانی چەند وشەیەکی لاواز لە جێگەی وشە پیرۆزەکانی قورئاندا نابێتە هۆی داگرتنی شکۆی قورئانی پیرۆز، بە هەمان جۆر لەبەرئەوەی پیاوێکی ستەملێکراوی وەك من بۆ بەهێزکردنی ئیمانی برایانی باس لە خاڵێکی ئیعجازی قورئان دەکات، نابێت ڕەخنە لە خزمەتە ئیمانییەکەی بگیرێت، تەنانەت ئەوانەش کە خاوەنی کەمێك ویژدانن نابێت ڕەخنە لەم خزمەتە ئیمانییە بگرن.

هەروەها ئەمەی خوارەوەش وەك ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر ڕادەگەیەنم:

بوونی ملیۆنان فیداکار لەم کاتە ترسناکەدا، هەرچەندە کە بە ڕواڵەت بەهۆی ئەم فێڵەوە بەرامبەر ئەم بێباوەڕییە بە شکستخواردوو دەردەکەون، کەسێك کە نیمچە خوێندەوارە وبێکەس و لەژێر چاودێری بەردەوام دایە و چەندەها پڕوپاگەندەش لەدژی بڵاوبوونەتەوە بۆ ترساندنی خەڵکی لێی، کەسێکی وەك من نابێتە خاوەنی (پەیامەکانی نوور) و مافی لافلێدانی خاوەنداریێتی ئەو گەوهەرە بەنرخانەی نییە و هونەری ئەو نییە و ناشتوانێت شانازییان پێوەبکات، ئەم بەخشایشە گەورەیە لەلایەن میهرەبانی فراوانی خوای گەورەوەیە بۆ دەرخستنی موعجیزەی مەعنەویی قورئانی پیرۆز.

ئەو پیاوە لەگەڵ هەزاران هاوڕێیدا بە یەکەوە دەستی بۆ ئەو دیارییە قورئانییە درێژ کردووە. هەرچۆنێك بێت ئەرکی یەکەمی گەیاندنەکە بە سەرشانی ئەودا کەوتووە، بەڵگەش بۆ ئەوەی کە ئەم پەیامانە هی فکر و زانست و زیرەکی ئەو نین ئەوەیە کە هەندێك لە پەیامەکان لە شەش سەعاتدا و هەندێك لە دوو سەعاتدا یان لە یەك سەعاتدا نوسراون، تەنانەت هەندێکی تریان لە دە خولەکدا نوسراون.

سوێند دەخۆم و دڵنیاتان دەکەمەوە کە، ئەو ئەرکانەی کە لە دە خولەکدا بە ئەنجام گەیەنراون، بە زیرەکی مێشکی سەعیدی کۆن – رضي الله عنه –[١٦] ناتوانم لە دە کاتژمێردا جێبەجێیان بکەم، ئەو پەیامەی کە لەیەك کاتژمێردا نوسراوەتەوە ناتوانم بە مێشکی خۆم لە دوو ڕۆژیشدا بینوسمەوە.

وە نووسینی وتەی سیهەم لە ڕۆژێکدا و لە ماوەی شەش کاتژمێردا نە من و نە هیچ فەیلەسوفێکی دیندار ناتوانین لە شەش ڕۆژیشدا ئەوڕاستیانە بنوسین وە هتد...

واتە لەکاتێکدا ئێمە موفلیس بووین، بەڵام کراین بە دەلالّ و خزمەتکاری دوکانی موجەوهەرات و ئەڵماسە گرانبەهاکان. خوای گەورە بە فەزڵ و کەرەمی خۆی ئێمە و سەرجەم قوتابیانی پەیامەکان لە خزمەتکردنی ئەم نوورانەدا، موخلیصانە بەردەوامان بکات.

ئامین، بِحُرْمَةِ سيّد المرسلين...

سەعیدی نوورسی

* * *

[١٦] هەندێ لە نوسەرەکان وشەی – رضي الله عنه – یان بە نیەتی دوعاکردنەوە نووسیووە، ویستم لایببەم، بەڵام بە ئەندێشەمدا هێنرا کە: – رضي الله عنه – وەك دوعایەك لێرەدا نوسراوە، دەسکاری مەکە، منیش دەستکاریم نەکرد.

## بِاسْمِهِ سُبْحَانَهُ   وَاِنْ مِنْ شَيْءٍ اِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ
## اَلسَّلاَمُ عَلَيْكُمْ وَ رَحْمَةُ اللّهِ وَ بَرَكَاتُهُ

برا زۆر صديق و ڕاستگۆ و ئازيزەكانم ، وە ميراتگرە متمانەپێكراو و موخليصەكانم لە خزمەتى پەيامەكانى نووردا!

تەوافوقێكى زۆر واتادر و بەهێزم بە بيرهێنرا كە بەڵگەيە لەسەر صەدەقاتى قوتابيان و ئەم كەرامەتە، بەم شێوەيە:

لەوكاتەدا كە وەسيەتنامەكەم دەنوسى، ئەو دووڕووانەى كە خۆيان شاردبوويەوە ڕێگرييان لە هاتنى خزمەتكارەكانم كرد و ڕێگەيان پێنەدا بێن بۆلام. ئەوانيش لەم كاتەدا بە هەليان زانى و يەكێكييان نارد و "ژەهر"يان دەرخوارديام كە كاريگەرييەكەى لە نۆ جار "ژەهر" پێدانەكانى پێشترم زياتر بوو، هەروەها لە هەمان كاتدا برا (تونس)يەكەمان كە ساڵى پار هاتبوو بۆسەردانم، بۆئەوەى بمبينێت گەڕابووەوە كە ناوى مامۆستا (هيشمەت)ە، لە (بۆزگات)ەوە نووسيبووى كە سەعيد وەفاتى كرد، با سەد و سى پەيامەكەى نوور بپارێزرێن، هەتا لە داهاتوودا لە چاپيان بدەين.

هەروەها لە هەمان كاتدا (ئيبراهيم خەليل) نامەيەكى خەمناكى دەروشاوەى دەربارەى وەفاتم نوسيبوو و، بووبەهۆى گريانى قوتابييەكانى. هەروەها لە هەمان كاتدا (خەسرەو) لەدەرەوەى عادەتى جارانيدا لە – يەك دوو ڕستەى دوو سێ نامەيدا باسى دوو سێ ڕۆژى تەمەن دەكات كەوەك ئاماژەدانە بە ئەجەلى مردنم – ئەمەش زۆر كارى تێكردم. لە خەياڵمدا وتم ئايا بەڕاستى من دەڕۆم. لە هەمان كاتدا كاتێك كە بيرم لە ئەركى خۆم لەم ژيانەى دونيامدا دەكردەوە و پرسيارم لە خۆم كرد كە ئايا لە دواى وەفاتى من قوتابييانم لەم سەردەمە مەترسيدارەدا لە برى من ئەم ئەركە جێبەجێ دەكەن؟ لە ناكاودا لە (دەنيزلى، ميلاس، ئيسپارتە و ئينەبۆڵى)يەوە وە بەزياد لەسەد پلە لەسەروى هيوا و ئومێدى منەوە – صەحابە ئاسا – و پەيوەست بە ئەركەكەيانەوە

هاتن بە هانای ئەم ئەرکەوە کە خەڵکانی تر و زانا و ئیمامەکانیشیان هاندا بۆ هاتن بە هانای ئەم ئەرکەوە، بەم کارەیان منیان لە ناو سەرسوڕماندا هێشتەوە.

## پوختەی قسە:

هەر پێنج لایەنەکانی ئەم "تەوافوق"ە کەرامەتێکی ئاشکرای نورانییە.

اَلْحَمْدُ لِلّٰهِ هذَا مِنْ فَضْلِ رَبّى

براکانم هیچ خەمتان نەبێت ئەمجارەیش بەهۆی (جەوشەن و ئەورادی بەهائی)یەوە لەو ژەهرە کوشندەیە ڕزگارم بوو، سەردەمی مەترسی بەسەرچوو، بەڵام نەخۆشییەکەم هەر بەردەوامە.

سڵاوم هەیە بۆ هەریەك لە برایانم، دوعای سەلامەتیتان بۆ دەکەم، بێگومان چاوەڕێی دوعا قبوڵ بووەکانتانم. پڕ بە دڵ لە ناخ و گیانمانەوە پیرۆزبایی لەو خانمە بەڕێزە و منداڵە چاوگەشانە دەکەین کە لە (ئینەبۆڵی)یەوە و دەوروبەری دەستیان کردووە بە نووسینەوەی پەیامەکانی نوور و خوێندنی دەرسی قورئانی پیرۆز لەلایەن منداڵە بێ تاوانەکانەوە.

الباقي هو الباقي

سەعید نوورسی

* * *

# تیشکی یەکەم

## بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ وَ بِهِ نَسْتَعِينُ

**(وەڵامێك بۆ دووپرسیاری سەیر کە چەندین جار بەخەیاڵداهاتووە).**

**پرسیاری یەکەم:**

**وتراوە کە: سورەتی (فاتیحە و یاسین و خەتمی قورئان و ویردە پیرۆزەکانی دیکە)، هەندێك جار بۆ ڕێژەیەکی لە ڕادەبەدەر کەسانی مردوو و زیندوو دەنێردرێن، هەڵبەت دیارییەکی بچووکی جوزئی لەم جۆرە لە یەك کاتدا و، پێشکەشکردن و ناردنی بۆ ژمارەیەکی زۆر لەوکەسانە و پێگەیشتنیان شتێکە لەگەڵ عەقڵ و واقیعدا یەك ناگرێتەوە؟**

**وەڵام:**

**هەروەك چۆن خودای باڵادەست هەوای کردووە بە کێڵگە و هۆکارێك بۆ زیادبوون و بڵاوبوونەوەی وتەکانی خۆی وەك ڕووناکی، هەروەها وەك بانگی محمدی ﷺ کە لە ڕادیۆیەك دەخوێندرێتەوە لە شوێنێکی گشتی و گەشتنی دەنگەکەی بە گوێی هەموو کەسێك لە هەمان شوێن و کاتدا، بەهەمان جۆر سورەتێکی "فاتیحە" کە خوێندراوەتەوە بۆ ئەوەی لە هەمان کاتدا بگات بە مردووی هەموو ئیمانداران، لە جیهانی مەعنادا بە حیکمەتی بێسنوور و دەستەڵاتی بێ کۆتایی خۆی، ژمارەیەکی زۆر ئامێری کارەبایی و ڕادیۆی لە هەوای مەعنەویدا پەرش و بڵاوکردووەتەوە و، تەلەفۆنی سروشتی و فیتری بێتەل بەکاردێنێت. وە هەروەك چۆن ئەگەر گڵۆپێك ئیشبکات، لە بەرامبەریەوە هەزاران ئاوێنە هەبێت لە هەریەکەیاندا ئەو گڵۆپە شەوق دەداتەوە بە هەمان جۆر سورەتێکی پیرۆزی "یاسین" بخوێندرێتەوە بۆ ملیۆنان کەس لە مردووان بنێردرێت، بە هەریەکەیان دەگات.**

## پرسیاری دووهەم:

بەشێوەی فەرمانکردن وترا کە: تۆ بۆ قبووڵکردنی پەیامەکانی نوور، قەصیدەکان و ئاماژەکانی زاتە گەورەکانی وەك حەزرەتی عەلی – رضي الله عنه – و غەوسی ئەعزەم –رضي الله عنه – دەکەیت بە بەڵگە (شاهید). لەکاتێکدا خاوەن گوفتاری ڕاستەقینە تەنها قورئانی پیرۆزە. پەیامەکانی نووریش تەفسیری حەقیقی ئەو پەرتووکە پیرۆزەن و تەرجومانی حەقیقەکانیەتی، بەهێنانەوەی بەڵگە کاریگەرەکان بۆ بابەتەکان. قورئانیش وەك قسە (کەلام)ەکانی دیکە تویێکڵدار و لەڕ و لاواز و جوزئی و خاوەن هەستێکی کەسی و لاوەکی نیە، بەڵکو قورئان بە ئاماژە گشتی و دەرمانەکانی وەك دەرمانخانەیەك، هیچ بابەتێکی زیادە و ناپێویستی تێدانییە. تەرجومانی جیهانی پەنهان (غەیب)ە، قسە دەربارەی هەرشتێك، تەنها قسەی ئەوە، بابزانین ئەو چی دەڵێت:

## وەڵام:

لەبەرئەوەی پەیامەکانی نوور تەفسیرێکی بەهێز و ڕوونکەرەوەیەکی پرشنگدار و دڵۆپێکی بریسکانەوەی ئیعجازی مەعنەویی قورئانە و تیشکێکی ئەو خۆرەیە و تەرجومە (تەفسیر)ی مەعنەویی ئەو گەنجینەیەی زانستی ڕاستییە و تەواو لە هەناوی ئەوەوە هەڵقوڵاوە. باسکردنی گرنگی و بایەخی ئەم تەفسیرە (پەیامەکانی نوور) لەبەرئەوەی بووەتە مایەی شەرەفمەندی و وەسف و سەنای لەلایەن قورئانی پیرۆزەوە، بەدڵنیاییەوە باسکردنی پلەوپایەی پەیامەکانی نوور،لەڕوانگەی حەقیقەتەوە کارێکی پێویستە و دەیەوێت.

قورئان مۆڵەت دەدات بە شتێکی وەها. بەشی من کە – تەرجومەکەری ئەم پەیامانەم – تەنها شوکرە. بەهیچ جۆرێك مافی شانازی و وەسفکردنی خۆمم نیە. پێویستە لەم ڕوانگەیەوە تەماشای هێما و ئاماژەکانی ئەو ئایەتانە بکرێت کە دواتر دێن. دەنا گەردنی ئەو کەسانە ئازاد ناکەم کە من تۆمەتبار دەکەن بە خۆپەرستی و ئەنانیەت.

لە بەرامبەر ئەم پرسیارە زۆر گرنگەوە لە ماوەی دوو سێ کاتژمێردا بە خێرایی لە دوورەوە و بەکۆی گشتی هێندەی ژمارەی **وتەکان** لە سی و سێ ئایەتی بەناوبانگەوە هەم بە مانای ئاشکرا هەم بە هێمای جفری ئاماژە و هێماکان سەبارەت بە (پەیامەکانی نوور) بینرا. لە "خەیاڵ و مەیاڵ"دا لە شێوەی جیاوازدا سی و سێ ئایەت بە یەکگرتوویی ئەو ئاماژە هێمایانەی کە بۆ پەیامەکانی نوور نیشانیان دابوو بینرا.

## وەبیرهێنانەوە:

پێویستە بەوردی تەماشای ئەو وەبیرهێنانەوەیە بکرێت کە لە سەرەتای ئایەتی بیست و چوارەمدا باسکراوە. شوێنی ئەو وەبیرهێنانەوەیە لە سەرەتادا بوو، بەڵام لەوێدا وەبیرهێنرایەوە و دانرا.

## وەبیرهێنانەوەی دووهەم:

ئاماژە تەوافوقییەکان ئەگەر بە بۆنە (موناسەبەت)ی هێزێکی مەعنەویی پاڵپشت نەکرێت و پاڵی پێوە نەدات گرنگی و بایەخی کەم دەبێت، ئەگەر پاڵپشتە مەعنەوییەکەی بەهێزبێت وەك تاکێك و پشتگیر و پەسەندکراو بێت و توانایەکی تایبەتی تێدا بدۆزرێتەوە ئەوکاتە تەوافوقەکە بە بایەخ دەبێت. وە لەو کەلامەوە(پاڵپشتەوە) ئاماژەیەك دەبێت بۆ ئیرادەکەی. وە ئەو تاکەی کە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕۆشتووەتە ناوی و بووە بە بەشێك لێیان، بە واتا یان هێما یان ئاماژە نیشانی دەدات.

لەبەرئەوە ئەو ئایەتانەی کە دواتر دێن و ئاماژە بۆ (پەیامەکانی نوور) دەکەن و تەوافوقەکانیان بە گشتی پاڵیان داوەتەوە بە هێزێکی مەعنەوییەوە. بەڵێ ئەو ئایەتانەی کە دەبن بە بەڵگە (مەشهود) و دواتر دێن بە یەکگرتوویی بە زمانی جفر دەڕوانن بۆ کۆتاییەکانی سەدەی سیانزە و سەرەتاکانی سەدەی چواردە، وە لە ڕووی قورئان و ئیمانەوە ئاماژە بۆ ڕاستیەك دەکەن. وە هەواڵێك دەدات کە مایەی دڵدانەوەیە. وە موژدەیەکی وەها لە بورهانی قورئانەوە دەدەن کە ئەو گومانانەی لە فیتنەی گومڕایی ئەو سەردەمەوە دێن لادەبات.

وه ئـەوەی کـه ئـەو هێمـا و ئاماژانـەی تێـدا دەردەکـەوێت و ئـەو ئەرکانـه وەك خـۆی دەبینێت – تەفسیرێکی قورئانی وەك پەیامەکانی نوور – دەبێت. هەڵبـەت پـەیامـەکانی نوور لەم خاڵەدا لە پێشـەوە بوو، وە لـە لایـەن ئەوانـەی کە دەیخوێننـەوە بێگومانـه و پەسەندکراوە. **به تایبەتی ئەم ئایەتانـه کـه بۆ پەیامـەکانی نـوور دەڕوانن و ئاماژەی پێدەکەن:**

## یەکەم:

**بووەته هۆی ناونانی پەیامەکانی نوور به (رساله نور، وه رسائل النور، وه رسالهِ النور وه رسالة النور)، وەك یەکەم ئایەتی النور له "سورەتی النور"دا لەبەرئـەوەی یەکێکـه لەوشازده هۆکارەی کە جار پێویستی به باسکردنی ئەو دەبێت ئایەتی نووره:**

**اَللّهُ نُورُ السَّموَاتِ وَالْاَرْضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكوةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ اَلْمِصْبَاحُ فِى زُجَاجَةٍ اَلزُّجَاجَةُ كَاَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّىٌّ يُوقَدُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَاركَةٍ زَيْتُونَةٍ لاَ شَرْقِيَّةٍ وَلاَ غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ نُورٌ عَلى نُورٍ يَهْدِى اللّهُ لِنُورِهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَضْرِبُ اللّهُ اْلاَمْثَالَ لِلنَّاسِ وَاللّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ**

**ئـەم ئایەتـه نوورییـه لـه ڕوانگـه واتاییەکـیـەوه خـاوەنی چـەندین پلـه و ڕووی مانـا و تێگەشتنه. وه لەو پله و ڕووانەوه له ڕوانگەی ئاماژه و هێماوه به مانا و جفر به چوار – پێنج ڕسته و، له ده لایەنەوه بۆ پەیامەکانی نوور (رسالهِ النور و رسالة النوره) وەك تەفسیرێکی نوورانی دەڕوانێت. وه پلەیەك لەو پلانه یان پەردەیـەك لـەو پەردانـه زیاتر به شێوەیەکی موعجیزه ئاسا هەواڵی داهێنان و دۆزینەوەی کارەبا دەدات.**

### یەکەم ڕسته که بۆ پەیامەکانی نوور دەڕوانێت:

**(مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكوةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ) واته نووری خودایی یان نوری قورئانی یان نوری محمد ﷺ وەك نموونەی (مِشْكوةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ) وایه. وەك لـه مـەقامی جفرییەکـەی (٩٩٨) دەکـات، بـه هـەمان جـۆر (رسـاله النـور) نـونی شـەددەدار لـه ڕوانگـەی ئەژمارکردنی به (دوو نون) به تەواوی و به تەوافوق ئاماژەی بۆ دەکات.**

## ڕستەی دووهەم:

بریتییە لە (اَلزُّجَاجَةُ كَاَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ يُوقَدُ) هەروەك لە بریسكەی بیست و هەشتەمدا بە دوور ودرێژی باسكراوە، ئیمامی علی – رضي الله عنه – لە قەسیدەی (جەلجەلوتییە)دا لە پلەی ڕاشكاویدا بۆ (پەیامەكانی نوور) دەڕوانێت و ئاماژەی بۆ دەكات و دەفەرموێت: (اَقِدْ كَوْكَبِى بِالْاِسْمِ نُورًا ) من وای بۆ دەچم كە ئەو ڕوانین و ئاماژەیەی ئیمامی عەلی– رضي الله عنه – لەو ئاماژەیەی ئەم ئایەتە نوورییەوە ئیلهامی وەرگرتووە. ئەم ڕستەی ناو ئایەتكە پلەكەی (٥٤٦) دەكات، ژمارەی پەیامەكانی نوور (رسالە نور) پێنج سەد و چل و هەشت دەكات، هەروەك بە دوو جیاوازی جوزئی و نهێنیدا و لە پلەی "تەوافوق"دا ئاماژەی بۆ دەكات، بە مانایەكی هێما (ڕەمز)یش بۆی دەڕوانێت.

## ڕستەی سێهەم:

بریتییە لە (مِنْ شَجَرَةٍ) ئەگەر لە (مِنْ شَجَرَةٍ) دا (ة) وەك شوێنی وەقفەكان بە (هـ) بژمێرێت (٥٩٨ دەكات. بەمەش هەم بە تەوافوق بۆ ژمارەی پەیامەكانی نوور (رسائل النور، وە رسالە النور) كە (٥٩٨)ە دەڕوانێت. هەمیش لەگەڵ (مِنْ فُرْقَانٍ حَكِيمٍ) بە تەنها جیاوازییەكی نهێنیدار بە تەوافوقی هێما (ڕەمز)ی، هەم پەیامەكانی نوور (رسائل النور) وەك ئەندامێكی خۆی قبوڵ دەكات، هەمیش دەریدەخات كە پەیامەكانی نوور (رسالە النور) بەشێكە لە درەختی موبارەكی (فرقانِ حكیم) و لەگەڵیدایە.

ئەگەر لە (مِنْ شَجَرَةٍ) دا (ة) بە (ت) بژمێردرێت، ئەو كاتە پلەی جفرییەكەی (٩٩٣) دەكات، بەبێ ئەوەی زیان بە "تەوافوق" بدات و بە پێنج جیاوازی جوزئی و نهێنیدار زیاد لە مانای تەوافوقی و بە شێوەی گونجان و لێتێگەیشتنی ئاماژە بۆ (رسالة النور) دەكات كە (٩٩٨)ە.

## ڕستەی چوارەم:

بریتییەلە (نُورٌ عَلى نُورٍ يَهْدِي اللّهُ لِنُورِهِ) بە (٩٩٩) دەژمێردرێت، بە تەنها جیاوازییەك لە پلەی ئاماژەدا هێمایەكە بۆ (رسالە النور) كە(٩٩٨)ە، ئەمەش بە تەوافوق و لەسەر بنەمای بەهێزی ماناكەی.

## ڕستەی پێنجەم:

ڕستەی (مَنْ يَشَاءُ) بە تەنها جیاوازییەكی جوزئی، بۆ واتای نازناوێكی بە ناوبانگی دانەری (رسالة النور) بە تەوافوق بۆی دەڕوانێت. ئەگەر زەمیرە شاراوەكەی (يَشَاءُ) دەربخرێت دەبێت بە (مَنْ يَشَائُهُ) و بە تەواوی تەوافوقی هەیە. ئەم ئایەتە هەروەك چۆن بۆ ناوی پەیامەكانی نوور (رسالەِ النور) دەڕوانێت، بە هەمان جۆر بە "تەوافوقی تەواو و بە هێما" بۆ كاتی دانان و تەواوكردنی دەڕوانێت. لەڕستەی (كَمِشْكوةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ اَلْمِصْبَاحُ فِى زُجَاجَةٍ) دا لە (كَمِشْكوةٍ) لە بەرئەوەی لە تەنوینەكەدا شوێنی وەقف هەیە، (ة) بە (هـ) بژمێردرێت ساڵی(١٣٤٩ كۆچی) دەكات. بە تەوافوقی تەواوەوە ئاماژە دەكات بۆ ساڵی (١٣٤٩ كۆچی) كە نورانیترین بەشەكانی پەیامەكانی نوور لەو ساڵەدا دانران و تەواوكران.

هەم ڕستەی (اَلْمِصْبَاحُ فِى زُجَاجَةٍ اَلزُّجَاجَةُ كَاَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّىٌّ) دەكاتە ساڵی (١٣٤٥ كۆچی) ئەمەش بە تەواوی "تەوافوق"ە لەسەر كاتی بڵاوبوونەوە و ناوبانگدەركردنی پەیامەكانی نوور (رسائل النور). چونكە (ر) شەددەدار دوو (ر) ، (ن)ی شەددەدار دوو (ن)، (ز) ی شەددەدار لەسەربنەمای ڕەچەڵەكەكەی، یەك(ل)، وە یەك (ز) وە (زُجَاجَة) یەكەم لە ڕوانگەی وەستانەوە "وقف" (ه)، دووهەم لەبەرئەوەی وەستانی تێدانیە (ت) دەژمێردرێت.

ئەگەر (ز) ی شەددەدار بە دوو (ز) بژمێردرێت، ئەو كاتە ساڵی (١٣٢٢ كۆچی) دەكات كە تەوافوقی تەواوی هەیە لەگەڵ ئەو كاتەی كە دانەری پەیامەكانی نوور (رسالەِ النور) دەستی كردووە بە سەرەتاكانی پەیامەكان.

هەم ڕستەی (مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ) لە ڕوانگەی ژماردنی (ت)ی یەکەم، (ت)ی دووهەمیش لەبەرئەوەی شوێنی وەستانە ژماردنی بە (هـ)، وە تەنوینی (شَجَرَةٍ) بە (ن) بژمێردرێت ساڵی (١٣١١ کۆچی)دەکات کە بە هێما (رەمز) تەوافوقێکی تەواوی هەیە لەگەڵ ئەو کاتەی کە دانەری پەیامەکانی نوور (رسائل النور) دەستیکردووە بە فێربوونی زانستە عەرەبییەکان، وەك سەرەتا و هەنگاوێکی گرنگ بۆ تێگەشتنی لە درەختی نوورانی (رسالة النور) کە قورئانی پیرۆزە.

ئیتر تا ئەم ڕادەیە و لە ژمارەبەدەر یەککگرتنی تەوافوقاتی قورئانی، تەنها هێما و ئاماژە نییە، بەڵکو دەلیلێکی بەهێزە. بەڵکو لێدوانێکە بۆ کارەبا و پەیامەکانی نوور پێکەوە کە بۆنەیەکی مەعنەویی ئەم ئایەتە ئەوەیەکە هەروەك لە شێوەی هەواڵێکی پەنهان (غەیب)ی موعجیزە ئاسا ئاماژەی بۆ کارەبا و پەیامەکانی نوور کردووە، دەرکەوتنی هەردووکیان و پاشان کاتی دوای تەواوبوون (تەکەممول واتە کامڵبوون) و پێچەوانەی عادەت و دۆخی سەردەمەکەیانی زۆر بەجوانی نیشان داوە.

بۆ نموونە ڕستەی (زَيْتُونَةٍ لاَ شَرْقِيَّةٍ وَ لاَ غَرْبِيَّةٍ) دەفەرموویت: هەروەك چۆن نیعمەتی کارەبا نە لە خۆرهەڵات و نە لە خۆرئاوا بەدەست نەهێنراوە.بەڵکو لە سەرەوە، لەهەوادا، لە گەنجینەی میهرەبانییەوە لە ئاسمانەکانەوە دابەزیوە. موڵکی هەموو شوێنێکە، پێویست ناکات لە شوێنێکی تر بۆی بگەڕێن. بە هەمان جۆر (پەیامەکانی نوور) وەك کارەباییەکی مەعنەویی (کاڵا، زانست، تەفسیر)ێك نییە کە لە زانست و زانیاری خۆرهەڵاتەوە، وە نە لە فەلسەفە و هونەری خۆرئاوایشەوە هاتبێت و نوورێك نییە کە لە لایەن ئەوانەوە بەدەست هێنرابێت. بەڵکو لە پلەی بەرزی عەرشی ئاسمانی ئەو قورئانەوە بەدەست هێنراوە کە لە سەرووی خۆرهەڵات و خۆرئاواوەیە.

هەم بۆ نموونە ڕستەی (يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَ لَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ نُورٌ) بە (مانای هێما) دەڵێت: لەسەدەی چواردە و پانزە دا گڵۆپە ئاسمانیەکان بە بێئەوەی دابگیرسێنرێن ئیش دەکەن. بێ پەنجە پیانان دەدرەوشێنەوە. کاتی ئەوە نزیکە واتە ساڵی (١٢٨٠ کۆچی) هەروەك چۆن لەم ڕستەدا پێچەوانەی عادەتی باسی چۆنێتی و ماهیەتی کارەبا

دەكات و، بە هێما باسی ئایندەی دەكات. بەهەمان جۆر پەیامەكانی نووریش وەك كارەبایەكی مەعنەویی لە حاڵێكدا كە – زانستێكی قوڵ و بەرزە – بەبێ ئەوەی پێویست بە تێچونی بەدەستهێنان و دەرس خوێندن و چوونە لای ماموستایانی تر لە مەدرەسە و قوتابخانە و، پشتبەستن بە مامۆستا بكات، هەركەس بە پێی پلەكەی ئەو زانستە بەرزە، بەبێ پێویست بوون بێ هیلاكبوون تێدەگات و سود بەخۆی دەگەیەنێت و دەبێت بە زانایەكی لێكۆڵەر.

هەم ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە: دانەری پەیامەكانی نوور هەر بەبێ پێویستبوون بە زانیاری و داگیرساندن و پاڵنان خۆی كار دەكات و دەگەشێتەوە. بۆ بەدەستهێنانی زانست بەبێ پێویستبوونی بە هیلاكی و هاندان و خەریكبوون، خۆی بۆ خۆی نوورانی دەبێت و، دەبێت بەزانا.

بەڵێ ئەم ڕستەیە لەم سێ ئاماژە موعجیزە ئاسایەدا هەروەك چۆن ئاماژە بۆ كارەبا و پەیامەكانی نوور دەكات و حەق و ڕاستە، بۆ دانەرەكەشیان بە هەمان جۆر حەق و ڕاستە ئەوانەی كە مێژووی ژیانیان خوێندووەتەوە و ئەوانەش كە لە گەڵیدابوون دەزانن كە كتێبی (إظهار) كە لە مەدرەسە دەخوێنرێت و یاساكانی "ئوصول"یش بە پازدە ساڵ بە دەرس دەخوێنیرێن و فێریدەبن، دانەری پەیامەكانی نوور لەماوەی سێ مانگدا هەموویانی خوێندووە و تەواوكردوە.

هەم هەروەك چۆن ئەم ڕستەیە لە ڕوانگەی بۆنەیەكی مەعنەوییەوە ئاماژەیەكی ناسك و بەهێز هەیە، بە هەمان جۆر بە (تەوافوقی جفری و ئەبجەدی)، بە هێما هەم هەواڵی نزیكی كاتی دەركەوتنی كارەبا و، هەم هاتنە مەیدانی پەیامەكانی نوور و هەمیش هەواڵی لەدایكبوونی دانەرەكەی دەدات و، بریسكانەوەیەكی ئیعجازی زیاتر دەردەخات بەم جۆرە: كە مەقامی (يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ) ساڵی (١٢٧٩ كۆچی) دەكات و بەشی (وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ نُورٌ)یش "دوو تەنوین" ئەگەر بە دوو نون بژمێردرێت ساڵی (١٢٨٤ كۆچی) دەكات، هەروەك بە مەعنەوییەن ئاماژەی كردووە بۆ هەم نزیكی گشتێتی بوونی كارەبا، هەم نزیكی پەیامەكانی نوور، هەم چواردە ساڵ دواتر لە

وشەی (یَكَادُ) ئاماژەی كردووە بۆ لەدایك بوونی دانەری پەیامەكان. لە "جفر"یشدا بە تەوافوقی تەواو ئاماژە بۆ هەمان كات دەكات. ئاشكرایە كە چەند چیلكەداریكی باریك و لاواز كاتێك پێكەوە كۆدەبنەوە بەهێزدەبن، دەچنە دۆخێكەوە كە ناشكێنرێن، لەسەر بنەمای ئەم نهێنییە، ئاماژانەی ئەم ئایەتە هەریەكەیان هێز بەیەكتری دەدەن، ئەگەر "تەوافوق" بەتەواویش نەبێت دەڕواتە حوكمی تەواوییەوە. وە ئاماژەكەی تاپلەی بەڵگە "دەلیل" دەڕوات.

### ئاگاداركردنەوە:

من ئاماژەكانی ئەم ئایەتە نوورییەم لەبەر كارەبا و پەیامەكانی نوور باس نەكردووە، ویستم بریسكەیەكی ناو لقێكی ئیعجازی مەعنەویی ئەم ئایەتە نیشان بدەم.

**پوختەی قسە:** هەروەك واتا ئاشكراكانی ئەم ئایەتە پیرۆزە بریتییە لە باسكردنی نووری ئیلاهی و نووری قورئانی و نووری محمدی ﷺ بە هەمان جۆر واتا ئاماژەییەكەشی هەروەك ڕووی لە هەموو سەدەكانە، بە هەمان شێوە ڕووشی كردووەتە كۆتایی سەدەی سیازدەهەم و سەرەتای سەدەی چواردەهەم، خەڵكیش وا لێدەكات لێی بڕوانن. ئەو شتەی كە شایانی زۆرترین بۆ ڕوانینە لە سەرەتا و كۆتایی ئەم دوو سەدەیەدا دەركەوتنی (كارەبا و پەیامەكانی نوور)ە كە ئەم ئایەتە پیرۆزە بۆیان دەڕوانێت، ئەمەش قەناعەتێكی وای پێبەخشیم كە بێ‌سڵەمینەوە ئەم ڕاستیە گرنگە بنوسم. ئەگەر هەڵەم كردبێت داوا لە (أرحم الرّاحمین) دەكەم كە بە ڕەحمی خۆی لە هەڵەكانم خۆش ببێت. ئەو كەسانەشی كە دەیانەوێت لە پەیوەندی نێوان ئەم ئایەتە پیرۆزە پەیامەكان تێبگەن هەر پەیامێك بخوێننەوە لێی تێدەگەن. هیچ نەبێ باسەیری بریسكەی سیهەم بكات كە بەرێكی بەندیخانەی ئەسكی شەهرە كە باس لە ناوەپیرۆزەكانی خوای گەورە دەكات و لە شەش خاڵێك هاتووە، یان هیچ نەبێ با سەیری ناوی (حيّ و قیّوم) ی هەمان بریسكە بكرێت كە لە خاڵی پێنجەم و شەشەمدایە باس لەم پەیوەندییە كراوە با بە وردی بخوێندرێتەوە، ئەو كاتە بە دڵنیاییەوە تەصدیقی ڕوونكردنەوەكانی ئاماژەكانی ئەم ئایەتە پیرۆزە دەكەن.

## دووهەم ئایەتی پیرۆز کەئاماژە بۆ پەیامەکانی نوور دەکات:

ئەویش ئایەتی بە ناوبانگ (مشهور)ی (فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ)ە، کە بووە بە هۆی وتن، یان دەربڕینی ئەم فەرموودە پیرۆزە (شَيَّبَتْنِي سُورَةُ هُودٍ)، هەروەك ئاماژەکانی ئایەتی پیرۆزی (اِسْتَقِمْ كَمَا اُمِرْتَ) بە دووروودرێژی لە بریسکەی هەشتەمدا باسکراوە. لە سورەتی هودیشدا لە ئایەتی (فَمِنْهُمْ شَقِيٌّ وَ سَعِيدٌ) هەتا کۆتاییەکەی دوو ئاماژەی بەهێزی لە خۆگرتووە، وە بەرامبەری ئەو پەڕەیە ئایەتێکی بەناوبانگی تێدایە. مەقامە جفرییەکەشی دەکاتە ساڵی (١٣٠٣ کۆچی) هەروەها ئایەتی (وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ) لە لاپەڕەی دووهەمی سورەتی "شوری"دا کە مەقامە جفرییەکەی دەکاتە ساڵی (١٣٠٩ کۆچی)و لەناو هەموو گفتوگۆکان (موخاتەب)ەکانی ئەو مێژووەدا قورئانی پیرۆز فەرمان بە یەکێکیان دەکات کە ئەویش، لە بەرواری یەکەمدا (دانەری پەیامەکانی نوور) دەستی کرد بە کۆکردەوەی هەموو زانستەکان کە لە ئەنجامدا پەیامەکانی نوور بوو. وە کات و بەرواری ئایەتی دووهەمیش، بە هەمان کات و بە"تەوافوق" و بە "هێما" ئاماژە بۆ جێگیربوونی (پەیامەکانی نوور) دەکات. ئەمەش بەوەی کە ئەو دانەرە بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەستی کرد بە کامڵ بوونی خۆی و بە خوێندنی زانستەکان، وە لە سێ مانگدا و لە ماوەی زستانێکدا – زیاد لە سەد کتێب – ی خوێندووەتەوە، کە لەلایەن قوتابیانی مەدرەسەکانەوە بە پازدە ساڵ دەخوێنرانەوە، وە سەلماندوویەتی لە بەردەم زانا بەناوبانگەکانی ئەوکاتەدا دەرەنجامی ئەوەی بە سێ مانگ هێندەی ئەوەی بە پازدە ساڵ بە دەست دەهێنرا. وە بەچەندین تاقیکردنەوەی دووبارە [١٧] و لە هەر تاقیکردنەوەیەکدا هەر پرسیارێکی لێبکرایە وەڵامی دەدایەوە.

---

[١٧] ئەم مەدح و ستایشانە تایبەت نین بە سەعیدە وە، بەڵکو بە زمان و حاڵی قوتابییەکی قورئانەوە سەعید – رضي الله عنه – باسی دەکات ،تاکو متمانە بکرێت بکرێتە سەر خزمەتەکەی.

## سێهەم ئایەتی گرنگ:

لەگەڵ پەیوەندی بۆنەیەکی(موناسەبەتێکی) مەعنەویی بەهێزدا ئایەتی (وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا) بە جفرساڵی (١٣٤٤ کۆچی) دەکات، لەو بەروارەدا ئەوەی دیارە جگە لە قوتابیانی پەیامەکانی نوور هیچ کەسێکی تر نەبووە بە ئاشکرا ببنە مەزهەری دەروشانەوە و تیادەرکەوتنی ئەم ئایەتە.

ئەم ئایەتە، لە پلە زۆرەکانی ماناکەیدا لە پلەیەکی ئاماژەکردنەوە لە پەردەیەکی هێما ئاساوە بۆ پەیامەکانی نوور وەك تەفسیرێکی دروشاوەی قورئان دەڕوانێت، وە بە مانا و مەقامی جفری ئایەتی (اِنَّ الْاِنْسَانَ لَيَطْغَى) کە یەکێکە لەو ئایەتانەی لەسەرەتای قورئانەوە دابەزیوون دەڵێت کە: لە ساڵی (١٣٤٤ کۆچی) لەناو نەوەی مرۆڤدا بە شێوەی فیرعەون ئاسا ستەمکارییەك سەرهەڵدەدات، ئایەتی (وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا)یش وەسف و سەنای ئەوانە دەکات کە لە بەرامبەر ئەو ستەمکارییە ڕادەوەستن و بەرپەرچی دەدەنەوە. بەڵێ لە دەرەنجامەکانی- جەنگی جیهانی – هەم جیهان و، هەم جیهانی ئیسلامی زیانی زۆری بەرکەوت. مرۆڤایەتی بە گشتی بە تایبەت زۆردار و لە خۆبابییەکانی ئەوروپا کاتێك پشتیان بەست بە هێز ودەوڵەمەندی و پارە، فیرعەون ئاسا ڕۆچونە ناو ستەمکارییەوە، وە ئەو کەسە تایبەتانە بە ناوی هەموو مرۆڤایەتییەوە بانگ دەکران، چونکە ئەوان بەرپرسیار بوون لە مرۆڤایەتی.

ئەگەر (ن) شەددەدارەکەی (لَنَهْدِيَنَّهُمْ) بە یەك (ن) بژمێردرێت، ئەوا ساڵی (١٢٩٤ کۆچی) دەکات کە سەرەتاکانی ژیانی دانەری پەیامەکانی نوورە و، ساڵی یەکەمی لە دایك بوونیەتی، ئەگەری (ل) شەددەدارەکە بە دوو (ل) و، (ن) بە یەك ئەژماربکرێت ئەو کاتە ساڵی (١٣٢٤ کۆچی) دەکات کە بەرواری بڵاوکردنەوە و، ئازادی و دەرکەوتنی موجاهەدەی مەعنەویی دانەری پەیامەکانی نوورە.

## چوارەم ئایەتی گرنگ:

ئەم ئایەتەیە (وَلَقَدْ اتَیْنَاكَ سَبْعًا مِنَ الْمَثَانِی) ئەو ڕستەیەی قورئانی پیرۆز كە وەك وشەی (مُثَنَّا) سەنای سورەتی "فاتیحە"دەكات، قورئان بە وشەی (مُثَنَّا) وەسفی یەكێك لە بورهانەكانی ئەم وشەیە دەڕوانێتە شەش پایەكەی ئیمان و وە لەگەڵ (حەقیقەتی ئیسلامییەت) كە بە یەك دەژمێررێت، بە یەكەوە دەكەنە حەوت بنچینەی حەقیقەت، قورئانی پیرۆز بەوشەی (سبع المثانی) سەلماندنی ئەو حەوتە دەكات و بە درەوشاوەیی دەیهێڵێتەوە، پەیامەكانی نوور بووە بە ئاوێنەدارییەتی ئەو نورانە، وە بە پێی جفر ئاماژەی بۆ دەكات. چونكە ئایەتی(اتَیْنَاكَ سَبْعًا مِنَ الْمَثَانِی) بە مەقامی هەژماركردنی ئەبجەدی ساڵی (١٣٣٥ كۆچی) دەكات، وە دەڕوانێتە پەیامەكانی نوور بە تایبەتی (ئاماژەكانی ئیعجاز) كە تەفسیری سورەتی "فاتیحە" و وە سەرەتایی سورەتی "البقرة" دەكات كە ئاماژەكەی بۆ بەرواری تەواو بوون و لە چاپدانی ئەم پەیامە دەكات، كە ئەویش لەساڵی (١٣٣٥ یان ١٣٣٦ كۆچی)یە لە گەڵیدا تەوافوقە، وە لە پشتی پەردەی هێمایەك ئاماژەی بۆ دەكات.

## ئایەتی پێنجەم:

ئایەتی (اَوَمَنْ كَانَ مَیْتًا فَاَحْیَیْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا یَمْشِی بِهِ فِی النَّاسِ) ئەم ئایەتە هێمایەكی ناسكی تێدایە، چونكە هەم بە پەیوەندییەمەعنەوییە بەهێزەكەی، هەم بە جفر لە ناو ئەندامە زۆرەكانیدا بە تایبەت بۆ پەیامەكانی نوور و دانەرەكەی دەڕوانێت. بەم جۆرەكە: ئەگەر تەنوینی وشەی (مَیْتًا) بە (ن) بژمێردرێت، دەكاتە (٥٠٠) بە تەوافوق لەگەڵ ژمارەی (سعید النورسی) كە دەكاتە (٥٠٠) ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە (سعید النورسی) لە دۆخی مردندا (مردویێتی) دا بوو، بە هۆی پەیامەكانی نوورەوە ژیەنرایەوە، بەوەوە ژیانی دۆزییەوە.بەڵێ دوو تەنوینەكەی ئەم ئایەتە پیرۆزە(اَوَمَنْ كَانَ مَیْتًا فَاَحْیَیْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا) بە (ن) ئەژمار دەكرێن، دەكاتە ساڵی (١٣٣٤ كۆچی)، لە هەمان كاتدا بە "ساڵی عەرەبی" دەبێتە "تەوافوق" لەگەڵ ڕزگاربونێكی

سەرسوڕهێنەری سەعید لەمردنێکی سەخت و ترسناك لە جەنگی جیهانیدا، وە ڕزگاربوونیشی لەو مردنە مەعنەوییە ترسناکەی کە لە "فەلسەفە و عەقڵیەت"ەوە هاتبووە ڕێی و لەو بەروارەدا سەعید لە قورئانەوە ئاوی ژیانی وەرگرت و ڕۆشتە ناو ژیانێکی نوێوە. ئەم "تەوافوق"ە مەعنەوییە وە ئەم سەرکەوتنە "جفر"یە، ئاماژەیەکە لە پلەی دەلیلدا.

هەم لەئایەتی(فَاَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ) دا تەنوین بە (ن)، وە (ن) ی شەددەدار بە دوو(ن)، وە لە دەربڕینی (بِهِ) دا (ی) بژمێردرێت ساڵی (١٢٩٤ کۆچی) دەکات کە یەکەم ساڵی لەدایك بوون و ژیانیەتی، کەواتە ئەم ڕستەیە ئاماژە بۆ ژیانی ماددی دەکات و ڕستەی پێشوو ئاماژە بۆ ژیانی مەعنەویی دەکەن.

## پوختەی قسە:

لە زۆر ڕوو و چینەکان (تەبەقەکان)ی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە، چینێك (تەبەقە)یەکی ئاماژەیی ئایەتەکە ڕووی هەم لە (پەیامەکانی نوور)ە هەم (دانەرەکە)ی هەمیش ڕووی لەسەرەتاکانی سەدەی چواردەهەمە. لە سەرەتاکانی سەدەی چواردەهەمیشدا ڕووی لە دەستپێکی پەیامەکانی نوورە کە بەشێوەیەکی هێما (ڕەمز)ی و ئاماژەیی بەڵکو وەك بەڵگەیەك بۆ پەیامەکان دەڕوانێت.

تەواوکەری ئایەتە پیرۆزەکە بریتییە لە (اَوَمَنْ كَانَ مَيْتًا فَاَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِنْهَا) سێ واتای بەهێز لە لەتائیفەکانی و بەڵگە بەهێزەکانی ئەم ئایەتە پیرۆزە لەمانگی ڕەمەزاندا هاتە دڵمەوە، قەناعەتێکی تەواوی پێبەخشیم کە وشەی (مَيِّت) تەواو گونجاو (موناسیب)ە بە سەعید. حیکمەتی ناونانی – دانەری پەیامەکانی نوور کە سەعید – ە لەم ئایەتەدا بە (مَيِّت) ئەوەیەکە: ئەو مەتەڵی تێگەیشتنی مردنی بە پەیامەکانی نوور کردەوە و، ڕووە ترسناك و خەمناوییەکەی مردنی بەهۆی پەیامەکانەوە گۆڕی و ڕاستی و حەقیقەتی مردنی ئاشکرا (کەشف) کرد، کە مردن بریتیی نییە لە دابڕان و لەناوچوون، وەك ئەهلی ئیلحاد کە مردن بە کارێکی ترسناك و بەرەو "عەدەم" دەزانن، بەڵکو دەرگایەکە

لــه ڕووی جیهــانێکی هەتاهــەتایی دەکرێتــەوە و، ڕووی خــۆش و نــووران‌ی و ڕاســتی مردنی دەرخست و سەلماندی.

ئەهلی ئیلحاد کە بوون بە مایەی دەرخستنی نهێنی ئایەتی پیرۆزی (كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَـاتِ) و لەبەرامبــەری ڕازاندنــەوەی حــەز و ئــارەزووە ناشــەرعییەکانی دونیــاوە، پەیامەکانی نوور دژی ئەو ژیانە هەڵخەڵەتێنەر و فانییە و، چێژ و جوانییەکانی دنیا وێــران دەکــات. وە دەڵێــت و دەیســەلمێنێت کــە: مــردن بــۆ گومڕایــان لەناوچــوونی هەتاهەتاییە، وە ئەوەی کە مرۆڤ لە دەست سێدارەی مردن ڕزگار دەکات و دەیگۆڕێت بە ناسنامەیەکی پیرۆزی تەواوبوون لە ئەرکی سەرشان، تەنها قورئان و ئیمانە.

بــەڵێ، لەبــەر ئــەم ڕاســتیەیە کــە حەقیقــەت و گــەورەیی مــردن لــە پەیامــەکانی نــووردا جێگەیەکی فراوانی گرتووە، تەنانەت لە زۆربەی بەڵگەهێنانەوەکانیدا مردن دەگرێت بە دەستیەوە و دەیکێشێت بەسەری ئەهلی ئیلحاد و بێبڕوایان، هەتابێنــەوە سەرهۆشــی خۆیان و هەست بە ڕاستییەکان بکەن.

دووهەم:

بیرکردنــەوە لــە مــردن یــەکێك بــووە لــە بنــەما گرنگــەکانی چــوار بنــەمای ئــەهلی تەریقەتەکان و بەتایبەتی (تەریقەتی نەقشبەندی)، هۆکاری ئەم بنەمایە بوو سەعیدی کــۆنی گــۆڕی بــە ســەعیدی نــوێ – رضــي الله عنــه – و هەمیشــە لەگــەڵ جوڵاندنــەوە فکرییەکانیدا بووە و، بووە هاوڕێی سەعیدی نوێ. سەرەتا لــە "پــەیامی پیران"دا و لە پەیامەکانی تریشدا ئەم پەیوەندی بیرکردنەوە لە مردن هەنگاو بە هەنگاو باس کردووە هەتا ئەوە دەربخەن بۆ ئەهلی ئیمان کە مردن بریتییە لە ڕۆشتن بەرەو ژیانێکی نورانی و بەختەوەریی هەتاهەتایی.

سێهەم:

بە ئــەژمارکردنی مــەقامی جفــری و ئەبجــەدی ئــەم ئایەتــە پــیرۆزە، ئامــاژە بــۆ کــات و مێــژووی ئــەو ســێ جــۆری مردنــە دەکات کــە لــە هــەموو لایەکــەوە هێــرش دەکەنــە ســەر ســەعید و دەبێتــە "تــەوافوق" لەگەڵیــدا. واتــە ئــەو کەســەی کــە بەوشــەی (میــت) لــە

ئایەتەکەدا ئاماژەی بۆ دەکرێت و وە بە "جفر"یش ناوەکەی دەبێتە "تەوافوق" لەگەڵ ژمارەی وشەی (میت) کە تایبەتمەندی ئەم ژمارەیەش تەصدیقی ئەوە دەکات کە مەبەست لەو کەسە (سەعیدی نورسی)یە.

## کەرامەتێکی ڕاستگۆی صەبری

دوای نوێژەکەم کاتێك خەریکی نوسینی تەواوکەری نوسینەکەبووم جێگرەوەی (صدیق سولەیمان) کە ناوی (ئەمینە)، پارچەیەك نوسینی لەو ئایەتەی (اَوَمَنْ كَانَ مَيْتًا) کە بەدەست (صەبری)یەوە بوو وەرمگرت و لەبەر بەرەکەتی ڕەمەزان ڕوونکردنەوەیەکی وەك ئەوەی (صەبری) نووسیوە کە تیایدا داوای نوور دەکات. دواتر منیش چیم نووسیبوو پیشانی (ئەمین)مدا ئەویش بە سەرسوڕمانەوە وتی: ئەمە هەم کەرامەتی (صەبری)یە و هەمیش کەرامەتی (پەیامەکانی نوور)ە.

کاتێك بیرم لە بەراوردکاری قورئانیانەی پڕ لە نهێنی ئەم ئایەتە دەکردەوە، لە بەرامبەر ئایەتی (فَاَمَّا الَّذِينَ شَقُوا) لە سورەتی هود بەراودکاری (وَاَمَّا الَّذِينَ سُعِدُوا فَفِى الْجَنَّةِ) بەخەیاڵدا هات وە پێم وترا کە: هەروەك واتا و مەقامی جفری ئەم ئایەتی دووهەمە و بڕگەی یەکەم ڕوویان لە ئەرکی پەیامەکانی نوور و قوتابییەکانیەتی. بەهەمان جۆر ئەم ئایەتەش (فَاَمَّا الَّذِينَ شَقُوا فَفِى النَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَ شَهِيقٌ) بە مەقامە جفرییەکەی ئاماژە بۆ بناغە و دەستپێکی جوڵاندنەوەکانی دوژمنانی پەیامەکانی نوور و کۆتایی هاتنی چالاکیەکانیان دژ بەم ئەرکە گەورەیە دەکات بەم شێوەیە کە: لە تیشکی یەکەمدا وەك حەوت هەشت ئایەت بە بایەخەوە نیشانداوە وەك ئایەتی (يُرِيدُونَ لِيُطْفِؤُا نُورَ اللّهِ بِاَفْوَاهِهِمْ) کە بۆ ساڵی (١٣١٦ یان ١٣١٧ کۆچی)دەڕوانێت، کە بنەمای هەوڵی لە ناوبردن و دژایەتی قورئانە. مەقامی جفری ئایەتی (فَاَمَّا الَّذِينَ شَقُوا) هەمان بەروار نیشان دەدات. ئەگەر (م) شەددەدارەکە بە دوو (م) بژمێردرێت ئەوا ساڵی (١٣٥٧ کۆچی)دەکات، ئەگەر (ل) شەددەدارەکەش بە دوو (ل) بژمێردرێت ئەوا ساڵی (١٣٤٧ کۆچی) دەکات کە دەبێتە "تەوافوق" لەگەڵ مێژووی ئەم سەدە پڕ لە چالاکی و

تاغوتی و ترسناکانه. ئەگەر هەردوو پیتە شەددەدارەکە بە دووانی بژمێردرێن ئەوا دەکاتە ساڵی (١٣٨٧ کۆچی) کە لەوانەیە ئەم بەرواره (لاَ يَعْلَمُ الْغَيْبَ الاَّ اللّهُ) کۆتایی شەپۆلێکی مەترسیداربێت. مەقامی جفری ئەم ئایەتە پیرۆزەش (فَفِي النَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَ شَهِيقٌ) دەکاتە ساڵی (١٣٦١ کۆچی) ئەگەر (ی) نەخوێندراوەی (فَفِي النَّارِ) نەژمێردرێت ئەوا ساڵی (١٣٥١ کۆچی) دەکات، ئەگەر (ن) شەددەدارەکە و، یەك (ل)، یەك (ن)یش بژمێردرێت ئەوا دووبارە ساڵی (١٣٣١ کۆچی) دەکات، کە ئاماژە بۆ ئەو ئاگر و بەڵایانە دەکات کە بەهۆی جەنگی جیهانییەوە ڕووی لە مرۆڤایەتی کرد، وە هەواڵی ئازار دانیشیان دەدات بە سوتاندنیان لەناو ئاگری دۆزەخدا و هەواڵی سزادانی ئەهلی دۆزەخ بە "زەفیر و شەهیق" دەدات، ئەو بێبڕوایانەی کە ئەهلی ئیمانیان خستە ناو فیتنە و ئاشوبەوە هەم لە دنیا و هەمیش لە قیامەتدا سزا دەدرێن، بە هەمان شێوە ئەم ئایەتەی (اِنَّ الَّذِينَ فَتَنُوا الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ عَذَابُ الْحَرِيقِ) لە سورەتی (وَ السَّمَاءِ ذَاتِ الْبُرُوجِ) بە ئاشکرا ڕووی کردووەتە ئەم سەدەیە. کە ئاماژە بۆ ئەو دوو ئاگرە گەورەیەی ئەستەمبوڵ دەکات، هەم ئاماژە بەو سزایەی ئەو فیتنە دەکات کە ئەو ئاگرە ترسناکەی جەنگی جیهانی، وەك ئاگری جەهەنم وایە.

## پوختەی قسە:

ئەم ئایەتە هەروەك بۆ هەموو سەدەیەك دەڕوانێت، زیاتریش بۆ ئەم سەدەیە دەڕوانێت و، بە "جفر" بۆ سێ چوار قۆناغی ئەم سەدەیە دەڕوانێت و ئاماژە بۆ ڕووداوەکانی دەکات. هەروەها ئاماژە بە هەڕەمەکی و دۆخی ئەو دوو تەوژمە دەکات بە شێوە و شێوازی خۆی، بۆ ڕاکێشانی سەرنجەکان بۆ ئەم سەدەیە.

لە کاتێکدا نامەکەی (سەبری) لە ڕێگادا بوو پێش ئەوەی پێم بگات، بیرم لەم ئایەتە و ئایەتی (اَوَمَنْ كَانَ مَيْتًا) و بە کاریگەرییەکی مەعنەویی ئەم نامەیەم بیرهاتەوە.

بۆیە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بەهێزی کردووە بۆ پەیامەکانی نوور و بە نرخی قوتابییەکانیشی ئەو مژدە "فورقان"ی و ستاشکردنی "قوتبەکان"ە کە سوود و

گەورەیی پەیامەکانیان دەرخستووە، گەورەیی و ترسناکی ئەو موسیبەتەیە کە بە شێوەیەکی نهێنی پێزانینی وەرگرتووە و، لەگەڵ هەبوونی چەندەها دوژمنی سەرسەخت کە دژی پەیامەکان وەستاونەتەوە، بەڵام پەیامەکان بە موجاهەدەیەکی جوزئی و کەم توانیان سەرکەوتنێکی بەنرخ بەدەست بهێنن کە ئاماژەی ئەم ئایەتە پیرۆزە و موژدەکانی قورئان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە ئەوانەی ڕۆشتوونەتە ناو بازنەی (پەیامەکانی نوور)ەوە – ئیمانەکەیان کە لە مەترسیدایە – ڕزگار دەکەن و مژدەی چوونە بەهەشتیان پێدەدرێت. بەڵێ هەندێجار دەبێت کە کەسێك لەبەر ئەو خزمەتەی کە بەجێی دەگەیەنێت حوکمی خزمەتکردنی موشیرێکی دەبێت، بە ئەندازەی هەزاران پلەش سوودی دەبێت.

## بێدارکردنەوەیەك:

تەوافوقەکانی ئاماژەکانی ئایەتەکانی پێشوو و دواتریش تەنها بە ئاماژەکردن ناڕوانن بۆ پەیامەکان بەڵکو جوزئێکی زۆری واتا کوللییەکانی هەریەکە لە ئایەتە پیرۆزەکان ڕوویان لە پەیامەکانی نوورە و بۆیان دەڕوانن، واتە مەقامە جفری و ئەبجەدییەکانی ئایەتەکانیش ئاماژەکان بەهێزتر دەکەن و گەورەیی پەیامەکان زیاتر دەردەخەن.

## ئایەتی شەشەم:

ئایەتی (وَ يَجْعَلْ لَكُمْ نُورًا تَمْشُونَ بِهِ) لە سورەتی "حدید" واتە: لەناو تاریکییەکاندا نورێك بە ئێوە دەبەخشم کە بەو نوورە ڕێگای ڕاست بدۆزنەوە و لەسەری بڕۆن.

سوپاس بۆ خودا (پەیامەکانی نوور) بوو بەئەندامێکی ڕووناکی درەوشاوە کوللییەکانی ئەم ئایەتە. ئەگەر تەنوینی(نُورًا) بە (ن) بژمێردرێت ساڵی (١٣١٨ کۆچی) دەکات، کە ئەمەش پێنج ساڵ پێش ئەوەی دانەری پەیامەکانی نوور لە مامۆستایەتییەوە دەست بکات بە نوسین و گەشتی هەوڵ و تێکۆشانی دەست پێبکات و دوو ساڵ دوای ئەو گۆڕانە فیکرییەی کە چەندین ئایەت ئاماژەیان بۆ کردووە کە

ساڵی (١٣١٦ کۆچی)یە، دەبێت بە "تەوافوق" کە هەمان کاتی دەست پێکردنی ئامادەکارییەکانیەتی بۆ نووسینی پەیامەکانی نوور. ئیتر تەوافوقی ئەم ئایەتە هەم لە مانا و هەم لە جفردا، لە تێڕوانینی گشتی هەمان شعوری قورئانی موعجیز بەیاندا بە دڵنیاییەوە بە ڕێکەوت نییە

## ئایەتی حەوتەم:

واتای کوللی ئەم ئایەتە بەناوبانگە (وَ يُحِقُّ اللّٰهُ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ) هەروەك لەم سەردەمەدا یەکێك لە ڕواڵەتەکانی ئایەتەکە ڕوولە ڕاستگۆیی پەیامەکانی نوورە، بە هەمان جۆر (ل) ی (لفظ اللّٰه) ئەگەر بەیەك (ل) بژمێردرێت، بە مەرجی ئەژمارکردنی (ی) یی (بِكَلِمَاتِهِ) ئەوا دەکاتە (٩٩٨) کە بەتەواوی دەبێتە "تەوافوق "لەگەڵ ژمارەی پەیامەکانی نوور کە (٩٩٨) پەیامن و لەسەر بنەمای بۆنە (موناسەبەت)ێکی مەعنەویی و بە شێوەیەکی هێما (ڕەمز)ی بۆیان دەڕوانێت. یەکێك لەو هۆکارانەی کە بووە بەهۆی پێدانی هێز و ناسك کردنی ئەم "هێما"یە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی دەرمانەکانی پەیامەکانی نوور بە ناوی "وتەکان"، وتەکانیش بە زمانی عەرەبی واتە (الكلمات) لەو وتانەدا – ڕاستییەکانی قورئان – ی بە ئەندازەیەکی ڕوون و بەڵگەدار باسکردووە و، فەیلەسوفە بێدینەکانی ئەم سەردەمەش پێ بێدەنگ کردووە.

## ئایەتی هەشتەم:

کە بریتییە لەم ئایەتە پیرۆزە (قُلْ اِنَّنِى هَدينِى رَبِّى اِلى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ) هەروەك واتا کوللییەکانی ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوەیان پیشانداوە کە پەیامەکانی نوور یەکێکە لە مانا گشتییەکانی قورئان و تەفسیرێکی گونجاون بۆ ئەم سەردەمە، هەروەك مەقامی جفری ئەم وتە پیرۆزە (صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ) کە بە ئەژمارکردنی تەنوینی (صِرَاطٍ) وەك (ن)، لەگەڵ

دوو نهێنی جیاوازدا ڕووی له ژمارەی پەیامەکانی نووره که (٩٩٨) پەیامن[18] بەهەمان جۆر مەقامی ئەبجەدی ئایەتەکەش (هَدینِی رَبّی اِلی صِراطٍ مُسْتَقِیمٍ) که دەکاتە ساڵی (١٣١٦ کۆچی) و، دەبێتە تەوافوق لەگەڵ مێژووی خوێندنەوە و دیراسەکردنی نوسەری پەیامەکانی نوور و، ئامادەکارییە نوورییەکان له ساڵی (١٣١٦ کۆچی).

## ئایەتی نۆهەم:

ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە دەفەرمێت (فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقى) کە لە هەردوو سورەتی "البقرة" و سورەتی "لقمان" دا هاتووە واتە: ئەوانەی ئیمانیان بە خوا هەیە وەك ئەوەی دەستیان بە زنجیرێکی نورانییەوە بێت کە هەرگیز ناپچڕێت و بە توندی بە یەکەوە بەستراونەتەوە، (پەیامەکانی نوور)یش بەڵگەی بەهێز ئیمان بە خوایان ڕوونکردەوە و ئەوەشیان دەرخست کە نوورانیترین و پێویسترین پێویستی ئەم سەردەمەن، مەقامی جفری (بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقى) کەدەکاتە ساڵی (١٣٤٧ کۆچی) بە تەواوی دەبێتە "تەوافوق" لەگەڵ مێژووە گەشاوەکەی بڵاوبوونەوەی پەیامەکانی نوور، ئەوەش بە شێوەیەکی هێما (ڕەمز)ی دەردەخات کە پەیامەکانی نوور تەفسیرە مەعنەوییە ئیعجازەی قورئانی پیرۆزە کە لەم سەردەمە تاریکەدا دەرکەوتن. بە (بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقى) خەڵکی بەرە و ڕووناکی و نوور ڕزگار دەکەن.

## ئایەتی دەیەم:

يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَنْ يَشَاءُ

## ئایەتی یازدەهەم:

وَ يُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَ الْحِكْمَةَ وَ يُزَكِّيهِمْ

---

[18] واتە لەبەر ئاماژەدان بە پلەکەی دوو جیاوازی هەیە، پەیامەکانی نوور وەحی نین، بەڵکو ئیلهام و ئیستخراجن.

## ئایەتی دوازدەهەم:

ئایەتی (وَ يُزَكِّيكُمْ وَ يُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ وَ الْحِكْمَةَ)یە، واتا گشتییەکەی ئەم ئایەتە پیرۆزە باس لەوە دەکات کە:

"قورئان حیکمەتە پیرۆزەکانتان بۆ باس دەکات و لە – پیسییە مەعنەوییەکان – یش پاکتان دەکاتەوە"، دوو ئاماژەی بەهێز لەم سێ ئایەتە پیرۆزەدا هەیە کە بە واتا کوللی و گشتییەکانیان ئاماژە بۆ پەیامەکانی نوور دەکەن.

### یەکەمیان ئەوەیەکە:

لە ناوەڕۆکە بێوێنەکانی (پەیامەکانی نوور)دا هەردوو ناوی (حَکم و حکیم) بە ڕوونی دەدرەوشێنەوە و لەهەموو بابەتە یەك لەدوای یەکەکانیدا باس لە درەوشانەوەی ئەم دوو ناوە پیرۆزە لە ئاوێنەی ئەم گەردوونە ڕێك و ناوازەیە دەکات و بەمەش حیکمەتە پیرۆز و قورئانییەکانمان بۆ ڕوون دەکەنەوە. واتە ناوەڕۆك و بابەت و ئەنجامی پەیامەکانی نوور دەرخستنی حیکمەتی قورئانی پیرۆزە.

**ئاماژەی دووهەمی ئایەتی یەکەم:** بەمەقامە ئەبجەدییەکەی کە ساڵی (١٣٢٢ کۆچی) دەکات و ئەمەش ئەو بەروارەیە کە دانەری پەیامەکانی نوور دەستی لە زانستە "ئالییەکان" هەڵگرت و ڕوویکردە خزمەتکردنی قورئانی پیرۆز کە، دوای یەك ساڵ ڕۆشت بۆ (ئەستەمبوڵ) و دەستی کرد بە تێکۆشان (موجاهەدە) مەعنەوییەکەی.

### دووهەم ئایەتیش:

کەمەقامە جفرییەکەی ساڵی (١٣٠٢ کۆچی) دەکات و دەبێتە تەوافوق لەگەڵ ساڵی خوێندنی دەرسی قورئانی لەلایەن دانەری پەیامەکانی نوورەوە و بە شێوەیەکی هێما (ڕەمز)یش دەڕوانێت بۆ ڕوونکەرەوە و تەفسیری مەعنەویی قورئانی پیرۆز کە پەیامەکانی نوورە.

**ئایەتی سێ‌هەمیش:**

**بە تەوافوقی تەواو و بە هێما (ڕەمز) ئاماژە بۆ ساڵی (١٣٣٨ کۆچی) دەکات کە ئەو کاتە دانەری پەیامەکانی نوور لە بەرامبەر دەستەڵاتدارانی ئەوروپاوە بتوانێت حیکمەتی قورئانی بە درەوشاوەیی نیشان بدات وە (نیشانیشیدا)، دانەری پەیامەکانی نوور لە (دار الحكمة الإسلامیە) دا لەگەڵ بەرگریکردن لە حیکمەتی قورئانی، تەنانەت لەگەڵ وەڵامدانەوەی شەش پرسیاری پاپای گەورە بە شەش وشە، هەرچەندە پاپا داوای کردبوو بە شەش سەد وشە وەڵامی بدرێتەوە، وازی لە دونیاهێنا و بە تەنها مایەوە و لە ئیلهامی قورئانی پیرۆزەوە دەستی کرد بە وەرگرتن و هەڵگۆزینی بابەتەکانی پەیامەکانی نوور، کە ئەو بەروارەی سەرەوە بە تەوافوق و هێما (ڕەمز) بۆ هەمان بەروار دەڕوانێت.**

**ئایەتی سیازدەهەم:**

**کە بریتییە لە ئایەتی پیرۆزی (وَمَا يَعْلَمُ تَاْوِيلَهُ اِلاَّ اللّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِى الْعِلْمِ) لە سورەتی (ال عمران).**

**ئایەتی چواردەهەم:**

**کە ئایەتی (لكِنِ الرَّاسِخُونَ فِى الْعِلْمِ مِنْهُمْ) لە سورەتی (نساء)**

**ئەم دوو ئایەتە پیرۆزەش بەتایبەتی ڕوویان لەم سەردەمەیە.**

**واتای یەکەم ئەوە دەردەخات کە:**

**لە سەردەمێکدا کە ئەهلی گومڕایان "موتەشابیهەکانی قورئان"یان بە هەڵە لێکداوەتەوە و بوون بەهۆی زیادکردنی بڵاوکردنەوەی وەهم و گومانەکان، کۆمەڵێکیش کە مۆڵەت (ڕوخسەت)ی زانستییان پێدراوە هەستاون بە ڕوونکردنەوەی "تەئویل" لە زانستی قورئانیدا، بۆ لابردن و هەڵگرتنی ئەو وەهم و گومانانەی کە**

بێبڕوایـان لـەناو خەڵكـدا بڵاویدەكەنـەوە. بـۆ هـەر سـەردەمە و جـوزئێكی، ئـەم واتـا كوللییانەش ڕووی لەو كات و سەردەمە كردووە و لە هەموو سەردەمێكیشدا (تەصدیق و بەڕاست دانان)ی ئەم واتایانەیان هەبووە.

جـەنگی جیهـانی بـوو بـە ئامرازێـك بـۆ بڵاوكردنـەوەی وەهـم و ڕەخنـەكانی ئـەورووپا دەربارەی قورئان لە ناو جیهانی ئیسلامیدا كە هەزار ساڵە كەڵەكە بووە. ئەو ڕەخنـە و وەهمانەیان و بەشێكی ئەو وەهـم و گومانانـە بـە شێوەیەكی زانستی هاتـە مەیدانـەوە، لەگـەڵ ئـەوەی ئـەم ئایەتـە بـە هێمـا (ڕەمـز) بـۆ ئـەم سـەردەمە دەڕوانێـت، لـە سـەرووی هەمووشـییەوە ڕووی لـە (پەیامـەكانی نـوور و قوتابییەكانییـەتی) كـە ئـەو وەهـم و گومانانـەی ئـەم سـەردەمە وەڵام دەدەنـەوە، وە بـەپێی مەزهـەبی زانایـانی دوایـین (موتەئەخیرین) لەسەر (اِلاَّ اللّـهُ) وەستان (وەقف) ناكرێت. ئەو كاتە بەهەمان جۆری ئایەتی (اِنَّ اْلاِنْسَانَ لَيَطْغى) مەقامی جفرییەكەی ساڵی (١٣٤٤ كۆچی) دەكات.

كە بە تـەوافوقی تـەواو بۆ كـاتی چوونە مەیـدانی تێكۆشـان (موجاهـەدە)ی مەعنـەویی پەیامـەكانی نـوور و، قوتابییـانی دەڕوانێـت و دەیانهێنێتـە چوارچێوەی پیرۆزی ئـەم ئایەتەوە.

هەروەها ژمارەی (اِنَّ اْلاِنْسَانَ لَيَطْغى) دەبێتـە تـەوافوق لەگـەڵ ساڵی بڵاوبوونـەوەی (پەیامی حەشر) كە درەوشاوەترین بەڵگـەی حەشرە و دەكاتـە وتـەی دەهـەمی كتێبـی وتەكان و ناساندنی وتەی بیست و پێنجەم كە باس لە موعجیزە بوونی قورئـانی پیرۆز لە – چل ڕووەوە – دەكات.

ئەگـەر وەك مەزهـەبی سـەلەف لەسـەر (اِلاَّ اللّـهُ) بوەسـترێت، ئـەوا (ر) شـەددەداری (اَلرَّاسِخُونَ) بە دوو (ر) بژمێردرێت دەكاتە زیاتر لە ساڵی (١٣٦٠ كۆچی)، هەروەك ئەم ئایەتـە بەشـێوەیەكی هێمـا (ڕەمـز)ی، ئامـاژە بـۆ ئیمـانی حـەقیقی و نـەجووولانی قوتابییـانی پەیامـەكانی نـوور دەكـات كـە پـازدە بـۆ بیسـت سـاڵ دواتـر (واتـە دوای نوسینی تیشكی یەكەم) دێنە مەیدان، بە هەمان جۆر ئەژماركردنی (ر) شەددەدار، یەك (ل) بژمێردرێت، بە دەربڕینە ڕاستییەكەی یەك (ر) دەكاتە ساڵی (١٢١٢ كۆچی) كە بە

"تەوافوق"ی تەواو بۆ کاتی سەدە و نیوێك لەمەوبەر دەڕوانێت، کە ئەوکاتە (مەولانا خالیدی زولجەناحەین) بەهۆی قووڵبوونەوە و ڕۆچووی لەو زانستی حەقیقەتەی کە لە (هیندستان)ەوە هێنابووی بوو بەهۆی لە ناوبردنی گومانی تەئویلە خراپەکان و، لە ماوەی سەد ساڵدا زیاد لە پەنجا ملیۆن کەسی هێنایە ناو بازنەی (ڕابەری تەریقەت)ەکەی و ڕووناکی پێبەخشین.

## دووهەم ئایەتیش کە بریتییە لە:

**اَلرَّاسِخُونَ فِى الْعِلْمِ مِنْهُمْ**

کە (ر) شەددەدارەکە، لە ڕاستیدا بە یەك (ل)، یەك(ر) بژمێردرێت .بۆیە مەقامی ئەبجەدییەکەی دەکاتە ساڵی (١٣٤٤ کۆچی)، هەروەك چۆن ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕووی لە هەموو سەدەکانە، بەهەمان جۆر و بەشێوەیەکی تایبەتیش بۆ ئەم سەدەیە دەڕوانێت.
وە ئاماژەش بە کۆمەڵێك (تاقم) دەکات کە بە گرنگی و لێبڕانەوە بۆ
زانستە حەقیقییەکان کار دەکەن و ئیمانێکی بەهێزیشیان هەیە. وە جگە لە (پەیامەکانی نوور وقوتابییەکانی) کە زۆربەی ئایەتەکان ساڵی (١٣٤٤ کۆچی) بە گرنگییەوە دەر دەخەن، کە هیچ –کەسێك بە ئاشکرا– نییە ئەو فەرمانبەرییە (وەزیفە) گەورەیە لەگەڵ هەبوونی چەندەها مەرجی قورسدا ماندوونەناسانە بەجێبگەیەنن، واتە ئەم ئایەتە بە تایبەتی ڕووی لەوانە.

## ئایەتی پازدەهەم:

**يَا اَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمْ بُرْهَانٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَاَنْزَلْنَا اِلَيْكُمْ نُورًا مُبِينًا**

ئەم ئایەتە زیاتر ڕووی لەم سەدەیە.چونکە ئەگەر (مُبِينًا) نەژمێردرێت زیاتر ڕوو لە ساڵی (١٣٦٠ کۆچی) دەکات. ئەگەر لەدوای (قَدْ جَاءَكُمْ) بژمێردرێت و تەنوینی (بُرْهَانٌ) و (نُورًا) بە (ن) بژمێردرێت ساڵی (١٣١٠ کۆچی) دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە "گفتوگۆ"ی لەگەڵ ئەم سەدەیەشدا هەیە. هەروەها هەروەك ئەم ڕستە پیرۆزەش (قَدْ جَاءَكُمْ بُرْهَانٌ) لەگەڵ چوار جیاوازیدا دەبێتە تەوافوق لەگەڵ ژمارەی

"فورقان"دا و بە ئاشكرا بۆی دەڕوانێت، بە هەمان جۆر ئەو بەڵگە خواییەش كە ئاماژە بۆ پەیامەكان دەكەن وەك مەقامی جفری ئەم ئایەتە پیرۆزە (اَنْزَلْنَا اِلَيْكُمْ نُورًا مُبِينًا) كە دەكاتە (٥٩٨) بە وەستان لەسەر هەردوو "تەنوین"ەكە و ئەژماركردنی بە "ئەلف" بە تەواوی دەبێتە تەوافوق لەگەڵ ژمارەی "پەیامەكانی نوور"دا بەڵگەیەكی، ئەو بەڵگە پیرۆزە ئاسمانییەن لەسەر زەوی. وە هەروەها بەڵگەیەكی درەوشاوە و بەهێزی ئەم سەردەمەشن.

## بە بیرهێنانەوەیەك:

هەرسێ ناوەكانی پەیامەكانی نوور كە بریتین لە (رسالەِ النور، رسائل النور، رسالة النور) بە ژماردنی (ن) شەددەدارەكە بە دوو (ن)، بە گوێرەی یاسا جفرییەكان یاسایەكی گشتییە و، پیتە شەددەدارەكان هەندێ جار بە یەك پیت و هەندێ جاری تریش بە دوو پیت دەژمێردرێن.

## ئایەتی شازدەهەم:

(لِلَّذِينَ امَنُوا هُدًى وَ شِفَاءٌ) هەروەك ئەم ئایەتە لە زۆربەی كاتەكاندا بووە بە شیفا بۆ نەخۆشییەكانم، بەهەمان جۆر ناتوانین لە دەرمانەكانی دەرمانخانەی مەزنی خوایی كە "قورئانی حەكیم"ە دەستبەردار ببین و، لە دەرمانەكانی پەیامەكانی نووردا هەزاران شیفای پیرۆزم بۆ هەزاران نەخۆشی مەعنەویی دۆزییەوە و قوتابیانی پەیامەكانی نووریش زیاتریان دۆزییەوە. وە ئەوانەشی كە نەخۆشی – زەندەقە و شوبهە و گومانیان – هەیە و لە لیتاوی زانست و فەلسەفەدا ڕۆچوون و چارەسەریان زەحمەتە، زۆرێك لەوانە لەم دەرمانخانەیەدا شیفایان دۆزییەوە.

بەڵێ، ئاماژەیەكی تر لەسەر ئەوەی كە پەیامەكانی نوور وەك لانكەیەكی شیفابەخشی لە ژمارە بەدەری قورئانی پیرۆز لەم سەردەمەدا كە مایەی تێڕامانی ئەم ئایەتە شیفا بەخشەیە بۆ پەیامەكانی نوور بریتییە لە: مەقامی جفری ئایەتە پیرۆزەكە كە دەكاتە ساڵی (١٣٤٦ كۆچی) و دەبێتە تەوافوق لەگەڵ ساڵی بڵاوبوونەوەی

شیفادارانەی پەیامەکانی نوور و ساڵی دانانی "موعجیزاتی ئەحمەدی" بە واتا و سەرنج ڕاکێش، کە ساڵی (١٣٤٦ کۆچی)یە. ئەم تەوافوقە هەم جەخت لە بۆنەیەکی (موناسەبەتێکی) مەعنەویی دەکاتەوە و، پاشان بە هێما (ڕەمز) ئاماژە لەسەر یەکتر دەکەنەوە.

## ئایەتی حەڤدەهەم:

**فَاِنْ تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ اللّهُ لاَ اِلهَ اِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ**

**قُلْ حَسْبِيَ اللّهُ لاَ اِلهَ اِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ**

مەقامی جفری دەکاتە ساڵی (١٣٢٩ کۆچی)، بە ئاماژەکردنی "لام"ە شەددەدارەکانی هەریەکەیان بە یەك (لام) و (کاف)ە شەددەدارەکەش بە یەك (کاف)، لەگەڵ ئەوەی تەوافوقی تەواوی هەیە لە نێوان دەستپێکی جەنگی جیهانی و دەستپێکی تەفسیری (إشارات الإعجاز) وەك سەرەتای پەیامەکانی نوور. بە ئەژمارکردنی (کاف)ە شەددەدارەکەش بە دوو (کاف) ئەو کاتە مەقامە جفرییەکەی دەکاتەساڵی (١٣٤٩ کۆچی) و دەبێتە تەوافوق لەگەڵ ساڵی بڵاوکردنەوەی نوورەکانی قورئانی پیرۆز. کاتێك لە جەنگی جیهانیدا کە – جەنگێکی ترسناك و خەماوی – بوو پەیامەکانی نوور بە زایەڵەی وتنی (حَسْبِيَ اللّهُ) لە هەوڵدابوون بۆ پارێزگاری کردنی مرۆڤایەتی و بە بێ هیچ کەمتەرخەمیەك و بە – تەنها خۆی و بەبێ پشتیوانی هیچ کەس و لایەنێك – و لەگەڵ چەندەها کۆسپ و تەگەرەدا دەستیان بە بڵاوکردنەوەی نوورەکانی قورئان کرد.

بێگومان ڕوودانی ئەم تەوافوقە و تەوافوقەکانی تری ئایەتە پیرۆزەکانی تر کاری ڕێککەوت نییە و، بێمەبەستیش دوورە لەم تەوافوقە زۆر گرنگانە. بەڵکو ئایەتەکانی هاوچەشنی ئەم ئایەتە پیرۆزانە بە تایبەتی ڕوویان لەم سەردەمە ترسناکە کردووە و وە بە تایبەتیش ستایشی بەشێك لە قوتابیانی پەیامەکانی نوور دەکات کە ئەم ئایەتانەیان کردووە بە ڕابەریان و، هانیان دەدات.

هەرچەندە موناسەبەتی مەعنەویی ئەم ئایەتە پیرۆزە وەك ئایەتەكانی تر بە ئاشكرا نابینرێت، بەڵام لە ڕوویەكەوە پەیوەندی بە پەیامەكانی نوورەوە هەیە. بەم شێوەیە كە: سیازدە ساڵە (بە گوێرەی ساڵی نوسینەكەیە) ئەم ئایەتە پیرۆزە ویردی تایبەتی نوسەر و قوتابیانی پەیامەكانی نوور بووە دوای نوێژی ئێواران. هەروەها واتای ئەم ئایەتە پیرۆزە لەم سەردەمەدا بە تەواوی دەركەوتووە كە پەیامەكانی نوور و قوتابیانی بە ئومێدەوە ویردی (حَسْبِيَ اللّهُ) دووپات دەكەنەوە و پشت بە خوای گەورە دەبەستن و هەوڵی ڕزگاركردنی ئیمانی ئیمانداران دەدەن بە بڵاوكردنەوەی نووری ئیمان و نهێنییەكانی قورئانی پیرۆز.

## ئایەتی هەژدەهەم:

(اِنَّ حِزْبَ اللّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ) كورتەی واتای ئەم ئایەتە پیرۆزە، دڵدانەوەیەكی پیرۆز دەبەخشێتە ئەهلی ئیمان بۆ ئەو خەمبارییەی كە لە ئەنجامی ئەوەی كە بە "ڕواڵەت" بە دۆڕاو دەردەكەون، وە هەواڵی سەركەوتن و عاقیبەت خێری دەداتە (حیزبی خودا) وە واتا گشتی و تایبەتییەكانی ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژە دەكات بۆ سەركەوتنی قوتابیانی قورئان و تاكەكانی حیزبی قورئان لەم سەردەمەدا. مەقامی جفری ئایەتەكەش ئاماژە بۆ ساڵی (١٣٥٠ كۆچی) دەكات و شكستی "ڕواڵەت"ی قوتابیانی پەیامەكانی نوور و ڕۆشتنە بەندینخانەیان و، وە بە دەستهێنانی سەركەوتنە مەعنەوییەكان بۆ ساڵی دواتر و جێگرییبوونی ئیمانیان. هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ئەم قوتابییە فیداكارانە و دواجار شكستهێنانی هەموو هەوڵی دوژمنەكانیان. ڕوودانی هەموو ئەمانە لە ساڵەكانی (١٣٥٠، ١٣٥١، ١٣٥٢ كۆچی)دا بوون بە تەوافوق لەگەڵ مەقامی جفری ئایەتەكەدا بە دڵنیاییەوە هێما (ڕەمز)ێكی قورئانی میهرەبانانەیە، بە مەبەستی دڵدانەوە و دەرخستنی شەفەقەت بۆ قوتابیانی نوور.

## ئایەتی نۆزدەهەم:

**وَ الَّذِينَ امَنُوا مَعَهُ نُورُهُمْ يَسْعى بَيْنَ اَيْدِيهِمْ وَ بِاَيْمَانِهِمْ**
**يَقُولُونَ رَبَّنَا اَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَ اغْفِرْلَنَا**

یەكێك لە ئاماژەكان و پلە و واتا گشتییەكەی ئەم ئایەتە پیرۆزە بۆ ئەم سەردەمە زیاتر دەڕوانێت. چونكە ئایەتی (يَقُولُونَ رَبَّنَا اَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا) هەم لەڕووی واتاوە پەیوەندییەكی بەهێزی هەیە و هەمیش لەڕووی مەقامە جفرییەكەیەوە كە ساڵی (١٣٢٦ كۆچی)دەكات ئاماژە بۆ (قوتابیانی پەیامەكانی نوور) دەكات كە دوای ماوەیەكی كەم دەردەكەون بۆ ڕزگاركردنی موسوڵمانان لەو نەهامەتی و زوڵم و جەنگەی كە بەهۆی هەڵگەڕانەوە بەسەر حوكمی ئازادیدا و هاتبووە ڕێیان.
ڕستەی (وَاغْفِرْلَنَا) ڕووی لە ساڵی(١٣٦٠ كۆچی)دەكات، واتە ماوەی (ئیستغفار) پێنج شەش ساڵی دواتر دەبێت، كە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ماوەیەی كە قوتابیانی پەیامەكانی نوور لەوكاتەدا دەرسی (ئیستغفار) دەڵێنەوە و، ئایەتەكەش بە شێوەیەكی ڕەمزی بۆی دەڕوانێت.

## ئایەتی بیستەم:

(وَ نُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْانِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَ رَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ) هەروەك ئەم ئایەتە پیرۆزە بە ڕاشكاوی ڕووی لە سەدەی بەختەوەری و كاتی دابەزینی قورئانی پیرۆزە، بەهەمان جۆر بە واتا ئاماژەییەكانیشی ڕووی لە سەدەكانی تر كردووە. وە ئاماژەش دەكات بۆ ئەو (نوورە بە شیفایانە كە بەشێوەی ئیلهام لەئاسمانی قورئانەوە دابەزیون).
بەڵێ، ئەو دكتۆری دڵەی كە لەبەرەكەت و ڕووناكی قورئانی حەكیمەوە دەرسی وەرگرتووە و قورئان بووە بە سەرچاوەی نوسینەوەی دەرمانە بەشیفاكان كە (پەیامەكانی نوور)ن، هەروەك لەڕێگەی زۆرێك لە ئەزموونەكانمەوە بۆم دەركەوتووە كە پەیامەكانی نوور بوون بەسەرچاوەی شیفا بۆ هەموو كێشە مەعنەویەكانم، بە هەمان جۆر قوتابیانی پەیامەكانی نووریش لەڕێگەی ئەزموونەكانیانەوە زیاتر لە خۆم

تەصـدیقی گوفتارەکـانم دەکـەن. ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە پەیامـەکانی نـوور ڕۆشتووەتە ناو واتا ئاماژەییەکانی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە. وە ئاماژەیەکیش دەربارەی ڕۆشـتنی پەیامـەکان لـە نـاو ئاماژەکـانی ئـەم ئایەتـە پـیرۆزەدا بـاس دەکـەین بـەم شێوەیەکە:

مەقامە جفرییەکەی (مَا هُوَ شِفَاءٌ وَ رَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ) دەکاتـە سالّی (١٣٣٩ کۆچـی) کـە دەبێتە تەوافوق لەگەڵ سالّی (ئیلهامبوونی پەیامەکانی نوور لە قورئانی پیرۆز)ەوە کە هـەمان سـالّ بـووە و، لەبەرئـەوەی پەیامـەکانی نـوور بـوون بـە شـیفا بـۆ نەخۆشـییە مەعنەوییە ترسناکەکان، بۆیە قەناعەتم وایە کە ئەم ئایەتە پیرۆزە بە تایبەتی ئاماژە بۆ پەیامەکان دەکات. من قەناعەتی خۆمم نوسی – ڕەخنەش لە قەناعەت ناگیرێت –.

## بیست و یەکەمین ئایەت یان ئایەتەکان:

قُلْ اِنَّنِي هَدينِي رَبِّي اِلى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ * وَ هَديهُ اِلى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ

هەشت – نۆ ئایەت ڕوو بەرەو ڕێگای (صراطِ مستقیم) وەردەچەرخێنن. وەهەمیشـە لە هەموو سەردەمێکدا بۆ دۆزینـەوەی ئـەم ڕێگا ڕاسـت و دروسـتە ڕوویـان لـە قورئـانی پیرۆز کردووە و بەهۆی نورەکەیەوە ڕێگا ڕاستەکەیان دۆزیوەتەوە و، ڕزگاریان بووە لە تاریکی ئەو سەردەمە. بە هەمان شێوە (پەیامەکانی نوور)یش لەم سەردەمە ترسناك و پڕ لە گەردەلولەدا بـوون بـە هۆکـاری دۆزینـەوەی ڕێگـای ڕاسـت (ئیسـتیقامەت) بـەهۆی دەرەوشانەوەی نوورەکانییەوە، هەروەها بە ئەژمارکردنی تەنوینەکانی (صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ) بـە (ن)، مەقامـە جفرییەکـەی دەکاتـە (١٠٠٠)، ئەگـەر مـەددەکانیش نـەژمێردرێن ئـەوا دەکاتە (٩٩٩) تەنیا بە یەك دوو جیاوازی[١٩] دەبێتە تەوافوق لەگەڵ ژمارەی پەیامەکانی نوور کە (٩٩٨) پەیامن، وشەکانی (صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ) لـە هەشـت – نۆ ئایەتـدا وەك ئـەم دوو ئایەتەی پێشوو بە تایبەتی باس لە (صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ)ی پەیامەکانی نوور دەکات و

---

[١٩] واتە: ئاماژە دەکات بۆ پلەی پەیامەکانی نوور، کە پەیامەکانی نوور لە پلەی دووهـەم یـان سێهەمدان. وەحی نییە و ناشتوانێت ببێت، بەڵکو ئیلهام و ئیستغراجن.

بەشێوەیەکی هێما (ڕەمز)ی ئاماژەی بۆ ئەو ئیستیقامەتە کردووە. ئەگەر تەنوینەکەی (صِـرَاطٍ) نـەژمێردرێت (نـون)ە شـەددەدارەکەی (اَلنُّـورِ) بەیـەك (نـون) دەژمێردرێـت و دووبـارە تـەوافوقیان هەیـە. هـەروەها هـەروەك ئـەم ئایەتـە پـیرۆزە ڕووی لـە نـاوی پەیامـەکانی نـوورە (رسـالە النـور)، بەهـەمان جـۆر ئامـاژە بـۆ دەرکەوتنیشـان دەکـات. چونکە مەقامی جفری (هَدینِی رَبّی اِلی صِرَاطٍ مُسْتَقِیمٍ) دەکاتـە سـاڵی (١٣١٦ کۆچـی)و دەبێتە تەوافوق لەگەڵ ساڵی دەرکەوتنی نوورەکـان لـە سـەردەمی لاوی نوسـەرەکەیاندا کـە لـە تێگەیشـتنی قورئـانی پـیرۆزەوە وەرگـیراون، ئـەویش سـاڵی (١٣١٦ کۆچـی) یـە، بەبێ گومانی ئەم تەوافوقەش وەك تەوافوقی پێشوو بەهێز و بەڵگەنەویستە و جەخت لەسەریەکدی دەکەنەوە و تەصدیقی یەکدی دەکەن، کـە بەشـێوەیەکی (هێمـا)ڕەمزی و لەوانەشە بەشێوەی ئاماژە بۆکردن بۆ ئەم نوورەی پەیامەکان بڕوانێت.

تەوافوقێکی گرنگ و شایانی لێوردبوونەوەیە کە دانەری پەیامەکانی نوور لە ساڵی (١٣١٦ کۆچی)دا گۆڕانێکی فیکری گرنگی بەسەردا هاتووە. بەم شێوەیە کە: هەتا ئەو کاتـە (دانـەری پەیامـەکان) خـەریکی زانسـتە جۆراوجۆرەکـان بـووە، بـە مەبەسـتی فێربوونی زانست و زانیاری کتێبی دەخوێندەوە و بە دەرسیش دەیوتنەوە. بەڵام دوای ئەم بەرواره ساڵی (١٣١٦ کۆچی) لە ڕێی (تاهیر پاشا)وە بیستی کـە ئـەوروپا پلانێکـی چـەپەڵ لـەدژی قورئـانی پـیرۆز سـاز دەکـات، چـونکە لـە ڕۆژنامەیەکـدا کـە وەزیـری موستەعمەراتی بەریتانی وتوویەتی:

"تا ئەم کتێبە لەناو دەستی موسوڵماناندا بمێنێت، ناتوانین جڵەوی حوکمڕانییـان بگرینە دەست، کەواتە چار تەنها ئەوەیە کە ئەم قورئانـە لەسـەر زەویـدا نەهێڵین، یـان پەیوەندیی موسوڵمانانی پێوە بچڕێنین".

کاتێك دانـەری پەیامـەکان ئەمـەی بیسـت دەسـتی کـرد بـە هـەوڵ و تێکۆشـان و لـە (فـەرمانێکی مەعنـەویی)دا گـوێی لـە مـەقامی جفـری ئـەم وشـە پیرۆزانـە بـوو (فَاَعْرِضْ عَنْهُمْ) کە ساڵی (١٣١٦ کۆچی)یە، ئەمـەش لەگـەڵ ئاڵوگۆڕە فیکرییەکـەی، بـوو بـەهۆی گۆڕانی هەوڵەکانی.

هەموو ئەو زانستە جۆراوجۆرانەی کە دەیزانی بۆ تێگەیشتنی قورئان و سەلماندنی ڕاستییەکانی بوو، وە ئامانجی ژیان و فێربوونی زانستی مامۆستا تەنها – ڕووی لە قورئان کرد – وە ئیعجازی مەعنەویی قورئان بوو بە ڕابەر و ڕێنیشاندەری و مامۆستای. بەڵام بەداخەوە لەو سەردەمی گەنجییەدا بەهۆی کاروبارە بێبایەخ و هەڵخەڵەتێنەرەکانەوە دەستی بە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی نەکرد. دوای ماوەیەك بەهۆی دەنگەدەنگ و هاواری جەنگی جیهانییەوە بە خەبەرهاتەوە. ئەو فکرە جێگیرەش زیندوو بوویەوە و لە ئەندێشەوە بەرەو کرداربوون هاتە مەیدان و دەستیپێکرد.

بەڵێ، لەبەرئەوەی ساڵی (١٣١٦ کۆچی) هەم پەیوەندی بە دانەری پەیامەکانی نوور و هەمیش پەیوەندی بە پەیامەکانی نوورەوە هەیە، بۆیە زۆربەی ئایەتە پیرۆزەکان ڕوویان لەم ساڵەیە.

بۆ نموونە هەروەك ئایەتی (هَدينِي رَبِّي اِلى صِراطٍ مُسْتَقِيمٍ) بە تەواوی دەبێتە تەوافوق و ئاماژە بۆ ئەو ساڵە دەکات. بەهەمان جۆریش ئایەتی پیرۆزی (اِنَّ رَبِّي عَلى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ) بە مەقامە جفرییەکەی کە ساڵی (١٣١٦ کۆچی) دەکات، ئەگەر (نون)ە شەددەدارەکەی بە یەك نون بژمێردرێت و (تەنوین)ەکەش نەژمێردرێت ئەوا یەکاویەك ئاماژە بۆ ئەو ساڵە دەکات.

هەم هەروەك چۆن ڕستەی (صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ) ڕێگای ڕاست لە ئایەتەکانی حەوت – هەشت سورەتدا بۆ ناوی (پەیامەکانی نوور) دەڕوانێت و کاتی دانانی پەیامەکانی نووریش بەشێك لەو دوو ئایەتەی کە باسکران نیشانی دەدەن. بەهەمان جۆر هەروەك ڕستەی پیرۆزی (تِلْكَ ايَاتُ الْكِتَابِ) کە لە سەرەتای حەوت سورەتی پیرۆزدا هاتووە و مەقامی جفرییەکەی دەکاتە ساڵی (١٣١٦ کۆچی) بەهەمان شێوە مەقامی جفری (طس تِلْكَ ايَاتُ الْقُرْانِ) دەکاتە ساڵی (١٣١٦) و دەبنە تەوافوق لەگەڵ ساڵی (١٣١٦)دا و ئاماژە بۆ ئەم بەروارە دەکەن. وەك چۆن لە سەردەمی (عەسری سەعادەت)دا بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستیەکانی ئیمان کە لە قورئانی پیرۆزدا باسکراون، بەڵگەو

ئاماژە خراونەتە ڕوو، وە دووبارە (بەڵگە و کیتابی موبین)یش بەهۆی فەرمانەکانی ئایەتەکانی هاوشێوەی ئەم ئایەتە پیرۆزە (تِلْكَ ايَاتُ الْكِتَابِ * تِلْكَ ايَاتُ الْكِتَابِ * تِلْكَ ايَاتُ الْقُرْانِ) قورئانی موعجیزەی بەیان دەردەخات و ڕووی ڕاستی دەعواکەی ڕوون دەکاتەوە. بەهەمان جۆر لەم سەردەمە ترسناکەشدا ئەو بەڵگانەی کە لە پەیامەکانی نووردا باسکراون، دەبنە بەڵگەی ئەوە کە حەقیقەتەکان تەنها هی (وتەی خوای گەورە)یە. بۆیە قەناعەتم وایە ئەم ئایەتە و (تِلْكَ ايَاتُ الْكِتَابِ) ئایەتەکانی هاوشێوەی ئەم ئایەتە پیرۆزە بە (واتا و بەڵگە ئاماژەییەکان)یانەوە سەرنجی وردیان ڕوو دەکاتە پەیامەکانی نوور بە تایبەتی ئەو ئایەتەی کە باسکرا.

بەڵێ، هیچ گومانم نیە لەو ئاماژە قورئانییانە دەربارەی (پەیامەکانی نوور) چونکە ئاماژەدان و دەستخستنەسەر هەمان شت بە بیست شێوە و بیست جار بە یەکەوە پشتی یەك دەگرن و یەکدی پشت ڕاست دەکەنەوە. ئەوەشی بڕوا بەم بۆچوونەم ناکات چی بەم هەموو یەکبوون (ئیتتیفاق)نە دەڵێت؟ دەتوانێت چی بڵێت؟ کام هێزە دەتوانێت ئەم یەکبوون (ئیتتیفاق)نە بشێوێنێت؟ کێ گومانی لەو ئاماژە تایبەتییانەی قورئانی پیرۆز دەربارەی پەیامەکان هەیە بابڕوات "وتەی بیست و پێنجەم" بخوێنێتەوە کە چل ڕووی موعجیزەی قورئان دەسەلمێنێت و دواتر "وتەی بیستەم" مەقامی دووهەم و "وتەی دە کە پەیامی حەشرە"، "وتەی بیست و نۆهەم"یش بخوێنێتەوە، ئەگەر هێشتا گومانی مابوو بابێت پەنجە بە چاومدا بکات.

## بیست و دووهەم ئایەت و ئایەتەکانی:

کە سەرەتای سورەتەکانی (یونس، یوسف، رعد، حجر، شعراء، قَصَصْ، لقمان) دەگرێتەوە.

ئایەتی (تِلْكَ ايَاتُ الْكِتَابِ) ڕاگەیاندنێکی پیرۆزە لە ئایەتی بیست و یەکەمدا بۆنە (موناسەبە)ی مەعنەویی ئەم ئایەتە بە پلەیەك باسکراوە، مەقامە جفرییەکەشی بەم شێوەیەیەکە: سێ(ت) ی ئەم ئایەتە ١٢٠٠ دەکات و دوو(ك)، دوو(ل) ١٠٠ دەکات، کە بەکۆی گشتی دەکاتە ١٣٠٠. یەك (ی)،یەك (ب)، چوار یان پێنج (أ)، کە سەرجەمی

هـــەمووی دەكاتـــە (١٣١٦ یـــان ١٣١٧). كـــە دەبێتـــە تـــەوافوق لەگـــەڵ گۆڕانكارییـــە فیكرییەكـەی (دانـەری پەیامـەكانی نـوور) كاتێك وازی لـە زانسـتە جیاوازەكـان هێنـا و ڕووی كردە ڕوونكردنەوەی ڕاستییەكانی قورئانی پیرۆز، وە بۆ ڕوونكردنـەوەی زیـاتر لەسەر بۆنە (موناسەبەت)ی مەعنەویی ئەم ئایەتە پیرۆزە دەڵێین كە:

ئەم تەوافوقە ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە: لەم سەردەمەدا پەیامەكانی نوور كە لە (سی و سێ وتە و، سی وسێ مەكتووب و، سی و یەك بریسكە) پێكهاتوون لەم كاتـەدا بـاس لە ئایەتەكانی "كیتاب موبین" دەكەن و ڕوونكەرەوەی ئەو ئایەتە پیرۆزانـەن. واتـە ئـەم پەیامانـە نیشـانەی حەقیقـەتن و بەڵگـەن بـۆ حـەق و حەقیقـەت و بەڵگەیـەكی بـەهێزی ڕاستییە ئیمانیەكانی ئەو ئایەتانەن. بۆیە پەیامەكان شایانی ئەوەن كـە بـە شـێوەیەكی ئاشكرا وەك ئەوەی بە چاو ببینرێت ببنـە جێگـەی ئامـاژە بـۆكردن لـە لایـەن ئـەم وشـە پـیرۆزەوە كـە بریتییـە لـە (تِلْكَ) و بڕۆنـە نـاو بازنـەی واتـا گشـتییەكانی و تیایـدا بـە شێوەیەكی تایبەتی ئاماژەی بۆ دەكات.

## پوختەی قسە:

بـە هـەرحاڵ: هـەروەك ئـەو واتـا ئاماژەییـەی كـە لـەم ئایەتـەدا هەیـە حـوكمی حـەوت ئاماژەی دەبێت بەهۆی دووبارە بوونەوەی لە حەوت سورەتدا، بە ئەندازەیـەك ئاماژەكـە دەگەیەنێتـە پلـەی "بەڵگـە"، بـەڵكو تـا پلـەی ڕوونـی (سـەراحەت) پیشـانی دەدات. بەهـەمان جۆر ئەونیشـانەیەی كە لـە (صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ) دا هەیـە و لـە حـەوت – هەشـت سورەتیشـدا دووبـارە بووەتـەوە بۆیـە حـوكمی حـەوت – هەشـت نیشـانە بـۆ كردنـی دەبێت، ئەمەش وا دەكات كە ئەو هێما (ڕەمز) و ئاماژانە بڕۆنە پلەی "بەڵگە"، بەڵكو تا پلەی ڕاشكاوی (سەرحەت) بە ئاشكرا ببینرێن.

## بە بیرهێنانەوە:

بـەبێ هـیچ مانـدووبونێك ئـەم "ئاماژانـە" هێنرانـە دڵ و نوسـرانەوە. زۆرێـك لـە ئاماژەكـانی ئـەو "سـی و سـێ" ئایەتـە نەنوسـران. بـۆ ئـەوەی نەچـنە بـارودۆخی زۆرلەخۆكرن (تەكەلووف)ەوە.

## ئایەتی بیست و سێهەم:

(عَسى رَبُّنَا اَنْ يُبْدِلَنَا خَيْرًا) ئەم ئایەتە پیرۆزە هەروەك ڕووی لە هەموو سەدەكان كردووە، بەهەمان جۆر ڕوو لەم سەدەیەی ئێمەش دەكات. لە ناو ئەوانەی كە لەم سەردەمەدا داوا لە خوای گەورە دەكەن ئەو موسیبەتانەی كە وەك خەونی ترسناك وان بگۆڕدرێن بۆ خێر و خۆشی، هێما (ڕەمز)ێكی تایبەتی ئاماژەیەكی دەربارەی قوتابیانی پەیامەكانی نووری لە ناودایە بەم شێوەیە كە:

مەقامی جفری ئەم ئایەتە پیرۆزە كە دەكاتە ساڵی (١٣٤٥ كۆچی) و دەبێتە تەوافوق لەگەڵ ساڵی نوسینی پەیامەكان كە ساڵی (١٣٤٥)ە و، كاتی دەستپێكردنی كۆمەڵێك ڕووداوی تایبەتن.

بەهۆی زۆر بێزاركردنی دانەری پەیامەكان لە (بارلا) كە ناوەندی بڵاوبوونەوە و نوسینی (پەیامەكانی نوور)ە و بەتایبەتی بەهۆی هێرشكردنە سەر (مزگەوتە بچوك)ەكەیەوە، قوتابیانی پەیامەكانی نوور هانایان بۆ دەرگای میهرەبانی پەروەردگار برد و لێی پاڕانەوە و وتیان :(**یاڕەب ئەم خەوە ترسناكە بگۆڕە بە خێر**) ئەم پاڕانەوەشیان بوو بەهۆی هێنانەوەی ئومێد و بەهێزكردنی مەعنەویاتی موسڵمانان.

هاتنە دڵەوەی ڕوونكردنەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزە بەبێ زۆرلێكردن (تەكلیف) هەرئەوەندە بوو. ئەگەر نا نهێنی زۆری تێدایە، بۆئەوەی زۆرلێكردن (تەكلیف)ی زیاتری نەوێت، بەكورتی تەواوم كرد.

## بیست و چوارەمین ئایەت و ئایەتەكان:

ئایەتی پیرۆزی (تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللّٰهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ) كە لە سەرەتاكانی (سورەتی زُمَر، سورەتی جاثیە، سورەتی أحقاف) هاتووە. ئەم ئایەتە پیرۆزانەش وەك ئایەتە پیرۆزەكانی (بیست و دووهەم) بە واتایەكی هێما (ڕەمز)ی ڕووی لە ناوی پەیامەكانی نوور(رسالە النور) و دانەرەكەیان و كاتی نوسینەوە و بڵاوبوونەوەیانە.

# به بیرهێنانەوەیەك پێش ڕوونكردنەوە
# (چوار – پێنج خاڵی گرنگ باس دەكرێت)

## خاڵی یەكەم:

هەروەك لە فەرموودا هاتووە: هەر ئایەتێك پلەكانی (ظاهر و باطن و ماددی و هەڵاتگە)ی هەیە، هەر یەكێك لەم چوار پلەیە لە فەرموودەكەدا بە مانای (شجون و غصون و لق و ئاماژە و پەل) هاتووە. بەپێی مانای فەرموودەكە، ئەم ئایەتە پیرۆزە لە پلەیەكی فەرعییەوە و، بە واتایەكی ئاماژەیش لەگەڵ قورئاندا بۆنە (موناسەبەت)ێكی بەهێزە و، كەم و كورتیەك نییە لە بابەتەكەدا، بەڵكو پێویستیەكی ئیعجازی مەعنەوییە لە زمانی غەیبدا.

## خاڵی دووهەم:

هەموو ئەو كەسانەی كە پەیامەكانی نوور دەخوێننەوە تەصدیقی ئەوە دەكەن كە واتا و ئاماژە گشتییەكانی ڕووی لەم سەدەیە و، ئاماژە بۆ دەركەوتنی ئەو كەسێتییە بەهێزە دەكات كە بریتییە لە (پەیامەكانی نوور).

بەڵێ من شاهیدی بۆ قوتابییە تایبەتییەكانی پەیامەكانی نوور دەدەم و دەڵێم:

پەیامەكانی نوور وەك كتێبەكانی تر لە زانست و هونەر و كتێبی ترەوە وەرنەگیراون. جگە لە (قورئانی پیرۆز) هیچ سەرچاوەیەكی تریان نیە. جگە لە قورئان مامۆستایەكی تریان نیە، جگە لە قورئان هیچ (مەرجەع)ێكی تریان نییە. لە كاتی دانانیاندا هیچ كتێبێكی تر لەلای دانەرەكەیدا نەبووە. ڕاستەوخۆ لە بەرەكەتی قورئانەوە و لە ئاسمانی قورئان و لە ئەستێرەی ئایەتەكانییەوە وەك ئیلهام هاتوون و نوسراونەتەوە و دابەزێنراون.

## خاڵی سێهەم:

(پەیامەکانی نوور) هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی لە ناوی پیرۆزی "حکیم و رحیم"ی خوای گەورەوە دەرکەوتوون و پەیوەندی بوونی ئەم سێ ئایەتە کە بە ناوی "حکیم" کۆتاییان پێدێت و لەگەڵ ناوی پیرۆزی "رحمن و رحیم" ی ئایەتی بیست و پێنجەمدا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بابەت و بۆنە (موناسەبەت)ە مەعنەوییەکە.

بەڵێ، ئێمەش لەسەر بناغەی بەهێزبوونی ئەم بابەتە مەعنەوییە دەڵێین کە: هەروەك ئایەتی پیرۆزی (تَنْزِيلُ الْكِتَابِ) بە واتایەکی ئاشکرا لە سەردەمی بەختەوەریدا بەشێوەی "وەح"ی نازڵ بووە، واتا ئاماژەییەکەشی ڕووی کردووەتە هەموو چەرخ و سەدەیەك و هەموو ئەو ڕاستییانەی کە لە ئایەتەکەدا بەشێوەیەکی نهێنی شاردراونەتەوە لە ڕێگەی "ئیلهام"ەوە ئاشکرا دەکرێن و ڕوون دەکرێنەوە. لەبەرئەوە ئەم ئایەتە پیرۆزەش ڕاستی و درەوشانەوەیەکی تیایە کە ڕووی لەم سەدەیە کردووە و ئاماژەیەکی دەربارەی ئەم سەردەمە تیادا دەبینرێت.

## خاڵی چوارەم:

هەر لەکۆنەوە یەککگرتنی ئەو سی و سێ ئایەتانەی کە ئاماژە بۆ (پەیامەکانی نوور) دەکەن و پەنجە بۆ پەیامەکان ڕادەکێشن بە واتاکانیان و بە مەقامە جفرییەکانیشیانەوە، هەروەها ئایەتی "نور" یش کە بە (دە پەنجە) ئاماژە بۆ پەیامەکانی نوور دەکات، بووە بە دەستورێکی بەناوبانگ و زانراو و بازنەی لێدەرهێنانی زانست لەناو کۆڕی زانایان و مەیدانی ئەدیباندا.

تەنانەت لە مێژووشدا لەسەر کێلی گۆڕەکاندا ئاماژە بۆ ئەم ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە کراوە و بووەتە جێگەی سوود گەیاندن بە زانایان و وەك یاسایەکی زانراوی لێهاتووە.

ئەگەر ئەنانیەت و خۆ بەگەورە زانین خۆی هەڵنەقورتێنێت، ئەوا ئەم ئاماژەیە ئاماژەیەکی غەیبییە و، ئەگەریش ئەمانە قسە هەڵبەست بێت و بە زۆر ئەم ئاماژانە نوسرابن و وەك دەستورێکی لێهاتبێت، ئەوا تەنیا جۆرە لەتیفەیەك وجوانییەك دەبەخشێت.

بەڵێ، هەندێك لە ئەدیبەكان هەریەكەیان لە زەمان و كاتی خۆیاندا هەوڵیان داوە لاسایی ئەم پەیامانە بكەنەوە و گوفتارەكانیان پیٚ جوان بكەن، هەم ئاماژەكانی پلەی ئەبجەدی بە دوایەكدا هاتن كە یاسایەكی بنەڕەتی و گرنگی "زانستی جفرە"، لە هەموو ڕوویەكەوە - نەبوونی و هەستی خۆبەگەورە زانین - لەم هەستەدا هاوتایە لەگەڵ حەقیقەتدا كە ئاماژە بۆ (پەیامەكانی نوور) دەكەن . هەروەها كۆبوونەوەی ئەم هەموو ئایەتە بەناوبانگانەی (قورئانی پیرۆز) و تەوافوقەكانی دەربارەی هەواڵدانی (پەیامەكانی نوور)ەوە بە ڕاشكاوی ئاماژە كردنەوە بۆ شاهێدی قبوڵبوونی ئەم پەرتووكە بەنرخانەن، وە مۆر (ئیمزا)یەكە بۆ حەق و موژدەیەكە بۆ قوتابییەكانی.

## خاڵی پێنجەم:

بەڵگەی زۆر و گشتگیر و وەرگیرا و هەیە لەسەر پێوەرە ئەبجدیەكان كە وەك دەستورێكی عیلمی و یاسایەكی ئەدەبی لێهاتووە، بەلام لێرەدا تەنیا چوار بۆ پێنج بەڵگە وەك نموونە دەخەینە ڕوو:

### یەكەم:

كاتێك بەشێك لە زاناكانی (بەنی ئیسرائیل) گوێیان لەو سورەتانە بوو كە بە پیتەكان دەستیان پیٚكردبوو وەك: (الم - كهيعص) هاتنە خزمەت پێغەمبەر و بە پێی "ژماردنە جفرییەكان" وتیان: "ئەی محمد ماوەی ئوممەتەكەت كەمە". پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم پێی فەرموون: كەم نیە، سەرەتای ئەو سورەتانەی تری بۆ خوێندنەوە كە بە پیتەكان دەست پێدەكەن فەرموی: تەمەنی ئوممەتەكەم درێژە ئەوانیش بێدەنگ بوون..

### دووهەم:

حەزرەتی عەلی - رضـي الله عنـه - لە قەصیدە بەناوبانگەكەیدا كە ناوی (جەلجەلوتییە)یە، هەر لە سەرەتاوە هەتا كۆتایی بە پێوەرەكانی ئەبجەدی و جفر نوسراوە و بەوشێوەیەش لە چاپ دراوە.

**سێههم:**

**(جهعفهری صادق ) و (موحیّدینی عهرهبی) – رضي الله عنه – لهو زانایانهبوون كه خهریكی واتا غهیبییهكان و زانستی نهێنی واتای پیتهكان بوون لهم پێناوهدا تێكۆشان، ئهم پێوهری ئهبجهدییهیان به دهستورێكی غهیبی و كلیلێك قبووڵ كردووه.**

**چوارهم:**

**ئهدیبه پله بهرزهكان ئهم پێوهره ئهبجهدییهیان به یاسایهكی ئهدهبی قبووڵ كردووه و، ههر له كۆنهوه بهكاریان هێناوه و سوودیان لێوهرگرتووه. تهنانهت وا پێویست بوو كه لهبهر خاتری ناسكی بابهتهكه لاسایی ئهم یاسایانه نهكرێتهوه كه به ئیلهام لهلایهن خوای بهدهسهڵاتهوه نازڵ بوون، بهڵام بهشێوهیهكی مهبهستدار لاسایی ئهو كلیله غهیبییهیان كردووهتهوه.**

**پێنجهم:**

**زانستی بیركاری، ژماردنه تهوافوقیهكان و دهستووره ناسك و یاسا بێوێنهكانی بابهتی نهێنی ژمارهكانیان به جۆرێكی تهواو خستووهته ڕوو. تهنانهت بهدیهێنهری دانای ئهم گهردوونه له فیترهت و سروشتی دروستكراوهكانیدا ئهم ژماردنه تهوافوقیانهی به دهستورێكی ڕێك و به یاسایهكی پێوانهیی ڕیك و پێك و گونجاو و بێكهم وكوڕی داناوه.**

**بۆ نموونه: ههروهك چۆن پهنجهكانی دهست و قاچ و ئێسقانهكان و دهمارهكان و خانهكان و كونیلهكانی جهسته به هاوڕێكییهكی ورد دروستكراون و به یهكیشهوه دهگونجێن و دهبنه تهوافوقی یهكتر، بهههمان جۆر ئهم درهختی بههاره دهبێته "تهوافوق" لهگهڵ گوڵ و گهڵا و میوهكانی درهختهكانی بههاری ڕابردوو و به یهكهوه و به ڕێكییهكی ورد دهبنه "تهوافوق" لهگهڵ بههاری ڕابردوو و داهاتوودا لهگهڵ كهمێك جیاوازی، ههموو ئهمانهش بهیهكهوه بههارهكانی پێشترمان یاد دهخهنهوه و ویست و ئیرادهی خوایی پیشان دهدهن و دهبنه بهڵگهی یهكتایی بۆ ئهو یهكتایهی (حكیمِ ذوالجمال) كه هەمووشتێكی بهدیهێناوه.**

بەڵێ، مادەم ئەم "تەوافوقی ئەبجەدی و جفرییە"، یاسایەکی زانستی و دەستورێکی بیرکاریانە و یاسایەکی ئەدەبی و، ڕەگ و سەرچاوەیەکی فیتری و کلیلێکی غەیبییە بۆ (قورئانی پیرۆز) کە سەرچاوەی هەموو زانستەکان و تەرجومانی هەموو ئایەتە تەکوینییەکانە و موعجیزەیەکی مەزنی ئەدەبی و زمانی غەیبییە، بۆیە ئەو "یاسا تەوافوقانە"ش لە ئاماژەکانیدا سوودی لە ئیعجازی قورئان پیرۆز وەرگرتووە.

(وەبیر هێنانەوەکە تەواو کۆتایی پێهات)

ئێستا دێینەوە سەر بابەتە سەرەکییەکەی خۆمان لە سورەتی (زومَر، جاثیة، أحقاف).

لەو ئایەتانەی کەوەك ئایەتی (تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ) وان، لە خاڵی دووهەمی بەبیرهێنانەوەکەی پێشوودا، لەبەرئەوەی بابەت و هۆکارە مەعنەوییەکەی باسکرابوو، لێرەدا تەنها هێما (ڕەمز)ە جفرییەکانی باس دەکەین بەم شێوەیە:

دوو (ت) هەشت سەد، دوو (ن) سەد، دوو(م) هەشتا، دوو(ك) چل، سێ (ز) بیست و یەك، سێ (ی) سی، یەك (ب) یەك (ح) دە، ناوی پیرۆزی خوای گەورە(الله) شەست و حەوت، یەك (ع) حەفتا، چوار (ل) و چوار(ا) سەد و بیست و چوار، کە کۆی گشتی هەمووی ساڵی (١٣٤٢کۆچی) دەکات و سەرنجی دەخاتە سەر ئەم سەردەمە و بەیەکەوە لەگەڵ دابەزینی قورئاندا پەنجە بۆ نورێکی پەیوەندیدار ڕادەکێشێت .کەمێك دوای ئەم ساڵە واتە دوای ساڵی (١٣٤٢ کۆچی) نورانیترین بەشی (پەیامەکانی نوور) هاتنەکایەوە کەلە پەیامی "موعجیزاتی ئەحمەدی" و "مەکتووبی بیست و بیست وچوار" پێك هاتوون. وە "پەیامی موعجیزاتی قورئانی" کە بە چل ڕوو ئیعجازی قورئانی پیرۆز دەسەلمێنێت لەگەڵ "وتەی دەیەمدا کە پەیامی حەشرە" هەردووکیان لە هەمان ساڵدا ناسران و بەناوبانگ بوون، کە ئەمەش ئاماژەیەکی زۆر بەهێزە کە ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژە و ناسکی و ڕازاندنەوەیەکی تایبەتی بەرامبەر (پەیامەکانی نوور) هەیە.

هەروەها وەك چۆن ئەم ئایەتە پیرۆزانە ئاماژە بۆ دانان و بڵاوکردنەوەی (پەیامەکانی نوور) دەکەن، بەهەمان جۆر تەنها وشەی (تَنْزِيلُ الْكِتَابِ) ئەگەر (ن) شەددەدارەکە بەیەك (ن) هەژماربکرێت، ئەوا لەگەڵ جیاوازییەکی جوزئیشدا دەبێتە تەوافوق لەگەڵ ناوی پەیامەکانی نوور (رسالة النور)، کە ئاماژەیان بۆ دەکات و قبوڵیشیان دەکات. چونکە پلەی (تَنْزِيلُ الْكِتَابِ) دەکاتە (٩٥١) کە ئەمەش لەگەڵ جیاوازییەکی نهێنیداردا بە سێ ژمارە کەمتر دەبێتە تەوافوق لەگەڵ پلەی (رسالة النور) کە دەکاتە (٤٩٨)..

لە ناکاودا بە دڵدا هات کە: نهێنی ئەم جیاوازییە بە سێ ژمارە ئەوەیە کە پلەی پەیامەکانی نوور لە سێهەم پلەدایە. واتە ئەم پەیامانە بە "وەحی" نەهاتوونەتە خوارەوە وە هەرگیزیش ناتوانن ببنە وەحی، هەروەها بە گشتیش "ئیلهام" نین بەڵکو زۆربەی پەیامەکانی نوور لە بەرەکەت و کانگا و سەرچاوەی قورئانی پیرۆزەوە هاتوونەتە دڵەوە و هەڵقوڵاون و دەرهێنان (ئیستخراج) ی قورئانی پیرۆزن.

جێگەی سەرنجە کە: لە یەکەم (حم) ی سورەتی (مؤمنون) دا لە مەقامی جفری (تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللّهِ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ) وەك هەندێ ئایەتی گرنگی پیرۆزتر ڕوویان لەساڵی(١٣٧٠کۆچی)یە و، بۆی دەڕوانێت. ئایا دوای پازدە یان بیست ساڵی تر نورێکی تری قورئانی دەردەکەوێت، یان بەهۆی فتوحاتێکی گەورە و مەزنی (پەیامەکانی نوور)ە وە شتێك ڕوودەدات، بەهۆی نەزانینمەوە ئەو دەرگایە ناکەمەوە.

## ئایەتی بیست و پێنجەم:

بریتییە لەئایەتی پیرۆزی (حم * تَنْزِيلٌ مِنَ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ) واتای ئاماژەیی ئەم ئایەتە پیرۆزە پەیوەندی لەگەڵ (پەیامەکانی نوور) زۆر بەهێزە. لایەنێکی ئەو پەیوەندییە ئەوەیە کە کار و ئەرکی پەیامەکانی نوور و قوتابییانی لەسەر چوار بنەما بەڕێوە دەچێت:

یەکەمیان: "تەفەکورە"، کە ڕووی لەناوی پیرۆزی (الحکیم)ە.

یەکێکی تریشیان: "شەفەقەتە" و،

هەروەها ئەوی تریان: هەست کردنە بە "لاوازی و کۆڵەواری بێ سنور" کە: ڕووی لە ناوە پیرۆزەکانی (رحمن و رحیم)ە.

هـەروەها وەك چـۆن ئـەم ئایەتـە پـیرۆزە دەبێتـە تـەوافوق لەگـەڵ سـاڵی نوسـین و تـەواوبوونی (پەیامـەکانی نـوور)دا و پەنجـەی بـۆ ڕادەکێشـێت، بەهـەمان جـۆر وشـەی پـیرۆزی (تَنْزِیـلٌ) لەبەرئـەوەی لەسـەر تەنوینەکـە ناوەسـتێت، بـە ژمـاردنی وەك (نـون) مەقامی جفری (٥٤٧) ئاماژە بۆ ناوی دووهەم و سێهەمی وتەکان کە (رسـائل النـور و رسایل النور) دەکات. ئەگەر (نون)ە شەددەدارەکە بە یەك (نـون) ئـەژماربکرێت ئـەوا بـە جیاوازییـەکی زۆر کـەم (٥٤٧ یـان ٥٤٨) و بـە دوو ژمـارە جیـاوازی ئـەم ئایەتـە دەبێتـە تەوافوق و بەشێوەیەکی ئاماژەیی (جوزئی و نهێنی) بۆ پەیامەکان دەڕوانێت و دەیباتە بازنەکەیەوە.

هـەروەها مـەقامی جفـری (حم * تَنْزِیـلٌ مِنَ الـرَّحْمنِ الـرَّحِیمِ) ئەگـەر (تەنوینەکـە) بـە (نون) بژمێردرێت و (ل) ی هەردوو (ر) شەددەدارەکەش ئەژماربکرێن و (حم، حَا مِیمْ) وەك خۆی دەربڕدرێت دەکاتە ساڵی (١٣٥٤ یان ١٣٥٥ کۆچی) ئەگەریش (تەنوینەکە) ئەژمار نەکرێت ئەوا دەکاتە ساڵی (١٣٠٤ کۆچی) ئەگەریش لە سێهەم جاردا ئەو دوو (ل) کە لەبەر (ر) شەددەدارەکە دەرنەبڕرێت ئەوا ساڵی (١٢٩٤کۆچی ) دەکات.

**یەکەم مەقامی جفری ئایەتە پیرۆزەکە:**

کـە سـاڵی (١٣٥٤ یـان ١٣٥٥کۆچـی) بـە تـەواوی دەبێتـە تـەوافوق لەگـەڵ ئـەو سـاڵانەی نوسینەوەی پەیامـەکانی نـوور و ئـەو گیروگرفتانـەی کـە هاتنـە ڕێیـان و پێویسـتبوونی (قوتابیانی پەیامەکانی نوور) بەدڵدانەوەیـەکی قودسـی، هـەروەها ئـەم مەقامـە جفرییـە ئاماژە دەکات بۆ کاتی نوسینی "مەکتوبی سی و یەکەم" کە لـە سـی و یـەك بریسـکە پێکهـاتووە وە بـۆ ئـەو کاتـەش کـە "بریسـکەی سـی و یەکـەمینی" ئـەو مەکتووبـە دەرکەوتووە و وە بۆ نوسینی "تیشـکی یەکـەمی" ئـەو بریسـکەیە، هـەروەها ئاماژەش دەکات بۆ ئەو "سی و سێ ئایەتە" پیرۆزانەی مەقامی بیست و نۆهـەمینی ئـەو تیشـکە کە ئاماژە بۆ دەرکەوتنی (پەیامەکانی نوور) دەکەن.

هەروەها ئەم مەقامە جفرییە دەبێتە تەوافوق لەگەڵ ئەو کات و ساتەی کە ئایەتی بیست و پێنجەمینی ئەو "سی و سێ" ئایەتە پیرۆزانە کە ئاماژە بۆ نوسین و دەرکەوتنی پەیامەکان دەکات و پەیوەندیەکی بەهێزیشی لەگەڵ پەیامەکاندا هەیە ئەمەش تەوافوقێکی ناسك و موژدەهێنەرە و لەگەڵ (ئیعجازی قورئانی پیرۆزدا) گونجاوە.

**لەلایەنی دووهەمەوە:**

واتە لە مەقامی (١٣٠٤) دا، بە تەوافوقی تەواوەتی دەست ڕادەکێشێت بۆ (بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ) و دەسپێکی هەنگاوەکانی فێربوونی زانستەکانە لەلایەن (دانەری پەیامەکان) و فتوحاتە نوورانی و زانستیەکەی، قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵدەماڵێت و پێی دەڵێت: "ئادەی بڕۆ، بە سەلامەتی تێبکۆشە".

**سێهەم مەقامی جفری ئایەتە پیرۆزەکە:**

ئاماژە بۆ نهێنی تەوافوقی ئەم مەقامە جفرییە کە (١٢٩٣ یان ١٢٩٤ کۆچی)، دەبێتە تەوافوق لەگەڵ دەستپێکی ژیانی دنیای دانەری پەیامەکانی نوور کە: ژیانی ئەم "دانەرە" زۆر سەخت و پڕ گیروگرفت دەبێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم ناڕەحەتی و کێشمەکێشمانەدا هەمیشە هەردوو ناوی پیرۆزی بەدیهێنەرمان کە (رحمن و رحيم)ن دەرکەوتوون و، بەمیهرەبانی و شەفەقەتەوە پاراستوویەتی و پەروەردەی کردووە کە بەشێوەیەکی هێما (ڕەمز)ی ئەم مەقامە جفرییە بۆی دەڕوانێت. بەم شێوەیە و ئەم هەواڵدانە غەیبییانە ئیعجازێکی تری مەعنەویی قورئانی پیرۆز دەردەخەن.

## ئایەتی بیست و شەشەم:

ئایەتی (وَاَمَّا الَّذِينَ سُعِدُوا فَفِي الْجَنَّةِ) بە دوو دێر لە دوای ئایەتی (فَمِنْهُمْ شَقِيٌّ وَ سَعِيدٌ) لە سورەتی (هود)دا دێت. لەم ئایەتەدا ئەگەر (م، ل، ن) ی شەددەدار بە دوانی بژمێردرێن وە (ت) لە وشەی (الْجَنَّةِ) لەوەستاندا بە (هـ) بژمێردرێت دەکاتە (١٣٥٢)، کە بە تەوافوقی تەواوەتی بە ساڵی ( ١٣٥٢ کۆچی) موژدەیەك و دڵدانەوەیەکی پیرۆزی

ئاسمانییە بۆ بارودۆخی (قوتابییانی پەیامەکانی نوور) کە لەوپەڕی نارەحەتی لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەیەکی بێڕەحمانەدا بوون. وە بابەت و بۆنە مەعنەوییەکەی ئایەتەکە لەیەك دوو پەیامدا، واتە لە کەرامەتی "عەلەویە" و "غەوسییەدا" باسکراوە.

بەرامبەربوونی وشەی (سُعِدُوا) لە ئایەتی پیرۆزی (وَاَمَّا الَّذِينَ سُعِدُوا) لەگەڵ وشەی (سَعِيدٌ)ی ئایەتی پیرۆزی (فَمِنْهُمْ شَقِيٌّ وَ سَعِيدٌ) لەسەر لاپەڕە پیرۆزەکانی قورئاندا "ناسکییەك"ی تر دەبەخشێتە ئەم تەوافوقە.

واتایەکی جوزئی واتا گشتیەکانی ئەم ئایەتە پیرۆزە دەبێتە تەوافوق لەگەڵ ساڵی (١٣٥٢ کۆچی) کە تیایدا (قوتابییانی پەیامەکانی نوور) پێویستیان بە دڵدانەوە و هەبووە، ئاماژەشی بۆ دەکات و پەنجەش بۆ ئەو ساڵە ڕادەکێشێت.

ئەگەر لەسەر وشەی (فَفِي الْجَنَّةِ) ڕانەوەستی و لەگەڵ وشەی (خَالِدِينَ) دا پەیوەست بکرێن ئەوا (ت) نابێت بە (هـ) و، دەبێت بە تەوافوقێکی دڵدەرەوەی جوانتر چونکە بەپێی دەستووری "نەحو" (وَاَمَّا الَّذِينَ سُعِدُوا) موبتەدایە و (فَفِي الْجَنَّةِ خَالِدِينَ)یش خەبەری ئەوە. مەقامی جفری ئەم خەبەرەش (١٣٤٩) دەکات، کە هەواڵی ئەو موژدانەی ساڵی (١٣٤٩ کۆچی) دەدات.

واتای "ئاماژەیی و مەقامی جفری" ئەم ئایەتە پیرۆزە هەواڵی پەیدابوونی گروپێکی خزمەتکاری (قورئانی پیرۆز) دەدات کە ئەهلی (بەهەشت و ئەهلی بەختەوەر)ین و وە لەبەر ئەوەی لەم ساڵەدا واتە لە ساڵی (١٣٤٩ کۆچی) دا کە قوتابیانی پەیامەکانی نوور خزمەت بە قورئانی پیرۆز دەکەن و لەبەر خزمەتەکانی – قوتابیانی نوور بە قورئانی پیرۆز و نوسینەوەی پەیامە گرنگەکان – و لەبەر هەموو ئەو موسیبەتانەی کە لەم ساڵدا هاتبووە ڕێیان، بە دڵنیاییە وە ئاماژە و موژدەکانی ئەم قورئانە پیرۆزە پێش هەموو شتێك ڕووی لەوانە.

بەڵێ، (فَفِي الْجَنَّةِ خَالِدِينَ) ئەگەر (نون)ە شەددەدارەکە بە یەك (نون) ئەژماربکرێت و (ت) دەکاتە ٤٠٠، (خ) ٦٠٠ دەکاتە ١٠٠٠. دوو(ن) ١٠٠، یەك (ی)، دوو(ف)، یەك(ل) ٢٠٠، ئەوانی تر (ل) ٣٠، دووهەم (ی) دە، دوو ( أ ) ٢، یەك (ج) ٣، یەك (د) ٤، دەکاتە

(٤٩) كه سەرجەمی هەمووی دەكاتە ساڵی (١٣٤٩ كۆچی)، یەك بەشی ئەم ئایەتە لە هەزار بەش و لایەنی كە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، لە هەزار گەنجینە بەنرخترە. كە موژدەهێنەرێكی ئەم موژدەیە بریتییە لەو خەوە ڕاستییە كە ساڵێك پێشتر بینرا بوو بەم شێوەیە كە: لە (ئیسپارتە)دا مانگێك پێش ئەم ڕوداوەی كە بەسەرماندا هات لە خەودا بە زاتێك دەوترێت كە: قوتابییانی پەیامەكانی نوور بە ئیمانەوە دەڕۆنە ناو قەبرەكانیان، بە بێئیمانی وەفات ناكەن. ئێمە لەوكاتەدا زۆر خۆشحاڵ بووین بەو خەوە. واتە ئەو موژدەیە كە ئەم خەوە پێی ڕاگەیاندین ،بوو بە موژدەهێنەری ئەم موژدە قورئانییە.[١٩]

## ئایەتی بیست و حەوتەم:

بریتییە لە ئایەتی پیرۆزی (یُرِیدُونَ لِیُطْفِؤُا نُورَ اللّهِ بِاَفْوَاهِهِمْ وَاللّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ)ی سورەتی (الصف). كە مەقامی جفری (نُورَ اللّهِ بِاَفْوَاهِهِمْ وَاللّهُ مُتِمُّ نُورِهِ) دەكاتە ساڵی (١٣١٦ یان ١٣١٧ كۆچی)، كە لەم بەروارەدا ئەو گۆڕانكارییە فیكرییە ڕوویدا كە لە كۆتایی ئایەتی بیست و یەكەمدا هاتووە كە پێشتر باسمان كرد، ئەویش بریتییە لەو بۆچوونەی نوێنەری ئەوروپا بۆ كوژاندنەوەی نووری (قورئانی پیرۆز) و، سەرهەڵدانی (پەیامەكانی نوور)یش لەهەمان بەرواردا و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پەیامانەش دژی ئەو ستەمكارە غەددارانە و درەوشانەوەی وەك نورێك لەو ساڵەدا.

هەروەهائایەتی پیرۆزی (تِلْكَ ایَاتُ الْكِتَابِ)، كە حەوت جار لە حەوت سورەتدا دووپات بووەتەوە، هەروەها ئایەتە پیرۆزەكانی وەك (طس تِلْكَ ایَاتُ الْقُرْانِ) و(هَدینِی رَبِّی اِلی صِرَاطٍ مُسْتَقِیمٍ) و(اِنَّ رَبِّی عَلی صِرَاطٍ مُسْتَقِیمٍ) كە بە ئەژماركردنی یەك (نون)ی نونە شەددەدارەكە و ئەژمارنەكردنی (تەنوین)ەكە ئاماژە بۆ هەمان ساڵ دەكات، هەروەها ئەم ئایەتە پیرۆزانەش ئاماژە بۆ هەمان ساڵ دەكەن كە بریتین

---

[١٩] لە جیهانی سوڵتە بە نرختر موژدەیەكی قورئانی و بەشارەتێكی ئاسمانی هەیە.

لە:(فَاَعْرِضْ عَنْهُمْ) و(نُورَ اللّهِ بِاَفْوَاهِهِمْ وَاللّهُ مُتِمُّ نُورِهِ) هەموو ئەم ئایەتە پیرۆزانە بەیەکەوە و بە دڵنیاییەوە هەمان بەرواریان هەیە.
جگە لە هێما (ڕەمز) و ئاماژە و و بەڵگەکانی، بەشێوەیەکی ئاشکراش ئەوە دەردەخات کە پەیامەکانی نوور دەبن بەو بریسکانەوەیەی نوری خوایی کە هەموو ئەو گومانانە پوچەڵ دەکاتەوە کە لەلایەن دوژمنەکانییەوە خراونەتە ڕوو، وە بە واتایەکی ئاماژەیی موژدە دەدات کە ئەو تاریکییە دەڕەوێنێتەوە کە بەهۆی ئەو گومانانەوە باڵی بەسەر مرۆڤایەتیدا کێشاوە. هەروەها ئەم مەقامە جفری و تەوافوقە جۆراوجۆرە پڕ واتایانە دەبن بە بەڵگە و پاڵپشتی بۆنە (موناسەبت)ێکی مەعنەویی.
بەڵێ، سەد و بیست و نۆ پەیامی (پەیامەکانی نوور)، وەك سەد و بیست و نۆ گڵۆپی کارەبایی وان کە تەزووەکەیان لە (نووری قورئانی أعظم)ە وە ڕاکێشراوە و بەهۆیەوە نوور بە هەموو لایەکدا بڵاودەکەنەوە. هاتنی دووجار ناوی نیوەی پەیامەکانی نوور لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەم بابەتە ناسك و بەهادارتر دەکات.

## ئایەتی بیست و هەشتەم:

کە بریتییەلە ئایەتی پیرۆزی (يُرِيدُونَ اَنْ يُطْفِئُوا نُورَ اللّهِ بِاَفْوَاهِهِمْ وَيَاْبَى اللّهُ اِلاَّ اَنْ يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ) سورەتی (توبة) ئەم ڕستەیەی (نُورَ اللّهِ بِاَفْوَاهِهِمْ وَيَاْبَى اللّهُ اِلاَّ اَنْ يُتِمَّ نُورَهُ) ئایەتە پیرۆزەکە لەگەڵ بابەتە مەعنەوییە بەهێز و ناسکەکەیدا بە یەکەوە لەگەڵ ئەژمارکردنی (ل) شەددەدارەکان بە یەك (ل) و ئەژمارکردنی (م) شەددەدارەکەش بە دوو (م) و لەبەرئەوەی (میم)ە شەددەدارەکە لە بنچینەدا هی خۆیەتی بۆیە مەقامە جفرییەکەی دەکاتە ساڵی (١٣٢٤کۆچی) ئەم بەروارەش بە تەواوی بۆ ئەو کاتە دەڕوانێت کە دەوڵەتە ستەمکارەکانی ئەوروپا بە مەبەستی کوژاندنەوەی نووری ئیسلام بەو پلانە چەپەڵانەی دایاننابوو، لەبەرامبەردا هەوڵەکانی (تورکیا) بە ڕاگەیاندنی ئازادی لە (١٣٢٤کۆچی) ئەو پلانانەی پوچەڵ کردەوە، بەڵام بەداخەوە دوای شەش حەوت ساڵ و لە دەرەنجامی جەنگی یەکەمی

جيهانی و بەمەبەستی دووبارە پوچەڵکردنەوەی پلانی ئەو دوژمنانە و لە "ڕێککەوتنی سەورە"دا کە (تورکیا)ی خستە ژێر باری گەلێك مەرجی قورس ئەمەش بە مەبەستی لە ناوبردنی قورئان و ئیسلام، کۆماری (تورکیا)ی نوێ ڕاگەیەنرا.

هەروەها ئایەتەکە بۆ هەمان ساڵ دەڕوانێت کە ساڵی (١٣٢٤ تا ١٣٣٤ و تا ١٣٥٤) بە تەوافوقی تەواو لەو بارە ناهەموارە دەڕوانێت بۆ "دانەری پەیامەکان" لە ساڵی (١٣٢٤کۆچی)و، بۆ سەرەتای پەیامەکانی نوور لە ساڵی( ١٣٣٤کۆچی) و، بۆ نورانیترین بەشەکانی پەیامەکانی نوور و قوتابیانی فیداکاری لە ساڵی ( ١٣٢٤ و ١٣٢٥کۆچی)دا.

تەنانەت ئاماژەیەکی ڕوون دیارە، کە ئەم ئایەتە ئاماژە دەکات بۆ ئەم پەیامانە کە ڕۆڵی ڕوونکەرەوەی ئەوە دەگێڕێت کە بەشێك لە ئەهلی سیاسەت ڕاستی بارودۆخەکەیان نەبینی، شڵەژان – ئێستاش زۆری ئەو بارودۆخانەی کە پێچەوانە و دژی نوری قورئانن لەجیهانی ئیسلامیدا – دەرئەنجامێکی وەهمیانەی ئەو پیلان و مەبەستە خراپانەی ڕێککەوتنامە ستەمکارانەکانی وەك "ڕێکەوتنامەی سەورە"بوون.

ئەگەر (م) شەددەدارەکەش وەك (ل) شەددەدارەکانیش بە یەك (م) ئەژماربکرێن، ئەوا ئەو کاتە مەقامە جفرییەکەی دەکاتە ساڵی (١٣٨٤کۆچی)، کە ئەم مەقامە جفرییە ئاماژە بۆ ئەو ساڵە دەکات کە گومڕاکانی ئەوروپا بە نیەتی کوژاندنەوەی نووری دەوڵەتی ئیسلامی (ڕووسەکان)یان خستە جموجوڵەوە دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی و توشی جەنگی شومی ساڵی (١٢٩٣کۆچی)یانکردن، دوای دە ساڵ کە (٩٤) دەکات، شەڕ و ئاژاوەکانی (ڕووسەکان) بوویە پەردەیەك لە بەردەم جیهانی ئیسلامیدا.

لێرە دا پەنجە دەخاتە سەر قوتابیانی مەولانا خالید – قُدس سرّهُ – لە جیاتی قوتابیانی پەیامەکانی نوور کە بوون بەهۆی هەڵدانەوە و لابردنی ئەو پەردە ستەمکارانەیە و ڕاستیەکانیان دەرخست.

ئێستا بە بیرم هێنرایەوە کە ئەگەر (م، ل) شەددەدار بە دوانی ئەژماربکرێن، ئەوا ئاماژە بۆ ئەو (زاتانەی قوتابیانی حەزرەتی مەهدی) دەکەن کە دوای سەدەیەك

دەردەکەون، بە مەبەستی دڕاندنی ئەو پەردە ستەمکارانەیە و ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان. بەهەر حاڵ... ئەم ئایەتە نورانییە لە زۆر خاڵی نوورانی پێکهاتووە. بەهۆی نهێنی (اَلْقَطْرَةُ تَدُلُّ عَلَى الْبَحْرِ) بەکورتی وازم لێهێنان.

## ئایەتی بیست و نۆهەم:

بریتییە لە ئایەتی سەرەتای سورەتی ئیبراهیم کە بریتییە لە: (الر كِتَابٌ اَنْزَلْنَاهُ اِلَيْكَ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ اِلَى النُّورِ بِاِذْنِ رَبِّهِمْ اِلى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ) لە چوار-پێنج ڕستەی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا چوار - پێنج ئاماژە هەیە. کە بە کۆی هەموویان حوکمی ئاماژە بۆکردنێك وەردەگرن.

**یەکەم:**

ڕستەی (اِلَى النُّورِ بِاِذْنِ رَبِّهِمْ) باس لەوە دەکات کە: بەهۆی "کیتابی موبین"، لە سەدەی تاریکی چواردەهەمدا بەڕێگە پێدانی خوایی ئەو "نوور"ەی کە لە "قورئانی پیرۆز"ەوە سەرچاوەی گرتووە مرۆڤەکان لەو تاریکییە دەردەهێنێت. لەسەر بناغەی واتای ئەم ئایەتە پیرۆزە و بە تایبەتیش وشەی "نوور" کە هەروەك بەرامبەر بە وشەی (رسائل النور)ە، بەهەمان جۆر مەقامە جفرییەکەشی بە ئەژمارکردنی (نون)ە شەددەدارەکە بە دوو (نون) دەکاتە ساڵی (١٣٣٨ یان ١٣٣٩ کۆچی) کە ئەمەش دەبێتە تەوافوق لەگەڵ ساڵی دانانی تەفسیری (إشارات الإعجاز) کە سەرەتای پەیامەکانی نوورە و لەکاتی ستەم و تاریکایی جەنگی جیهانیدا، وە هەروەها وشەی (نوور)ی ئایەتە پیرۆزەکە ئاماژە بۆ وشەی (نوور) ی (رسائل النور) دەکات.

**دووهەم:**

ڕستەی (اِلى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ) پێناسەی وشەی (نوور)ی ڕستەی یەکەم دەکات و دەفەرموێت: ئەو نوورە ڕێگایەکە "عیززەت و مەحموودییەتی" خوای گەورە پیشان دەدات. مەقامی ئەبجەدی ئەم ڕستەیە دەکاتە( ٥٤٨ یان ٥٥٠)، کە دەبێتە تەوافوق

لەگـەڵ وشـەی (رسـائل النـور) کـە مـەقامی ئەبجەدییەکـەی بەئـەژمارکردنی (نـون)ە شەددەدارە کە بە یەك نون دەکاتە (٥٤٨). ئەگەر دوو (ئەلیف)ی ڕستە پیرۆزەکەش کە ناخوێندرێنـەوە ئـەژماربکرێن، ئـەوا بـە جیـاوازی دوو ژمـارە دەبێتـە تـەوافوق لەگـەڵ پلەکەیدا. ئەوەی ئەم ئاماژەیەی بەهێزترکردووە و هـەروەها ئـەو موسیبەتەش کە ئـەم ئاماژەیەی ناسکتر کردووە ئەوەیە کە:

بـەهۆی ئاشـوبەکانی (هۆلاکـۆ)وە لـە سـەدەی شەشـەمدا کـە بـە ترسـناکترین سـەدە دادەنرێـت بـۆ جیهـانی ئیسـلامی و بـەهۆی ڕوودانـی فیتنـەکانی جـەنگی جیهـانی لـە کۆتایی سەدەی سیازدەهەم و چواردەهەمدا بەهۆی هەموو ئەمانەوە مەقامی ئەبجەدی ئەم ڕستە پیرۆزە ئاماژە بۆ سەدەی شەشـەم دەکـات و وشـەکانی (الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ)یش وەك ڕستەکەی پێشوو ئاماژە بۆ ئەم سەدەیە دەکات کە (سوڵتان عبد العزيز و سوڵتان عبد الحميد) لەسەر حوکم بوون.

هـەروەها ئـەو ئایەتـە پیرۆزانـەی کـە باسـکران، هـەروەك بـە شـێوەیەکی تـەوافوق ئاماژەیان بۆ دووهـەم نـاوی (پەیامـەکانی نـوور) کـردووە، بەهـەمان جۆر بەشـێوەیەکی گشـتیش ئامـاژە بۆ سـەدە ترسـناکەکانی (هۆلاکـۆ و جـەنگیز) دەکـات. تەنانـەت لەبـەر ئاماژەکانی ئەو ئایەتە پیرۆزانە دەربارەی سەدەکانی (هۆلاکۆ) و جەنگی جیهانییەوەیە کە حەزرەتی عەلی – رضي الله عنه – لە "ئەرجوزە"دا (ناوی قەصیدەیەکی بە ناوبانگە لەلایـەن حـەزرەتی عەلییـەوە نووسـراوە، کـە پێشـبینی داهـاتوو دەکـات) وە غەوسـی ئـەعزەم – رضـي الله عنـە – لـە قەصـیدەکەیدا بەشـێوەیەکی "کـەرامات" ئاماژەیـان بـۆ (پەیامـەکانی نـوور) کـردووە و بـۆ هـەردوو سـەدەکەیان ڕوانیـوە و بـە "شکۆ"وە ئاماژەیان بۆ (پەیامەکانی نوور) کردووە.

سێهەم:

وشەی (الظُّلُمَاتِ) ی (مِنَ الظُّلُمَاتِ) کە دەکاتە ساڵی (١٣٧٢ کۆچی) ئاماژە بۆ زوڵم و زۆرداریيـەکانی ئـەم سـەدەیە دەکـات و ئامـاژە بـۆ ئـەوەش دەکـات کـە هـەتا کـەی ئـەم ستەمە بەردەوام دەبێت.

هەروەها ئاماژەش بۆ نورێك دەكات كە لە ناو ئەو زوڵم و ستەمەدا دەردەكەوێت و هەواڵی ڕۆشنكردنەوە و ڕووناككردنەوەی تاریكییەكانی ئەم سەدەیە دەدات.

### چوارەم:

(لِتُخْرِجَ النَّاسَ) ئەم ڕستە پیرۆزە دەفەرموویت كە: لە ساڵی(١٣٤٥ كۆچی)دا نورێك لە قورئانەوە دەردەكەوێت و دەبێتە هۆی دەرهێنانی مرۆڤەكان لە تاریكی و سەرخستنیان بەرەو ڕووناكی. واتاكەشی بریتییە لە:

دەستپێكی ئەو ڕووناككردنەوە گەشانەوەیەی كە پەیامەكانی نوور هەستان بە بڵاوكردنەوەی، كە هەم بەجفری و هەمیش لەڕووی واتاكەیەوە دەبێتە تەوافوق لەگەڵ دانانی (پەیامەكانی نوور) و بەشێوەیەكی نیشانەیش ئاماژەیان بۆ دەكات.

### پێنجەم:

لەبەرئەوەی وشەی (اِلَيْكَ) ی (الر كِتَابٌ اَنْزَلْنَاهُ اِلَيْكَ) بە تایبەتی ڕووی لە قورئانی پیرۆزە، بۆیە ئەم وشەیە ئەژمار ناكرێت و مەقامی جفری (الر كِتَابٌ اَنْزَلْنَاهُ) دەبێتە تەوافوق لەگەڵ یەكەم ناوی پەیامەكانی نوور (رسالە النور)، بۆیە پەیامەكانی نوور بە (تەفسیری ئەم قورئانە پیرۆزە) دادەنرێن و بەشێوەیەكی نیشانەیش ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كە پەیامەكان (نەناسراو نین بە قورئانی پیرۆز). چونكە (الر) ٣٨٢ دەكات، (كِتَابٌ) ٤٢٣، (اَنْزَلْنَاهُ) ١٤٤، كە كۆی گشتی دەكاتە ( ٩٤٩) ئەگەر (تەنوین)ە كەش بە (نون) ئەژماربكرێت ئەوا (٩٩٩ )دەكات و ئاماژە بۆ (رسالە النور) دەكات، كە ئەگەر (نون)ی شەددەدار بەیەك نون ئەژماربكرێت دەكاتە( ٩٤٨)، ئەگەر نونی شەددەدار بە دوو (نون) بژمێردرێت ( ٩٩٨) دەكات بە تەنها یەك جیاوازی .(واتە وەحی نیە) تەوافوقی هەیە و بۆی دەڕوانێت.

### پوختەی قسە:

ئەو پێنج ڕستەیەی ئەم ئایەتە پیرۆزە كە بابەتە مەعنەوییەكەیان دەرخست، كە لە پێنج ئاماژە پێك هاتبوو، بە ئاماژەیەكی زۆر بەهێز دادەنرێت، بەڵكو حوكمی

بەڵگەیەکیش لەخۆ دەگرێت. ئەگەر هەڵەم کردبێت ئەوا "کیتابی موبین" دەکەم بە شەفاعەتکارم و، داوای لێخۆشبوون لە کەم و کورتییەکانم لە "أرحم الرّاحمين" دەکەم.

"سُبْحَانَكَ لاَ عِلْمَ لَنَا اِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا اِنَّكَ اَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ"

* * *

## بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

## ڕوونکردنەوەی هەڵەی ئایەتی بیست و نۆهەم

ئاماژەیەکی غەیبی بەهێزم لە هەڵەیەکی بچووکەوە بینی، لەمەوە زانیم کە ئەو هەڵەیە لەبەرئەمەبووە،بەم شێوەیە کە:

بیست و نۆهەمین ئایەتی ئاماژە قورئانییەکانی تیشکی یەکەم کە بریتییە لە ئایەتێکی سەرەتای سورەتی (ئیبراهیم)، (الر كِتَابٌ اَنْزَلْنَاهُ اِلَيْكَ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ اِلَى النُّورِ بِاِذْنِ رَبِّهِمْ) کە مەقامی جفری ڕستەی (اِلَى النُّورِ بِاِذْنِ رَبِّهِمْ)ی ئایەتە پیرۆزەکە بە هەڵە مەقامە جفرییەکەی حساباتی بۆ کراوە، وتراوە ساڵی (١٣٣٤ کۆچی) و، بووە بە تەوافوق لەگەڵ ساڵی دەرکەوتن و چاپکردنی تەفسیری (إشارات الإعجاز) کە سەرەتای (پەیامەکانی نوورە). لەکاتێکدا مەقامی پیتە دەربڕاوەکان ساڵی (١٣٣٩ کۆچی) دەکات و بە نزیکەیی دەبێتە تەوافوق لەگەڵ ساڵی بڵاوبوونەوەی ئەو تەفسیرە کە (إشارات الإعجاز)ە و، ناردنی چەند نوسخەیەکی بۆ موفتییەکان لە لایەن (دار الحکمت)ەوە، کە ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژەی زۆری لەخۆگرتووە دەربارەی پەیامەکانی نوور.

پەیامەکانی نوور بوون بەهۆی پاراستنیان لەو گۆڕانکارییە ماددی و مەعنەوییە هەمەجۆرانەی کە ڕوویانداوە، بە دانپیادانانی موفتیەکان، کە ئەم پەیامانە بوون بە قەلاّی مەحکەم و وەك شمشێری ئەڵماسیان لێهاتووە بەدەستیانەوە.

ئەگەر ئەو دوو (ئەلیف)ەش ئەژماربکرێن کە ناخوێندرێنەوە، ئەوا دەکاتە ساڵی (١٣٤١کۆچی) و دەبێتە تەوافوق لەگەڵ کاتی دەرکەوتنی پەیامەکانی نووردا.

ئەم هەڵە بچووکە مانایەکی بەهێزی بەم شێوەیەی خوارەوە خستە دڵمەوە کە: تەنها چوار ڕستەی ئایەتەکەی سەرەتای سورەتی ئیبراهیم – علیه سلام – بە شێوەیەکی هێما (ڕەمز) ئاماژە بۆ (پەیامەکانی نوور) ناکات، بەڵکو ئەو یەکەم لاپەڕەیە هەتا کۆتاییەکەی، بە چەند واتایەکی ئاماژەیی بە بابەتی مەعنەویی زۆر و تایبەتی و بە شێوەیەکی نهێنی ئاماژە بۆ پەیامەکانی نوور دەکات. بەڵام ئێستا ناتوانم ئەو حەقیقەت و ئاماژەیە باس بکەم، تەنیا ئاماژەیەکی کورتی لەسەر دەدەم.

بەڵێ، لەبەرئەوەی بناغەی پەیامەکانی نوور بریتییە لە (تەفەکور و شەفەقەت)، بۆیە لەگەڵ مەشرەبە تایبەتییەکەی حەزرەتی ئیبراهیم – علیە سلام– دا کە تەفەکور و شەفەقەتە دەبێتە تەوافوق و بەهۆی ئەم نهێنییەشەوە ئەم سورەتە پیرۆزە بە زۆری باوەش بە پەیامەکانی نووردا دەکات.

هەروەك ئایەتە پیرۆزەکەی سەرەتا لەگەڵ چوار ڕستەیدا پەنجە دەخاتە سەر ئەو نوورەی کە سەرچاوەکەی قورئانی پیرۆزە و بووە بەهۆی ڕووناککردنەوەی تاریکترین سەدە، بەهەمان جۆر ئاماژە بۆ ئەوانەش دەکات کە دژی جوڵاندنەوەی پەیامەکانی نوورن لە تاریکترین کاتدا و بەرهەڵستی ئەم پەرتووکە بەنرخە دەکەن.

## ئایەتی سێهەم:

اَلَّذِينَ يَسْتَحِبُّونَ الْحَيوةَ الدُّنْيَا عَلَى الاخِرَةِ وَيَصُدُّونَ
عَنْ سَبِيلِ اللّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا اُولئِكَ فِى ضَلاَلٍ بَعِيدٍ

ئەم ئایەتە پیرۆزەش لەگەڵ سێ ڕستەیدا لەڕووی بۆنە مەعنەوییەکەیەوە بە ڕازیبوون و دڵنیایی لە واتاکەیدا ئاماژە بۆ ئەرکی (پەیامەکانی نوور) و هەروەها بۆ

نەیارەکانی دەکات. وە یەکەم ڕستە دەڵێت کە: هەندێ لەو بەدبەختانەی ئەهلی ئیمان لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیمانیان هەیە و، بەشێك لە ئەهلی زانست ك دەدەشزانن ئاخیرەت بوونی هەیە، بەڵام وەك گومڕایان هەڵسوکەوت دەکەن و بەخۆشەویستییەوە فەزڵی ژیانی دنیایان دەدەن بەسەر ئاخیرەتدا، واتە لە کاتێکدا کە ئەڵماسەکە دەناسن و دەشزانن ئاخیرەت لە چاو دنیا بە نرخترە، بەڵام شوشەیەکی پێنج دیناری هەڵدەبژێرن و بە شێوەیەکی ئینکارانە فەزڵی گەمە و خۆشییەکانی دنیا دەدەن بەسەر بنەما گرنگەکانی دین و شانازی بە بێ دینییەکەیانەوە دەکەن.

ئەم ڕستەیە تایبەتمەندییەکی گرنگی سەبارەت بەم چەرخە لەخۆگرتووە. چونکە ئەم گومڕایی و لەخوا غافڵبوونەی کە لەم سەدەیە دا هەیە لە هیچ سەدەیەکی تردا نەبینراوە و بەم شێوەیە نەبووە. لە سەدەکانی ڕابردوودا گومڕایان نەیاندەزانی کە ئاخیرەت هەیە و نکوڵییان دەکرد، بە ئەڵماسە بەنرخەکەیان نەدەزانی و دنیایان هەڵدەبژارد.

### دووهەم ڕستەی ئایەتە پیرۆزەکە:

(وَ يَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللّهِ) دەفەرموویت کە: گومڕاییەکانی ئەو بەدبەختانە، لەبەر هێنانە مەیدانی خۆشەویستی دنیا و ئینکاری و سووربوون لە هەڵبژاردنیدا تەنیا بە خۆیانەوە ناوەستن، بەڵکو لە سنور دەردەچن و دوژمنایەتی ئاینی باو و باپیرانیان دەکەن و هەوڵی تێکدانی بنەما سەرەکییەکانی دەدەن و سەرچاوەکانی وشك دەکەن و دەرگا و ڕێگاکانیان دادەخەن.

### سێهەم ڕستە:

(وَ يَبْغُونَهَا عِوَجًا) دەفەرموویت کە: لە بەرئەوەی گومڕاییەکەی ئەوان لە هونەر و فەلسەفەوە هاتووە، بۆیە لەخۆبایبوونێکی سەیر و فیرعەونایەتییەکی نامۆ و ترسناکیان پێدەبەخشێت و، بەشێوەیەك نەفسیان لەخۆی بایی بوو کە یاسا خواییەکان و ئەو دەستووره حەقیقەتانەی کە لە گەردووندا هەیە بە گونجاوی نازانن و

لەگەڵ ئارەزو و حەزو و لەززەتە نارەواکانیاندا (حاشا!حاشا!) ئەم یاسا و دەستورانە بە کەم و کوڕ دەزانن.

بەڵێ لەسەر بناغەی ئەم سێ ڕستەیەی ئایەتە پیرۆزەکە هەروەك لەگەڵ تەوافوقێکی مەعنەویدا واتاییەکی ئاماژەیی بۆ ئەم سەدە سەرسوڕهێنەرە دەکەن، بە هەمان جۆر بە تەوافوقی جفریش پەنجە بۆ ئەم سەدە ماددیە ڕادەکێشێت.

بەڵێ، مەقامی ڕستەی سەرەتا (اَلَّذِينَ يَسْتَحِبُّونَ) ساڵی (١٣٢٧کۆچی)، ئەگەر (ل،ب) شەددەدار بە دووانی ئەژماربکرێن ئەوا بەساڵی عەرەبی ساڵی (١٣٥٩کۆچی) دەکات، وە بە تەوافوقی تەواو دەڕوانێت بۆ ئەو هێرش و پەلامارە دڕندانەی ئەو گروپە ستەمکارانە، لە (وَ يَبْغُونَهَا عِوَجًا)دا ئەگەر بە (نون) ئەژماربکرێت ساڵی(١٢٠٩ کۆچی) دەکات. دەبێتە تەوافوق لەگەڵ کاتی گۆڕانی یاسا شەرعییە ئیسلامییەکان و داهێنانی یاسای بیانی و دانانیان لە دادگاکاندا. هەروەك ئەم ئاماژانە و زۆر ئاماژەی تری سەرەتای ئایەتە پیرۆزەکە بەشێوەیەکی ڕواڵەتی پەنجە بۆ دوژمنەکانی (پەیامەکانی نوور) ڕادەکێشن، بەهەمان جۆر پێچەوانەی واتا ئاماژەییەکەشی هەر ڕووی لە پەیامەکانی نوورە.

تەنانەت لە چوارەمین ئایەتی پیرۆزیشدا ئاماژە بۆ (پەیامەکانی نوور) دەکات کە بەزمانی (تورکی) دادەنرێن و، لە پێنجەمین ئایەتیشدا بەشێوەیەکی هێمایی (ڕەمزی) و لە ڕووی واتا ئاماژەییەکەیەوە ئاماژە بەوە دەدات کە پەیامەکانی نوور بە هانای ئەوانەش دەکەوێت کە (عەرەبی و تورکی) بەتەواوی نازانن و، وە هەروەها دەبنە هۆی ڕزگاربوونی پێشەوا و زانا پەرێشانەکانی ناوچەکانی خۆرهەڵات، لە ڕێگەی بەئاگاهێنانەوەیان و ئامۆژگاری کردنیان بەو ڕووداوە بە ئازارانەی کە بەسەریاندا دێت بە ئایەتی پیرۆزی (بِأَيَّامِ اللّٰهِ) کە باس لەو ڕووداوانە دەکات. لەبەر ئەوەی لە ئێستادا مۆڵەتی باسکردنی ئەم ئاماژە گرنگەی کۆتاییم پێنەدراوە، بۆیە بۆ هەریەکەیان تەنها یەك هێما بەکورتی باس دەکرێت بەم شێوەیە:

## ئایەتی چوارەم:

ڕستەی (وَمَا اَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ اِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ) لە ئایەتی چوارەمدا، بە مەقامی جفری و بە ئاماژە نزیکەکانی سەرەتای ئایەتەکە و بە پێی یاسای سەرهەڵدان و بوونی "جێگر و واریسی نبوەت" لە هەر سەردەمێکدا، بە شێوی واتایەکی ئاماژەیی باسی گەورەیی و ڕێزی پەیامەکانی نوور دەکات، کە ئەرکی "ریسالەت و پەیامبەری" بەجێدەگەیەنێت لەم سەردەمەدا و، لە بری ئەوەی بە زمانی عەرەبی بێت بەزمانی تورکی دەبێت و، وەك یەکێك لە تاك و ئەندامەکانی و جێبەجێکاری ئەرکی گەیاندنی بانگەوازی "ریسالەت" بۆی دەڕوانێت.

بەڵێ، مەقامی ئەمە ئەگەر تەنوینی (رَسُولٍ) بە نون بژمێردرێت و ئەگەر (ل) شەددەدار بە دوان بژمێردرێت و(ی) شەددەدار بە یەك بژمێردرێت ساڵی (١٣٥٨کۆچی) دەکات، وە ئەگەر هەریەکەیان بە یەك بژمێردرێت "١٣٢٨" دەکات، ئەگەر شەددەدارەکان بەدوان بژمێردرێن و تەنوین نەژمێردرێت "١٣١٨"، هەم تەنوین و هەم شەددەدارەکان بژمێردرێن ساڵی (١٣٦٨کۆچی) دەکات، هەمووی بە هێما (ڕەمز) بۆ پێنج قۆناغ و پێنج بارودۆخی (پەیامەکانی نوور) دەڕوانێت.

## ئایەتی پێنجەم:

(اَنْ اَخْرِجْ قَوْمَكَ مِنَ الظُّلُمَاتِ اِلَى النُّورِ وَذَكِّرْهُمْ بِاَيَّامِ اللّه) مەقامی جفری ڕستەی (اِلَى النُّورِ وَذَكِّرْهُمْ بِاَيَّامِ اللّه) ئەگەر پیتە شەددەدارەکان بە یەك بژمێردرێن دەکاتە ساڵی (١٣٥١کۆچی)، بە ئاماژە بۆ پەیامەکانی نوور و ئەو ئەرکە گرنگانەی دەڕوانێت کە لە ئێستادا مۆڵەتی باسکردنیانم پێنەدراوە. هەروەها بە تەوافوقی جفری بۆ کاتی ئەو فەرمانە قورئانیانە دەڕوانێت.

ئاماژەی غەیبی زیاتر هەیە بۆ نوسین بەڵام مۆڵەت نەدرا لە ئێستادا بەمجۆرە مایەوە.

* * *

# تیشكی هەشتەم
## سێ كەرامەتێكی حەزرەتی عەلی - رضي الله عنه -
## باسكردنی هیوا و مەبەستێك

﴿با بزانرێت كە: دەمەوێت و بە باسكردنی نرخ و گرنگی پەیامەكانی نوور ڕاستیەكانی قورئان و ڕوناكیەكانی ئیمان بڵاو بكرێتەوە و، ئەو كەسانە بانگ بكرێن كە دوچاری ئیمان لاوازی بوون تا حەق و ڕاستییان پێ پیشان بدەم. ئەگەرنا، حەشا! ئەم باسكردنە بە هیچ شێوەیەك بۆ خۆم و نەفسی ئەممارەم نییە كە بە هیچ جۆرێك لێی دڵنیانیم و بمەوێت خۆشەویستی بكەم و جێگەی پیاهەڵدان و ستایش بم.

من شانازی ناكەم بە مەقام و پلەی پەیامەكانی نوورەوە كە بە ڕواڵەت بە بەرهەمی من دادەنرێن. بەڵكو باسی ئەوە دەكەم كە پەیامەكانی نوور تەنها تەفسیرێكی قورئانن و تەرجومانێكی حەقیقێن لە ڕێژنەی قورئانی پیرۆزەوە ئیلهام كراون و بە بەڵگە ئیمانییەكانیان بانگەواز دەكات بەرەو حەق و ڕاستی.

تەنانەت هەروەك چۆن بەشێك لە پەیامەكانی نوور لە دەرەوەی ویستی خۆمەوە نوسراون، بەهەمان جۆر بیركردنەوەشم لە گرنگی پەیامەكانی نوور لە دەرەوەی دەسەڵات و ویستی خۆمدان. لەبەر ئەوەی لە نوسینی (تیشكی حەوتەم) زۆر ماندوو بووم، كە حەزرەتی علی - رضي الله عنه - ناوی "ایه الكُبری"ی لێناوە، ئەم كەرامەتە (جەلجەلوتییە) بوو بە خەڵاتكردنێكی خێراو وە بە نیشانەی قبوڵ بوونی ئەم پەیامە و وە بوو بە هۆكاری زیاتر هاندانم، گومانم لەوەدا نەما كە لە لایەن لوتف و چاودێری خوای گەورەوە بووە. لە بەرامبەر وەرگرتنی ئەم نیعمەتەی خوای گەورە و بە مەبەستی بەجێگەیاندنی شوكر و سوپاسگوزاریم بە خوای تاك و تەنیا ئەم كەرامەتەم بەتیشكی هەشتەم دانا. ئەگەرنا بەڵگەكانی موعجیزەی ئایەتێكم سەبارەت بە حەشر دەنووسی﴾.

# بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

# یەكێك لە سێهەم كەرامەتەكانی ئیمامی عەلی – رضي الله عنه – دەربارەی پەیامەكانی نوور

بەڵێ، هەروەك چۆن لە "بریسكەی هەژدەهەم و بیست و هەشتەم" دا دوو كەرامەتە بەهێز و ئاشكراكەی نوسران و لە قەسیدەی (جەلجەلوتییە) و (سیراج النور)دا لە پلەیەكی ڕوون و بە ئاشكرا هەواڵی داوە، دووبارە لەو قەسیدەیەدا پەنجە دەخاتە سەر بەناوبانگترین پەیامەكانی (سیراج النور)، كە چەپڵەیان بۆ لێدەدرێت، وە بە هەشت نیشانە و هێما بەشێك لە پەیامە گرنگەكان دەردەخات.

### هێمای یەكەم:

برگەی (تُقَادُ سِرَاجُ النُّورِ سِرًّا بَيَانَةً) كە پەیامەكانی نوور ئاشكرا دەكات و دواتر بە زمانی (سوریانی) بە داوای یارمەتییەوە لە "أسماء الحسنى" و لەگەڵ سورەتەكانی قورئاندا موناجاتێك دەكات بە هەر سی و سێ سورەتەكانەوە هێندە بە شێوەیەكی نامۆ و مانادار زیكر دەكات كە: وا دەردەكەوێت كە دەیەوێت بەشێك لە نهێنییەكان و هەواڵە غەیبەكان بزانێت .

لە هەمان كاتی تەواوكردنی "تیشكی حەوتەم"دا كە من لە كاتێكی ناڕەحەتدا بووم، ئیمامی عەلی – رضي الله عنه – ناوی "ایه الكبرى" ی لە تیشكی حەوتەم ناوە، كە بە گومانی خۆم خەلاتێكی خێرا و، وە وەك پاداشتێك بوو كە شەوەكەی (جەلجەلوتییە)م خوێندەوە. لە ناكاو وەك هەواڵێكی غەیبی بە دڵم وترا: ئیمامی عەلی –رضي الله عنه– بە (پەیامەكانی نوورەوە زۆر سەرقاڵە) هەروەك چۆن هەواڵی هەموو پەیامەكانی بە گشتی ڕاگەیاندووە، بە هەمان جۆر ئاماژەی بە پەیامە گرنگەكان داوە.

ئەگەر بەشێوەیەکی ئاشکرا هەواڵدان لە غەیب – لەبەر بوونی زیانی زۆر و پێچەوانە بوونی حیکمەت – لەلایەن حیکمەتی خوای گەورەوە قەدەغە نەکرایە ئەوا بە ئاشکرا و ڕوونی و ڕاستەوخۆ هەواڵی پەیامەکانی دەدا.

بۆ نموونە: لە کاتی ژماردنی سورەتەکاندا و کاتێك گەشتە سەر سورەتی بیست و پێنجەم دەفەرمووێت:

بِحَقِّ تَبَارَكَ ثُمَّ نُونٍ وَ سَائِلٍ * وَ بِسُورَةِ التَّهْمِيزِ وَ الشَّمْسُ كُوِّرَتْ

وَ بِالذَّارِيَاتِ ذَرْوًا وَ النَّجْمِ اِذَا هَوى * وَ بِاقْتَرَبَتْ لِىَ الْاُمُورُ تَقَرَّبَتْ

وَ بِسُوَرِ الْقُرْاٰنِ حِزْبًا وَ ايَةً * عَدَدَ مَا قَرَأَ الْقَارِى وَمَا قَدْ تَنَزَّلَتْ

فَاَسْئَلُكَ يَا مَوْلَاىَ بِفَضْلِكَ الَّذِى * عَلى كُلِّ مَا اَنْزَلْتَ كُتْبًا تَفَضَّلَتْ

بەڵێ لەم بڕگانەدا بە بەڵگە بەناوبانگەکانی (وتەی بیست و نۆهەم) سەبارەت بە "حەشر و قیامەت" و لەگەڵ بیست و نۆهەمین پلەی (والشَمسُ كوُرت ) لەکاتی ژماردنی سورەتەکان و زیکرەکانی حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضي الله عنه – دا ئاماژە بۆ کەرامەتێکی سەرسوڕهێنەر و بە چاو بینراو دەکات کە ئەویش دادگایی و سزای قورسی دادگای (ئەسکی شەهرە). چونکە هەواڵدانی سورەتی (وَالشَّمْسُ كُوِّرَتْ) بە هاتنی قیامەت ڕێك هاوتا (مطابق) بە (وتەی بیست و نۆهەم)، کە بە بەڵگە بێ گومانەکانی باس لە قیامەت و جەنگی جیهانی دەکات و ئەم سورەتەش (اِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ) باسی ئەو دیمەنە ترسناکە دەکات هەم لە ڕووی واتاکەیەوە، هەم لە ڕووی پلە (مەرتەبە)کەیەوە کە پلەی بیست و نۆهەمە هاوتا (مطابق) بە سورەتەکەیە و سزاکەی دادگای (ئەسکی شەهر) دەسەلمێنێت و ئاماژەی بۆ دەکات.

هەروەها حەزرەتی ئیمام عەلی – رضي الله عنه – لە پلەی سیهەمدا بە سوێندی (وَبِالذَّارِيَاتِ ذَرْوًا) ئاماژە بۆ پەیامی گەردیلەی (وتەی سیهەم) دەکات کە تیایدا جوڵە و ئەرك و ڕێکوپێکی گەردیلە دەسەلمێنێت، کە لەلایەن قەڵەمی قودرەتەوە کێشراون و

بەدیهێنراون، بەمەش هەموو ئەو ماددییە پەرستانەی بێ دەنگ کرد کە نوقمی سەرسامی و ڕێکوپێکی گەردیلەکان بوو بوون.

لە ئایەتی (وَالذَّارِيَاتِ ذَرْوًا) ئەوە دەردەکەوێت و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەگەڵ "پەیامی گەردیلە" لە دەربڕین و شێوەدا لەیەك دەچن و، لە ڕووی واتاکەشیانەوە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. چونکە وا دەزانرا کە سەرەتای سوورەتی (وَالذَّارِيَاتِ) بێ ڕێکوپێکی و بەشێوەی ڕێککەوت نوسراوە، بەڵام نەخێر هەروەك چۆن بە حیکمەت و لە ئەنجامی کار و ئەرکێکدا ئەم سەرەتای سورەتە نوسراوە بە مەبەستی گەیاندنی فەرمانە تەکوینیەکان بە هەموو لایەکدا، بە هەمان جۆر "پەیامی گەردیلەش" ئەوە دەسەلمێنێت کە چۆن "گەردیلەکان" ڕێکوپێك و ئەرك پێسپێراون و لە پێناو حیکمەتێکدا کاردەکەن کە ماددییەکان بەکارێکی هەر لەخۆوە و ڕێککەوت و بێ یاسای دەزانن .

هەروەها پەیامی میعراج کە لە پلە (مەرتەبە)ی "وتەی سی و یەکەم"دایە بە بەڵگە عەقڵییەکانەوە میعراجی محمدی ﷺ دەسەلمێنێت و، حەزرەتی ئیمامی عەلیش –رضي الله عنه – لە پلە (مەرتەبە)ی سی و یەکەمی ئایەتی (وَ النَّجْمِ اِذَا هَوى)ی سورەتی (النَّجْمِ) بە شێوەیەکی نزیك لە دیار و ئاشکرا و ڕەوانەوە ئاماژە بۆ ئەو پەیامە دەکات و، بە وازهێنانیش لە سورەتی (وَ الطُّورِ) یادکردنی سورەتی (وَ النَّجْمِ) لە دوای سورەتی (وَ الذَّارِيَاتِ) هێز دەبەخشێت بەو ئاماژە بۆ کردنە.

هەروەها پەیامی لەتبوونی مانگ کە لە کۆتایی "پەیامی میعراج"دا و لە کۆتایی پلە (مەرتەبە)ی سی و یەکەمدا دانراوە و بە بەڵگە بەهێزەکانیەوە ڕوودانی (موعجیزەی لەت بوونی مانگ) بۆ (مونکیرەکان) دەسەلمێنێت، حەزرەتی ئیمامی عەلیش – رضي الله عنه – ئاماژە بۆ سورەتی (اِقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَ انْشَقَّ الْقَمَرُ) دەکات کە بە دەقی سەریح بۆ پلەی "وتەی سی ویەکەم"و، لەگەڵ بڕگەی (وَ بِاقْتَرَبَتْ لِیَ الْاُمُورُ تَقَرَّبَتْ) ئاماژە بۆ ئەو موعجیزەیە دەکات.

هەروەها "وتەی سی و دووهەم" کە سێ وەستانی هەیە و پەیامێکی ناوازەیە لەناو ئەستێرەکانی (پەیامەکانی نوور)دا حوکمی خۆرێکی هەیە و ئەمەش لەلایەن قوتابییەکانیەوە قبوڵکراوە حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضي الله عنه – بە شێوەیەکی تایبەتی و بە مەبەستی دەرخستنی گرنگی و گشتگیری ئەو وتەیە کە (کۆتایی وتەکان و ئەنجامی وتەکانە)، لە ناو ئەو سورەتە زۆرانەدا یەکسەر لەگەڵ سوێندی پلە (مەرتەبە)ی سی و دووهەمی (وَ بِسُوَرِ الْقُرْاٰنِ حِزْبًا وَ اٰيَةً) ئاماژەی بۆ پلە (مەرتەبە)ی سی و دووهەمی ئەو پەیامە کردووە کە کۆکراوەی پەیامەکانە.

وتەی سی و سێهەمی پەیامەکانی نووریش، وەك پێشتر باسمان کرد لە سی و سێ مەکتوب پێکهاتووە و، سی و سێ کتێب لە خۆدەگرێت و وە لە سەد پەیام زیاتر دەبێت.

کەواتە حەزرەتی ئیمامی عەلی– رضي الله عنه – لە مەقامی سوێندی سی و سێهەمدا لە ڕێگەی ئەو پاڕانەوەیەوە

(وَاَسْئَلُكَ يَا مَوْلاَىَ بِفَضْلِكَ الَّذِى * عَلَى كُلِّ مَا اَنْزَلْتَ كُتْبًا تَفَضَّلَتْ)

لە جیهانی مەعنادا داوای یارمەتی دەکات لە سەد و دە لاپەڕە ئاسمانییەکان و هەروەها داوای یارمەتی لە کاکڵە و کۆکراوەی سەدودە لە کتێبەکان و، ئەو کتێبە پیرۆزە گەورانە دەکات و، ئاماژە بۆ دەرمانەکانی "وتەی سی و سێهەم"دەکات کە سەد و دە کتێبن کە کتێبی "مەکتوبات"ن.

دەزانرێت کە: لە زانستی ڕەوانبێژی و هونەردا، لەبەر بەڵگە هێنانەوە بۆ واتا دوور و شاراوەکان ئەگەر یەکێك لە ئاماژەکان و بابەتەکان بۆ گوزارشتکردن لەو (ڕونکردنەوانە) دۆزرایەوە، ئەوا بە پێی بە هێزی ئەو ڕونکردنەوەیە بە واتایەکی ڕواڵەتی و ڕوون و ئاشکرا قبوڵ دەکرێت بۆ ئەو تێگەشتنە شاراوە و ئاماژە و واتا دوورە. کەواتە لەسەر بنەمای ئەم یاسایە، هەر یەکێك لە ڕوونکردنەوە جۆراوجۆرەکانی ئەم واتا ئاماژەییانە و، ئاماژەکانی پێشتریش دەبنە ڕونکەرەوە بۆی.

هەروەها ئەو بڕگە ئاشكرا و ڕوونانەی كە هەواڵی سەرجەمی پەیامەكانی نوور دەدەن، ئاماژەیەكی بەهێزە بۆ هەر یەكەیان.

## هێمای دووهەم:

حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضي الله عنه – دوا ئامـاژەی لـه مەكتوباتـدا بـۆ پەیامی"تیشكی حەوتەم"ە، كە (دیارییەكی ئیلهامی ڕەمەزانی پیرۆزە) و حەقیقەتێكی مەزن و تەفسیرێكی گەورەی ئایەتی (تُسَبِّحُ لَهُ السَّموَاتُ السَّبْعُ وَالْاَرْضُ وَ مَنْ فِيهِنَّ وَ اِنْ مِنْ شَيْءٍ اِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ) دەردەخات، كە ئەو ئایەتە "الاية الكبرى"ی قورئانە و، بە مەبەستی ئاماژەكردن بە "بریسكەكان" سەیری تیشكەكانی كردووە و، فەرمویەتی (وَ بِالْايَةِ الْكُبْرى اَمِنّي مِنَ الْفَجَتْ) [٧] بە گوێرەی زانستی بەلاغەت كە بریتیە لە پەیوەندی بوونی واتا ئامـاژەییەكانی گوفتارێك و گەیاندنی واتایەكی تری جگە لە واتا بنەڕەتییەكەی لەگەڵ تەبابوونی واتا رواڵەتییەكە و بە گوێرەی بەهێز بوونی ئاماژە جۆراوجۆرەكـانی پشـت پـەردەی گوفتارەكـە ئامـاژەی بـۆ دەكـات.

وە ناوی (اية الكُبرى) لەو پەیامە دەنێت كە باس لەو بەڵگە گەورە و سەیر و بەرزانەی تەوحید دەكات و تەفسیرێكی گەورە و نیشانە و بەڵگەیەكی گەورەی (الاية الكبرى) یە. وە بەو ناوەوە هەم هەواڵی سەرچاوە ی پەیامەكە كە (الاية الكبرى أعظمى)داوە، هەم بانگەواز بۆ ئەم "تیشكی حەوتەم"ە دەكات كە بەڵگەیەكی گەورەیە لەسەر تاك و تەنیایی خودا. ئەگە هەر كەسێك گومانی هەیە لە لایەكەوە لەم پیاهەڵدانە گەورەیەی حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضي الله عنه – و، لە لایەكی ترەوە لە بەنرخبوونی ئەم پەیامە با بێت یەك جار ئەو پەیامانە بخوێنێتەوە. ئەگەر نەڵێت بەڵێ وایە و شایەنییەتی ئەوا با تفێكم لێ بكات.

---

[٧] ئیمامی عەلی لەگەڵ ئەم بڕگەیەدا ئاماژە بەوە دەكات كە لەبەر پەیامی (ایەالكبرى) قوتابییەكانی دەكەونە موسیبەتێكەوە و بە كەرامەت و بەرەكەتی ئەو پەیامە دەگەن بە سەلامەتی و دڵنیایی. بەڵێ ئەم كەرامەتە مەزنە بەتەواوەتی وەك خۆی ڕوویدا ، لەسەر ئەو پەیامانە كەوتنە بەندینخانە و وە بە حەقیقەتە بەهێزەكانی ڕزگاریان بوو.

بەڵێ وا هەزار ساڵە ئەو تەڵانەی کە بێدینە ڕەخنەگرەکان دەربارەی قورئان ئامادەیان کردووە، لەگەڵ فەیلەسوفە کافرەکاندا یەکیان گرتووە و، ئێستا ڕێگەیەکیان دۆزیوەتەوە کە گومانەکانیان دەربارەی قورئان بڵاو کردووەتەوە و، وە (یەهودییە ئینکارەکان) کە تۆوی تۆڵەسەندنەوەیان لەناو ناخیاندا گەورە کردووە بەرامبەر ئەو بەڵا و موسیبەتانەی کە قورئان هێنابوویە ڕێیان، وە لەگەڵ بەشێك لە (مەسیحی)یە خۆ بەگەورەزانەکاندا یەکیانگرتووە، کە تۆڵەی خۆیان بسەننەوە.

وە لە هەموو سەدەیەکدا قورئان قارەمان و قەڵای مەعنەویی هەبووە. ئێستا پێویستیەکان ژیانی دونیا لە (یەك دووە وە زیادی کردووە بۆ سەد). وە پارێزەرانی دینیش لە (سەدەوە کەمبووەتەوە بۆ دوو یان سێ)، هەروەها لەبەر ئەوەی فێربوونی ڕاستییەکانی ئیمانی و زانستی کەلام لە مەدرەسەکاندا پێویستی بە کاتی زۆر هەبوو، لەم کاتەشدا ئەو دەرگایە داخراوە. بۆیە (پەیامەکانی نوور) هەم خێرا و هەم بەشێوەیەکن کە هەموو کەس فێری حەقیقەتە قوڵەکان دەکات، بەحەتمی شایانی ئەم پیاهەڵدانانەی ئیمامی عەلین – رضي الله عنه –.

هەروەها ئیمامی عەلی – رضي الله عنه – لە کاتی ژماردندا و لە کاتی گەشتنی بە پلە (مەرتەبە)ی دەهەمی سورەتی دەهەم ڕوانیوویەتی بۆ قیامەت و شەوی (بەرات) و وتویەتی (وَبِسُورَةِ الدُّخَانِ فِيهَا سِرًّا قَدْ أُحْكِمَتْ) لەگەڵ واتا ئاماژەکەیدا بۆ "وتەی دەهەم" و پلە (مەرتەبە)کەی کە پەیامی حەشرە بەیەکەوە لەگەڵ ئاماژەبۆکردنەکەدا، گرنگی و دامەزراویی ئەو پەیامەی دەرخستووە ، وە شەوی (بەرات) کە لە حوکمی مۆمێکدا تاریکییە دوکەڵاوییەکانی ئەو سەردەمەی نەهێشتووە، وە هەروەها سورەتی (دوخان) کە ئاماژە بۆ حەشر و قیامەت دەکات و هەم بۆ شەوی (بەرات)یش کە ساڵانە لەو شەوەدا تەمەن دابەشدەکرێت و، وە لەگەڵ چەند نیشانەیەکی تردا بە شێوەیەکی ئاماژەیی و ڕەمزی هەواڵ دەدات.

بەڵێ وتەی دەهەم، بەڵایەکی زۆر گەورەی لابرد لە کاتی سەربەستبوونی بیروڕا ئازادەکان و جەنگی جیهانیدا، مونافیقەکان کە ئینکاری حەشریان دەکرد بە هەلیان زانی کە بیروباوەڕە ژەهراوییەکانیان بە زۆر شوێندا بڵاو بکەنەوە، لەم کاتەدا لە سەرەتای بڵاوکردنەوەی ئەم بیروباوەڕانەدا "وتەی دەهەم" چاپکرا. هەزار نوسخەی بە چواردەوردا بڵاوبوویەوە، هەرکەسێك تەماشای بکردایە بەوپەڕی تامەزرۆی و بە تاسەیەکی گەرمەوە دەیخوێندەوە. بیروباوەڕی کافرە زەندیقەکانی بە تەواوی تێکشکاند. ئەمەش ڕێز و بەنرخزانینە گەورەکەی ئیمامی عەلی – رضي الله عنه – سەلماند. هەرکەسێك گومانی هەیە بابێت بە وردی ئەو پەیامە بخوێنێتەوە و، با ببینێت بەڵگەکانی زیندوبوونەوە چەندە بەهێزن.

هەروەها حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضي الله عنه – وەك سورەتی نۆزدەهەمی "سورەتی النور" بە بڕگەی (بِسِرِّ حَوَامِيمِ الْكِتَابِ جَمِيعِهَا * عَلَيْكَ بِفَضْلِ النُّورِ يَا نُورُ اُقْسِمَتْ) باس لە "وتەی نۆزدەهەم" کە وتەیەکی پوختە و "مەکتووبی نۆزدەهەم" کە مەکتووبێکی کامڵە دەکات بە مەبەستی ئاماژەکردن بۆ ئەو دوو پەیامە بە دووبارەکردنەوەی وشەی (نور)، واتە لەسەر بناغەی ناتەواوی مەکتوبی چواردەهەم، دووبارە باسکردنەوەی "سورەتی نوور" لە پازدەهەمیندا بە وردی و ناسکیەتی هەواڵی مەکتووبی چواردەهەم دەدات. وە وا دادەنرێت کە ئەو دوو پەیامە، گەورەی پەیامەکانی نوورن.

بەڵێ وتەی نۆزدەهەم کە باس لە ریسالەتی موحەممەدی صلى الله عليه وسلم دەکات، هەم مەکتوبی نۆزدەهەمیش کە لە سێ ڕووەوە کەرامەتدار و مەکتوبێکی ناوازەیە، بە ڕاستی هەریەکەیان درەوشاوەترین نوورەکانی پەیامەکانی نوورن، وە لەگەڵ یەکێك لەو سێ ڕووانەی وشەی (مَثَلُ نُورِهِ) سورەتی (نوور) کە بۆ دڵدانەوەی محمد صلى الله عليه وسلم بە بۆنەی پاکی حەزرەتی عائیشە – رضي الله عنها – دابەزیووە،

لەگەڵ ئەوەشدا دوو لەفزی نووری ئەو سورەتە ئاماژە بۆ ئەو دوو پەیامە دەکەن کە پەیامی موحەممەدی صلى الله عليه وسلم دەسەلمێنن، وە یاخود دووبارە بە سێ وشەی نوور بەهەمان جۆر ئاماژە بۆ "پەیامی میعراج" دەکات کە پەیامی ئەحمەدی صلى الله عليه وسلم دەسەلمێنێنن.

من دان بەوەدا دەنێم کە: لە بیرم چووبووەوە کە مەکتوبی چواردەهەم بە ناتەواوی ماوەتەوە. حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضي الله عنه – (بە دوو جار دووبارەکردنەوەی هەمان سورەت بیری خستوومەتەوە و زۆر سەرم لە ئاماژە وردەکەی سوڕما)، بەڵام ئەو دووبارەیە، تەنها بۆ وتەی نۆزدەهەم و مەکتوبی نۆزدەهەم هەژمار دەکرێت: بۆ ئەوانەی دوای خۆی هەژمار ناکرێت.

## هێمای سێهەم:

**تُقَادُ سِرَاجُ النُّورِ سِرًّا بَيَانَةً * تُقَادُ سِرَاجُ السُّرْجِ سِرًّا تَنَوَّرَتْ**

**بِنُورِ جَلَالٍ بَازِخٍ وَ شَرَنْطَخٍ * بِقُدُّوسِ بَرْكُوتٍ بِهِ النَّارُ اُخْمِدَتْ**

کە لە بریسکەی بیست و هەشتەمدا ڕوونکراوەتەوە و سەلمێنراویشە، بەم بڕگانەی هەواڵ لە سێ بارودۆخی گرنگی پەیامەکانی نوور دەدات. لەسەر بناغەی ڕوونکردنەوەی بریسکەی بیست و هەشتەم ئەو بڕگانە، هەم بە شێوەیەکی نزیك لە ڕوونی و ئاشکرایی و هەم بە جفر، هەم لە ڕووی واتاکەیەوە ئاماژە بۆ( پەیامەکانی نوور) کردووە، لێرەشدا حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضى اللّه عنه – ئاوڕلێدانەوەیەکی وردی خستووەتە سەر، تەنها سێ نهێنی ئاشکرا دەکرێت:

### یەکەم:

ئیمام عەلی – رضى اللّه عنه – دووجار بە وشەکانی (سِرًّا بَيَانَةً) و(سِرًّا تَنَوَّرَتْ) ئاماژە بۆ بڵاو بوونەوەی پەیامەکانی نوور دەکات کە لە ژێر پەردەوە و بە شێوەیەکی نهێنی بڵاوبکرێتەوە، (سِرًّا) واتە دەتوانرێت بە نهێنی یاخود بە شاراوەیی بڵاوبکرێتەوە. کە بەداخەوە پەیامەکانی نوور لە ناو موسڵمانان‌دا شایانی ئەوەن کە بە

شێوەیەکی ئاشکرا پیشان بدرێن و، بە دەنگێکی بەرز بڵاوبکرێنەوە، کەچی بە سەرسوڕمانەوە ئەم هەواڵە دەدات.

دووهەم:

پەیامەکانی نوور لەسەر بناغەکانی درەوشانەوەی" ئیسمی أعظم" و، لە درەوشانەوەی ناوەکانی "الرحیم و الحکیم" ەوە دەرکەوتوون و، تایبەتمەندی و جیاکەرەوەیان لە "الله الکبر"ەوەیە و، هەروەها وەرگرتنی زانست و زانیاری ئەم پەیامانە لە (بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ) ە کە سەرچاوەی سۆز و بەزەییە و، لە سود وەرگرتن لە حیکمەت و ڕێکوپێکی (وَ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ) پەیدا بوون و لەسەر ئەم بناغانە دەڕۆن، ڕۆح و ژیانی پەیامەکان ئەو بناغانەن.

پەیامەکانی نوور لە بری عەشقی مەشرەبەکانی پێشوو، مەشرەبی شەفەقەتی موشتاقانەیان هەڵبژاردووە، کە سۆز و میهرەبانی و خۆشەویستییە.

هەر وەك چۆن حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه – بە بڕگەی (تُقَادُ سِرَاجُ النُّورِ) بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا هەواڵ لە نوسینی مێژووی "سراج النور" و سەردەمی کامڵبوون و ناوبانگەکەی دەدات. بە هەمان جۆر بە بڕگەی (بِنُورِ جَلاَلٍ بَازِخٍ وَ شَرَنْطَخٍ)ش هەتا کۆتایی... هەواڵ لە بناغەکانی سراج النور دەدات چونکە (جَلاَلٍ بَازِخٍ) واتە بە عیززەت و عەزەمەت و جەلال و گەورەیی. بە سوریانی (شَرَنْطَخٍ) ڕەئوفە و، (بَرْكُوتٍ) ڕەحیمە. واتە حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه – بە وردی باس لە ئاماژەکانی"سراج النور" دەکات. هەروەها لەبەرئەوەی ژیانەکەی و نوورەکەی، لە گەورەیی و عەزەمەت و رەئفەت و ڕەحیمییەتەوە وەردەگرێت ئەوا ئەمان بە شانازی و بە هەموو توانایەکیانەوە دەیخوێننەوە.

سێ‌هەم:

حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه – بە بڕگەی ئەم ڕستەیە (بِهِ النَّارُ اُخْمِدَتْ) دەڵێت کە: لە ساڵی (١٣٥٤ کۆچی)دا سراج النور بە پشتیوانی خوای گەورە و بە نووری (پەیامەکانی نوور) ئەو ئاگر و فیتنە ئاینییەی کە مولحیدە سنوور شکێنەکان

دایانگرساندووه دەکوژێنێتەوە. واتە یان واز لە کاولکاری دەهێنێت، وە یاخود ئەو سنور بەزاندنانەیان دەشکێت، یان ئەو بۆچوونە ترسناکە لە سنوور بەدەرانەی کە بۆ زیان گەیاندن بووە بە ئایین و قورئان دەوەستێنێت. کە بە سوود وەرگرتنیان لە دوو ساڵ لە مەو پێشی هەڵی جیابوونی ئایین و دنیا و بە بێگومان بەربەستێك هەبووە لە بەرامبەر ئە و فیتنانەوە، ئەو بەربەستەش لەم سەردەمەدا لەگەڵ زۆرێك لە ئاماژەکاندا هەست پێدەکرێت کە بریتییە لە بڵاوبوونەوەی بەڵگە بێگومان و بەهێزەکانی (پەیامەکانی نوور)، تەنانەت ئەم ئەگەری دووهەمی ئاماژەکە ئەو ڕاستییە تۆمار دەکات[8].

بەڵێ مەقامی جفری (بِهِ النَّارُ اُخْمِدَتْ) (خ) شەش سەد، (ت) چوار سەد، (ر) دوو سەد، (ن) شەددەدارەکە سەد، (م) چل، (د) سێ، (ا) حەوت، (ب) ی (بە) دوو، (ه) پێنج، بە نزیکەیی ساڵی (١٣٥٤کۆچی) دەکات و، – للهِ الحمد – "سراج النور"یش وەك "الایة الکبری" پەیامی زۆری هەیە بۆمان. هەریەکەیان لە حوکمی گڵۆپێکی بەهێزدایە کە (صراط المُستقم) پیشان دەدەن و هەواڵەکەی ئیمامی عەلیش – رضی اللّه عنە – ڕادەگەیەنن.

بە بۆنەی ئەم سێهەم نهێنییەوە وەك (بِهِ النَّارُ اُخْمِدَتْ) بە مەقامە جفرییەکەیەوە بۆ مێژووی ساڵی (١٣٥٤کۆچی) دەڕوانێت و، ئاماژە دەکات بۆ هەردوو نازناوی سەعید – رضی اللّه عنە – هەروەها بە ئاماژە بۆکردن و بەناوی وە فەرمان دەکات (خۆت بپارێزە)، وە لەو مێژووەشدا لە هەموو کەس زیاتر ڕووبەڕووی مەترسییە

[8] ئەمەش نهێنی (اِنَّا اَعطَینا) یە بەشێکی ئەو ئاماژەیەی پشت ڕاست کردووەتەوە. چونکە بەهێزترین و ترسناکترین چوار ڕووکنەکانی سوفیانی لابرد و لە گۆڕدا سزا دەدرێت. وە لەهەمانکاتدا گەورەترینەکەیان لابراوە، کۆمیتەی ماسۆنی دەعواکەی دۆڕاند و هەژاریش کەوت و ئێستاش خەریکی سزا وەرگرتنەکەیەتی. بەڵام تەنها سێبەرەکەی حوکم دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا کە ناتوانێت سنور شکاندنەکانی بەرەو پێشەوە بڕوات بەڵکو بۆ دواشەوە دەگەڕێتەوە. ئەو دوو کەسەش کە ماون ئەگەر لە دەستیان بێت هەوڵی بنیات نانەوەی دەدەن.

جۆربەجۆرەکان بووەتەوە ئەمەش لە کۆتاییەکانی  قەصیدەی "ئەرجوزە"دا (ناوی قەصیدەیەکی بە ناوبانگە لەلایەن حەزرەتی عەلییەوە نووسراوە، کە پێشبینی داهاتوو دەکات) بە بڕگەکانی:

فَاسْئَلْ لِمَوْلاَكَ الْعَظِيمِ الشَّانِ * يَا مُدْرِكًا لِذلِكَ الزَّمَانِ
بِاَنْ يَقِيكَ شَرَّ تِلْكَ الْفِتْنَة * وَ شَرَّ كُلِّ كُرْبَةٍ وَ مِحْنَةٍ

دەفەرموێت: ئەی سەعیدی کوردی: ئەگەر لە مێژووی ساڵی (١٣٥٤ کۆچی)دا ژیایت، داوا لە "مەولای عظیم" بکە کە بتپارێزێت لە فیتنەی شەڕی ئەو سەردەم و کاتە. بەڵێ لە ڕوونکردنەوەی یەکەم کەرامەتی بەرزی بریسکەی هەژدەهەمدا باس لەو ئاماژە غەیبییەی دەربارەی پەیامەکانی نوور و قەصیدەی "ئەرجوزییە" و نووسەرەکەی دەکات.

"ئیسمی أعظم و سکینة" کە ئاماژە بەدەربڕینی (اسماء سيتة) بەناوبانگەکەی دەکات کە هەمیشە لەگەڵ قوتابییەکدا قسە دەکات و دڵی دەداتەوە و وە بە زۆر نیشانە و ئاماژەدا ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو قوتابییە "سەعیدە" وە لەوێدا بە ئەو قوتابییە دەفەرموێت:

اَحْرُفُ عُجْمٍ سُطِّرَتْ تَسْطِيرًا * بِتَّ بِهَا الاَمِيرُ وَالْفَقِيرَا

واتە: بە شێوەیەکی ناچاری پیتە بییانیەکان لە لە ساڵی (١٣٤٨ کۆچی)دا خرانە بواری نوسینەوە و، منداڵەکان و هەژارەکان ناچارکران لە دەرسەکانی شەواندا خۆیان فێربکەن. ڕستەی (سُطِّرَتْ تَسْطِيرًا) دوو (ت) هەشت سەد، دوو (س) سەد و بیست، دوو (ر) چوار سەد، دوو (ط) هەژدە ، یەك (ی) دە، کۆی گشتی دەکاتە ساڵی (١٣٤٨کۆچی) لە هەمان ساڵدا بە ناچاری ئەو پیتە بیایانیانە لە دەرسەکانی شەودا پێی وترایەوە.

دواتر ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه – دەڕوانێته (سەعید) که خەریکی سەکینەیە قسه دەکات. به دوایدا (يَا مُدْرِكًا لِذلِكَ الزَّمَانِ) دەڵێت که ناوی به سەعید – رضی اللّه عنه – دەهێنێت و دەفەرموێت: (هەوڵبدە به سەکینه بپارێرە وە و خۆت بپارێزە) به ئاماژەی جۆراو جۆر له دوای (یاء ی نیداء) ەوە (سەعید هەیە) واته:

(يا سعيدُ مُدرِكاً لِذالِكَ الزَّمَانِ) هەیە. وەك چۆن وشەی (مُدْرِكًا) ی ئەم بڕگەیە هەم به وتن و هەم به جەفر ڕووی له نازناوی (الكوردی) ە. چونکه (دركًا)ی بێ میم (کورد)[٩] نازناوەکەیەتی، (میم)ەکەش، هاوتایه لەگەڵ (ل و ی).

بەهەمان جۆر: وشەی (الزَّمان) یش لەگەڵ ئاماژەکردنی بۆ نازناوەکەی تری که (بديع الزَّمان) ە و، به مەقامه جفرییەکەشی له ساڵی (١٣٥٤ و ١٣٥٥ کۆچی) به شێوەیەکی ئاشکرا لەو قەصیدەیەدا به مەبەستی دڵدانەوەی پەنجه دەخاته سەر ڕاستی و باروودۆخی پێچەوانەبوونی کاره عادەتییەکانی و پاڕانەوە زۆرەکەی، به مەبەستی پاراستنی و پارێزگاری لێکردنی و بەسەربردنی کاتەکانی به زانستی قورئان و ئیمان و عیبادەت ، بۆ ئەوەی بزانرێت: اَلْقَسَمُ الْجَامِعُ وَالدَّعْوَةُ الشَّرِيفَةُ وَالْاِسْمُ الْاَعْظَمُ که بناغەو ڕۆحی (جەلجەلوتییە)یە که گرنگترین و وردەکارترین قوتابیه بەناوبانگ و دەروشاوەکانی ئیسلام که ئیمامی غەزالی یه – رضی اللّه عنه – دەفەرموێت: کاتێك ئەوانه به وەحی بۆ پێغەمبەر ﷺ نازڵ بوون فەرمانی به ئیمامی عەلی کرد! بنوسه! ئەویش نوسی. دواتریش ڕێکی کردن. ئیمام غەزالی – رضی اللّه عنه – دەفەرموێت:

اِنَّ هذِهِ الدَّعْوَةَ الشَّرِيفَةَ وَ الْوِفْقَ الْعَظِيمَ وَ الْقَسَمَ الْجَامِعَ وَ الْاِسْمَ الْاَعْظَمَ
وَ السِّرَّ الْمَكْنُونَ الْمُعَظَّمَ بِلاَ شَكٍّ كَنْزٌ مِنْ كُنُوزِ الدُّنْيَا وَ الْاخِرَةِ

به خوێندنی دەرس لەلای (ئیمامی نورالدین ئیمام غەزالی) ئەم (جەلجەلوتییە)یەی هەم وشه سوریانیەکانی و هەم گرنگ تایبەتییەکەی ڕوون کردووەتەوە.

---

[٩] واته: به پێچەوانه خوێندنەوەیەتی.

## هێمای چوارەم:

ئیمام عەلی – رضی اللّه عنه – دوای هەواڵدانی "سراج النور" دووبارە هەروەك لەكاتی ژماردنی ناوەكان بە (سی و سێ) و لە ڕوویەكی تریشەوە (سی و دوو) بە (سوریانی) ئاماژەیەكی بەهێزی بۆ بەهێزترینی پەیامەكان وەك "پەیامی موعجیزاتی ئەحمەدی و وتەی سی و دووهەم" كردووە، بە شێوەیەكی هێما (ڕەمز)ی یان ئاماژە وە یاخود بە شێوەیەكی ڕوونكردنەوە ڕووی لە پەیامەكانی پێشتریش كردووە بەڵی حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه – بە ڕوانینی بۆ (پەیامەكانی نوور) ناوە سوریانەكانی بۆ زیاد كردووە و دەفەرموێت:

تُقَادُ سِرَاجُ النُّورِ سِرًّا بَيَانَةً * تُقَادُ سِرَاجُ السُّرْجِ سِرًّا تَنَوَّرَتْ

بِنُورِ جَلَالٍ بَازِخٍ وَ شَرَنْطَخٍ * بِقُدُّوسِ بَرْكُوتٍ بِهِ النَّارُ اُخْمِدَتْ

بِيَاهٍ وَيَا يُوهٍ نَمُوهٍ اَصَالِيًا * بِطَمْطَامٍ مِهْرَاشٍ لِنَارِ الْعِدَاسَمَتْ

بِهَالٍ اَهِيلٍ شَلَعٍ شَلْعُوبٍ شَالِعٍ * طَهِيٍّ طَهُوبٍ طَيْطَهُوبٍ طَيطَهَّتْ

اَنُوخٍ بِيَمْلُوخٍ وَ اَبْرُوخٍ اَقْسِمَتْ * بِتَمْلِيخٍ اٰيَاتٍ شَمُوخٍ تَشَمَّخَتْ

أباذيخ بيذوخٍ وذيموخَ بعدها * خماروخٍ يشروخٍ[10]

بِشَرْخٍ تَشَمَّخَتْ بِبَلْخٍ وَ سِمْيَانٍ وَ بَازُوخٍ بَعْدَهَا *

بِذَيْمُوخٍ اَشْمُوخٍ بِهِ الْكَوْنُ عُمِّرَتْ * بِشَلْمَخَتٍ اِقْبَلْ دُعَائِي

---

[10] لەگەڵ پەیامی حەشردا بۆ وتەی بیست نۆهەم و دواتر میعراج و تەواوكەرەكەی لەتبوونی مانگ دەڕوانێت.

لەگەڵ پاڕانەوەکەیدا مۆر (خەتم)ێك دەکات. کاتێك لە سەرەتادا حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّە عنە – بە ڕوونی (سەراحەت) هەواڵی پەیامەکانی نوور دەدات لە یەکەم پلە (مەرتەبە)شدا لە سراج النورە وە (سراج سروج) دەردەخات. لە کاتی ژماردندا هەتا هاتنە سەر بیست و پێنج دەفەرموێت: (بِتَمْلِيخِ ايَاتٍ شَمُوخٍ تَشَمَّخَتْ). ڕوونی ئیعجازی ئایەتە قورئانییەکان و چل ڕووە ئیعجازیەکەی قورئانیش ئاماژە بۆ بەناوبانگترین و درەوشاوەترینی پەیامی پەیامەکانی نوور دەکات کە وتەی بیست و پێنجەمە "پەیامی موعجیزاتی قورئانییە".

چونکە ژماردنی "سراج النور" لە سەرەتادا و لە پلە (مەرتەبە)ی یەکەمدا، هەم بوونی وشەی (ايَاتٍ) لە بڕگەی (بِتَمْلِيخِ ايَاتٍ) و، هەم یادکرنەوەی لە پلەی بیست و پێنجەمدا ئاماژەیەکی زۆر بەهێزە کە: بە مانا مەجازییەکەی دەڕوانێتە "وتەی بیست و پێنجەم" کە ڕوونکەرەوەی زۆربەی ئایەتەکان و دەرخەری ئیعجاز و نهێنییەکانی قورئانی پیرۆزە. وە لە کاتی ژماردنی سورەتەکاندا دووبارە لە پلەی بیست و پێنجەمدا نوسینەکە دەگۆڕدرێت و وەك ئەوەی لە سەرەتاوە دەست پێبکات لەگەڵ وتنی (بِحَقِّ تَبَارَكَ) گرنگی وتەی بیست و پێنجەم دەردەخات کە پیرۆزترین و بەرەکەتدارترینی (پەیامەکانی نوورە).

دواتر لە بیست و شەشەم و بیست و حەوتەمدا دەڵێت: (اَبَاذِيخَ بَيْذُوخٍ وَ ذَيْمُوخٍ بَعْدَهَا).

دواتر لە سی و سی و یەکەمدا لە گەڵ وتنی (بِبَلْخٍ وَ سِمْيَانٍ وَ بَازُوخٍ بَعْدَهَا) دووبارە بابەتەکە دەگۆڕێتەوە و یادی وشەی (بَعْدَهَا) دەکات. بە ئاماژەیەکی زۆر بەهێز و ئاشکرا لەگەڵ "ئیجتیهاد" دا ئاماژە بۆ پاشکۆی وتەی بیست و حەوتەم کە دەربارەی هاوەڵە بەڕێزەکانە – رضی اللّە عنهما – و پاشکۆی لەتبوونی مانگیش هەروەك وشەی (بَعْدَهَا) پێویستی وگرنگیان دەردەخات و ئاماژەیەکی بەهێزیشیان بۆ دەکات. لەگەڵ بەبیرهێنانەوەکەی حەزرەتی عەلی دا – رضی اللّە عنە – بە بیرم هاتنەوە.

له سەرەتادا پاشكۆی لەتبوونی مانگم نووسی، ئێستا و لەم كاتەدا پاشكۆی وتەی بیست وحەوت كە دەربارەی (هاوەڵە بەڕێزەكان)ە بیركەوتەوە. مادەم بەیەك ئاماژە بۆكردن لە "زانستی بەلاغەت و هونەر (فەن)ی بەیان"دا كە باس لە ڕاستییەك بكرێت واتایەكی مەجازی بگەیەنێت و، ئەگەر بە تەنها لەیەك ڕووەوە ئاماژە بۆ تێگەشتنی بكرێت، دەكرێت ئەو تێگەشتنە بە واتایەكی ئاماژەیی قبوڵ بكرێت.

بە دڵنیاییەوە زۆر لەو ئاماژە ڕوون و بێگومانانە دەربارەی بوونی ئەو پاشكۆیانە تەنها لەم دوو شوێنەدا و وشەی (بَعْدَهَا) كە لە مانادا بە واتای (پاشكۆ) دێت، بەتەواوەتی ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضي الله عنه – جگە لە واتا ڕاستەقینەكەی، دەیەوێت ئاماژە بۆ واتایەكی مەجازیش بكات.

دواتر لە پلە (مەرتەبە)ی بیست نۆهەمدا، بەسام و شكۆوە (خَمَارُوخٍ يَشْرُوخٍ بِشَرْخٍ تَشَمَّخَتْ)، ئەوەی لە بیست و پێنجەمدا باسكرا و كە بە زانینی نهێنییەكانە كە لەواتای وشەی(تَشَمَّخَتْ) دایە، لەگەڵ دووبارەكردنەوەیدا بە ئاماژەیەكی بەهێز ئاماژە بۆ "وتەی بیست نۆهەم" دەكات كە پێشتر باس كرا.

دواتر لە پلە (مەرتەبە)ی سی و دووهەمدا، لە كاتی ژماردنی سورەتەكان كە بە گرنگییەوە ئاماژە بۆ (رسالة – جامیعة) كە وتەی سی دووهەمە دەكات، بۆ ئەوەی ئاڕاستەی بینینی بخاتە سەر (بِـهِ الْكَـوْنُ عُطِّـرَتْ) كە لە واتایەكیدا واتە بە درەوشانەوەی ناوی (عدل و حكم) بە دادگەری و پێوانە و ڕێكوپێكی و حیكمەتەوە دنیا بونیات دەنرێتەوە و ڕزگاری دەبێت لە كاولكاری.

لە دووهەم واتایدا كە بە بڵاوبوونەوەی بۆن و بەرامی ئەو دوو ناوە، دنیا بۆنخۆشی وەردەگرێت و وەك (دووكانی بۆن فرۆش بۆنی خۆش وەردەگرێت ). كەواتە بە ئاوێنە درەوشاوەكانی ناوەكانی (عدل و حكم) پەنجە دەخاتە سەر "وتەی سی ودووهەم" كە

لـه حـوكمی تەفسـیری ئـەو ناوانـەن و بەشـێوەی واتایـەكی مـەجازیی باسـییان لێـوە دەكـات. بـە دووبـارە بوونـەوەی (ذَیْمُـوخٍ) كـە (وتـەكان) سـی و سـێ وتـەن و، پلـە (مەرتەبە)یەكی دەربارەی (مەكتووبات)ە كە وتەی سی ودووهەمە ئاماژە بۆ كۆتا پلە (مەرتەبـە)ی دەكـات. لەبـەر ئـەوەی واتـای وشـە (سـوریانیەكان) بـە تـەواوی نـازانم و ئیمامی غەزالیش – رضي الله عنە – بەتەواوی ڕوونی نەكردووەتەوە، ئەوا ئێستا واز لە ئاماژەكانی حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضي الله عنە – بەو وشانەی كە دەربارەی پەیامەكانی پێشترن دەهێنم.

## هێمای پێنجەم:

مادەم (جەلجەلوتییە) لە ڕێگەی "وەحیەوە" بۆ پێغەمبەر ﷺ نازڵ بووە و، وە بە زانستی (علام الغیوب) بە زانیارییەكانی خۆی دەربڕێت (ئیفادەی واتا دەدات).

هــەروەها مــادەم پەیامــەكانی نــوور ســەلمێنەری حەقیقــەتی قەصــیدەی (جەلجەلوتییـە)ن و، بڕەگـەكانی ئـەو قەصـیدەیەش وەك (اَقِـدْ كَـوْكَبِی) و (تُقَـادُ سِـرَاجُ النُّورِ) لەگـەڵ مانـا مەجازییەكەیدا بەشێوەی ئامـاژە بۆكردن هـەواڵی سیازدە پـەیامی گرنگی پەیامـەكانی نـوور دەدات و، لەگـەڵ ئەمەشدا بەیەكەوە (فَیَا حَامِلَ الْاِسْمِ الَّذِی جَلَّ قَدْرُهُ) بناغـەی سەرەكی ئـەو قەصـیدەیەش كە بریتییە لـە (اَلْاِسْمُ الْمُعَظَّمُ) لەگەڵ واتـا مەجازییەكەیدا ئامـاژە بـۆ (دانـەری پەیامـەكانی نـوور) و سـیازدە كـاتی گرنگـی ژیانی كرد.

هەروەها مادەم بەواتایەكی مەجازی ئومێدی بوونی تێگەشتنێكی ئاماژەیی دەكات و بۆ ئەمـەش بـە یـەك ئامـاژەی لاواز بـۆ یـەك ئامـاژەی شـاراوە بـۆ یـەك بۆنـە و بابـەت پێویست دەبێت بۆ ئەو بابەتە.

هەروەها مادەم ئاماژەدانی دووبارەی پەیامەكانی نوور بە پەیامـەكانی و دانەرەكـەی و بارودۆخـەكانی دەبن بـە بەڵگـە بـۆ یـەكتری. بـەڵكو هـەموو ئاماژەكـان یـەك بـە یـەكیان

دەربارەی بابەتێك لەگەڵ ئاماژەكانیاندا بەیەكەوە دەبن بە بەڵگەیەكی زۆر بەهێز و لە حوكمی ئاماژە بۆكردنێكی تەواو دەبێت بۆ هەردانەیەكیان.

بە دڵنیاییەوەی دەتوانین بڵێن كە: هەروەك حەزرەتی ئیمامی عەلی –رضی اللّە عنە– لەسەرەتادا (بَدَئْتُ بِبِسْمِ اللّهِ رُوحِي بِهِ اهْتَدَتْ * اِلى كَشْفِ اَسْرَارِ بِبَاطِنِهِ انْطَوَتْ) واتە (بە گەنجینەی نهێنیەكانی بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ دەستم پێكرد. ڕۆحم لەگەڵ ئەودا، ئەو گەنجینەیەی ئاشكرا كرد).

لەگەڵ وتنی ئەمە و ئاماژەكانی پێشتر بە شێوەی واتایەكی ئاماژەیی و بە بەڵگەیەكی مەجازی، ئاماژە بۆ "وتەی یەكەم" دەكات كە پەیامی (بِسْمِ اللّهِ) یە لە حوكمی (بِسْمِ اللّهِ) ی سەرەتای پەیامەكانی نوورە و باس لە حەقیقەت و نهێنی گەورەی (بِسْمِ اللّهِ) دەكات، وە وتەیەكی كورتە بەڵام زۆر بەهێزە.

بەهەمان جۆریش ئاماژەكانی پێشوو لەگەڵ بۆنە (موناسەبەتەكانی)دا و باسی نهێنییە قورئانیەكان و هەروەها باسی(رِموزاتی ثمانیة) كە باس لە ماهیەتی هەشت پەیامە بچووكەكان دەكات، لەگەڵ گۆڕینی بابەتەكەدا و دەست كردنی بە داوای یارمەتی لە نهێنی پیتە قورئانیەكان، بە ئاماژەیەكی ناسك ئاماژە بۆ پاڕانەوە و موناجاتە گەورەكەی كۆتایی كتێبی وتەكان و مەكتووبات دەكات.

دواتر بە بڕگەی (بِوَاحِ الْوَحَا بِالْفَتْحِ وَالنَّصْرِ اَسْرَعَتْ) و لەگەڵ باسكردنی نهێنییەكانی سورەتی (اِذَا جَاءَ نَصْرُ اللّهِ وَ الْفَتْحُ) كە هەواڵی غەیبی دەربارەی ئەو هەموو فتوحاتە ئیسلامیانە دەدات وەك فەتحی مەككە و فەتحی شام و فەتحی قودس و فەتحی ئیستەمبوڵ، كە ئەمەش گرنگترینی ئەو هەشت پەیامەی (رِموزاتی – ثمانیة) كە باس لە نهێنی پیتە قورئانیەكان دەكات و لە بەشێكی مەكتووبی بیست و نۆهەمدایە و، لەگەڵ سەیركردن و وردەكاری حەزرەتی ئیمامی عەلی –رضی اللّە عنە– لەسەر "پەیامی فتح و پەیامی نەصر" كە حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّە عنە – بەهێزترین سەركردەی فتوحاتی ئیسلامییە.

هەروەها لەگەڵ سەلماندن و باسكردنی گرنگترین پێنج ڕووە ئیعجازییەكەی كۆتا ئایەتی "سورەتی فەتح"، لەو باوەڕەدام كە قارەمانی ئیسلام حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه – بە شێوەیەكی زۆر وردو بەهێز ئاماژە بۆ پەیامی ئایەتی فەتح دەكات، ئەگەر لەم باوەڕەمدا بەشداری ناكەیت ئەوا ڕەخنەش مەگرە.

## هێمای شەشەم:

مادەم حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه – لەسەر بناغەی وەرگرتنی دەرس لەلای (ئوستادە قودسی)یەكەیەوە هەواڵ لە ڕووداوەكانی داهاتوو دەدات كە لە قورئاندایە. وە ئەگەر پرسیار لە من بكەن ئەوا دەڵێم: بە كەرامەتی وا سەلماندویەتی كە بە هەواڵدانە ڕاست و جۆراوجۆرەكانی بووە بەسەرگەورە و شاهی ولایەت.

وەمادەم بێدینەكانی ئەورووپا و ئەهلی گومڕا و مونافیقەكان لەم سەردەمەدا، لە هەناگاونانیاندا بە شێوەیەكی ترسناك هێرش دەكەنە سەر قورئان،
پەیامەكانی نووریش بەرامبەر بەو لافاوە گومڕاییە بەرگری دەكات و، بە ئاشكراكردنی ڕاستییەكان نهێنیەكانی ناو قورئان دەپارێزێت.

وە مادەم بڕگەی (اَقِدْ كَوْكَبِى بِاْلاِسْمِ نُورًا وَ بَهْجَةً * مَدَى الدَّهْرِ وَ اْلاَيَّامِ يَا نُورُ جَلْجَلَتْ) هەروەك لە "بریسكەی بیست و هەشتەم"دا سەلمێنراوە كە بە شێوەیەكی نزیك لە ئاشكرا و ڕوونییەوە لەگەڵ ئاماژەدانی بە (پەیامەكانی نوور) ئایەتی (نوور)یش لە (سورەتی نوور) دا ئاماژە بۆ پەیامەكانی نوور دەكات.

وەمادەم (اَقِدْ كَوْكَبِى بِاْلاِسْمِ نُورًا) لە ڕووی واتا جفرییەكەیەوە دەقا و دەق دەبێتە تەوافق لەگەڵ پەیامەكانی نوور. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین كە: بە ئاماژە بە كۆتا مانای ئەم بڕگانە دوای بڕگەی (اَقِدْ كَوْكَبِى بِاْلاِسْمِ نُورًا):

بِاجِ اَهُوجِ جَلْمَهُوجٍ جَلاَلَةٍ * جَلِيلِ جَلْجَلُيُّوتٍ جَمَاهٍ تَمَهْرَجَتْ

بِتَعْدَادِ اَبْرُومٍ وَ سِمْرَازِ اَبْرَمٍ * وَ بَهْرَةِ تِبْرِيزٍ وَ اُمٍّ تَبَرَّكَتْ

ئاماژه بۆ دوازده وتەی سەرەتای پەیامەکانی نوور دەکات کە بە دوازده پەیامی بچووك ناسراون و بلو کراونەتەوە، دوازده وشەی (سوریانی)ش لەم بڕگەیەدا ئاماژە بە هەریەکە لەو دوازده وتانە دەکەن.

وە ئەم (جەلجەلوتییە)ی کە لە بەردەستمدایە ڕاسترین دانەیانە. ئیمامی عەلی – رضي اللّه عنه – و زۆرێك لە ئیمامەکان (شەرحی جەلجەلوتییە)یان کردووە .بەڵام لەبەرئەوەی ئەم وشە (سوریانی)یانە دەقاو دەق واتاکانیان نازانم و لەبەر بوونی جیاوازی لە نوسخەکانیاندا، لەبەر نەزانینم لە ئاماژە و بۆنە و بابەتەکانی هەریەکە لە ئیمامەکان لە ئێستادا بۆیە لێرەدا وازی لێدەهێنم.

## پوختەی قسە:

حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضي اللّه عنه – جارێکیان بە بڕگەی (اَقِدْ كَوْكَبِي) لە خوای گەورە دەپاڕێتەوە بە نیازی ناردنی (پەیامەکانی نوور) لە ئاخرزەماندا، لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا پەیامەکان لە دوازده پەیام پێك هاتبوون بۆیە تەنها ئاماژە بۆ دوانزە پەیام دەکات.

دووهەم جار بە بڕگەی (تُقَادُ سِرَاجُ النُّورِ) بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕونتر لەگەڵ دەرخستنی مەدح و سەنای پەیامەکانی نوور ئاماژە بۆ تەواوی (پەیامەکانی نوور) دەکات و، هەواڵی هەموو "وتەکان و مەکتووبات و بریسکەکان"یش بە شێوەی ئاماژە دەدات.

هەروەها ئەو پەیامە بچووکانەی کە بە ناوی "دوانزە وتەکانەوە" بڵاوکراونەتەوە هەروەك هەریەکەیان لە ڕووی شێوە و ناوەوە هاوشێوەی وشەکانی بڕگەکەن، لە ڕووی واتاکەشیانەوە هەریەکەیان بەرامبەر واتا بێوێنەکانی وشەی (جەلجەلوتییە)ن، بە نمونەیەکی جوان هەریەکەیان دەبێتە تەفسیرێکی گەورە و قوڵی ڕاستیەکانی قورئان و دەیسەلمێنن.

ئەگەر لەلایەن ئینکارێکەوە بوترێت: حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضي اللّه عنه – ویستی لەسەر ئەم هەموو واتا ئاماژەییانە نەبووە؟ ئێمەش لە وەڵامدا دەڵێین کە:

ئەگەر لە ڕاستیشدا وا دابنرێت کە حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه – ویستی لەسەریان نەبووە، بەڵام قەڵەم دەبێت بەبەڵگە. وە ئاماژە بەهێزەکان بە بەڵگە خۆیی(ضمنی) و ئاماژەییەکانیەوە دەچێتە ناو واتاکانی.

هەروەها مادەم ئەو واتا مەجازیی و تێگەشتنە ئاماژەییانە، ڕاست و گونجاون لەگەڵ ڕووداوەکەدا. وە شایانی ئەم "لوتف"کردنەن و ئاماژە بەهێزن. بە دڵنیاییەوە ئەگەر وادابنرێت کە ڕووتێکردنێکی کوللی دەربارەی ویستی حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه– لەسەر ئەم هەموو واتا ئاماژەییانە نەبێت، ئەوا لەو ڕووەی کە (جەلجەلوتییە) لە ڕێی "وەحییەوە" ڕووکردنی کوللی بۆ خاوەنی ڕاستەقینە و ئوستادی حەزرەتی ئیمامی عەلی –رضی اللّه عنه – کە پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم هەبووە و، وە زانستە فراوانەکەی (ذوالجلال) کە ئوستادی ئوستادەکەیەتی ڕووی لەوانە و، دەیانخاتە ناو بازنەی ویستی خۆیەوە.

یەکێك لەو هۆکارانەی کە وای کردووە قەناعەتێکی تایبەتی و بنەڕەتیم دەربارەی ئەم بابەتە هەبێت ئەوەیە کە:

لەبەر ئەو زەحمەتە زۆرەی کە لە کاتی نوسینی تەفسیری گەورەی "الاية الكبرى"کە تیشکی حەوتەمە، پێویستم بە دڵدانەوەیەکی قودسی و هاندانێکی گرنگ هەبوو. هەروەها هەتا ئێستا لە بارودۆخەکانی وەك ئەمەدا لەگەڵ ئەزموونە دووبارەکانمدا چاودێری خوایی فریام کەوتووە و یارمەتی داوم.

لە هەمان کاتی تەواوکردنی پەیامەکاندا بێ ئەوەی هیچ بیرم لێکردبێتەوە دەرکەوتنی ئەم کەرامەتە بەرزە لە ناکاو هیچ گومانێکی لە مندا نەهێشت کە: ئەمەش وەك چاودێرییە خواییەکانی پێشوو، چاودێرییەکی میهرەبانی خوایی هاتووە بە هانامەوە. چاودێریش خەڵەتاندنی لەگەڵ نیە و، بێڕاستیش نابێت.

### هێمای حەوتەم:

**هەروەك چۆن حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه – بە بڕگەی یەكەمی**

**وَ بِالْايَةِ الْكُبْرى اَمِنِّى مِنَ الْفَجَتْ * وَ بِحَقِّ فقَجٍ مَعَ مَخْمَةٍ يَا اِلهَنَا**

**وَ بِاَسْمَائِكَ الْحُسْنى اَجِرْنِى مِنَ الشَّتَتْ * حُرُوفٌ لِبَهْرَامٍ عَلَتْ وَ تَشَامَخَتْ**

**وَ اسْمُ عَصَا مُوسى بِهِ الظُّلْمَتُ انْجَلَتْ**

**ئاماژە بۆ "تیشكی حەوتەم" دەكات كە گەورەترین تەفەككورنامەیە و بە بەرزترین مەعریفەت ئاماژە بە پەیامی شەش خاڵی ناوەكان و سیفاتەكان دەكات. بە "سەكینە"ش كە بە ناوی (ئەسمائی سیتة) مەشهورە و، بەبریسكەی بیست و نۆهەمیش حەقیقەتەكان بە شێوەیەكی بەرز باس دەكات.**

**لە ڕستەی (بِاَسْمَائِكَ الْحُسْنى اَجِرْنِى مِنَ الشَّتَتْ) ئاماژە بە "بریسكەی سی هەم" دەكات كە دوابەدوای بریسكەی بیست و نۆهەمە و پەیامی شەش خاڵی ناوەكانە. دواتر بە وشەكانی (حُرُوفٌ لِبَهْرَامٍ عَلَتْ وَ تَشَامَخَتْ) ئاماژە بە دوابەدوای پەیامی ناو و سیفاتەكان دەكات كە "تیشكی یەكەمی بریسكەی سی و یەكەمە" و تیایدا ئاماژەكانی سی و سێ ئایەتی قورئانی دەربارەی پەیامەكانی نوور تۆمار دەكات و، بە بۆنەی ئەو ژماردنە جفرییەی كە لە سەرەتاوە تا كۆتایی وەك پەیامێكی زانستی پیتەكان سەیردەكرێت، حوكمی پەیامی موعجیزەی قورئانی هەیە.**

**دواتر بە وشەكانی (وَ اسْمُ عَصَا مُوسى بِهِ الظُّلْمَتُ انْجَلَتْ) ئاماژە بە كۆتا پەیامی پەیامەكانی نوور بە ناوی "عەصای موسی" دەكات كە دوابەداوی پەیامی پیتەكانەوە دێت و، بە یەككرتنیشی لەگەڵ "الاية الكبرى" و پەیامەكانی تری نوور و ناوی عەصای موسی ی وەرگرتووە و، وەك عەصاكەی موسی (سیحرەكانی شیرك و گومڕایی پوچەڵ دەكاتەوە و موژدەی ڕەواندنەوەی تاریكییە مەعنەویەكان دەدات).**

**بەڵێ بە وشەكانی (وَ بِالْايَةِ الْكُبْرى) هەروەك چۆن ئاماژە بە تیشكی حەوتەم دەكات و بە ئاماژە بەهێزەكانی دەیسەلمێنێت، هەمان وشە بە واتاكەی تری "الاية الكبرى" لە حوكمی پەیامەكانی نووردایە و ڕۆحی زۆربەی پەیامەكانی تێدا جەم بووە، بە یاسا و**

واتا ئامازەییەکانی کە لە بریسکەی بیست نۆهەمی عەرەبی دایە ڕووی لەوە و بۆ ئەو دەڕوانێت. بەهەمان جۆر دەتوانێت بڵێین حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه – لەم بڕگەیەوە سەیری ئەو دەکات و ئامازە دەکات.

هەروەها بە ئامازە و هێماکانی پێشتر بە هاتنی بریسکەکان دوای مەکتووبەکان و بەشێوازێکی تر ئامازەدەدات بە نوسینی درەوشاوەترینی بریسکەکان، هەروەها حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه – بە واتایەکی مەجازی و تێگەشتنێکی ئامازەیی و بە زمانی خۆی دەپاڕێتەوە بۆ (دانەر) و مەبەستی گەشتنیەتی بە ئارامی و سەلامەتی و ڕزگاربوونیەتی لە بەندیخانە و لە سێدارەدان و کاتە ترسناکەکان و دەفەرموێت: (وَ بِالْايَـةِ الْكُبْـرى اَمِنِّـى مِـنَ الْفَجَـتْ) واتە:(یارەب: ڕزگارم بکە، ئیمان ئەمنیەت بنێرە) ئامازەکانی و، وشەکانی ئەم پاڕانەوەیەش دەبێتە "تەوافوق" لەگەڵ ئەو کاتە ترسناکەی بەندیخانەی (ئەشکی شەهر) کە بریسکەی بیست و نۆهەمی تێدا نوسراو دەبێتە تەوافوق لەگەڵ بارودۆخی خاوەنەکەی.

لەبەر ئەو بەڵگە و ئامازە خۆییانە دەتوانین بڵێین: حەزرەتی ئیمامی عەلیش –رضی اللّه عنه – لەمەوە ئامازە بۆ ئەو دەکات. هەم بەڕوانینی بۆ بریسکەی سی هەم و "پەیامی أسماء" کە شەش خاڵە و دەڵێت بە (وَ بِاَسْمَائِكَ الْحُسْنى) ئامازەکانی پێشترەوە و، هەم بە ئامازەی بریسکەی بیست و نۆهەم و، هەم لەگەڵ ئامازەی تەوافوقبوونی هەردووکیان لە ناو لەفزی أسماء و، هەم لەبەر پەرێشانبوون و نامۆ بوون و ناڕەحەتی دانەرەکەی بە زمانی حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه – لەبەر بەرەکەتی نوسینی پاڕانەوەکەی و لەڕووی واتا ئامازەییەکەیەوە بۆ نوسەری پەیامەکان دەپاڕێتەوە و دەفەرموێت: (وَ بِاَسْمَائِكَ الْحُسْنى اَجِرْنِـى مِنَ الشَّتَتْ) واتە: لەبەر بەرەکەتی ئەو "پەیامی أسماء"ەی کە (ئیسمی أعظم)ە بمپارێزە لە پەرێشانبوون و ناڕەحەتییەکان یارەب). واتاکەی بە کورتی دەتوانین بڵێین، ئامازەی ئەم وشانە تەوافوقە لەگەڵ ئەو پەیامە و بارودۆخی خاوەنەکەیدا و، بەڵگەیەکی مەجازییە و حەزرەتی ئیمامی عەلیش – رضی اللّه عنه – ئامازەیەکی غەیبی دەدات.

هەروەها مادەم بنەڕەتی جەلجەلوتییە "وەحی"یە و پڕ لە نهێنییە و بۆ کاتی داهاتوو دەڕوانێت و هەواڵ لە کاروبارەکانی داهاتوو دەدات. وەمادەم بە گوێرەی قورئان ئەم سەدەیە ترسناکە و (پەیامەکانی نوور) لەم سەدە تاریکەدا ڕووداوێکی گرنگە. وە مادەم بە پلەیەکی ڕون و ئاشکرا و، بە زۆر ئاماژە پەیامەکانی نوور ڕۆشتوونەتە ناو (جەلجەلوتییە)، لە گرنگترین شوێندا جێگیر بوون.

وە مادەم پەیامەکانی نوور و دەرمانەکانیان شایانی ئەم پلەیەن و وە هەواڵدان دەربارەی بووەتە جێگەی ڕوانینی وردی حەزرەتی ئیمای عەلی – رضی اللّە عنە – و نرخ و گەورەیی لای ئەو هەیە.

وە مادەم حەزرەتی ئیمامی عەلیش – رضی اللّە عنە – لە سراج النوردا، دوای ئەوەی بە ئاشکرا هەواڵی پەیامەکان دەدات و، لە دووهەم پلەدا بە شێوەیەکی نهێنی و لە ژێر پەردەوە دوای (وتەکان، مەکتووبات و، دواتریش بریسکەکان)، هەروەك ڕیزبوونی پەیامەکان بە هەمان مەقام بە هەمان ژمارە ئەمەش بەڵگە و ئاماژە بەهێزەکانی حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّە عنە – دەسەلمێنێت.

وەمادەم (بَدَئْتُ بِبِسْمِ اللّـهِ رُوحِي بِهِ اهْتَـدَتْ * الِى كَشْـفِ اَسْـرَارٍ بِبَاطِنِـهِ انْطَـوَتْ) هەروەك بۆ سەرەتای پەیامەکان و وتەی یەکەم کە پەیامی (بِسْمِ اللّە)یە دەڕوانێت ، لە کۆتایی (قەسەمی جامیعی موعەززەمدا) بۆ کۆتا بەشەکانی پەیامەکان دەڕوانێت کە بریتین لە (بریسکەکان، تیشکەکان)، بە تایبەت بۆ "الاية الكبرى"ی تەوحید کە بریسکەی ناوازەی عەرەبی بیست و نۆهەمە و پەیامی "أسماء سيتة" و هەروەها بۆ پەیامی "ئیشارات الحروف القورئانیە" و وە بە تایبەتی بۆ (کۆتایی تیشکەکان و عەصای موسا) دەڕوانێت، کە ئەم پەیامانە بە بەڵگەکانیان دەتوانن هەموو سیحرە مەعنەوییەکان پوچەڵ بکەنەوە، هەروەها بە واتایەکی تر هەروەك بۆ پەیامی "الاية الكبرى" دەڕوانێت بە شێوەیەکی تریش باسی لێوەدەکات. وە مادەم هەموو ئاماژەکانی بابەتێك پلەی یەکبوونی بابەتەکە دەردەخات و یەك بە یەکی ئاماژەکانیش هێز بەیەکتری دەدەن، وە بەدڵنیاییەوە بە بەڵگەی ئەم حەوت بنەمایە دەڵێین:

وەك چۆن حەزرەتی ئیمامی علی – رضی اللّه عنه – ئاماژەی بۆ وتە بەناوبانگەكان و ڕیزبەندییەكەی كردووە و بۆ بەشێك لەمەكتوبات و گرنگترینی بریسكەكانی ڕووانیووە. بەهەمان جۆر بەڕستەی (الْحُسْنى اَجِرْنِى مِنَ الشَّتَتْ) بۆ "بریسكەی سێ هەم"واتە بۆ كۆتایی بریسكەكان كەپەیامی (أسماء سيتة) یە بە گرنگییەوە بۆی دەڕوانێت و تەنانەت بەوشەكانی (حُرُوفٌ لِبَهْرَامٍ عَلَتْ وَ تَشَامَخَتْ) ئاماژە بۆ (ایشاراتی الحروف قورئانیة) كەدوای بریسكەی سێ‌هەمە دەكات و، وە بە گەورەیی و ڕێزەوە تەصدیقی دەكات.

وە بە وشەی (وَ اسْمُ عَصَا مُوسى بِهِ الظُّلْمَتُ انْجَلَتْ) هەروەك بە سەناكردنەوە و بە هێما (ڕەمز) ئاماژە دەكات بۆ كۆتا پەیامی تەوحید كە وەك "عەصای موسی"یە بە دەست ئیماندارانەوە، ئەمە دەریدەخات حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه – بە شێوەی ئاماژە یا هێما وە یاخود بەشێوەیەكی ئاشكرا، ئاماژەی بە (پەیامەكانی نوور) و زۆرێك لە پەیامە گرنگەكان داوە بە واتای حەقیقی یان مەجازی. هەر كەسێكیش گومانی هەیە با یەكجار بە وردی سەیری پەیامە ئاماژە بۆ كراوەكان بكات. پێم وایە ئەوەی ویژدانی هەبێت گومانی نامێنێت.

تێگەشتنە مەجازییەكانیش هەمان ڕیزبەندی دەردەخەن كە پەیامەكانی پێ‌نوسراوەتەوە كە ئەمانیش هەمان ڕیزبەندی ئەو ناوانەن كەهاتون و هەمان ناویان لێ‌نراون بۆ نمونە: ئاماژە بۆ كردنی لە پلە (مەرتەبە)كانی بیست نۆ، سی، سی و یەك و سی و دوو، بە وتەكانی بیست نۆ، سی، سی و یەك، سی و دوو، ئەمەش پلە (مەرتەبە)كان گونجاوە بە ناوی وتەكان و، وە بەهەمان جۆر (بسم الله)ش ئاماژە بۆ سەرەتای وتەكان كە وتەی یەكەمە دەكات، وە لە كۆتایی پەیامەكان، یەكی ناوێكیان بۆ دادەنرێت كە شایەنی دەرخەری ماهیەتەكەیەتی.

ئەگەریش لە ڕاستیدا ئاماژە بۆ كردنەكانی شاراوەبێت ئەوا زۆر جوان و ناسك و قبوڵكراوە. من دان بەوەدا دەنێم كە: بە هیچ شێوەیەك شایەنی ئەو مەقامە نیم كە بووم بە دەرخەری ئەم شوێنەوارە بەم شێوەیە. بەڵام بەدیهێنانی درەختێكی گەورەی

هێندەی شاخێك لە تۆوێكی بچوك و بێبایەخەوە، بە هۆی قودرەتی خواییەوە بەڵگەی گەورەیی دەستەڵاتیەتی.

سوێند دەخۆم و دڵنیایان دەكەمەوە كە: مەبەستم لە سەناكردنی پەیامەكانی نوور جێگیركردن و سەلماندن و بڵاوكردنەوەی ڕاستییەكانی قورئان و ڕوكنەكانی ئیمانە.

سەد هەزار جار شوكر بۆ خودای میهرەبان كە: وای لێ كردووم لە خۆم ڕازی نەبم و كەموكوڕییەكانی (نەفس)می پیشان داوم ئەو "نەفسی ئەممارە"یەی ئارەزووی ئەوەی نەماوە كەسانی تر لێی ڕازی بن، گەمژایەتییەكی بە ئازار و خەسارەتمەندیەكی ترسناكە پیاوێك كە لە دەرگای گۆڕەكەیدا وەستابێت، ڕوانینی بۆ دنیای فانی بڕوات.

ئێستاش لەگەڵ ئەم حاڵەتە ڕۆحیەدا بابەت و بۆنەیەكی ناسك هەیە دەربارەی ئەوەی كە تەنیا (پەیامەكانی نوور)ن كە تەرجومانی ڕاستییەكانی ئیمانن. بەم شێوەیە كە:

(جەلجەلوتییە) بە زمانی (سوریانی) واتە غەریب یان بێوێنە. لە واتای (بدیع) دایە. ڕوونكردنەوەكانی پەیامەكانی نوور بێوێنەن، لە (جەلجەلوتییە)دا شوێنێكی گرنگیان گرتووە و لەبەرئەوەی لە زۆربەی شوێنەكانیدا (هەواڵ)دان دەربارەی دەبینرێت بۆیە ناوی قەصیدەكە وەك ئەوەی بۆ ئەو بڕوانێت ئەو ناوەی لێنراوە، هەم ئێستا تێدەگەم كە: هەر لە كۆندا لەگەڵ ئەوەشدا كە پەیوەندییم پێوەی نەبووە، نازناوی (بدیع الزمان) كە لێم نراوە هی من نەبووە، بەڵكو ناوێكی (مەعنەویی پەیامەكانی نوور) بووە. وەك ئەمانەتێك بەخشراوە بە تەرجومانە ڕواڵەتییەكەی. ئێستا ئەو ناوە ئەمانەتە گەڕێندراوەتەوە بۆ خاوەنە ڕاستەقینەكەی.

واتە لەسەر بنەمای دووبارە بوونەوەی (بدیع) بە سوریانی لە قەصیدەكەدا ناوی (جەلجەلوتییە) یان ناوی قەصیدەكە، بە شێوەیەكی ئاماژەیی و هەستكرن بە گونجاوی و پەیوەندی بوونی وشەی (بدیع) بە دەرچوونی پەیامەكانی نوور كە (بدیع البیان و بدیع الزمان)ن هەم لەڕووی (دەستەواژە و مانا و ناوە) وە ئەو ناوە مافی خۆیەتی، چونكە پەیامەكانی نوور ڕووبەرێكی زۆری گرتووەتەوە.

**رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا**

## هێمای هەشتەم:

**پێش باسکردنی ئەم هێمایە، یەکەم جار وەڵامی دوو پرسیاری گرنگ دەنووسرێت.**

## پرسیاری یەکەم:

**بۆچی لە نێوان کتێبە بەنرخەکاندا هەر پەیامەکانی نوور تایبەتمەندن بە چەند ئاماژە و ئاوڕلێدانەوەیەکی قورئانی پیرۆز و، ڕێز و تەقدیری ئیمامی عەلی – رضي الله عنه – و، مژدە و بۆڕوانینی شێخی گەیلانی – قُدس سرّهُ – ؟ ئایا چ حیکمەتێك لە بایەخ پێدانی و ڕێزلێنانی ئەم دوو مامۆستا بەڕێزەدا هەیە – تا ئەم ڕادیە – بە پەیامەکانی نوور؟**

## وەڵام:

**ئاشکرایە هەندێ جار تەنها یەك خولەك بە ئەندازەی سەعاتێکی تەواو بایەخدار دەبێت و، بە قەدەر ئەو سەعاتە تەنانەت ئەوەندەی بەرهەمی ڕۆژێکی تەواو، بەڵکو بە ئەندازەی بەرهەمی چەندەهاساڵیش بە پیت و بەرەکەت و بەرهەمدار دەبێت. هەندێ جاری تریش تەنها یەك سەعات بە ئەندازەی ساڵێکی تەمەن، تەنانەت هەموو تەمەنیش بەرهەم بەخش و بایەخدار دەبێت.**

**بۆ نموونە:**

**ئەو کەسەی لە ڕێی خوادا شەهید دەبێت – کە یەك خولەك دەخایەنێت – پلەی ئەولیایانی دەست دەکەوێت.. هەروەها ئەو کەسەی بۆ ماوەی تەنها یەك سەعات لەسەر سنوورێك لە سنوورەکانی وڵاتی ئیسلام و لە دەمی توندوتیژیی سەرما و سەختیی هێرشی ترسناکی دوژمندا ئێشك دەگرێت، لەوانەیە ئەوەندەی ساڵێکی تەواوی خواپەرستی کارەکەی بایەخدار بێت و بەو ئەندازەیە پاداشتی بۆ بنووسرێت..**

**پەیامەکانی نووریش بە هەمان جۆرن.. چونکە هۆی ئەو گرنگی و بایەخەی بە دەستیان هێناوە دەگەڕێتەوە بۆ: گرنگیی ئەو کات و چەرخەی تیایدان و.. سەختی و مەزنیی ئەو کاولکارییانەی کە ئەم سەردەمە لە شەریعەت و دروشمەکانی ئایینی پێغەمبەرماندا ﷺ ئەنجامی داون و.. ئەم فیتنە و ئاشووبەی ئێستای ئاخر زەمان**

كە نەتەوەی ئیسلام هەر لە مێژە لەتاو مەترسییەکانی پەنایان بە خوا گرتووە و.. لەو گۆشەیەوەیە کە ئەم پەیامانە ئیمانی باوەڕداران لە هێرش و پەلاماردانی فیتنە و ئاشووبەکان ڕزگار دەکەن.

لەبەر هەموو ئەم هۆیانەیە کە (پەیامەکانی نوور) گرنگییەکی یەکجار مەزنیان بەدەست هێناوە. بە ڕادەیەك کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بەهێزی بۆ کردوون و ئاوڕی بەنرخی لێداونەتەوە. هەروەك ئیمامی عەلیش – رضي الله عنه – بە سێ کەرامەت موژدەی هاتنی ئەو پەیامانەی ڕاگەیاندووە و، شێخی گەیلانیش – قُدس سرّهُ – هەواڵی خاوەن کەرامەتی لە بارەیانەوە ڕاگەیاندووە و دانەرەکەیانی بۆ ئەو خزمەتە هان داوە.

بەڵێ، قەڵا تەقلیدییەکانی ئیمان لە ئەنجامی هێرشە سامناکەکانی ئەم چەرخەوە، تێکڕا لەرزەیان پێکەوتووە و، درز و کەلێنیان تێدا پەیدا بووە و، لە خەڵکی دوور خراونەتەوە و، چەندین پەردەیان بەسەر ڕوودا دادراوەتەوە. ئەمەش داخوازی ئەوەیە کە (هەموو یەکێك) لە باوەڕداران خاوەنی ئیمانێکی تەحقیقیی یەکجار بەهێز بێت تاکو بتوانێت (هەر بە تەنها خۆی) بەرامبەر "هێرشی بە کۆمەڵی گومڕایان" بەرهەڵستی بنوێنێت و خۆی پێ ڕاگیر بکرێت.

جا پەیامەکانی نوور لە تاریکترین و سامناکترین و پێویستترین و تەنگانەترین کاتدا ئەم فەرمانبەری و ئەرکە جێبەجێ دەکەن و، بە شێوازێك کە هەموو کەسێك لێی تێبگات خزمەتی ئیمانیی خۆیان بەجێ دەهێنن و، بە چەندین بەڵگەی بەهێز، قووڵترین و وردترین و پەنهانترینی ڕاستییەکانی قورئان و ئیمانیان چەسپاندووە، بە ڕادەیەك کە هەر قوتابییەکی ڕاست و وەفاداری پەیامەکانی نوور ئیمانی تەحقیقیی لە دڵی خۆیدا هەڵگرتبێت، لە ڕووی خزمەتگوزارییەکانیەوە بۆ ئیمان وەکو "قوتب"ێکی شارراوەی ئەولیاکان وایە لەو شار و دێهاتانەی تیایاندا دەژین، ئەوانە هەرچەندە ئاشکرا نین و نەناسراون و هیچ کەسێك ئاوڕیان لێ ناداتەوە و بایەخیان پێ نادات، بەڵام هەر یەکەیان بەو عەقیدە و بیروباوەڕە مەعنەوییەی هەیەتی، وەك ئەفسەرێکی

ئازای ناو سوپا وان، هێز و پێز و یاریدەی مەعنەویی بە دڵی ئیمانداران دەبەخشن و گیانی ورە و ئازایەتی و حەماسەتیان تێدا دەبزوێنن.

### پرسیاری دووهەم:

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەگەر کەرامەت ئاشکرا نەکرایە باشتر دەبوو، بۆچی تۆ بڵاوی دەکەیتەوە؟

### وەڵام:

ئەمە کەرامەتێك نیە دەربارەی من بێت بەڵکو، بەزانینی نهێنیەکانی ئیعجازی مەعنەویی قورئان لە تەفسیرە تایبەتەکەیدا کەرامەت و ڕێزلێنانی خوایی و نیعمەتێکی خواییە بۆ ئێمە و ئەهلی ئیمانیش. بە دڵنیاییەوە موعجیزەی قورئانییە و بریسکەکانی ئاشکرا دەکرێت. وەبڵاوکردنەوەی نیعمەتیش، بەنیەتی سوپاسگوزارییەوە شوکری نیعمەتە.

ئایەتی (وَ اَمَّا بِنِعْمَةِ رَبّكَ فَحَدّثْ) فەرمان بە ئاشکرا کردنی نیعمەت دەکات، سوێند دەخۆم و دان بەوەدا دەنێم کە لێرەدا هیچ گەورەی و سودێکی بۆ من تێدا نییە کە ببێتە مایەی فەخر و شانازی پێوەکردنم، من وەك تۆو ڕزیم و وشکبوومەوە و هەموو نرخ و ژیان و شەرەفم لەو تۆوەوە سەوزبووە و کە درەختی پەیامەکانی نوورە و ئەمیش موعجیزەی مەعنەویی قورئانی پیرۆزە .

وە لەو باوەڕەدام ئەم شێوە ئیعجازە قورئانییەی کە دەریدەخەم هەموو نرخ و بەهایەکی لەم موعجیزەیەی قورئاندایە کە پەیامەکانی نوورە. تەنانەت هەڵگرتنی ناوی (بدیع الزمان) هەر لە کۆنەوە هی ئەو بووە.. گەڕایەوە بۆ ئەو. پەیامەکانی نووریش موڵکی قورئانن و، وە واتای ئەون.

لەم هێمایەدا زۆر ئاماژە و نیشانەی ئاشکرای خۆم هەیە کە ئەم قەناعەتە تایبەتییەم تۆمار دەکەن. بەڵام لەبەرئەوەی ناتوانم بیسەلمێنم بۆ کەسانی تر نایان نوسم، بۆیە تەنها دووان سیانێکی ڕووندەکەمەوە:

**یەکەم:**

**کاتێك (جەلجەلوتییە)م دەخوێندەوە، جیاواز لە موناجاتەکانی پێشتر بەشێوەیەکی تەقلیدی و ڕواڵەتیانە نەبوو، هەستم دەکرد لەگەڵ هەستەکانی خۆمدا موناجات دەکەم بەزمانی کەسێکی تر و، بۆ من زەمینەیەکی زۆر خۆشی ئامادەکرد بۆ بیرکردنەوە ڕۆحی و پەیوەندیدارەکانم بە فیترەت و پاڕانەوەکانمەوە .**

**دوای چەند ساڵێك کەرامەتەکەی و موناسەبەتەکەی بە پەیامەکانی نوورەوە، بینیم و تێگەشتم کە: ئەو بارودۆخە لەم پەیوەندییەوە هاتووە.**

**دووهەم:**

**حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه – لە سەرەتادا (رُوحِي بِهِ اهْتَدَتْ اِلى كَشْفِ اَسْرَارٍ بِبَاطِنِهِ انْطَوَتْ)**

**وە لە ناوەڕاستدا (وَاَمْنِحْنِي يَا ذَا الْجَلاَلِ كَرَامَةً * بِاَسْرَارِ عِلْمٍ يَا حَلِيمُ بِكَ انْجَلَتْ) لە کۆتایشدا (مَقَالُ عَلِيٍّ وَ ابْنِ عَمِّ مُحَمَّدٍ *وَ سِرُّ عُلُومٍ لِلْخَلاَئِقِ جُمِّعَتْ) وەك گەنجینەیەکی زانست پیشانی دەدات. هەرچەندە لە ڕواڵەتدا تەنیا موناجاتێکە. تەنانەت حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه – لە دەرخستنی ڕاستییەکاندا وەك قەصیدەکانی پێشتر و موناجاتە عیلمییەکانی تر بابەت و نهێنییە زانستییەکەی نابینرێت.**

**قەناعەتی تایبەتیم ئەوەیە کە مادەم جەلجەلوتییە (پەیامەکانی نوور)ی هێناوەتە ناو خۆی و لکاندویەتی بە سنگییەوە و وەکو کوڕێکی مەعنەویی قبوڵی کردووە، هەروەها بە بڕگەی (وَ سِرُّ عُلُومٍ لِلْخَلاَئِقِ جُمِّعَتْ) دەفەرموێت: پەیامەکانی نوور کە لە ئاخر زەماندا بڵاو دەکرێنەوە دەبن بە شاهید لەسەر بەشێك لە درەوشانەوەکانی خەزێنەکەی و، وەسف و سەنای (جەلجەلوتییە) دەکات کە خەزێنە و کۆگایەکی زانستیە.**

**سیٚهەم:**

**وەك دەزانریٚـت كـە، هەنـدیٚ جـار ئاماژەیـەكی زۆر بچـووك، لەگـەڵ هەنـدیٚ مەرجـدا حوكمی بەڵگەیەكی بەهیٚزی دەبیٚت و بە پلەیەكی باش قەناعەت دەدات بە دەستەوە، بۆیە تەنها یەك نمونە لە ناو زۆر نمونەدا بەسە بۆ قەناعەتكردن كە پیٚشتر باسمكرد.**

**بەم جۆرە:**

**حەزرەتی ئیمامی عەلی – رضی اللّه عنه – بە برگەی (تُقَادُ سِرَاجُ النُّورِ) دوای دەرخستنی ساڵ و ناو و ماهیەت و بنەما و خزمەت و ئەركی پەیامەكانی نوور، بە ژماردنی ناوەكانی بە (سوریانی) موناجات دەكات و، لە سی و دووهەم یان سی و سیٚ هەمین ناودا دووجار وشە (بَعْدَهَا) ی دووبارە كردووەتەوە. یەكیٚكیان لە بیست و حەوتەمیندا (وَ ذَیْمُوخٍ بَعْدَهَا) ئەویتریان لە سی و یەكەمدا (وَ بَازُوخٍ بَعْدَهَا) دەڵیٚت.**

**بەڵیٚ (وتەكان)ی پەیامەكانی نوور لە ڕوویەكەوە سی و سیٚ و لە ڕوویەكی ترەوە سی و دوون: وە (مەكتووبات) كە ناوی كۆمەڵیٚك پەیامە لە ڕوویەكەوە (سی و دوو) لە ڕوویەكی ترەوە (سی و سیٚ)ن و هاوتان بەم موناجاتە و، وە تەنیا بە بوونی دوو دانە پاشكۆ و لە شیٚوەی پەیامەكاندا كە یەكیٚك لە پاشكۆكان پاشكۆ گرنگەكەی "وتەی بیست وحەوتەمە"و ئەوی تریان، پاشكۆ بە نرخەكەی وتەی "سی و یەكەمە" و وە ئەو دوو پاشكۆیە لە پلەی سەربەخۆدان و، هەروەها دۆزینەوەی ژمارەكەیان و تەواو بوونی بەوشەی (بَعْدَهَا) لە هەمان شویٚن و، لە هەمان ماناادا هەروەك چۆن دوو لیٚكدانی دوو دەكاتە چوار بە هەمان شیٚوە قەناعەتم هەیە كە: بە واتا و تیٚگەشتن و ئاماژە بۆ پەیامەكانی نوور دەكات و تەنانەت بۆ پاشكۆكانیشی ڕوانیوە.**

**زۆر ئاماژەی تر و بابەتی تر هەیە كە ئاماژە بۆ هەر یەكە لە وتەكان دەكەت بەڵام لەبەر پەنهانییان و وردیان باس نەكراون.**[١١]

---

**[١١]بۆ نمونە لە پلەی بیست و هەشتەمدا بە وشەی (وَ بِسُورَةِ التَّهْمِیـنِ) ئاماژە دەكات بۆ بەڵگەی كۆتایی "وتەی بیست و هەشتەم" كە باس لە جەهەننەم دەكات بەڵام بە بۆنەی**

لاَ يَعْلَمُ الْغَيْبَ اِلاَّ اللّهُ * وَاللّهُ اَعْلَمُ بِالصَّوَابِ

اَستَغْفِرُ اللّهَ مِنْ خَطَائِى وَخَطِيئَاتِى وَ مِنْ سَهْوِى وَغَلَطَاتِى وَالْحَمْدُ لِلّه عَلى نِعْمَةِ الْايمَانِ وَ الْقُرْانِ بِعَدَدِ حَاصِلِ ضَرْبِ حُرُوفِ رَسَائِلِ النُّورِ الْمَقْرُوئَةِ وَ الْمَكْتُوبَةِ وَ الْمُتَمَثِّلَةِ فِى الْهَوَاءِ فِى عَاشِرَاتِ دَقَائِقِ حَيَاتِى فِى الدُّنْيَا وَ الْبَرْزَخِ وَ الْاخِرَةِ

اَللّهُمَّ صَلِّ وَ سَلِّمْ عَلى مُحَمَّدٍ وَ عَلى الِهِ وَ اَصْحَابِهِ بِعَدَدِهَا وَارْحَمْنَا وَ ارْحَمْ طَلَبَةَ رَسَائِلِ النُّورِ بِعَدَدِهَا امِينَ وَ الْحَمْدُ لِلّه رَبِّ الْعَالَمِينَ

سُبْحَانَكَ لاَ عِلْمَ لَنَا اِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا اِنَّكَ اَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ

* * *

---

ئامـاژەدانێكی بـەهێز دەربـارەی بـاسـی بەهەشـت كـە لـە سـەرەتاوە هـاتووە لەبەرئـەوەی لـە شوێنێكی تردا باسكراوە بۆیە لێرەدا بە نهێنی مایەوە.

بۆ نموونە لە دووهەم پلەدا بابـەتی ڕووتێكردنـی فراوانـی وشـەی (یس) هەیـە، كـە هـەم بـۆ دووهەم وتە و، هەم دووهەم مەكتوب و، هەم دووهەم بریسكە و، هەم تیشكی دووهەومە و بـە پەنهانی ماوەتەوە

هەروەها بۆ نمونە، (وَ كَافٍ وَ هَا يَاءٍ وَ عَيْنٍ وَ صَادِهَا) واتـە (كهيعص) بـەهۆی بـوونی لـە پلەی پێنجەمدا، ڕوی كردووەتە هەم بۆ وتەی پێنجەم و، هەم بۆ مەكتووبی پێنجەم و، هەم بۆ بریسكەی پێنجەم و، تیشكی چوارەم كە پـەیامی (ايَـةِ حَسـبيَة) و، هـەم ڕوی كردووەتـە ئـەو بابەتـەی موناجاتەكە، كـە ڕووی لـە تیشـكی سـێهەمە و بـە نهێنـی ماوەتـەوە. لێـرەوە قیـاس بكرێتە سەر ئەوانی تر.

## مەسەلەیەك لە سی و یەك مەسەلەكانی بریسكەی سی و یەكەمی مەكتووبی سی و یەكەم

تەنها ئەو یەك ڕستەیەی كە بە كورتی خاڵێكە لەپێنج بریسكەی ئیعجازی ئەم فەرمووده پیرۆزه. لەبەر بۆنە و بابەتێك هێنراوەتە ئێره (الْخِلاَفَةُ بَعْدِي ثَلاَثُونَ سَنَةً) هەواڵدەنی غەیبی ئەم فەرمووده پیرۆزه بە پشگیری حەقیقەتە مێژوویەكەی پێنج بریسكەی ئیعجازی هەیە كە ئەمانەی خوارەوەن:

یەكەم:

هەواڵدانی دەربارەی (خیلافەتی خولەفای ڕاشیدین) كە لەگەڵ شەش مانگ خیلافەتی حەزرەتی حەسەن – رضی اللّه عنه – كە سی ساڵ دەبێت هەر بەو شێوەیە دەرچوو.

دووهەم:

حساباتی جفری و ئەبجەدی سی ساڵ خەلافەتی حەزرەتی ئەبوبەكر – رضی اللّه عنه – حەزرەتی عومەر – رضی اللّه عنه – حەزرەتی عوسمان – رضی اللّه عنه – حەزرەتی عەلی – رضی اللّه عنه – كە ساڵی (١٣٢٦ كۆچی) دەكات، كە لە دوای ئەو مێژووەوە (خەلافەتی شەرعی) دووباره نەبووەتەوەو بە (خەلافەتی بەرزی عوسمانی) تەواو بوو.

سێهەم:

وشەی (ثَلاَثُونَ)، بە حسابی جفری ساڵی (١٠٨٧ كۆچی) دەكات، كە ئەگەر ئەو زەمەنی لاوازییەی نێوان لەناوچوونی (خەلافەتی عەبباسی) هەتا دامەزراندنی (خەلافەتی عوسمانی) لابرێت ئەوا (١٠٨٠)ی دەمێنێتەوە . ئەگەر كەم (نەقس)ی خەلافەتەكان بژمێردرێت ئەوا لەفزی (سنة)ی (ثَلاَثُونَ سَنَةً) بۆ زیاد دەبێت. كەواتە ساڵی (١٢٠٢كۆچی) دەكات، وە لە ( پەیامی هەشت هێماكانی قورئان) دا و لە زۆر

شوێنیدا هەم لە (اِنَّا فَتَحْنَا لَكَ)، هەم لە (فاتحَة) و، هەم لە سورەتی (نصر) و، هەم لە سورەتی (علق) ماوەی خەلافەت دەردەخات کەساڵی (١٢٠٢کۆچی)یە ، کە مێژوو و کاتی بەرزبوونەوەی (دەوڵەتی ئیسلامی)یە لەڕووی زانست و پێشکەوتن وسەرکەوتن. وە ماوەی خەلافەتی ئیسلامی بە یەکەوە هەمووی (١٢٠٢) دەکات، کە ڕێك بەتەواوەتی هەواڵ دەدات و لەگەڵیدا "تەوافوقە".

لە فەرمودەی (وَ اِنِ اسْتَقَامَتْ اُمَّتِی فَلَهَا یَوْمٌ وَ الاَّ فَنِصْفُ یَوْمٍ) موعجیزە ئاسا هەواڵە غەیبییەکە ڕوون دەکاتەوە. واتە ئەو فەرموودەیە هەواڵ دەربارەی قیامەت نادات، بەڵکو هەواڵ دەربارەی سەرکەوتنی مسوڵمانان دەدەت.

لەبەر ئەوەی لە بریسکەی هەژدەهەم و لە زۆر شوێنی تردا سێ بریسکانەوەی ئەم فەرموودەیەم باس کردووە بۆیە لێرەدا بە کورتی دەیبڕێنینەوە.

## چوارەم:

(اِنَّ الْخِلاَفَةَ بَعْدِی)... الخ (اِنَّ)ی شەددەدار (١٠١)، الْخِلاَفَةَ (١١٤١)، بَعْدِی (٨٦) دەکات. کۆی هەمووی بە (عەرەبی) دەبێتە ساڵی (١٣٢٨کۆچی) و، بە ڕۆمی ساڵی (١٣٢٦) دەکات، کە تەوافوقبوونی دووهەم ڕووی لە ناوەکانی (خولەفای ڕاشیدین)ە لە هەمان مێژوودا و ڕێك بە تەواوی لەگەڵ سێهەم ساڵی ئازادی مێژووی تەواوبوونی خەلافەتدا، هەڵبەتە زمانی ئەو زاتە خاوەن زمانە غەیبییە کاری ڕێککەوت نیە، بەڵکو ئەوەشی بینیوە و ئاماژەشی بۆ کردووە.

## پێنجەم:

(اِنَّ الْخِلاَفَةَ) ئەگەر (نونە) شەددەدارەکە بە یەك (نون) ئەژمار بکرێت ساڵی (١١٩٢کۆچی) دەکات، کە هەروەك ڕستەی (ثَلاَثُونَ سَنَةً) پیشانی دەدات بە (دە) جیاوازی دەبێتە  تەوافوق لەگەڵ مێژووی ساڵی (١٢٠٢کۆچی) .

وە تەنها وشەی (الْخِلاَفَةَ) ساڵی (١١١١کۆچی) دەکات و، لەگەڵ تەوافوقێکی تەواودا ئاماژە بۆ تەواوی خەلافەت دەکات. حسابی جفری وشەی (ثَلاَثُون) کە (١٠٨٧)، وەك بیست و چوار گونجا وبوونی بە جیاوازیەکی جوزئی، بە دڵنیاییەوە ئاماژەیەکی

غـەیبی ئـەو هەواڵـدەرە غەیبییـە و، وە جۆرێکـە لـە بریسـکەیەکی مـوعجیزاتی غـەیبی. ئێسـتاش لـە کـورتی و گشـتگیری ئـەم فەرموودەیـەوە دەتوانیـت قیاسـی جوامِعُ الكلِمَة کانی پێشتر بکرێت...

سُبْحَانَكَ لاَ عِلْمَ لَنَا اِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا اِنَّكَ اَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ

* * *

## بریسکەی هەژدەهەم

پەیامی یەکەم کەرامەتی عەلەوییە کە هەواڵ دەبارەی پەیامەکانی نوور دەدات لە کۆمەڵەی بریسکەکان و سکەی تەسدیقی غەیبیدا بڵاوکراوەتەوە.

* * *

## بریسکەی بیست و هەشتەم

دووهەم پەیامی کەرامەتی عەلەوییە کە هەواڵ دەبارەی پەیامەکانی نوور دەدات هەمووی لە کۆمەڵەی بریسکەکاندایە و، بەشی کەرامەتی عەلەوییەکەشی لە کۆمەڵەی سکەی تەسدیقی غەیبیدا بڵاوکراوەتەوە.

* * *

# بریسکەی هەشتەم

## کەرامەتی غەیبی (حزب قورئان)ی غەوسی ئەعزەم[١٢]

وەك لە ئیمزاکانی ئەم پەیامەدا ئەوە دەردەخات کە: لەگەڵ هاوڕێکانمدا بەشدارم لە خزمەتکردنی قورئاندا. بەشێکی ئیمزاکانی تر لەگەڵ منیەتی، لەبەر دەرئەنجام و قبووڵکردنی کردنی ئەوان وا بەگونجاوم زانی و هەستم کرد لە سنوری خۆم زیاتر دەرنەچم، لەبەر خاتری ئەوان بە بێدەنگیەوە قبوڵم کرد. ئەگەرنا، وەك لە سەرەتای ئەم پەیامەوە وتوومە، لێرەشدا ئەم شەرەفە گەورەیە بۆ من نیە.دە ساڵ پێش ئێستا، کاتێك ئەو قەصیدەیەم بینی وەك ئەوەی بە دڵمدا بهێنرێت بەشێوەیەکی مەعنەویی (ئاگاداربە) کەوتە دڵمەوە. لەبەر ئەم دوو ڕووە گوێم لەو خاتیرەیە نەگرت:

### ڕووی یەکەم:

کەسێکی وەك من، لەبەرئەوەی تەمەنە گرنگەکەی لە ژێر پەردەی شان و شەرەفدا بە ژەهری خۆشەویستی پلە و پایە ژەهراوی کراوە و مردووە، بۆیە نایەوێ جارێکی تر دەرگای شەرەف لەسەر (نەفسی ئەممارە)ی بکرێتەوە.

---

[١٢] مامۆستامان (حەزرەتی بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی) ئارەزووی بڵاوکردنەوەی کەرامەتی غەیبی وەك ئەمە دەربارەی کەسی مامۆستامان بە ئاشکرا ناکات. بەڵام ئێمە بیرمان کردەوە کە: ئاشکراکردنی ئاماژەی غەیبی وەك ئەمە کە لە پلەی بەڵگەدایە لەم زەمەنەدا بۆ ئەهلی ئیمان پێویستیەکی قەتعی و گرنگە. لەسەر بناغەی ئەمە بڵاوی دەکەینەوە.

## ڕووی دووهەم:

لەم سەردەمەدا کە ئینکاری تێیدا زاڵە، لە بەرامبەر قبولْ نەکردنی دەعوایەکی هێندە ڕوون و بەڵگە ئاشکراکاندا، ئاماژەیەکی غەیبی لەم جۆرە بە شێوەیەك وا دەردەکەویْ کە خۆپەرستیم لاپەسەند بکات، بۆیە هیچ حەزم پێی نەبوو.

بەڵام لە کۆتاییدا لە ساڵی هەشتەمی (دیلی)مدا، لە بە ئازارترین و ناڕەحەترین کاتێکدا، لەبەر ئەوەی پێویستمان بە دڵدەرەوە و هاندانێکی بەهێز هەبوو بۆیە هێنرا بە دڵمدا کە: ئەمە وەك شوکرێکی نیعمەت و وە ستایشێکی مەعنەویی ئاشکرا بکە و مەترسە و لە پلەیەکی وا بەهێزدا دەبێت کە قەناعەتت پێببەخشیْ. لەم ئاشکراکردنەدا گرنگترین ئامانج، ئیمزاکردنی غەوسی ئەعزەم – قُدس سرّهُ – دەربارەی قبوڵبوونی (پەیامەکانی نوور) کە سەر بە نهێنییەکانی قورئانن.

ئامانجی دووهەم لە ئاشکراکردنی ئەو کەرامەتە قودسییەی مامۆستاکەم بێدەنگکردنی ئەو مولحیدە ئینکارانەیە و، بەهێزکردنی هێزی مەعنەویی هاوڕێکانم بوو لەبەرامبەر بڵاوکردنەوەی زۆر هۆکاری بێئومێدکەر و ڕێگری لەبەردەم خزمەتکردنی قورئاندا. لەبەر ئەوەی ئەم کەراماتە جۆرێکە لە شێوەی لە خۆڕازیبوون و بۆ من زیانێکی گەورەی هەیە. بەڵام ئەم زیانەم لەبەر خاتری ئەو مامۆستا قودسیە و هاوڕێکانم قبولْ کرد.

لەبەر ئەوەی ئەم (پەیامی کەرامەتی غەوسیە) بە پلە پلە لێی دەرهێنراوە، بۆیە هەندێك لە پارچە نوسینەکانی و پاشکۆکانی بەش بەش کران، هەتا زیاتر بخوێندرایەتەوە یەکتریان زیاتر ڕووناك دەکردەوە و هێزیان بەیەك دەدا و ڕوونی پەیدا دەبوو. ئەگەریش لە هەندیْ لە ئاماژەکاندا لاوازیەك هەبووایە، بەو هێزەی کە لە هاوڕیْ پێشینەکانییەوە بەدەست هێنرا بوو، ئەو لاوازییەی نەدەهێشت.

* * *

# هەواڵدانێکی غەیبی گرنگ

## (هەواڵدانێکی قورئانییە دەربارەی هەشت سەد ساڵ دوای شێخی گەیلانی – قُدس سرّهُ – کە بە چاوێکی غەیبییەوە هەواڵی لەبارەوە داوە)

لە قودسیەتی خزمەتکردنی قورئانی پڕ لە ئیعجازدا، کەرامەت ئاسا (قوتبی أعظم) شێخی گەیلانی کە بە(غەوسی ئەعزەم) بەناوبانگ بووە بە بڕگەی:

(نَظَرْتُ بِعَيْنِ الْفِكْرِ فِى حَانِ حَضْرَتِى.. حَبِيبًا تَجَلَّى لِلْقُلُوبِ فَجَنَّتِ)

کە دەستپێکی قەصیدەکەیەتی لە کۆتاییەکەیدا لە (مجموع أعظم) دا لە یەکەم بەرگیدا و لە لاپەڕەی شەست و دووهەمیدا، بە پێنج ڕستە ڕوودەکاتە گروپی (خزمەتگوزارانی قورئان لەم سەردەمەدا) و، وە بە پێنج ڕوو، ڕوودەکاتە مامۆستای سەرپەرشتیکارمان و بۆی دەڕوانێت، ئێستاش ئەو پێنج ڕستانەش ئەمانەن:

تَوَسَّلْ بِنَا فِى كُلِّ هَوْلٍ وَشِدَّةٍ * اَغِيثُكَ فِى الْاَشْيَاءِ دَهْرًا بِهِمَّتِى

اَنَا لِمُرِيدِى حَافِظًا مَا يَخَافُهُ * وَاَحْرُسُهُ فِى كُلِّ شَرٍّ وَ فِتْنَةٍ

مُرِيدِى اِذَا مَا كَانَ شَرْقًا وَ مَغْرِبًا * اَغِثْهُ اِذَا مَا سَارَ فِى اَىِّ بَلْدَةٍ

فَيَا مُنْشِدًا نَظْمِى فَقُلْهُ وَلاَ تَخَفْ * فَاِنَّكَ مَحْرُوسٌ بِعَيْنِ الْعِنَايَةِ

وَكُنْ قَادِرِىَّ الْوَقْتِ لِلّٰهِ مُخْلِصًا * تَعِيشُ سَعِيدًا صَادِقًا بِمُحَبَّتِى

دوای پێنج ڕستەکە کۆتایی قەصیدەکە دێت:

وَ جَدِّى رَسُولُ اللّٰهِ اَعْنِى مُحَمَّدًا * اَنَا عَبْدُ الْقَادِرِ دَامَ عِزِّى وَ رِفْعَتِى

کەواتە پێنج ڕستەی سەرەتاکەی، بە پێنج ڕوو بە پێنج تەوافوق سەرپەرشتیکاری خزمەتگوزاری ئێستای قورئانی پیرۆز دەردەخات:

### ڕووی یەکەم:

لە کۆتایی ڕستەکەدا بە یەکەوە لەگەڵ هەواڵدانی ئاشکرای ناوی (تَعِيشُ سَعِيدًا) هەواڵ دەربارەی گوزەرانی دەدات کە پاڵ دەدات بە عیززەت و بەختەوەرییەوە، بەڵێ مامۆستامان هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ ئەوەشدا گوزەرانی بە هەژاری بەسەر بردووە، بەڵام لە ڕووی ژیانەوە بەختەوەرترین زات بووە.

### ڕووی دووهەم:

لە سەرەتای هەمان ڕستەدا بەبڕگەی (وَكُنْ قَادِرِيَّ الْوَقْتِ) بە "موريد"ەکەی دەڵێت کە (ببە بە عبدالقادری زەمان) ، بە حسابی ئەبجەدی ئەم وشەیەی (قَادِرِی) دەکاتە (٣٢٥) لەو ڕووەی کە نازناوی مامۆستامان (نوورسی) یە، مەقامی ئەبجەددی (نوورسی) دەکاتە (٣٢٦) کە یەك دانە جیاوازی هەیە. کە ئەو یەك دانە (ئەلیف)ەیە لە واتای هەزاردا ئاماژە بۆ (ئەلف) دەکات.

واتە لە ساڵی (١٣٢٥ کۆچی)دا زاتێکی وەك شێخی گەیلانی – قُدس سرّهُ – خاوەن پلەو پایە و لەسەر شێوەی (گەیلانی) هەوڵی پارێزگاری کردنی ڕاستییەکانی قورئان دەدات. لە ڕاستیشدا مامۆستامان لە ساڵی (١٣٢٦ کۆچی) دا لە ساڵی دووهەمی ئازادیدا، هەنگاوی بەرە و موجاهەدەی مەعنەویی ناوە.

### ڕووی سێهەم:

ئەو دووناوەی هەیە: (سەعید )، (بدیع الزمان) کۆی گشتی مەقامی ئەبجەدی ئەم دووناوە ئەگەر (شەددە)کەی (الزّمان) هەژمار نەکرێت دەکاتە (٣٢٩). ئەگەر دوو (د) بە یەك دانە بژمێردرێت، دەکاتە (٣٢٥)، ڕێك بە (كُنْ قَادِرِيَّ الْوَقْت) ئاماژە بۆ ئەو دەکات، لەوانەشە ببێتە بەڵگە بۆی ئەگەر (ئەلیف و لام) ی (الزَمان) کە ناخوێندرێتەوە ئەژمار بکرێت بە گوێرەی یاسای (قَادِرِی)ش پێویستی بە زیادکردنی کردنی (ئەلیف و لا) دەبێت، ئیتر هەردووکیان هاوسەنگ دەبن.

## ڕووی چوارەم:

حەزرەتی شێخ لەم پێنج ڕستەیەدا "مورید"ێکی دەکات بە کەفیلی دەربارەی داهاتوو (قُلْ وَلاَ تَخَفْ) (مەترسە و وتەکانت بڵێ) دەفەرموێت:

تۆ دەڕۆیتە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات: دەچیتە ناو زۆر فیتنە و ئاشووبیەوە، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و لە ڕێگەی چەند هۆکارێکی لە عادەت بەدەرەوە لە هەموویان ڕزگارت دەبێت. بەڵێ، ئەو زاتەی ناو ئەم خزمەتی قورئانییە، لە ڕاستیدا بە دیلی ڕۆشت بۆ ڕۆژهەڵات، وا دووبارە بەدیلبوونێکی سەرسوڕهێنەرەوە نۆزدە ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا مایەوە. وەك ئەوەی کە شێخ وتی بە زۆر شاردا گەڕا.

جیهادەکەشی بە وتەکانە بە حوکمی (قُلْ وَلاَ تَخَفْ)، وەك ئەوەی حەزرەتی شێخ فەرمووی بێسڵ کردنەوە بە ئەنجامی گەیاند. لەگەڵ ئەوەشدا لە بیست ساڵدا ڕوو بەڕووی بیست فیتنە بووەتەوە، بە پاراستن و پارێزگارییەکی غەیبی وەك ئەوەی حەزرەتی شێخ فەرمووی پارێزراوە و ماوەتەوە. هەم زیاد لەوەی چاوەڕوان دەکرا لە ناوچە و شوێنێکی نامۆ و غەریبدا بە پلەیەکی چاودێری خوایی شەرەفمەند بوو کە (پەیامەکانی نوور) تەنیا لەبەر تامی ئەو چاودێرییە دەنوسرا. وەك ئەوەی حەزرەتی غەوس فەرموو بووی، ئێمە لە چوار دەوری دا واتای بڕگەی (مَحْرُوسٌ بِعَيْنِ الْعِنَايَةِ) بە چاوی خۆمان دەبینین.

## ڕووی پێنجەم:

مامۆستامان خۆی دەفەرموێت کە: کاتێك لە تەمەنی هەشت – نۆ ساڵاندا بووم، لە کاتێکدا هەموو خەڵکی ناحیەکەمان و دەوروبەری لە (تەریقەتی نەقشبەندی )و وە لە زاتێك بە ناوی "غەوسی هیزان" داوای یارمەتییان دەکرد، من جیاواز لە خزمان و وە گشت خەڵکی دەموت یا غەوسی گەیلانی – قُدس سرّهُ –.

هەر لە منداڵیمەوە هەر شتێك تەنانەت گوێزێکی بی نرخیشم لێ ون بوایە دەم وت: (یاشێخ فاتیحەیەك بۆ تۆ، تۆ ئەم شتەم پێبدۆزەرەوە)، وە سوێند دەخۆم کە هەزار جار بەم شێوەیە (حەزرەتی شێخ) بە هیممەت و دوعاکانی هاتووە بە هانامەوە.

لەبەرئەوە لە هەموو ژیانمدا بە گشتی چەندیٚ فاتیحە و زیکرم خوێندبێت لە دوای زاتی ڕیسالەت ﷺ هەدییەم کردووە بە (شێخی گەیلانی).

لە کاتێکدا لە سیٚ – چوار ڕووەوە نەقشبەندیم، بەڵام موحیبەتی مەشرەبی قادری بەبیٚ ویستی خۆم حوکمی دەرکرد. بەڵام سەرقاڵبوونم بە زانست ڕێگری دەکردم لە خەریکبوونم لە (تەریقەت).

دواتر چاودێری خوایی هات بە هانامەوە و لەکاتێکی بیٚئاگاییدا کتێبێکی حەزرەتی شێخ بەناوی (فتوح الغیب) بە شێوەیەکی لە ناکاو کەوتە دەستم. وەك ئەوەی لە مەکتووبی بیست و هەشتەمدا باسکراوە، بە هیممەت و ئیرشادی (حەزرەتی شێخ) سەعیدی کۆن – رضی اللّه عنه – گۆڕا بە (سەعیدی نویٚ) و. لە کاتی کردنەوەی (فتوح الغیب)ییەکەدا یەکەم بڕگەی بریتیبوو لە:(اَنْتَ فِی دَارِ الْحِكْمَةِ فَاطْلُبْ طَبِيبًا يُدَاوِی قَلْبَكَ)، واتە: ئەی بێچارە سەرەڕای ئەوەی کە تۆ لە (دار الحکمە الاسلامیە)دا ئەندامێکیت و، وەك بڵێی دانایەك بیت نەخۆشییە مەعنەوییەکانی ئەهلی ئیسلام چارەسەر بکەیت، کەچی خۆت زۆرتر نەخۆشی و، تۆ لە پێشدا ببە بە پزیشکی خۆت چارەی خۆت بکە دواتر بۆ چارەسەری ئەوانی تر هەوڵ بدە.

ئیتر لەو کاتەدا لە ڕوانگەی ئەو کتێبەوە بەشێوەیەکی قەتعی وەك نەخۆشییە مادییەکانم زانیم بە نەخۆشییە مەعنەوییەکانم و وتم بەو شێخەم (تۆ ببە بە پزیشکم) بەڕاستی ئەو بوو بە پزیشکم و گەلیٚ نەشتەرگەری بۆ زامی قوڵم ئەنجام دا.

لە کتێبی (فتوح الغیب)ەکەدا بە (یاغلام) ئاماژە بۆ قوتابییەکی دەکات و نەشتەرگەری قوڵی بۆ ئەنجام دەدات. من خۆمم لە جێگەی ئەو (غوڵامە) دانا بەڵام زۆر توندوتیژ گوفتاری ئاڕاستەی ئەو قوتابییە دەکرد: (أیها المنافیق) ئەی ئەو ڕیاکارەی دینەکەی بە دنیا دەفرۆشێت! بەم شێوەیە هەتا نیوەی توانیم بیخوێنمەوە. دواتر وازم لەو پەیامە هێنا، تا یەك هەفتە نەمتوانی سەیری بکەمەوە. بەڵام دوا بەداوی نەشتەرگەری برینەکانم لەززەتێك پەیدا بوو بۆم. دوای ئەوە ئەو دانراوە پیرۆزەم بە

تامەزرۆییەوە وەك خواردنێکی توند خوارد – سوپاس بۆ خودا – لە کەموکوڕییەکانم تێگەشتم و هەستم کرد بە برینەکانم و غرور و لە خۆبایم شکێنرا.

(وتەی مامۆستامان تەواو بوو).

بەڵێ ئەم ڕووداوەی مامۆستا ئەوە پیشان دەدات کە، ئەو کەسەی شێخ ڕووی گوفتاری ئاڕاستە دەکات و بە گرنگییەوە باسی دەکات و موریدی داهاتوویەتی، گریمانێکی زۆر بەهێزە کە ئەو بێت.

لە دوای وەفاتی حەزرەتی شێخ وەك ئەوەی لە ژیاندا بێت لە لای ئەهلی ویلایەت لە ناو سێ ئەولیای گەورەدا گەورەترینیان ئەوە کە خاوەن تەسەروفە. وەك وتوویەتی:

اَفَلَتْ شُمُوسُ اْلاَوَّلِينَ وَ شَمْسُنَا اَبدًا عَلَى فَلَكِ الْعُلَى لاَ تَغْرُبُ

﴿سولەیمان، سەبری، زەکائی، عاصم، ڕەئفەت، عەلی، ئەحمەد خوسرەو، مصطفی ئەفەندی، ڕوشدی، لوتفی، شەملی تۆفیق، ئەحمەد غالب، زوهتو،کاك بەکر، لوتفی مصطفی، مصطفی، مەسعوود، مصطفی چاووش، حافز ئەحمەد، حاجی حافز، محەممەد ئەفەندی، عەلی ڕەزا﴾

(ڕەحمەتی خودا لە هەموویان بێت)

* * *

# بڕگەی سەرەتای ئەو کەرامەتە غەیبییەی
# کە شێخی گەیلانی هەواڵی غەیبی لە بارەیەوە داوە

لە بڕگەی(اَنَا لِمُرِیدِی)دا (مُرِیدِی) ڕێك تەوافووقە لەگەڵ وشەی (مەلاسەعید)، (الفُ)یش هەزارە. واتە ئەو موریدەی لە داهاتوودا و لە ساڵی (١٢٩٤کۆچی) دا دێتە دنیاوە، (لام) لە لەفزی (مُرِیدِی) یەدا داواکراوە، چونکە ئەگەر (لامی) لِمُرِیدِی ئەژمار بکرێت (٢٩٤) دەکات کە بە یەك جیاوازی دەبێتە تەوافوق لەگەڵ کاتی لە دایك بوونی سەعید، ئەگەر بنچینە (ئەسڵ)ی عەرەبییەکەشی بژمێردرێت جیاوازی نابێت.

مُرِیدِی بێ لامیش (٢٦٤) دەکات، (مەلا سەعید)یش (٢٦٥) دەکات، (ئەلیف)ی (مەلا)ش لەبەرئەوەی ئاماژە بۆ هەزار دەکات ئەوەشی دەمێنێتەوە (٢٦٤) دەکات.

## پوختەی قسە:

ئەو پیاوەی لەم سەردەمەدا دەلاَلی قورئان و خادمی قورئانە دوو ناو، و دوو نازناوی هەیە، نازناوی (الکوردی) لەگەڵ ناوی (مەلا سەعید) لە بڕگەی (اَنَا لِمُرِیدِی)دا بە ئاشکرا دەردەکەوێت، وە هەروەها نازناوی (نوورسی) و ناوی (بدیع الزمان و سەعید) لە بڕگەی (كُنْ قَادِرِيَّ الْوَقْتِ) بە ڕوونی دیارە.

تەنانەت هەروەك لە (خزمەتی قورئانی)دا گرنگترین هاوڕێ و وە قوتابییەکی خالیسی کە (خلوصی)ە بە بڕگەی (لِلّهِ مُخْلِصًا تَعِيشُ سَعِيدًا صَادِقًا بِمُحَبَّتِي) ئاماژە بۆ ئەو قوتابییەی دەکات. بەهەمان جۆر ئاماژەش هەیە بۆ بەشێکی تری قوتابییەکانی.

بەناوی قوتابیانی پەیامەکانی نوورەوە

ڕوشدی، خەسرەو

* * *

## سەعید خۆی دەڵێت:

حەزرەتی شێخی گەیلانی بە مەبەستی ئاماژە کردن بۆ ئەو خزمەتە قورئانییە و ڕاکێشان و لێوردبوونەوە لێی کە ئەو خزمەتە لە ئاخر زەماندا ڕووداوێکی وەك شاخ گەورە دەبێت، کەرامەت ئاسا ناوم بە پلەیەك دەردەخات نەك لەبەر ئەوەی کە بانگەوازکاری ئەم خزمەتە و بە شایەنی پلەی بەرز بم، لەبەرئەوەش نا کە لەگەڵ برا فیداکار و ماندووەکانم بە گرنگییەوە هەوڵمان دابێت، بەڵکو لەبەر ئەو ڕاستییەی کە ناوی منی نیشاندا. ئەم بابەتە ماوەیەك بوو منی خستبووە بیرکردنەوە کە ئایا لە ئاشکرا کردنی ئەمەدا زیانی مەعنەویم لێدەدات، وەیان ئایا غرورێك یان

لە خۆڕازیبوون ئەهێنێت بە دوای خۆیدا، هەشت تا دە ساڵێك لەسەری وەستام و بیرم دەکردەوە. لەم ڕۆژانەدا هەستم بە ئاشکرا کردنی ختورەیەك کرد.

هەم هاتە دڵمەوە کە: حەزرەتی شێخ پلەیەکی بە من نەداوە، بەڵکو موریدێك بە ناوی (سەعید) لە خزمەتێکی گرنگدا دەبێت، بە ئیزنی خوا ودوعا و هیمەتی شێخ ڕزگاری دەبێت لە فیتنە و بەلاکان .

وەك چۆن لە دەرەوە دا شوێنی بەردەکان نابینرێن و شاخەکان دەردەکەون. واتە ئەم خزمەتەی لە هەشت ساڵێکدا دەرکەوتووە، بەرزی خزمەتی قورئانییە، ئەگەرنا هی مێرووولەی وەك سەعید نیە.

مادەم بە ئاشکرا کردن و بڵاوکردنەوەی ئەم (کەرامەتە غەوسی)یە شەوقی قوتابیانی قورئان و خزمەتکارەکانی زیاد دەکات، ئەوا بە زانینی ئەو پشتگیرییە خواییە و هیمەت و ئەو دوعایانەی (شێخی گەیلانی) شەوق و غیرەتیان زیاتر دەبێت.

**پوختەی قسە:**

**ئەمەم لەبەر زیادکردنی شەوق و هیممەتی براکانم ئاشکراکرد، ئەگەر هەڵەم کردبێت خوای گەورە لێم خۆش ببێت.**

**اِنَّمَا اْلاَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ**

............

**تەنانەت لە بڕگەی (فَيَا مُنْشِدًا نَظْمِي)دا بە دڵنیاییەوە قسە بۆکەری حەزرەتی شێخ – رضی اللّه عنه – بدیع الزمان مەلا سەعیدە – رضی اللّه عنه –.**

**پوختەی قسە:**

**لە کۆتایی قەصیدە سەرسوڕهێنەرەکەیدا لەو پێنج دێڕەدا پێنج وشە، چەقی لێ وردبوونەوەی شێخ و شوێنی ختابی غەوسە. وە ئەو پێنج وشەیە لەفزەکانی (لِمُرِيدِي وَ مُرِيدِي وَ مُنْشِدًا وَ قَادِرِي وَ سَعِيدًا).**

**سەعیدیش دوو نازناوی (نوورسی)، (الکردی) هەیە. دوو ناوی (مەلا سەعید) و (بدیع الزمان)ی هەیە کە لەم پێنج وشەیەدا هەن و ئامادەن، (حەزرەتی غەوس) لەم پێنج وشەیەدا ڕوو و قسەی بە شێوەیەکی ئاشکرا و بە گوێرەی یاسای زانستی جفر و مەقامی ئەبجەدی کردووەتە ئەو دوو ناو و نازناوەی کە باس کران. حەزرەتی شێخ لە کۆتایدا هانی دەدات بە نهێنی (وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ) دڵنیایی و سەرکەوتنی پێدەدات.**

**لاَ يَعْلَمُ الْغَيْبَ اِلاَّ اللّهُ * وَاللّهُ اَعْلَمُ بِالصَّوَابِ**

**هەروەها لە مەقامی ئەبجەدی وشەی (نَظْمِي) لە بڕگەی (فَيَا مُنْشِدًا نَظْمِي) دەکاتە هەزار و، (رِسَالَةُ النُّورِ) بە دوو جیاوازی ئەگەر (دوو مەددی) (رَسَائِلُ كِتَابِ النُّورِ)و، وە لە شەددەکەشدا (لام)ەکە ئەژمار بکرێت دووبارە مەقامی ئەبجەدییەکەی هەزارە.**

له بڕگەی (فَيَا مُنْشِدًا نَظْمِی فَقُلْهُ وَلاَ تَخَفْ) تەفسیره غەیبییەکەی ئەوەیە کە (یَا مُؤَلِّفَ رِسَالَةِ النُّورِ جَاهِدْ بِهَا فَقُلْ وَلاَ تَخَفْ) واته: مەترسە، وتەکانت بڵێ، هەوڵبدە بۆ بڵاوکردنەوەیان.

وَالْعِلْمُ عِنْدَ اللّهِ

بەڵام له بڕگەی (فَقُلْهُ وَلاَ تَخَفْ) تەوافوقێکی شایان بە سەرسوڕمان هەیە کە: بە یاسای زانستی جفر مەقامی ئەبجەدییەکەی (٣٣٢) دەکات. کەواتە تەفسیری غەیبی (فَيَا مُنْشِدًا نَظْمِی فَقُلْهُ وَلاَ تَخَفْ) ئەی (رسالە النور) و خاوەنی وتەکان: سەیرم بکە بێئاگا مەبە: لە ساڵی (١٣٣٢کۆچی) دا، دەست بکە بە جیهادکردن: مەترسە وتەکان بنوسە.

لە ڕاستیدا ئەگەر سەعید لە دوای ئازادی بۆ ماوەیەکی کەم لە جیهادکردن وەستابێت، بەڵام لە ساڵی (١٣٣٢کۆچی)دا لەگەڵ نوسینی "اشارات الاعجاز"دا دەستی کرد بە تێکۆشان (موجاهەدە)ی مەعنەویی و بە هەموو هێزێکییەوە نیەتی گۆڕانی لە سەعیدی کۆنەوە بۆ سەعیدی نوێ دەست پێکرد.

دوای دوو – سێ ساڵ لە (دار الحكمة الاسلامية) دا یەك – دوو ساڵ بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکەی حەزرەتی غەوسی گەیلانی – قُدس سرّهُ – نوورەکانی قورئانی بڵاوکردەوە. لله الحمد، تاوەکو ئێستاش بەردەوامە.

لەم بڕگەی شکۆدارەدا کە شایانی سەرنجدانە لەم خاڵە کە: (حەزرەتی غەوس) ڕێك و ڕاست لەسەدەی شەشەمەوە بۆ ئەم سەدەیەی ئێمە دەڕوانێت. ئەو بەڵایەی (هۆلاکۆ) کە لە کۆتایی سەدەی شەشەمدا ڕوویدا بەڵایەکی پڕ لە ئازار و فیتنەیەکی بەناوبانگە چەندین کوشتار و مردنی بە شێوەیەك تێدا ڕوویدا کە چاوەکانی پڕ لە گریان دەکرد. لەم سەدەی چواردەهەمەشدا بەڵایەکی لەوە ترسناکتر هەیە. ئەم دوو سەدەیە تەوافوق دەبن بۆ یەکتر، کە حەزرەتی شێخ لەوەوە بۆ ئەمە دەڕوانێت.

بەناوی قوتابیانی پەیامەکانی نوورەوە

ڕەئفەت، خەسرەو، حافظ عەلی، صەبری

## به بۆنەی ئەم کەرامەتە غەوسییە، سێ خاڵ باس دەکرێت

### خاڵی یەکەم:

لە سەرتای قەصیدەکەی (حەزرەتی غەوس)دا لە پێش ئەم پێنج وشەیەوە، دەعوایەکی ناوازە و بێوێنە ودیاری لە شێوەی شوکرانە بژێریدا بۆ خوای گەورە بە شانازی کردنەوە بە دوو لاپەڕە لە قەصیدەکەیدا باس کردووە، کە پێویست بوو ئەم کەرامەتە پڕ لە زانیارییە وەك بەڵگەیەك بۆ داعوا ناوازەکە کە بەگشتی نزیکە لە موعجیزەوە دەربخرێت.

بەڵێ ئەو مەقامەی کە عەقڵەکانی خستبووە سەرسوڕمانەوە کەرامەتێکی شایان بە پیشاندانە و، ئەوەش دەردەخات کە ڕێپێدان و زانستی خوای گەورە بە شێوەیەك کە سەردەمی ئێمەی لەبەرچاودا بووبێت، لە ماوەی (هەشت سەد ساڵ)دا دەرس بە ئێمەی لاواز و دەستەوسان دەڵێتەوە و هانمان دەدات.

بەڵێ، هەروەك ئەم هەواڵدانە غەیبییە ئاشکراترین بەڵگەی دەعواکەی (حەزرەتی غەوسە) و، لە حوکمی بەڵگەیەکی بێگووماندایە سەبارەت بە ڕاستی دەرمانەکان و بەرزی (پەیامەکانی نوور). بەڵێ حەزرەتی شێخ لە قەصیدەکەیدا ڕاستیەتی وتەکان ئیمزا دەکات.

### خاڵی دووهەم:

ئەهلی حەقیقەت و تەریقەت لەسەر بنەمایەك کۆکن کە:

کاتێك مرۆڤێك لە تەریقەتێکی حەقدا سلوك ڕەفتار دەکات، لەبەر شکاندنی (نەفسی ئەممارە)ی و ئەنانیەت و سەرکەشیەکەی پێویستە کە: سەرنج لەسەر (نەفس)ی هەڵگرێت و سەرنجی تەنها لەسەر "شێخ"ەکەی بێت هەتاکو دەچێتە حوکمی (فناء في الشیخ". کاتێك وتی (من) بە هەستی شێخەکەی قسەدەکات و هتد... تا (فناء في الرسول، فناء فی الله) دەڕوات.

بۆ نمونە وەك چۆن خزمەتكارێكی زۆر فیداكار و ڕاستگۆ و یاوەرێك، بە هەستی گەورەكەی وەك ئەوەی خۆی گەورەی خۆی بێت و پادشا بێت دەڵێت: (من بەم شێوەیەم دەوێت)، واتە (سەیدەكەم، ئوستادەكەم، سوڵتانەكەم بەم شێوەیە دەیەوێت). چونكە خۆی لەبیر كردووە تەنها بیر لەوە دەكاتەوە و بەم شێوەیە قسە دەكات.

بەهەمان جۆر، غەوسی گەیلانی – قُدس سرّهُ – هەستە تایبەتییەكانی خستووەتە ناو قەصیدە سەرسوڕهێنەرەكەیەوە، حەزرەتی شێخ نهێنییە گەورەكەی بە ڕێگەی میراتی (ئەهلی بەیت) و ویراسی زاتی ئەحمەدییەوە ﷺ وەك ئەوەی خۆی (مەقامی شەخسیەتی مەعنەویی ئالی بەیت)ی بینیبێت، لەگەڵ (فەنای موتڵەق)دا و بە دەروشانەوەی جەنابی حەق ئەو وتانەی لە قەصیدەكەیدا وتووە. هەر كەسێك وەك ئەو نەبێت و نەگەشتبێتە ئەو مەقامە ناتوانێت ئەوە بڵێت و ئەگەریش هەركەسێك بیڵێت خۆی بەرپرسیارە.

## خاڵی سێهەم:

كەرامەت وەك موعجیزە كرداری خوای گەورەیە، دیاری و چاكە و ئیكرامی ئەوە و كاری مرۆڤ نییە. ئەو كەسەش كە خاوەنی كەرامەتەكەیە هەندێ جار دەزانێ و هەندێ جار نازانێ – دوای ڕوودانی دەیزانێت – ئەو كەسەیش پێش كەرامەتەكە دەیزانێت ئەوە ئەو بەشەی بە ویست و ئیختیاری ئیلاهی ڕوودەدات. ئەگەر بە تەواوی خۆی لە ئەنانیەت داماڵیبێت و، وەك حەزرەتی گەیلانی – قُدس سرّهُ – قودسییەتی بەدەست هێنابێت، بە ئیزنی خوای گەورە بە زانینی هەموو لایەنەكانی كەرامەتەكە خۆی دەبێتە خاوەنی و دەیزانێت و وە بەكەسانی تریش دەڵێت.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە لایەكی ترەوە مادەم ئەو كەرامەتە ئیكرامە: ئەوا لەگەڵ هەموو ڕوونكردنەوەكاندا پێویست بە ئامادەبوونی خاوەن كەرامەتەكە ناكات. لەسەر بناغەی ئەم نهێنییە: حەزرەتی شێخ بە پێی زانینی ڕەببانی و ئیزنی خوایی ئەم سەدەیەی بینیوە و، وە بووە بە شاهێدی ئێمە لە دەوری خزمەتە قورئانیەكە و بە شەفەقەتەوە بۆی ڕوانیوین.

به گرنگ و گەورە دەرکەوتنی ئەو پێنج ڕستەیە، تەنها لەبەر کەرامەتێك و بانگەواز بۆ حەقیقەتێك و ئیکرامێکی خوایی و حەقیقەتی (نەبەوی) دەرکەوتووە و وەك موعجیزە ئاسا شێوەیەکی دەرەوەی توانای مرۆڤی وەرگرتووە و دەستکردی دەستی مرۆڤ نییە و بە ویستی شێخ نەبووە، چونکە ئەمە لە دەرەوەی توانایدایە و ڕۆحە قودسیەکەی هەستی پێ کردووە و بینویەتی. ئیرادە و ئیختیار دەستی پێناگات و عەقڵیش ناتوانێت بچێتە ناو جوڵەکانی ڕۆحەوە و، هەروەك چۆن زمانیش لە وەرگێڕنی عەقڵدا، بە هەمان شێوە ویستیش لە دەرککردنی بە وردبینییەکانی ڕۆح تا ئەوڕادەیە عاجزە.

حەزرەتی غەوس، خاوەنی پلە و مەقامێکی هێندە بەرز بووە کە بووە بەدەرخەری کەرامەتێك کە بە شێك لە کافرەکان وتوویانە (ئێمە ئیسلامیەتی قبوڵ ناکەین، بەڵام ئینکاری عبدالقادری گەیلانیش ناکەین – قُدس سرّهُ –)، هەم بەشێك لە وەهابییە زیادەڕەو (مفرط)ەکانیش ئینکاری ئەولیاکایان کردووە، ئینکاری حەزرەتی شێخیان نەکردووە.

بەڵێ، موعجیزەیەکی موحەممەدی صلى الله عليه وسلم بەم شێوە وەك خۆر درەوشاوەیە و، زاتێکی نورانی خاوەن پلەیەکی بەرز و ڕۆشنایی ئیسلامی نەکوژاوە، بە سەیرکردنی ئاشنایەتی بە غەیب سەدەی ئێمەی بینیوە و، بە ئاشکرا کردنی کەرامەتێکی لەم جۆرە دڵدانەوە و هاندان لە شان و شەوکەتیدایە.

ئایا هیچ گونجاوە قارەمانێك ویلایەتی تەسدیقکراوی مەقامی(سلطان الأولياء)ی بەدەست هێنابێت و، بە غیرەتی، پاشاکانی تەمەنی خۆی هێنابێتە لەرزە وە و، بە هێزێکی قودسییەوە بە فەرمان و ڕێگەپێدانی خوایی ڕابردو و ئایندەی وەك ئێستا بینیبێت و، وە تەنانەت لە دوای مردنیشی وەك ئەوەی لە ژیاندا بێت بە بەردەوامی ڕەفتاری کردبێت.

ئایا دەگونجێت لەگەڵ خزمەت گوزارانی قورئان و قوتابیەکان و کەسانی هەوڵدەر و لاواز و بێدەستەڵاتی ناو ئەم سەردەمە بێپەیوەندی بمێنێتەوە کە هێرش بۆ دوژمنە

بێویژدانەکانیان دەبەن و پێویستیان بە دڵدانەوە و دڵنیایی هەیە؟ ئایا گونجاوە بابەت و هەواڵی دەربارەی ئێمەنەبێت؟

ئەگەر لە هەشت بۆ نۆ لەوانەیە پانزە بەڵگەی بەهێزدا ئاماژەیەکی زۆر کەمیش لە گوفتارەکانیدا هەبن، بەڵگەیە بۆ ئەوەی بۆ ئێمە دەڕوانێت: ئاماژەیەکی شاراوەش سەروزیادە. چونکە مەقامەکە وا دەخوازێت و بە گوێرەی حاڵەتەکە وا گونجاوە وە بابەت و بۆنەکە ئەوەندەی سەروزیادە.

ئەی براکانم! ئەی ئەوانەی لەگەڵ مندا پێکەوە بوونەتە جێگەی ئاوڕلێدانەوە و دوعاکانی حەزرەتی شێخ! کاتێك ئەم مامۆستایەمان ئێمەی لە داهاتوودا لە ناو عەدەم و زوڵمدا بینیوە و پێمانەوە سەرقاڵبووە، ئێمە بوونمان لەو ڕابردووەدا و وە لەناو پەردەی نووردا: دەی ئایا دەکرێت بێئاگابین لە ئاوڕلێدانەوەی مامۆستاکەمان و مامۆستای مامۆستاکەمان فەخری کائینات ﷺ باوەڕکردنمان بە ئەوان شایانمانە؟

مادەم ئەوان ڕوویان لە ئێمەیە: ئەوا دەبێت ئێمەش بە هەموو هێز و ڕۆحمانەوە پەیوەندیمان بە وانەوە هەبێت و وە پێویستە بێمەرج فەرمانەکانیان جێبەجێ بکەین. هەروەك تەلەفۆنەکانی ئەهلی دنیا بە بێتەل و تەلەگراف لە ڕۆژهەڵاتەوە دەڕوات بۆ ڕۆژئاوا، بە هەمان جۆر تەلەفۆنە مەعنەوییەکانی حەقیقەتیش لە ڕابردووە وە ماوەیەکی نۆسەد ساڵی بۆ داهاتوو ئەتوانن کار پێبکەن و تەلەسکۆبە مەعنەوییەکان دەتوانن ببینن.

ئاشکرایە کە ئاماژە لاوازەکان، کاتێك کۆدەبنەوە هێز پەیدا دەکەن و، دەڕۆنە حوکمی بەڵگەوە، وە پەتە باریکەکان کاتێك کۆ دەبنەوە ناپچڕێن و پەتێکی ئەستوریان لێدەردەچێت. بە هەمان شێوە ئەو بابەتە گشتییانەی سەرنجەکان ڕادەکێشێت، کاتێك کۆدەبنەوە و نزیکییەك پەیدا دەکەن و دێنە مەیدانەوە لەسەر بناغەی ئەم نهێنییە کۆبوونەوەی هەشت نۆ ئاماژەی بەهێز لەم پێنج ڕستەیەی (حەزرەتی شێخ)دا هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە کە: حەزرەتی شێخ بە ڕێگەپێدانی خوایی مامۆستایەتی بۆ قوتابیانی ئێستای قورئانی حەکیم دەکات و – بە پشتیوانی خوای گەورە – لە ژێر شەفەقەتەکەیدا پارێزگاریان لێدەکات.

## پێڕستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ❑ بڕگەی درەوشاوەکان و چەند نامەیەکی جوان: | ٣ |
| – قبوڵکردنی پەیامەکان و ئەو ئاماژە غەیبییانەی کە هەواڵی پەیامەکان دەدەن | ١٣ |
| – وتاری حافظ تۆفیق شاملی | ١٥ |
| – تەوافوقێکی ناسك کە ئاماژە بۆ بەرەکەتی پەیامەکانی نوور دەکات | ٢١ |
| – ڕووداوی باران بارینەکە کە تایبەتە بە بەرەکەتی پەیامەکانی نوورەوە | ٢٤ |
| – ڕووداوی قەدەغەکردنی پەیامەکانی نوور | ٣٥ |
| ❑ بەشە گرنگەکان: لە پاشکۆی مەکتووبی بیست و حەوتەمەوە وەرگیراون: | ٣٩ |
| – ئەرکی سەرشانی پەیامەکانی نوور | ٤٢ |
| – بڕگەیەکی ئەمین و فەیزی باس لە کەرامەتی پەیامەکانی نوور دەکات | ٥٤ |
| – بڕگەیەکی خەسرەو | ٦٣ |
| – بڕگەیەکی کاك خلوصی | ٦٤ |
| – بڕگەیەك دەربارەی خەوێکی عوسمانی نووسەر | ٧٥ |
| – بەرێکی قەرەداغ: | ٧٧ |
| – پەراوێزێکی سورەتی (والعصر) | ٧٩ |
| – خاڵێکی ئیعجاز کە لە ناکاو هاتە دڵەوە | ٨٠ |

| | |
|---|---|
| – دەرهێنان (ئیستیخراج)ێکی خەسرەوی بچووك كە فەیزییە، پاشكۆیەكی ئەو دەرهێنانەی كە حافظ علی لە ئایەتی ٣٣ هێناویەتی | ٨٤ |
| | |
| ❐ تیشكی یەكەم: | ١٠١ |
| – وەڵامێك بۆ دوو پرسیاری سەیر كە چەندین جار بە خەیاڵدا هاتووە | ١٠١ |
| – ئایەتی یەكەم: اَللّهُ نُورُ السَّموَاتِ وَالْاَرْضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكوةٍ... هتد | ١٠٤ |
| – ئایەتی دووهەم: فَاسْتَقِمْ كَمَا اُمِرْتَ | ١١٠ |
| – ئایەتی سێهەم: وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا | ١١١ |
| – ئایەتی چوارەم: وَلَقَدْ اَتَيْنَاكَ سَبْعًا مِنَ الْمَثَانِى | ١١٢ |
| – ئایەتی پێنجەم: اَوَمَنْ كَانَ مَيْتًا فَاَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِى بِهِ فِى النَّاسِ | ١١٢ |
| – ئایەتی شەشەم: وَ يَجْعَلْ لَكُمْ نُورًا تَمْشُونَ بِهِ | ١١٧ |
| – ئایەتی حەوتەم: وَ يُحِقُّ اللّهُ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ | ١١٨ |
| – ئایەتی هەشتەم: قُلْ اِنَّنِى هَدينِى رَبّى اِلى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ | ١١٨ |
| – ئایەتی نۆهەم: فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقى | ١١٩ |
| – ئایەتی دەیەم: يُؤْتِى الْحِكْمَةَ مَنْ يَشَاءُ | ١١٩ |
| – ئایەتی یازدەهەم: وَ يُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَ الْحِكْمَةَ وَ يُزَكِّيهِمْ | ١١٩ |
| – ئایەتی دوازدەهەم: وَ يُزَكِّيكُمْ وَ يُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ وَ الْحِكْمَةَ | ١٢٠ |
| – ئایەتی سیازدەهەم: وَمَا يَعْلَمُ تَاْوِيلَهُ اِلاَّ اللّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِى الْعِلْمِ | ١٢١ |

| | |
|---|---|
| – ئایەتی چواردەهەم: لكِنِ الرَّاسِخُونَ فِى الْعِلْمِ مِنْهُمْ | ١٢١ |
| – ئایەتی پازدەهەم: يَا اَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمْ بُرْهَانٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَاَنْزَلْنَا اِلَيْكُمْ نُورًا مُبِينًا | ١٢٣ |
| – ئایەتی شازدەهەم: لِلَّذِينَ امَنُوا هُدًى وَ شِفَاءٌ | ١٢٤ |
| – ئایەتی حەڤدەهەم: فَاِنْ تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِىَ اللّهُ لاَ اِلهَ اِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ قُلْ حَسْبِىَ اللّهُ لاَ اِلهَ اِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ | ١٢٥ |
| – ئایەتی هەژدەهەم: اِنَّ حِزْبَ اللّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ | ١٢٦ |
| – ئایەتی نۆزدەهەم: وَ الَّذِينَ امَنُوا مَعَهُ نُورُهُمْ يَسْعى بَيْنَ اَيْدِيهِمْ وَ بِاَيْمَانِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَ اغْفِرْلَنَا | ١٢٧ |
| – ئایەتی بیستەم: وَ نُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْانِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَ رَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ | ١٢٧ |
| – بیست و یەکەمین ئایەت یان ئایەتەکان: قُلْ اِنَّنِى هَدينِى رَبِّى اِلى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ * وَ هَدِيهُ اِلى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ | ١٢٨ |
| – بیست و دووهەم ئایەت و ئایەتەکانی: کە سەرەتای سورەتەکانی (یونس، یوسف، رعد، حجر، شعراء، قَصَصْ، لقمان) دەگرێتەوە | ١٣١ |
| – ئایەتی بیست و سێهەم: عَسى رَبُّنَا اَنْ يُبْدِلَنَا خَيْرًا | ١٣٣ |
| – بیست و چوارەمین ئایەت و ئایەتەکان:تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ | ١٣٣ |
| – ئایەتی بیست و پێنجەم: حم * تَنْزِيلٌ مِنَ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ | ١٣٩ |
| – ئایەتی بیست و شەشەم: وَاَمَّا الَّذِينَ سُعِدُوا فَفِى الْجَنَّةِ | ١٤١ |

| | |
|---|---|
| – ئایەتی بیست و حەوتەم: يُرِيدُونَ لِيُطْفِؤُا نُورَ اللّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ | ١٤٣ |
| – ئایەتی بیست و هەشتەم: يُرِيدُونَ اَنْ يُطْفِئُوا نُورَ اللّهِ بِاَفْوَاهِهِمْ وَيَاْبَى اللّهُ اِلاَّ اَنْ يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ | ١٤٤ |
| – ئایەتی بیست و نۆهەم: الر كِتَابٌ اَنْزَلْنَاهُ اِلَيْكَ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ اِلَى النُّورِ بِاِذْنِ رَبِّهِمْ اِلى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ | ١٤٦ |
| | |
| ❑ تیشکی هەشتەم: قەسیدەی جەلجەلوتییە | ١٥٤ |
| – هێمای یەکەم | ١٥٥ |
| – هێمای دووهەم | ١٥٩ |
| – هێمای سێهەم | ١٦٢ |
| – هێمای چوارەم | ١٦٧ |
| – هێمای پێنجەم | ١٧٠ |
| – هێمای شەشەم | ١٧٢ |
| – هێمای حەوتەم | ١٧٥ |
| – هێمای هەشتەم | ١٨٠ |
| | |
| ❑ مەسەلەیەك لە سی و یەك مەسەلەكانی بریسكەی سی و یەكەمی مەكتووبی سی و یەكەم: الْخِلاَفَةُ بَعْدِي ثَلاَثُونَ سَنَةً | ١٨٦ |
| | |
| ❑ بریسكەی هەژدەهەم | ١٨٨ |

| | |
|---|---|
| | |
| ❑ بریسکەی بیست و هەشتەم | ١٨٨ |
| | |
| ❑ بریسکەی هەشتەم: | ١٨٩ |
| – کەرامەتی غەیبی (حیزبی قورئان)ی غەوسی ئەعزەم | ١٨٩ |
| – هەواڵدانێکی غەیبی گرنگ (هەواڵدانێکی قورئانییە دەربارەی هەشت سەدساڵ دوای شێخی گەیلانی– قُدس سرّهُ – کە بە چاوێکی غەیبییەوە هەواڵی لەبارەوە داوە) | ١٩١ |
| – بڕگەی سەرەتای ئەو کەرامەتە غەیبییەی کە شێخی گەیلانی هەواڵی لە بارەیەوە داوە | ١٩٦ |
| | |
| ❑ پێڕستی بابەتەکان | ٢٠٤ |